لەم توێژینەوەیەدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان جێناو لە زمانی فرەنسی و کوردیدا دەکەین لە ڕووی واتا و بەکارهێنان، کە تیایدا تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتیی دابەشکردنی جێناوەکان لە هەردوو زمانەکە لە ڕووی واتاوە و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە زمانی فرەنسی و کوردیدا.

لە ڕووی واتاوە، دە جۆر جێناو هەن. تایبەتمەندییەکی جێناوی کەسی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە دوو جۆر جێناوی کەسی هەن، ئەوانیش جێناوی کەسیی سەربەخۆ و لکاون، لە بەرانبەردا لە زمانی فرەنسیدا تەنیا جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە و لەو ڕووەوە بوارێکی فرەوانی بەراورد هەیە، بەڵام لە بری نەبوونی جێناوی لکاو لە زمانی فرەنسی لە ڕستەدا، چاوگی کارەکە کۆنجێگشن دەکرێت؛ ئەمەش

بە ڕای من هاوتای جێناوی لکاوە لە زمانی کوردیدا. پەخشان فەهمی (٢٠٢٢، ١٥).

لە زمانی فڕەنسیدا زۆربەی جێناوەکان بەپێی ئەو ناوەی شوێنی دەگرنەوە دەگۆڕێن، واتا جیاوازیی ڕەگەزی و ژمارەیی لەو زمانەدا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا جیاکردنەوەی ڕەگەز تەنیا لە شێوەزاری کرمانجیدا هەیە. لەهەمان کاتدا لە زمانی فڕەنسی هەندێک جێناو هەن نەگۆڕن واتە لەگەڵ گۆڕانی ڕەگەز و ژمارەی ناوەکە ناگۆڕێن، دواتر بە فرەوانی باسیان دەکەین. لە زمانی کوردی جێناوی نیشانە تەنیا دوور و نزیکی هەیە، بەڵام لە فڕەنسی جێناوێکی نیشانەی تریش هەیە بۆ ئەو حاڵەتانە بەکار دێت کە ئاستی دوور و نزیکیان نییە. جێناوی هەیی لە زمانی کوردی و فڕەنسی بوونیان هەیە و نزیکرین هاوتای ئەو جێناوە لە زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانی فڕەنسی ئەوەیە کە لە شێوەزاری هەولێر هەیە، لەبەر ئەوەی وەرگێڕانی دەقاودەقە لەگەڵ هاوتاکەی لە زمانی فڕەنسیدا. ئەو حاڵەتانەی سەرەوە و چەندان حاڵەت و شێوەی تر، لەگەڵ زیاتر لێکۆڵینەوە دەردەکەون، لەو توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بیانخەینە ڕوو. هەندێک بەراورد هەن ڕوون دەرناکەون، لەو حاڵەتەدا پەنا دەبەین بۆ زمانێکی تر، وەک زمانی ئینگلیزی یاخود عەرەبی.

توێژینەوەی بەراودکاریی نێوان بەشەکانی ئاخاوتن لە نێوان دوو زمان یان زیاتر زۆر هەن، بەڵام تا ئامادەکردنی دەقی ئەم توێژینەوەیە، هیچ توێژینەوەیەک بەرچاو نەکەوتووە کە بەراوردی جێناو لە زمانەکانی کوردی و فڕەنسی بکات، ئەم توێژینەوەیە، یەکەم هەوڵە لەم بوارەدا.

## ٢. ئامانج و مەبەستی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی جێناوە لە زمانەکانی کوردی و فڕەنسیدا، هەروەها خستنەڕووی جیاوازییەکانیان لە ڕووی جۆر، بەکارهێنان و تایبەتمەندییەکانیانەوە. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە، چۆن جێناوەکان لە هەردوو زماندا واتا دەگەیەنن و پێوەندیی زمانەوانیی ئاڵۆز دروست دەکەن. هەروەها یەکێک لە ئامانجەکانی تری توێژینەوەکە ئەوەیە، بیخاتە ڕوو کە لە کاتی وەرگێڕان لە نێوان ئەم دوو زمانەدا، چۆن جێناوە فڕەنسییەکان لە زمانی کوردیدا دەتوانن هاوتای جێناوی سەربەخۆ یان جێناوی لکاو بن و چۆن سیستەمی جێناو لە هەردوو زماندا بەپێی کەس، ژمارە و ڕەگەز دەگۆڕێت.

## ٣. جێناو لە زمانی فڕەنسی و کوردی

لە زمانی فڕەنسی و کوردی لە ڕووی واتا دە جۆر جێناوی سەربەخۆ هەن کە ئەمانەن De Kok (1985، 23 :

جێناوی سەربەخۆی کوردی و فڕەنسی

1. جێناوی کەسی (Pronoms personnels)
2. جێناوی هەیی (Pronoms possessifs)
3. جێناوی خۆیی (Pronoms réfléchis)
4. جێناوی نیشانە (Pronoms démonstratifs)
5. جێناوی لێکدەر (Pronoms relatifs)
6. جێناوی پرس (Pronoms interrogatifs)
7. جێناوی نادیار/ دیار (Pronoms indéfinis/définis)
8. جێناوی نەرێیی (Pronoms négatifs)
9. جێناوی چەندێتی (Pronoms quantitatifs)
10. جێناوی هاوبەش (Pronoms réciproques)

هەندێک تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی جێناوەکان لە زمانەکانی فڕەنسی و کوردیدا هەن:

(أ) کەس: لە چوارچێوەی جێناوەکاندا، کەس تەنیا ئاماژە بە ڕۆڵەکانی ئەنجامدەرانی چالاکییەکی گوتاری دەکات. بە واتایەکی دیکە، ئەمە مانای ئەوەیە لە هەر دۆخێکی گوتاریدا، سێ کارەکتەری بەرچاو هەن: (کەسی یەکەم، کەسی دووەم و کەسی سێیەم) و ڕۆڵەکانیان وەک: (قسەکەر، گوێگر و ئاماژەپێکراو)ە.

(ب) ژمارە: ژمارە ئاماژە بە جیاوازیی ژمارەیی دەکات. لە هەردوو زمانەکانی فڕەنسی و کوردیدا، ژمارەی تاک و کۆ هەن.

(ت) ڕەگەز: لە زمانی فڕەنسیدا، جێناوەکان بەپێی ڕەگەزی کەسەکان پۆلێن دەکرێن. بەپێی ڕەگەز، سێ پۆل دیاری کراون (لە زمانی کوردیدا/ دیالێکتی سۆرانی، ئەم جیاکردنەوەیە نییە):

- ناوی نێر
- ناوی مێ

ناوی بێلایەن (بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە حاڵەتی گشتگیری، هەروەها بۆ ناوی تایبەت، ناوی کەسەکان، شوێن، شت یان ڕووداوەکان.)

## ١،٣ جێناوی کەسی (Pronoms personnels)

جێناوی کەسی، ئەو جێناوانەن کە کەس دەستنیشان دەکەن، واتە ئەوان ڕۆڵی ئەو ناوە دەبینن کە شوێنی دەگرنەوە (Van Deyck 2003، 167، 171). جێناوی کەسی لە زمانی فڕەنسیدا پێی دەگوترێت (Pronom Personnel)، وشەی (Personne) لە وشەی (Persona) ی لاتینییەوە Alain (2019, web page) هاتووە، بە مانای ماسکی شانۆ یان کەسایەتی یاخود ڕۆڵ یان ئەکتەر دێت.

لە زمانی کوردیدا، جێناوی کەسیی سەربەخۆ و لکاومان هەیە، بەڵام لە زمانی فڕەنسیدا تەنیا جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە. جێناوە کەسییە کوردییەکان ئەمانەی خوارەوەن. وریا عمر ئەمین (١٩٨٦، ٨):

| ژمارە | کەس | سەربەخۆ | لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١ | ٢ | ٣ |
| تاک | ١ | من | م | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت | یت | یت |
| | ٣ | ئەو | ی | – | ات/ێت |
| کۆ | ١ | ئێمە | مان | ین | ین |
| | ٢ | ئێوە | تان | ن | ن |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن | ن |

خشتە 1: ڕاناوی لکاو و سەربەخۆ لە زمانی کوردی (نێر و مێ)

هەرچەندە جیاوازیی نێوان کۆمەڵەی (٢) و (٣) تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدایە، بۆ مەبەستی شیکردنەوە جیایان دەکەینەوە. جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاک، یەک مۆرفیمن. کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ، هەر یەکە لە دوو مۆرفیم پێک هاتوون. یەکەم و دووەم لەو جۆرەن کە بە (suppletive) ناو دەبرێن، مۆرفیمی کەس و کۆیان تێدا لێک جیا ناکرێتەوە. کەسی سێیەمی کۆ لە مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) و نیشانەی کۆ (ا ن) پێک هاتووە (ئەو– ان). وریا عمر (٢٠٠٤، ٢١٦–٢١٧).

بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردیدا، دوو کۆمەڵە جێناو هەن، کۆمەڵەی (ئەز، ئەم) و کۆمەڵەی (من، مە)، بەکارهێنانی ئەو دوو کۆمەڵەیە بەو دوو شێوەیەی خوارەوەیە. نەریمان عبداللە خۆشناو (٢٠١٢، ٥٧):

✓ کۆمەڵەی (ئەز، ئەم) لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکار دێن، بەو شێوەیەی خوارەوە:

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ئەز | ئەم |
| دووەم | تو | هون (هوین) |
| سێیەم | ئەو | ئەو (ئەوان) |

خشتە ٢: کۆمەڵەی ڕاناوی (ئەز، ئەم) (نێر و مێ)

بۆ کاری تێنەپەڕ، ئەرکی بکەر دەبینێت، وەک:

| | |
|---|---|
| **ئەز** هاتم. | **ئەز** دێ هێم. |

لەگەڵ کاری تێنەپەڕیش دێت، لەو حاڵەتەیشدا ئەرکی بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت.

| | |
|---|---|
| **ئەز** دێ دارێ چێنم. | **ئەز** تە دبینم. |

✓ کۆمەڵەی (من، مە) تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکار دێت و ئەرکی بکەر دەبینێت، جێناوەکانی ئەو کۆمەڵەیەیش، بەو شێوەیەی خوارەوەن :

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | مە |
| دووەم | تە | وە |
| سێیەم | وی (نێر) – وێ (مێ) | وان |

خشتە ٣: کۆمەڵەی ڕاناوی (من، مە)

| | |
|---|---|
| **من** نامەک نڤیسی. | **وی/وێ** نامەک نڤیسی. |
| **من** ڕاستی گۆت. | **وی** ڕاستی گۆت. |

لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا، جێناوە کەسییەکان ئەو دۆخانەی کە تێیدا بەکار دێن، دابەش دەکرێنە سەر. نەسرین فەخری و کوردستانی موکریانی (١٩٨٢، ٦٤-٦٥):

- جێناوەکانی دۆخی کارا، کە ئەو جێناوانەن:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| ١ | ئەز | ئەم |
| ٢ | تو | هون |
| ٣ | ئەو | ئەوانە |

خشتە 2: جێناوەکانی دۆخی کارا لە زمانی کوردی

- جێناوەکانی دۆخی خاوەنداری، کە ئەم جێناوانەن:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| ١ | من | مە |
| ٢ | تە | وە |
| ٣ | وی (نێر)، وێ (مێ) | وان |

خشتە 3: جێناوەکانی دۆخی خاوەنداری لە زمانی کوردی

لە زمانی فەرەنسی جێناوە کەسییەکان بەو شێوەیەی خوارەوەن:

| | تاک | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردی | فەرەنسی | کوردی | فەرەنسی |
| نێر، مێ | من | Je, me, moi | ئێمە | Nous |
| نێر، مێ | تۆ | Tu, te, toi | ئێوە | Vous |
| نێر | ئەو | Il, lui, le, soi | ئەوان | Ils, eux, les, leur |
| مێ | ئەو | Elle, lui, la, soi | ئەوان | Elles, les, leur |

خشتە 4: جێناوە کەسییەکان لە زمانی فەرەنسی و کوردیدا

جێناوە کەسییەکان لە جۆر و ژمارەدا تاکن یان کۆ لە ڕەگەزیش نێرن یان مێ، لە زمانی کوردی لە شێوەزاری سۆرانی نێر و مێ نییە، بەڵام لە شێوەزاری کرمانجیدا نێر و مێ هەیە؛ لە هەمان کاتدا وەک ئەو ناوانەن کە شوێنیان دەگرنەوە De Kok (1985، 23). سێ جێناوی کەسی تریش هەن ( y, en, se) کە شوێنی کەسی سێیەمی تاک و کۆ و نێر و مێ دەگرنەوە و فۆرمیان ناگۆڕێت واتە نەگۆڕن، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| ئەو ئەسپانە شێتن، لێیان نزیک مەبنەوە. | Ces chevaux sont vicieux; n'**en** approchez pas. |
| ئەوڕۆ دەریا خۆشە، دەبێ کەڵکی لێ وەربگرین. | La mer est magnifique aujourd'hui ; il faut **en** profiter. |

لەم نموونەیەدا، دەبینین کە ئەم جێناوە فرەنسییە لە زمانی کوردی هاوتاکەی جێناوێکی لکاوە. لەو دوو نموونەیەی سەرەوە جێناوی کەسی (en) لە ڕستەی یەکەم شوێنی ناوێکی نێری کۆ دەگرێتەوە و لەڕستەی دووەم جێی ناوێکی مێی تاک دەگرێتەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا یەک فۆرمی هەیە، واتە نەگۆڕە و لەگەڵ شێوەی ناوەکە ناگۆڕێت. ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ جێناوەکانی (y, se) ڕاستە بۆیە لێرەدا پێویست ناکات نموونە بۆ هەریەکەیان بهێنینەوە.
جێناوەکانی (il, ils) هەردەم نێرن و جێناوەکانی ( elle, elles) هەردەم مێن. (Il, le) نێرن ئەگەر هاتوو شوێنی ناوێکی نێر بگرنەوە بۆ نموونە سەرنجی ئەو دیالۆگە بدە:

| | |
|---|---|
| ا. ئازاد برای منە، **ئەو** لە پاریسە، تۆ **ئەو** دەناسی؟ | A. Azad est mon frère ; **il** est à Paris.Tu **le** connais ? |
| ب. نەخێر من **ئەو** ناناسم. | B. Non, je ne **le** connais pas. |

لەم نموونەیەدا Il, le شوێنی ئازاد دەگرنەوە کە ناوێکی نێرە کەواتە جێناوەکان نێرن. بەڵام ئەگەر هاتوو Il, le شوێنی شتێکی بێ لایەنیان گرتەوە ئەوە ئەوانیش دەبن بە بێ لایەن. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| من **ئەوە** دەزانم | Je **le** sais. |
| بارانە | **Il** pleut. |

چەند تێبینیەکی گرنگ لە بارەی جێناوی کەسیی لە زمانی فرەنسی:

- ✓ je, me, moi, tu, te, toi, vous, lui, se, soi, les leurs نێرن یاخود مێ.
- ✓ Je, tu, il هەموو کات بکەرن.
- ✓ me, te, se, le, la, les, leur هەموو کات تەواوکەرن.
- ✓ Le, la, les هەندێک جار وەک دیارخەر (The لە زمانی ئینگلیزی) هەندێک جاریش وەک جێناو دێن، بۆ نموونە:
- Le, la, les دیارخەرن ئەگەر هاتوو لە پێش ناو بێن وەک:

| |
|---|
| Le soleil (The Sun), La Lune (The Moon), Les étoiles (The stars) |

تێبینی ئەوە بکە کە نموونەکانی ئەو خاڵە بە زمانی ئینگلیزین، لەبەر ئەوەی نموونەی کوردی زۆر بە ڕوونی ئەم حاڵەتانە ڕوون ناکەنەوە، لەبەر ئەوەی دیارخەر لە دوای ناو دێت لە زمانی کوردیدا، بۆ نموونە : ڕۆژ**ەکان**، مانگە**کان**، ئەستێر**ەکان**.

- Le, la, les جێناون ئەگەر هاتوو لە پێش کار بێن وەک:

| | |
|---|---|
| Je le connais. | من ئەو دەناسم. (نێر) |
| Je la connais. | من ئەو دەناسم. (مێ) |

✓ جێناوی (se) بە جێناوی هاوبەشیش دێت لە زمانی فرەنسیدا بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| On se parle | ئێمە قسە لەگەڵ یەکدی دەکەین. |

✓ لە زمانی فرەنسیدا دوو بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر هەن Moignet (١٩٨٢، ٩٢): بەکارهێنانێکی نادیار، بۆ نموونە (Il pleu) بە مانای (بارانە) و بەکارهێنانێکی تایبەت، بۆ نموونە (il faut le faire) بە مانای (دەبێت بکرێت).

✓ وەک باسمان کرد لە زمانی فرەنسیدا جێناوە کەسییەکانی جیاوازی نێوان نێر و مێ دەکەن، چ لە تاکدا و چ لە کۆدا. تایبەتمەندییەکی تایبەت بە کەسی سێیەم هەیە، بە نموونەیەک ڕوونی دەکەینەوە: ( il lit، elle lit، ils lisent و elles lisen). لەم نموونانە جێناوەکان هەموویان ڕۆڵی بکەر دەبینن. لە کاتی بوونیان بە بەرکار، جێناوە نێرەکان چ تاک بن چ کۆ، زاراوەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام جێناوە مێیەکان زاراوەکەیان ناگۆڕێت. بە واتەیەکی تر، جێناوەکانی il و ils کە نێری تاک و کۆن، تایبەتن بە ئاستی کرداری و ناتوانن لێی دەربچن، بە پێچەوانەوە elle و elles کە مێی تاک و کۆن، دەتوانن هەم ڕۆڵی بکەر هەم بەرکار ببینن. بو نموونە، لە ڕستەی (elle lit) بە مانای (ئەو دەخوێنێتەوە)، جێناوی (elle) کە کەسی سێیەمی تاکی مێیە، ڕۆڵی بکەر دەبینێت، بەڵام لە ڕستەی (c'est grâce à elle) بە مانای (بە بۆنەی ئەو) هەمان جێناو ڕۆڵی بەرکار دەبینێت و زاراوەکانی ناگۆڕێت. بەڵام لە کەسی سێیەمی نێر زاراوەکە دەگۆڕێت (il lit) و (c'est grâce à lui)، دەبینی لە کاتی بوون بە بکەر جێناوەکە (il) ە و لەکاتی بوون بە بەرکار جێناوەکە (lui)ە. ئەمە بۆ کەسی سێیەمی (کۆ)یش ڕاستە ((Elles → Elles، (Ils→Eux))

## ٢،٣ جێناوی هەیی (Pronoms possessifs)

جێناوی هەیی ئەو جێناوانەن کە شوێنی ناوێک دەگرنەوە و بیرۆکەی هەبوونی بۆ زیاد دەکەن، Wagner (2014، ١٢) لێرەدا هەیی و خاوەنییەتی هەردووکیان هەمان شت دەگەیەنن، کە (تملک)ە، بەڵام ڕاستتر وایە بڵێین (خۆیەتی). جێناوی خۆییش لە پاڵ ئەو ڕێگایانەی کە بەکار دێت ڕۆڵی خۆیەتی دەبینێت، کە ئەویش بارێکی تری بەکارهێنانی (جێناوی خۆیی)یە لە ڕستەدا. جێناوی خۆیی ڕەسەن و دۆخ نانوێنێ، واتە لە ڕەگەزدا بۆ نێر و مێ لە زمانی کوردی هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام بۆ دۆخ ڕوونی نەکردووەتەوە کە مەبەستی چ دۆخێکە بەدرخان سلێمان عەلی (٢٠٠٦، ١٨). بە پێچەوانەی زمانی کوردی، لە زمانی فرەنسیدا ڕەگەز و ژمارە جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| Cet ordinateur est le mien. | ئەو کۆمپیوتەرە هیی منە (نێر) |
| Cette maison est la mienne. | ئەو خانووە هیی منە (مێ) |

لە ڕاستیدا ئەو ڕستانەی سەرەوە بەو شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| ئەو کۆمپیوتەرە **کۆمپیوتەری منە** (نێر) | Cet ordinateur est **mon** ordinateur. |
| ئەو خانووە **خانووی منە** (مێ) | Cette maison est **ma** maison. |

تێبینی دەکەین کە هەردوو جێناوی le mien و la mienne شوێنی ناوەکانی کۆمپیوتەر و خانوو دەگرنەوە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی خۆیەتیی ناوەکان دەدەن. ئەگەر بمانەوێت نزیکرین هاوتای ئەو جێناوە لە زمانی کوردیدا بدۆزینەوە، ئەوە لە شێوەزاری هەولێر دەیدۆزینەوە کە لەو شێوەزارە لە بری ئەوەی بڵێین (هیی من) دەڵێین (ئی منە)، ئەوەش وەرگێڕانێکی دەقاودەقی le mien و la mienne ە. ئەو تێبینییە ڕاستە بۆ ئەو جێناوانەی لەو خشتەیەی لە خوارەوەیش دێن. جێناوە هەیییەکان لە زمانی فڕەنسیدا ئەوانەی خوارەوەن:

| کەس | کوردی: ناوی تاک | کوردی: ناوی کۆ | فڕەنسی: ناوی تاک: نێر | فڕەنسی: ناوی تاک: مێ | فڕەنسی: ناوی کۆ: نێر | فڕەنسی: ناوی کۆ: مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم/تاک | هیی من | هیی منن | Le mien | La mienne | Les miens | Les miennes |
| دووەم/تاک | هیی تۆ | هیی تۆن | Le tien | La tienne | Les tiens | Les tiennes |
| سێیەم/تاک | هیی ئەو | هیی ئەون | Le sien | La sienne | Les siens | Les siennes |
| یەکەم/کۆ | هیی ئێمە | هیی ئێمەن | Le nôtre | La nôtre | Les nôtres | |
| دووەم/کۆ | هیی ئێوە | هیی ئێوەن | Le vôtre | La vôtre | Les vôtres | |
| سێیەم/کۆ | هیی ئەوان | هیی ئەوانن | Le leur | La leur | Les leurs | |

خشته 5: جێناوە هەیییەکان لە زمانی فڕەنسی و کوردیدا

دەبێت ئاگادار بین کە leur بە جێناوی کەسییش دێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا لە هیچ کاتێک (s) وەرناگرێت، بەڵام لە حاڵەتی کە بە جێناوی هەیی دێت، ئەوا لە کاتی شوێنگرتنەوەی ناوێکی کۆ (s) وەردەگرێت Carton (2009، 173-178) ، بۆ نموونە:

✓ حاڵەتی جێناوی کەسی :

| | |
|---|---|
| من نامە بۆ کچەکانم دەنووسم، من بە **ئەوان** دەڵێم کە بخوێنن. | J'écris à mes filles, je **leur** dis de travailler. |

✓ حاڵەتی جێناوی هەیی :

| | |
|---|---|
| من منداڵم خۆش دەوێت، یارییەکانی **ئەوانم** پێ خۆشە. | J'aime les enfants,_ **leurs** jeux m'intéressent. |

### ٣،٣ جێناوی خۆیی (Pronoms réfléchis)

لە زمانی کوردی جێناوی خۆیی جێناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسیی تاک و کۆدا. ئەم جێناوەیش واتای خۆیەتی و خاوەنییەتی دەگەیەنێت و کاتێک جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەخرێتە سەر

وشەی (خۆ) دەبێتە جێناوێکی لێکدراو وەک (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان). لە زمانی فڕەنسیشدا بە هەمان شێوە جێناویکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسەکە، لەو زمانەیش وشەی (même) بەرجەستەی دەکات و بە لێکدانی لەگەڵ جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دروست دەبێت، سەرنج بدە ئەو خشتەیەی خوارەوە :

| کەس | کوردی | | فڕەنسی | |
|---|---|---|---|---|
| | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| ١ | خۆم | خۆمان | Moi-même | Nous-même |
| ٢ | خۆت | خۆتان | Toi-même | Vous-même |
| ٣ | خۆی | خۆیان | Lui-même (نێر) Elle-même (مێ) | Eux-mêmes (نێر) Elles-même (مێ) |

خشتە ٨: جێناوە خۆییەکان لە زمانی کوردی و فڕەنسیدا

چەند نموونەیەک لەسەر بەکارهێنانی جێناوی خۆیی:

✓ کەسی یەکەم:

| | |
|---|---|
| من **خۆم** ئەرکەکانم جێبەجێ کرد. | J'ai fait mes devoirs **moi-même**. |
| ئێمە **خۆمان** کۆنفرانسەکە ئامادە دەکەین. | Nous allons **nous-même** préparer la conférence. |

✓ کەسی دووەم:

| | |
|---|---|
| پێویست دەکات **خۆت** بێی بۆ واژۆکردنی پەڕاوەکان. | Tu dois venir **toi-même** pour signer les papiers. |
| من باوەڕ بەوە ناکەم کە ئێوە **خۆتان** هاتوون بۆ بینینی من. | Je ne crois pas que vous êtes venue **vous-même** pour me voir. |

✓ کەسی سێیەم:

| | |
|---|---|
| ئەوە ئازادە لە بەرانبەرمانە؟ بەڵێ **خۆیەتی**. | C'est Azad qui en face de nous ? oui, c'est **lui-même**. |
| ئەوە چییە ئەو پەشێوییە لە ژوورەکە، دەبێت ئەوان **خۆیان** ڕێکی بخەنەوە. | C'est quoi ce bazar dans la chambre, elles doivent **elle-même** ranger tout ça. |

جێناوی خۆیی لە هەردوو زمانی کوردی و فڕەنسیدا بۆ دوو مەبەست بەکار دێن، بۆ جەختکردن یاخود ئەگەر هاتوو (بکەر) و (بەرکار)ی ڕستەکە یەک بن ئەوا دەتوانین جێناوی خۆیی بەکار بێنین، وەک:

| | |
|---|---|
| من خۆم **خۆمم** بریندار کرد. | Je me suis blessé **moi-même**. |

### ٤،٣ جێناوی نیشانە (Pronoms démonstratifs)

جێناوی نیشانە ئەو جێناوانەن کە شوێنی ناوێک دەگرنەوە و بیرۆکەی دەستنیشانکردنی بۆ زیاد دەکەن Guillot (2006، 3-8)، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| لەو دوو منداڵە، **<u>ئەوەیان</u>** زیرەکترە. | De ces deux enfants, **<u>celui-ci</u>** est plus intelligent. |

جێناوە نیشانەکان ئەوانەی خوارەوەن:

| کوردی | | فەرەنسی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تاک | کۆ | تاک | | | کۆ | |
| | | نێر | مێ | بێلایەن | نێر | مێ |
| – | – | Celui | Celle | Ce | Ceux | Celles |
| ئەم، ئەمە | ئەمان، ئەمانە | Celui-ci | Celle-ci | Ceci | Ceux-ci | Celles-ci |
| ئەو، ئەوە | ئەوان، ئەوانە | Celui-là | Celle-là | Cela | Ceux-là | Celles-là |

خشتە 6: جێناوە نیشانەکان لە زمانی فەرەنسی و کوردیدا

بۆ Celui-ci, Celles-ci, Ceci, Ceux-ci, Celle-ci ئەو کەسانە یان شتانە بەکار دێن کە نزیکن و هاوتای (ئەم، ئەمە، ئەمانە)ن لە زمانی کوردیدا.

بۆ Celui-là, Celle-là, Cela, Ceux-là, Celles-là ئەو کەسانە یان شتانە بەکار دێن کە دوورن و هاوتای (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە)ن لە زمانی کوردی.

بۆ ئەو کەسانە یان Celui, Celle, Ce, Ceux, Celles شتانە بەکار دێن کە ئاستی دوور و نزیکیان نییە، لە زمانی کوردیدا هاوتایان نییە.

دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە وشەی ce بە ئاوەڵناوی نیشانەیش دێت کە لەو حاڵەتەدا هەموو کات لە پێش ناو دێت، بەڵام لە حاڵەتی جێناوی نیشانە هەرگیز لە پێش ناو نایەت، بۆ نموونە:

✓ حاڵەتی ئاوەڵناوی نیشانە:

| | |
|---|---|
| **<u>ئەو</u>** پاسکیلە. | <u>Ce</u> vélo. |
| **<u>ئەو</u>** گوندە. | <u>Ce</u> village. |

✓ حاڵەتی جێناوی نیشانە:

| | |
|---|---|
| ئەوەی **<u>کە</u>** دڵخۆشم دەکات خوێندنە. | <u>Ce</u> qui me plaît, c'est l'étude |

### ٥,٣ جێناوی لێکدەر (Pronoms relatifs)

جێناوی لێکدەر ئەو جێناوانەن کە شوێنی ناوێک دەگرنەوە کە پێش ئەوان هاتووە و دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە : Glatigny (٢٠٠٣، ٢١١-٢٧٠)، Darmesteter (١٩٣١- ٣٣)

| | |
|---|---|
| مانگ، **<u>کە</u>** ٣٨٠،٠٠٠ کم لە زەوی دوورە | La lune, <u>qui</u> est 380,000 km de la terre |
| ئەو کتێبانەی **<u>کە</u>** دەیانخوێنمەوە زۆر سەرنجڕاکێشن. | Les livres, <u>que</u> j'étudie sont très intéressants. |
| ئەو پیاوە**<u>ی</u>** لەگەڵم دەدوا باوکم بوو. | L'homme <u>que</u> je parlais avec, est mon père. |

جێناوە لێکدەرەکان ئەمانەن : qui, quoi, que, dont, où, lequel.

lequel ئەو فۆڕمانەی خوارەوە وەردەگرێت، بە گوێرەی شوێنی بەکارهێنانی.

| کوردی | فرەنسی | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | تاک | | کۆ | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ |
| که | Lequel | Laquelle | Lesquels | Lesquelles |
| | Duquel | De laquelle | Desquels | Desquelles |
| | Auquel | À laquelle | Auxquels | Auxquelles |

خشته 7: جێناوی لێکدەر لە زمانی فرەنسی و کوردیدا

| | |
| --- | --- |
| ئەوە ئۆتۆمبێلەکەمە **که** پێی دەچم بۆ گەشت. | C’est ma voiture avec **laquelle** je voyage. |

وشەی voiture لە زمانی فرەنسیدا ناوێکی مێییە و تاکیشە، بۆیە جێناوی لێکدەرەکە فۆرمی مێی تاکی وەرگرتووە.

| | |
| --- | --- |
| ئەوە پاسکیلەکەمە **که** پێی دەچم بۆ بازاڕ. | C’est mon vélo avec **lequel** je vais aux marchés. |

وشەی vélo لە زمانی فرەنسیدا ناوێکی نێرە و تاکیشە، بۆیە جێناوی لێکدەرەکە فۆرمی نێری تاکی وەرگرتووە.

دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە وشەی où بە مانای (یان) یش دێت، بۆ جیاکردنەوەی بە شێوەی ou دەنووسرێت، سەرنجی ئەو نموونانەی خوارەوە بدە:

✓ حاڵەتی ou بە مانای (یان):

| | |
| --- | --- |
| ئەمەیانت دەوێت **یان** ئەوەیان؟ | Tu veux cela **ou** ceci. |

✓ حاڵەتی où جێناوی لێکدەر:

| | |
| --- | --- |
| ئەو خانووەی **کە** لێی دەژیم. | La maison **où** j’habite. |

## ٦،٣ جێناوی پرس (Pronoms interrogatifs)

وەک لە ناوەکەیدا دیارە، جێناوە پرسەکان بۆ پرسیارکردن بەکار دەهێنرێن. زۆرجار وەک یەکەم وشەکان لە ڕستەی پرس دەردەکەون. تێبینی دەکرێت کە جێناوە پرسەکان شێوەی مۆرفۆلۆژی هاوشێوەی جێناوە لێکدەرەکانن (Eka ،٢٠٠٨ ،١٠)، Bikic-Caric (٢٠١٧، ١٢١-١٢٥)، بەڵام جیاوازی نێوانیان لە تایبەتمەندییە پێکهاتەیی و کردارییەکاندا دەبێت. بۆ نموونە، جێناوە پرسەکان بە شێوەیەکی بەردەوام پرسیار دەکەن، بەڵام جێناوی لێکدەر بۆ لێکدانی دوو ڕستە بەکاردێن. جێناوە پرسەکان ئەمانەن: (کێ، چی، کام و چۆن) (qui, quoi, que, où, lequel). نموونەکان لە خوارەوە پێشکەش دەکرێن. جێناوە لێکدەرەکانی وەک بۆ پرسیار کردنیش بەکار دێن لەو حاڵەتەدا پێیان دەگوترێت جێناوی پرس، لێرەدا لە پێش ناو نایەن، بۆ نموونە:

| | |
| --- | --- |
| لە **کێ** دەگەڕێن؟ | **Qui** cherchez-vous ? |
| باسی **کام** لەو پیاوانە دەکەن؟ | **Duquel** de ces hommes parlez-vous ? |

## ٧،٣ جێناوی هاوبەش (Pronoms réciproques)

جێناوی هاوبەش ئامرازێکی گرنگی زمانە بۆ دەربڕینی کردارێک کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا ڕوودەدات. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێین:

| | |
|---|---|
| ئەوان یەکتریان خۆش دەوێت. | Ils s'aiment.<br><br>Ils aiment l'un l'autre. |

لە نموونەکە مەبەست ئەوەیە هەر یەکەیان ئەوی تری خۆشدەوێت. تایبەتمەندیی جێناوی (یەکتر، یەکدی، l'un l'autre، se، s') پێویستی بە دوو لایەنی کردار هەیە، واتە کردار دەبێت بە شێوەیەکی هاوبەش و بەرانبەر ڕوو بدات، بۆیە لەو ڕستانەی ئەم جۆرە جێناوەی تیادا بەکار هاتووە بکەرە هەردەم کۆیە. لەبەرئەوەی کردارەکە هاوبەشە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر. لە زمانی فرەنسی دوو جۆر جێناوی هاوبەش هەن، بە بەکارهێنانی وشەی (l'un l'autre) و (se، s') دەچێتە سەر ئەو کارانەی بە پیتی بزوێن (s') دەست پێ دەکەن.

### ٨،٣ جێناوی نادیار و دیار (indéfinis/définis)/ نەرێیی (négatifs) / چەندێتی (quantitatifs)

جێناوی نادیار/ دیار:
بەم جێناوانە دەگوترێت نادیار کە بە نا ڕوونی جێی ناوی کەس یان شت دەگرنەوە بەوانەش دەگوترێت دیار کە بە ڕوونی جێی ناو دەگرنەوە Flaux (٢٠٠٨، ٩٩-١١٥)، Landragin (٢٠١٤، ٩٩-٢١٥)، سەرنجی خشتەی ١١ و ١٢ بدە:

| | |
|---|---|
| **کەسێک** لە دەرگە دەدات. | On frappe la porte. |
| **یەکێک** بانگتان دەکات. | Quelqu'un vous appelle. |

خشتە ١١: نموونەی جێناوی نادیار

| | |
|---|---|
| **هەموو** قوتابییەکان دەرچوون | Tous les étudiants ont réussi. |

خشتە ١٢: نموونەی جێناوی دیار

- جێناوی نەرێیی:
جێناوی نەرێیی، ئەو جۆرە جێناوانەن کە بوونی شتێک یان کردارێک ڕەت دەکەنەوە. ئەم جۆرە جێناوانە گرنگن بۆ دەربڕینی نەفی و پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەیەک یان کردارێک، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| **کەس** نابینم لەناو ژوورەکە. | Je ne vois **personne** dans la sale |
| **هیچ** نابینم لە ناو ژوورەکە. | Je ne vois **rien** dans la salle. |

- جێناوی چەندێتی:
جێناوی چەندێتی بڕ و چەندایەتی شتەکان دەردەبڕن، وەک ئەم جۆرە جێناوانە یارمەتیدەرن بۆ گواستنەوەی زانیاری وردتر دەربارەی ژمارە، بڕ، یان چەندایەتیی شتەکان لە ڕستەدا، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| **هەندێک** لە ئێوە لە تاقیکردنەوەکە دەرچوون. | **Certain** entre vous ont reussi l'examen. |

ئەو جۆرە جێناوانە دوو بەشن، گۆڕاو و نەگۆڕ.
autrui, on, personne, quiconque, plusieurs, rien,
جێناوی نەگۆڕاون، گۆڕاوەکانیش ئەوانەی خوارەوەن:

| فڕەنسی | | | | کوردی | |
|---|---|---|---|---|---|
| مێ | | نێر | | | |
| کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک |
| Aucunes | Aucune | Aucuns | Aucun | هیچ | |
| Autres | Autre | Autres | Autre | تر | |
| Certaines | Certaine | Certains | Certain | هەندێک | |
| - | Chacune | - | Chacun | هەرکەس | |
| Les unes | L’une | Les uns | L’un | یەکێک | |
| Les autres | L’autre | Les autres | L’autre | هیتر | |
| - | Nulle | - | Nul | هیچ | |
| Quelques-unes | Quelqu’une | Quelques-uns | Quelqu’un | یەکێک | |
| Telles | Telle | Tels | Tel | وەک | |
| Toutes | Toute | Tous | Tout | هەموو | |

خشتە 8: جێناوی نادیاری گۆڕاو لە زمانی فڕەنسیدا

ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن لەسەر جێناوە نادیارە گۆڕاوەکان:

| | |
|---|---|
| **هیچ** چارەسەرێک نییە بۆ ئەم کێشەیە. | Il n’y a <u>**aucune**</u> solution pour ce problème. |

لێرەدا جێناوی (aucune) لە پێش ناوی (solution) هاتووە کە ناوێکی مێی تاکە، بۆیە جێناوەکەش ئەوفۆڕمەی وەرگرتووە.

| | |
|---|---|
| <u>**هەموو**</u> ئەو کوڕانەی کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاترە دەبێت بچن بۆ خزمەتی سەربازی. | <u>**Tous**</u> les garçons qui ont plus de 18 ans doivent aller aux services militaires. |

لێرەدا جێناوی (Tous) لە پێش ناوی (garçons) هاتووە کە ناوێکی نێری کۆیە، بۆیە جێناوەکەیش ئەو فۆڕمەی وەرگرتووە.

## ٤.ئەنجامەکان

لەم توێژینەوەیەدا، بەراوردکردنی جێناوەکان لە زمانی کوردی و فڕەنسیدا گەلێک تایبەتمەندی و جیاوازیی گرنگمان بۆ دەرکەوت. سەرەڕای هەبوونی دە جۆر جێناوی هاوبەش لە هەردوو زمانەکەدا، هەر یەکەیان شێوازی تایبەتی خۆیان لە بەکارهێنان و گواستنەوەی واتادا هەیە.

چوار تایبەتمەندیی سەرەکی لەم بەراوردەدا دەرکەوتن:

1. جیاوازترین تایبەتمەندیی سیستەمی جێناوی کوردی ئەوەیە کە جێناوی لکاو و سەربەخۆی هەیە، بەڵام زمانی فڕەنسی تەنیا جێناوی سەربەخۆی هەیە.
2. لە ڕووی ڕەگەزەوە، زمانی فڕەنسی جیاوازیی نێوان نێر و مێ دەکات، بەڵام زمانی کوردی

(بەتایبەت دیالێکتی سۆرانی) ئەم جیاوازییە ناکات.

3. هەردوو زمان، سیستەمێکی هاوبەشیان هەیە بۆ پۆلینکردنی جێناوەکان، بەڵام شێوازی جێبەجێکردنیان جیاوازە.
4. لە هەردوو زمانەکەدا، جێناوەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە گواستنەوەی واتا و دروستکردنی پێوەندییە زمانییەکان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە نیشانی دەدات کە زمان سیستەمێکی زیندووی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بیرۆکەیە، نەک تەنیا ئامرازێک بێت بۆ پێوەندیکردن. جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان، بەتایبەت لە بواری جێناوەکاندا، ئەو دەوڵەمەندییە زمانی و کولتوورییە دەردەخەن کە هەر کۆمەڵگەیەک بە شێوەیەکی تایبەت پەیامەکانی خۆی دەگوازێتەوە.

هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ تێگەیشتنی قووڵتری جیاوازییەکان، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، بەتایبەت لە بوارەکانی وەرگێڕان و بەراوردی زمانەوانیدا. ئەم بەراوردە زمانەوانییە دەرگەیەکی نوێ دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پرۆسەی پێوەندی زمانەوانی و چۆنیەتی گواستنەوەی واتا لە زمانە جیاوازەکاندا.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


✓ بەدرخان سلێمان عەلی (٢٠٠٦)، جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد.
✓ پەخشان فەهمی فەرحۆ (٢٠٢٢)، ئاوەڵناوی لێکدراو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فەرەنسیدا، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلیجی بنیات، زانکۆی سەلاحەددین.
✓ پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.
✓ نەریمان عبداللە خۆشناو (٢٠٠٩)، ڕێزمانی کوردی بەشەکانی ئاخاوتن، چاپخانەی منارە.
✓ نەریمان عبداللە خۆشناو (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
✓ نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.
✓ پ.د. وریا عمر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
✓ وریا عمر ئەمین (١٩٨٦)، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
✓ د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی بەشی زانستی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین.
✓ مەسعوود محەمەد (١٩٧٤) ، سورێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد
✓ بەرگی دووەم بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

## سەرچاوە بیانییەکان


- Alain DELAUNAY, « PERSONA », Encyclopædia Universalis, consulté le 18 décembre 2019.
- Branca Sonia. L'art d'écrire de Condillac (1775); à propos de quelques règles prescriptives : traitement des ellipses et des anaphores. In: Langue française, n°48, 1980. Histoire de la linguistique française, sous la direction de Sylvain Auroux et Jean-Claude Chevalier. pp. .44-56
- Bikic-Caric, G. (2017). Bidaud, Samuel, (2016): La vicariance en francais et dans les langues romanes (italien, espagnol, portugais). Thélème. Revista Complutense de Estudios Franceses, 32(1), 121-125.
- Carton, F. (2009). Etude prosodique d’un cas de détachement. Les pronoms personnels pseudo-disjoints dans un corpus de presse parlée en français. In Les linguistiques du détachement. Actes du colloque international de Nancy, Bern, Peter Lang (pp. 173-187).
- Darmesteter A., 1931, Cours de grammaire historique de la langue française. T. III : Formation de mots et vie des mots, Paris, Delagrave.
- De Kok, A. (1985). La place du pronom personnel régime conjoint en français : une étude diachronique (No. 23). Rodopi.
- Eka, D. (2008). Elements of Grammar and Mechanics of the English Language. Uyo: Samuf (Nigeria) Limited.
- Wagner, R. L., & Pinchon, J. (2014). Grammaire du français classique et moderne. Hachette Éducation.
- Glatigny M., 2003, « Les relatifs », in Combettes B., Evolution et variation en français préclassique. Etudes de syntaxe, Paris, Honoré Champion, p. 211-270.
- Guillot, C. (2006). Le démonstratif en français–présentation. Langue française, (4), 3-8.
- Landragin, F., & Tanguy, N. (2014). Référence et coréférence du pronom indéfi Flaux, N. (2008). Les pronoms indéfinis en français : une classe à (re) définir. Travaux de linguistique, (1), 7-46. ni on. Langages, (3), 9915.
- Moignet, G. (1981). Systématique de la langue française. París : Éditions Klincksieck.
- Van Deyck, R. (2003). Le ‘pronom personnel’dans la tradition grammaticale. Hadermann, P., ea (éds.), La syntaxe raisonnée. Mélanges de linguistique générale et française offerts à Annie Boone, Champs Linguistiques, Bruxelles-Paris, De Boeck & Larcier, 167-181.
- Von Wartburg, W., & Zumthor, P. (1958). Précis de syntaxe du français contemporain. Berne: A. Francke.

# پێشگریمانەی پڕاگماتیکی لە ئەفسانەی کوردیدا

## (هێلکەی نامێ) بە نموونە

**م. ی. جیهان یوسف احمد**

**زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی/ زانکۆی سەلاحەددین**

karzan.jezhny@su.edu.krd

**م. کارزان عبدالله جێژنی**

**زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی/ زانکۆی سەلاحەددین**

Jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**پوختە:**

پێشگریمانە هەڵهێنجانی واتایە لە دەربڕیندا، کاتێ ئەو واتایە بە فۆڕمێکی ڕاستەوخۆ نەگوتراوە و واتاکەی وابەستەیە بە زانیارییە پێشینەکانی وەرگرەوە. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لایەنی پراکتیکیی شیکردنەوەی دەقە لە دوتوێی پراگماتیکدا، ئەوە دەردەخات کە دەقی ئەدەبی وەک هەر دەقێکی تر پێوەستی بنەما زمانییەکانە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە پێشگریمانە، وەک دیاردەیەکی پراگماتیکی، لە چنینی واتاییی ئەم ئەفسانانەدا هەیە و دەتوانن واتا قووڵەکان و زەمینە کولتوورییەکانی پشت گێڕانەوە ئەفسانەییەکان ئاشکرا بکەن. ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە بیسەلمێنێت کە شیکاریی پێشگریمانەیی، دەبێتە پردێک بۆ دەرخستنی واتای قووڵی دەقەکان. لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفیی شیکاری بۆ شیکاریی دەقەکان دارشتنە پێشگریمانەییەکان بەکار هاتووە. توێژینەوەکە لە سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک هاتووە. بەشی یەکەم بۆ پێشەکی توێژینەوەکە تەرخان کراوە لە بەشی دووەمدا باس لە زاراوەی پێشگریمانە و جۆرەکانی پێشگریمانە و جیاوازیی نێوان پێشگریمانە و گرتنەوە ڕوون کراوەتەوە، بەشی سێیەم بەشێکی پراکتیکییە، لەم بەشەدا جۆرەکانی پێشگریمانە لە ئەفسانەی (هێلکەی نامێ، حەوت برا، ڕاوی چیای ڕەش) بە وردی ڕوون کراوەتەوە.

وەرگرتن: 2025/5/15

پەسەندکردن: 2025/6/25

بڵاوکردنەوە:

**کلیلەوشە:**

ئەفسانە، پراگماتیک، پێشگریمانە، گرتنەوە، هێلکەی نامێ.

## بەشی یەکەم

### 1- پێشەکی

#### 1-1- ناونیشان و گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پێشگریمانەی پراگماتیکی لە ئەفسانەی کوردیدا، هێلکەی نامێ بە نموونە)یە، پێشگریمانەی پراگماتیکی وەک بۆچوونێکی بنەڕەتی لە بواری زانستی پراگماتیکدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو واتا شاراوانەی کە لە ناو دەقدا حەشاردراون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات واتا نەگوتراوە گەیەنراوەکان لە دەقە ئەفسانەییەکانی "هێلکەی نامێ" ڕۆشن بکاتەوە، هەروەها هەوڵ دەدات پێوەندیی نێوان پێشگریمانە پراگماتیکییەکان و ڕەوتی گێڕانەوەی ئەفسانەیی لە ڕێگەی زمان (گوتراوەکانەوە) ڕوون بکاتەوە.

#### 1-2- هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەسەر بنەمای چەند هۆکارێکی سەرەکییەوە بنیاد نراوە:

- کەمیی توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر پێشگریمانەکان لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەفسانە بە تایبەتی.

- ئەفسانەی (هێلکەی نامێ) نموونەیەکی ڕوونە لە ئەفسانەی کوردیدا، کە جۆرەکانی پێشگریمانەی پراگماتیکی بەڕوونی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

- پێویستیی ڕوونکردنەوەی پێوەندیی نێوان پێشگریمانەی پراگماتیکی و شێوازی گێڕانەوەی ئەفسانەیی بۆ تێگەیشتن لە واتای قووڵی ئەفسانە، کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە لە زانیاریی کولتووری و نەریتییەکان بۆ شیکردنەوەی پێوەندیی نێوان زمان و کولتوور.

#### 1-3- ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازیی وەسفیی شیکاری دەبەستێت، بە بەکارهێنانی چەمکەکانی پێشگریمانەی پراگماتیکی بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، کە نموونەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک شیکارییان بۆ کراوە بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی پێشگریمانەی پراگماتیکی.

#### 1-4- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

- بەدەرخستنی واتای پراگماتیکی لە دەقی ئەفسانەییدا، بەهۆی پێوانی پێشگریمانەی پراگماتیکییەوە.

- نیشاندانی ڕۆڵی پێشگریمانەکان لە گێڕانەوەی دەقی ئەفسانەییدا

#### 1-5- سنوور و کەرستەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زانستی پراگماتیکیدایە و دەچێتە خانەی پراگماتیکیی ئەدەبییەوە. کەرەسەی توێژینەوەکە سێ ئەفسانەی هەڵبژێردراون: (هێلکەی نامێ، حەوت برا، ڕاوی چیای ڕەش) لە کتێبی "هێلکەی نامێ"دا کۆمەڵێک ئەفسانە و حیکایەتی جۆراوجۆری فۆلکلۆری کوردەواریی لەخۆ گرتووە.

#### 1-6- (ناوەڕۆك) توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت:

بەشی یەکەم: بۆ پێشەکی توێژینەوەکە تەرخانکراوە. بەشی دووەم: بەشێکی تیۆرییە، کە تێیدا چەمک و زاراوەی پێشگریمانە ڕوون کراوەتەوە، پاشان هەردوو جۆری پێشگریمانە: کە پێشگریمانەی سیمانتیکی و پراگماتیکییە باس کراوە. دواتر، جیاوازیی نێوان پێشگریمانە و گرتنەوە ڕوون کراوەتەوە، هەروەها جۆرەکانی پێشگریمانە، کە بریتیین لە: پێشگریمانەی بوون، پێشگریمانەی ڕاستەقینە، پێشگریمانەی ناڕاستەقینە، پێشگریمانەی دژەواقیع، پێشگریمانەی فەرهەنگی و پێشگریمانەی ڕۆنانی، ڕوون کراونەتەوە. بەشی سێیەم: بەشێکی پراکتیکییە، لەم بەشەدا جۆرەکانی پێشگریمانە لە ئەفسانەی( هێلکەی نامێ، حەوت برا، ڕاوی چیای ڕەش ) بە وردی باسکراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## بەشی دووەم

### 2-1- چەمك و زاراوەی پێشگریمانە:

چەمکی پێشگریمانە مێژوویەکی درێژی هەیە، بە بڕوای لیندبێرگ، ڕیشەی لە فەلسەفەوە وەرگیراوە1، فەیلەسووفەکانیش دیدگای تایبەت بە خۆیان هەیە، کە تا ڕادەیەک جیاوازە لە دیدگای زمانناسەکان، کە مامەڵە لەگەڵ پێشگریمانەکانی وشە و ڕستە و دەربڕینەکاندا دەکەن، وەک جۆرێک لە زانیاری دەرنەبڕدراو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بۆ ئەوەی دەربڕینەکان بە شێوەیەکی واتادار لێک بدرێنەوە (Mane,2001:7).

لە ڕووی زاراوەوە (Presupposition) زاراوەیەکی ئینگلیزییە، کە لە دوو بەش پێک دێت: پێشگری (Pre)، کە بە واتای (بەر لە) یان (پێش) دێت و (supposition) بە واتای (گریمانە)، یان (دانانی) دێت (کریم، 2009: 40). لە زمانی کوردیدیشدا، توێژەران چەندان زارەوەی جیاوازیان بۆ بەکار هێناوە. 2 لەو توێژینەوەیەدا زاراوەی (پێشگریمانە) بەکار هاتووە، کە بۆچوونێکی واتاییە بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی دولایەنەی نێوان ڕستەکانی زمان، یاخود ئەو زانیارییە شاراوەیە، کە پێش دەربڕینی ڕستەیەک لای قسەکەر و گوێگر هەیە. زاراوەی پێشگریمانە لە هەردوو ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک بەکاردێت، کە(کوێگر/وەرگر) لە ڕێگە کەرەسە زمانییەکانەوە پێشگریمانەی واتایەکی دەرنەبڕاو دەکا (کەمال، 2009: 28).

توێژەرانی کوردیش چەندان زاراوەی جیاوازیان بۆ زاراوەیە(Presupposition) داناوە، لەوانە: (گریمانەی پێشەکی، پێشبینی پێشوەخت، بەرگریمانە، واتای پێشبینی، گریمانەی پێشینە،) لەم توێژینەوەیدا زاراوەی(پێشگریمانە)ی بۆ بەکار هاتووە.

### 2-2- پێشگریمانەی سیمانتیکی Semantic Presupposition:

پێشگریمانەی سیمانتیکی ئاماژە بۆ ئەو گریمانەیە یان ئەو واتایانە دەکات، کە لە وشە و دەستەواژە و ڕستەدا هەن، لە خودی زمانەکەدا چەسپاون و وابەستە نین بە دەوروبەر و مەبەستی قسەکەرەوە، چونکە پێشگریمانەی سیمانتیکی زیاتر لە واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی دەربڕینەکەوە بەدەست دەهێنرێت، بەبێ پێویستیی گەڕانەوە بۆ دەوروبەر

1 Gottlob Frege's یەکەم فەیلەسووف بووە لە ساڵی 1892 لە وتارێکیدا بە ناوی (Sense and Reference) باسی بۆچوونی پێشگریمانەی کردووە ( Gregory Laurence, 2006, p:30).

(محەمەد، 2009 :112). کەواتە، پێشگریمانەی سیمانتیکی پێوەستە بەو زانیاریانەی کە لە ڕستەکەدا هەیە. بەشێوەیەک، پێوەندیی تەنگاوتەنگی لەگەڵ فرێزەکانی ناو ڕستەدا هەیە (مەحمود،2006 :99). ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێشگریمانەی سیمانتیکی، جگە لەوەش، پێشگریمانەی سیمانتیکی وابەستەیە بە پێوەندیی لۆژیکیی نێوان دوو ڕستەوە، کە ڕاستیی ڕستەی یەکەم مەرج دەبێت بۆ ڕاستیی پێشگریمانەکە، واتە ڕستەی دووەم جەخت لەسەر ئەو زانیاریانە دەکاتەوە، کە لەڕستەی یەکەمدا هەیە. لەم چەشنەدا گوێگر بۆ هەڵێنجانی واتا پێشگریمانەکراوەکانی گوتنەکە پێویستی بە زانیاری دەرەکی یان کۆنتێکستی ئاخاوتنەکە نییە، پێویستی و ڕاستیی پێشگریمانەکە، مەرجێکە بۆ ڕاستی ڕستەکە (عیسی، قاسم، 2023 :70). بۆ نموونە:

(1) نەوزاد پەشیمانە لەوەی بەشداری لە ئاهەنگەکەدا نەکردووە.

لە ڕستەی(1)دا ، بەهۆی وشەی "پەشیمانی"یەوە، لە ڕووی واتاوە پێشگریمانە دەکرێت کە کرداری (ئامادەنەبوون) ڕووی داوە و ئەم پێشگریمانەیە لە واتای وشەی "پەشیمانی"دا هەیە و وابەستەی دەوروبەر یان مەبەستی قسەکەر نییە.

### 3-2- پێشگریمانەی پراگماتیکی Pragmatic Presupposition:

بە شێوەیەکی گشتی، پێشگریمانە چەمکێکی پراگماتیکییە، ئاماژەیە بۆ دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن قسەکەر و پێشبینیکردن و گریمانەکردن لەلایەن گوێگرەوە لە دەوربەرێکی دیاریکراودا. بەگشتی واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە ناچێتە ناو سیمانتیکییەوە، واتە بەشێک نییە لە واتای فەرهەنگی وشەکان و ئەو واتا ڕێزمانییەی لە چۆنیەتیی ڕیزبوونی وشەکان لەناو ڕستەدا بەدەست دێت. (کریم،رسول،2019: 6) ئەم زاراوانە بنەمایەک بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی واتا و تێگەیشتنی لە پێوەندیکردندا دەرەخسێنن، لە چوارچێوەی ڕستەیەک یان گوتنێکدا دەردەکەوێت و جۆرێکە لە دەرئەنجام لەسەر بنەمای مەبەستی قسەکەر و زانیاریی گوێگر و ئەو دەوروبەرەی کە ڕستەکە تێیدا دەردەبڕدرێت، کەواتە پێشگریمانەی پراگماتیکی بەر لە دەربڕینی گوتنەکەی، بەڕاستی هەیە، بەم پێیە قسەکەرەکانن گریمانەیان هەیە نەک ڕستەکان. (سورخی، 2016 :53)

پێشگریمانەی پراگماتیکی ئاماژەیە بۆ ئەو گریمانە یان بیروباوەڕانەی کە قسەکەر لە کاتی گوتندا بە شتێکی ئاسایی دەزانێت. ئەمانە بە ڕوونی باس نەکراون، بەڵام پێویستن بۆ ئەوەی دەربڕینەکە واتادار بێت. دەتوانین بڵێین؛ پێشگریمانەی پراگماتیکی لەگەڵ بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری وشە، گرێ، ڕۆنانەکان، لە پێوەندیدایە، ئەو کاتە دەبێتە پێشگریمانە، کە قسەکەر لە دەوروبەردا دەریانببڕێت. واتە پێشگریمانەی پراگماتیکی؛ بە تەواوی پێوەستە بە دەوربەر (context)ەوە (قاسم، عیسی، 2023 :71)، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێشگریمانەی پراگماتیکی، کە وابەستەیە بە دەوروبەرەوە، ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا دەربڕدراوە، بەڵام ڕاستەوخۆ باس نەکراون، بەڵکوو گوێگر گریمانەی دەکات. زۆر جاریش ئەم پێشگریمانەیە پشت بە زانیاریی هاوبەش، یان ئەزموونە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر دەبەستێت، لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا دەدەبڕدرێت، بۆ نموونە:

(2) وازی لە یاریکردن هێناوە.

نموونەی (2) هەڵگری کۆمەڵێک پێشگریمانەیە:

پێشگریمانە1: پێشتر یاریی تۆپی پێی کردووە ← ئەگەر لە گۆڕەپانی تۆپی پێ بێت.

پێشگریمانە2: پێشتر پێشبڕکێی ڕاکردنی کردووە. ← ئەگەر لە گۆڕەپانی ڕاکردن و پێشبڕکێ بێت.

پێشگریمانە3: پێشتر مەلەی کردووە ← ئەگەر لە مەلەوانگەیەک بێت.

پێشگریمانە4 : پشتر وەرزشی لەشجوانی کردووە ← ئەگەر لە هۆڵێکی وەرزشی بێت.

## 4-2- جیاوازیی نێوان پێشگریمانە و گرتنەوە:

دیاردەی پێشگریمانەکردن، بریتییە لە هەڵێنجانی واتایەک لە ڕستەیەکی دیاریکراودا، لەلایەن وەرگری ڕستە (گوتارە) کەوە، چونکە لە ڕاستیدا وەرگر پێشگریمانە دەکا، نەک ڕستەکە، ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوان گرتنەوە entailment و پێشگریمانە Presupposition، چونکە پێشگریمانە تایبەتە بە وەرگر، گرتنەوە تایبەتە بە خودی ڕستەکە (کەمال، 2009 :96). لە بەرانبەردا گرتنەوە (Entailment) پێوەندییەکی لۆجیکییە لە نێوان دوو ڕستەدا، کە ڕاستیی ڕستەی یەکەم بە پێویست دەزانرێت بۆ ڕاستیی ڕستەکەی دیکە (AL-Sulaimaan, 2010,:180). واتە لە گرتنەوەدا ڕستەکان لێکەوتەیان هەیە، نەک قسەکەران (سورخی، 2016:53). کەواتە گرتنەوە چەمکێکی لۆجیکییە و پێوەندی بە سیمانتیکیشەوە هەیە. لۆجیکیش گرنگی بەدەربڕینی وشە و ڕێزمانی ڕستە نادات، بەڵکوو لە بنەڕەتدا گرنگی بەو واتایە دەدات، کە لە ڕستەکەدا هاتووە (بالمر، 1985 :51). بەم پێیە، گرتنەوە دیاردەیەکی پراگماتیکی نییە، بەڵکوو پێوەندییەکی لۆجیکی نێوان دوو ڕستەیە (کەمال، 2009 :97). هەروەها یەکێکی تر لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان پێشگریمانە و گرتنەوە ئەوەیە، کە پێشگریمانە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە ئەگەر هاتوو نەرێش بکرێت، واتە پێشگریمانە پراگماتیکییەکان مەرج نییە و نە بەستراوەتەوە بە ڕاستی ڕستەکەوە، هەروەها مامەڵە لەگەڵ زانیارییە گریمانەکراوەکان یان پاشخانەکاندا دەکات، کە دەبێت ڕاست بن یان لە دەوروبەردا گریمانە بکرێن لە دەوروبەردا بۆ ئەوەی ڕستەکە واتای هەبێت، بۆ نموونە:

(3) نەوزاد وازی لە جگەرەکێشان هێناوە.

لە ڕستەی (3)دا گوێگر گریمانە دەکات کە پێشتر نەوزاد جگەرەی کێشاوە لەکاتێکدا ئەگەر نەرێش بکرێ هەمان پێشگریمانە بوونی هەیە، بەڵام لە گرتنەوەدا لە کاتی نەرێکردندا گرتنەوە نامێنی و دەکەوێ، پێوەندیی نیوان ڕستەکان ون دەبن (کەمال، 2009 :98). بۆ نموونە:

(4)ئازاد دوێنێ میوەی خوارد.

(5)ئازاد دوێنێ ترێی خوارد.

لە گرتنەوەدا، ئەگەر ڕستەی (4) ڕاست بێت ئەوا ڕستەی (5) ڕاستە، چونکە "ترێ" میوەیە، واتە میوە "ترێ"ش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕستەی (4) نەرێ بکرێت ئەوا ڕستەی (5) ناڕاست دەبێت و پێوەندی نێوان ڕستەکان دەکەوێت و نامێت، چونکە نەک هەر ڕاست نییە کە ترێی خواردووە، بەڵکو ڕوونیش نییە، کە دوێنێ چی خواردوە ( Crystal, 2011, :89).

کەواتە گرتنەوە ئەوەیە، کە هەر وشەیەک دەلالەت بکاتە سەر بەشێک لە ماناکەی (خۆشناو،2010، 66) سەرنج بخاتە سەر بارودۆخی ڕاستیی ڕستەکەوە، مەرجی ڕاستیبوونی ڕستەی یەکەم، گرەنتیی ڕاستیی ڕستەی دووەمە، بە نەرێکردنی ڕستەی یەکەم، ڕستەی دووەم ئەو گرەنتییە نامێنی و ناڕاست و نالۆجیکی دەبێت، لە کاتێکدا پێشگریمانە

سەرنج دەخاتە سەر زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر، کە واتایەکی ئاماژەپێکراو دەگەیەنێت.

## 5-2 جۆرەکانی پێشگریمانەی پڕاگماتیکی:

### 2-5-1-پێشگریمانەی بوون Existential Presupposition:

ئەم جۆرە پێشگریمانەیە جۆرێکە لە پێشگریمانەی پڕاگماتیکی، ئاماژە بۆ ئەو گریمانەیە دەکات، کە شتێک بوون(وجود)ی هەیە، ئەو جۆرە پێشگریمانانە بەهۆی ڕۆنانی خاوەندارییەتی یان (ناسیاری – نەناسیاری)ـەوە، دروست دەبن (Yule, 1996;27). هەروەها، لە زۆربەی فرێزە ناوییە ناسراوەکاندا هەیە، کە بەکاریان دەهێنێت پێبەندبوونی خۆی بە بوونی ئەو شتانەی کە ناویان دێنێت، دووپات دەکاتەوە (حەمەد،2024: 146) بەگشتی پێشگریمانەی بوون لەسەر بنەمای بەکارهێنانی پێکهاتەیەکی دیاریکراو لە ڕستەیەکدا هەیە. واتە باسی شتێک دەکات کە پێوەندی بە هەبوونی شتێکی ترەوە هەیە، بۆ نموونە:

(6) هاوڕێیەکەم ئۆتۆمبێلێکی نوێی کڕیوە.

لە ڕستەی (6)دا، "هاوڕێیەکەم" نیشانەی ناسراوی (یەک) پێشگریمانەی بوونی هاوڕێیەک دەکات، کە گوێگر هاورێکەی ناناسێ و زانیاری لەبارەوە نییە. هەروەها فرێزی ناوی "ئۆتۆمبێلێکی نوێ" پێشگریمانەی بوونی کڕینی ئۆتۆمبێلێکی نوێ دەکرێت لەلایەن هاورێییەکی قسەکەرەوە، کە گریمانە دەکرێت هاوڕێکەی کەسێکی پێگەیشتوە و توانای لێخورینی ئۆتۆمبێلی هەیە.

کەواتە هەموو ئەو زانیارییانەی لە پێشگریمانەی بوونەوە بەدەستدەهێنرێن، گرنگن بۆ تێگەیشتن لەوەی کە زمان چۆن گریمانەکان و زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەران و گوێگراندا دادەڕێژێت.

### 2-5-2-پێشگریمانەی ڕاستەقینە Factive Presupposition:

ئەم جۆرە پێشگریمانەیە کاتێک ڕوو دەدات، کە ڕاستییەکی چەسپاو (بەشێکی ڕستەکە) بە ڕاست گریمانە بکرێت، بەبێ گوێدانە ڕاستیی گشتیی ڕستەکە. ئەم جۆرە پێشگریمانەیە بەهۆی کرداری ڕاستەقینە یان بنیاتنانەوە دەست پێ دەکات، کە واتای ڕاستی ئەو دەربڕاوەیە کە لە دوای ئەوەوە دێت. ئەم پێشگریمانانە بە شێوەیەکی گشتی لەدوای کاری هەندێ لەم چاوگانەوە دێن(زانین، درککردن، پەشیمانبوونەوە، پێ سەیربوون، ئاگاداربوون، خۆشحاڵبوون) ئەمانە جۆرێک لە پێشگریمانە دێننەئاراوە، کە ڕاستەقینەیی زانیارییەکانی پێشگریمانەکە دەر دەخات ( کەمال، 2009: 103) بۆ نموونە:

(7) ئەو دەزانێت، کە کۆبوونەوەکە هەڵوەشاوەتەوە.

کرداری "دەزانێت" کرداری ڕاستەقینەیە، دەبێتە هۆی دروستکردنی پێشگریمانەی ڕاستەقینە. کاتێک دەڵێین "ئەو دەزانێت" پێشگریمانە دەکرێت کە ئەو زانیارییەی دواتر دێت ڕاست بێت.

پێشگریمانە ڕاستەقینەکان وردن، چونکە تەنیا ڕاستییەکان ڕاستەوخۆ ناگەیەنن، بەڵکوو گریمانە بنەڕەتییەکانیش دەگەیەنن، تەنانەت ئەگەر قسەکەر بە ڕوونی نەڵێت ڕووداوەکە ڕاستە، ئەوە گوێگر دەباتە سەر ئەوەی وەک ڕاستییەکی دیاریکراو گریمانەی بکات، ئەمەش وا دەکات پێشگریمانە ڕاستەقینەکان ببێتە ئامرازێکی بەهێز لە پێوەندیکردندا، چونکە تێگەیشتنی هاوبەش دروست

دەکات و کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە، کە قسەکەر و گوێگر، وەک ڕاستی وەریبگرن.

### 2-5-3- پێشگریمانەی فەرهەنگی (لێکسیکی) Lexical Presupposition:

لە پێشگریمانەی لێکسیکیدا، بەکارهێنانی دەربڕینێکی دیاریکراو لەلایەن نێرەرەوە دەکرێتە بنەما بۆ پێشگریمانەکردنی چەمکێکی شاراوە، وەک لە هەندێ کاری (توانین، وازهێنان لە، دەستپێکردن بە...) یاخود هەندێ فۆرمی وەک: (دیسانەوە، جارێکی تر، جاران، ڕۆژگارێک، وا بوو... هتد)، (کەمال، 2009: 103). پێشگریمانە فەرهەنگییەکان، لە واتای وشەکانەوە سەر هەڵدەدەن، پێشنیازی دۆخێکی پێشوو یان پرۆسەیەکی بەردەوام دەکەن، ئەوە پیشان دەدەن کە دەبێ شتێک ڕووی دابێت، یان هەبووبێت، بۆ ئەوەی ڕستەکە واتادار بێت، بۆ نموونە:

(8) دارا وازی لە جگەرەکێشان هێناوە.

کرداری "وازی هێناوە" پێشگریمانەی ئەوە دەکات، کە دارا پێشتر جگەرەی دەکێشا، ئەگەر ڕستەکەش نەفی بکەین، هەمان پێشگریمانە دەمێنێتەوە (کریم، 2009 :92).

ئەم جۆرە پێشگریمانەیە چەسپاوە، واتە ئەگەر ڕستەکە ناڕاستیش بێت، گریمانەکە چەسپاوە (هەرگیز وازی لێ نەهێناوە ) بەڵام هەر ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە پێشتر جگەرەی کێشاوە.

### 2-5-4- پێشگریمانە پێکهاتەیی Structural Presupposition:

ئاماژەیە بۆ ئەو زانیاریانەی کە پێکهاتەی ڕستەیەک ئاماژەی پێ دەدەن، واتە قسەکەر وا پێشگریمانە دەکات، کە گوێگر پێشتر هەندێک ڕاستی دەزانێت یان قەبووڵ دەکات، بە پشتبەستن بە چۆنییەتیی بنیادنانی ڕستەکە. دەتوانرێت بگوترێت، نێرەر ڕۆنانێکی لەم جۆرە بەکار دەهێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکدا، کە بە جەختکراوەیی دروستە و وەرگریش پێشگریمانەی دروستی ئەو زانیارییەی لێ دەکات، ڕستەی وشەی پرسی (WH-quaestion) لە کوردیدا (بێگومان لە زمانەکانی تریشدا) پێشگریمانەی ئەوە دەکات، ئەو زانیارییەی دوای وشەی پرس دێ، دروستە (کەمال، 2009: 105). بۆ **نموونە**:

(9) بۆچی وازی لە کارەکەی هێنا؟

لە ڕستەی (9)دا، ئەوزانیارییەی دەکەوێتە دوای وشەی پرسی"بۆچی" بەڕاست گریمانە دەکرێت **چونکە**، ناپرسێت ئایا وازی هێناوە یان نا؛ وا گریمانە دەکات، کە وازهێناوە و هەوڵدەدات هۆکارەکەی بزانێت.

### 2-5-5- گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە Non_factive Presupposition:

پێشگریمانەی ناڕاستەقینە، کاتێک سەر هەڵدەدات، کە دەربڕینێک پێشنیازی ئەوە بکات، کە ڕاستی زانیاریەکە گریمانەکراوە، نەک وەک ڕاستییەک وەربگیرێت. بە پێچەوانەی پێشگریمانەی ڕاستەقینە، کە برگەی چەسپاو و ڕاستەقینە گریمانە دەکرێت، لە پێشگریمانەی ناڕاستەقینەدا کۆمەڵە فریزێک دێن و پێشگریمانەی ئەوە دەکەن، کە زانیارییەکی دیاریکراو دروست نییە، واتە پێشگریمانەی نادروستی زانیاریی ڕستەکە دەکەن، ئەمەش لەهەندێ کاردا ڕوودەدات، وەک: (خەون بینین، تەسەورکردن، نیشاندان) (علی، 2014 :159)، واتە ئەو زانیارییانەی دەکەوێتە دوای ئەو کارانەوە بەشێوەیەکی ناڕاست گریمانە دەکرێن. بنیاتنانی ناڕاستەقینە بوار بۆ گومان بەجێ دەهێڵن، یان زانیارییەکان وەک نادیار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بۆ نموونە:

(10) خەونم بینی کە دەوڵەمەنم. (Yule, 1996:29)

لە ڕستەی (10)دا، ئەو زانیارییەی کەوتووەتە دوای (خەونم بینی) پێشگریمانە دەکرێت، کە ناڕاستەقینە بێت و لە واقیعدا کەسێکی دەوڵەمەند نەبێت، تەنها لە خەودا بینویەتی دەوڵەمەند بووە. کە ڕووداوەکە خەیاڵییە یان گریمانەییە.

**2-5-6- پێشگریمانە دژە ڕاستییەکان Counterfactual Presupposition:**

کاتێک سەر هەڵدەدات، کە دەربڕینێک ئاماژە بەوە بکات، ئەو دۆخەی باس کراوە، پێچەوانەی واقیعە (ئەحمەد، 2008 :91). بە واتایەکی تر، ئەو ڕووداوە یان بارودۆخەی کە ئاماژەی پێ دەکرێت، ڕووی نەداوە، یان ڕاست نییە و دەکرا ڕوو بدات، بەڵام ڕووی نەداوە، کەواتە ئەم جۆرە پێشگریمانەیە، نەک هەر دروست نییە، بەڵکوو پێچەوانەی ڕاستیشە، زیاتریش لە ڕێگەی ڕۆنانی ڕستەی مەرجییەوە دروست دەبێت، لەو جۆرەی مەرج کە پێی دەگوترێ مەرجی ناڕاست unreal condition ( کەمال، 2009: 106). بۆ نموونە:

(11) ئەگەر زۆرتر بم خوێندبایە، لە تاقیکردنەوەکە دەردەچووم.

بەشی یەکەمی ڕستەی (11) پێشگریمانە دەکات، زۆری نەخوێندووە بەشی دووەمی ڕستەی (11) پێشگریمانە دەکات، کە لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچووە.

## بەشی سێیەم:

### 3-1 جۆرەکانی پێشگریمانەی پراگتماتیکی لە ئەفسانەی (هێلکەی نامێ)دا:

### 3-1-1- پێشگریمانەی بوون:

(12) پیرەژنەکە وتی برۆ بە باوکت بڵێ گۆچانێکی ئاسن و قۆندەرەکی ئاسنت بۆ دروست بکات. (حەسەن،2006، 107)

لەم نموونەیەدا چەند پێشگریمانەیەک بەدی دەکرێت. یەکەم، بوونی باوک کە وەک پێشگریمانەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی دەردەکەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی "باوکت"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە قسەکەر پێشگریمانەی ئەوەی کردووە، کە گوێگر باوکی هەیە. دووەم، پێشگریمانەی توانای باوکەکە بۆ دروستکردنی گۆچان و قۆندەرەی ئاسن، کە لە داواکارییەکەدا دەردەکەوێت. بەپێی ئەم پێشگریمانەیە، باوکەکە کەسێکی شارەزا و لێهاتووە لە بواری دروستکردنی کەرەستەی ئاسندا.

(13) لە ژێر دارەکەدا منداڵێکی ساوا هەیە. (حەسەن،2006، 107)

لە ڕستەی (13)دا چەند پێشگریمانەیەک دەردەکەون، کە پێویستە هەمویان دروستبن، بۆ ئەوەی ڕستەکە واتای تەواوی هەبێت. یەکەم پێشگریمانە بوونی دارەکەیە، چونکە وشەی "دارەکە" بە شێوەی ناسراو (definite) بەکار هاتووە، کە ئاماژەیە بۆ دارێکی دیاریکراو و ناسراو. پێشگریمانەی دووەم پێوەستە بە شوێنەوە، واتە بوونی شوێنێک لە ژێر دارەکەدا کە دەکرێت شتی تێدا هەبێت. سێیەم، کاتێک باسی "منداڵێکی ساوا" دەکرێت، پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، کە مەبەست لە کەسێکی زۆر بچووکە، کە هێشتا لە تەمەنی ساواییدایە.

(14) ئەحمەد بە پێ دەڕوات تا لە ئاوەکە نزیک دەبێتەوە و دەبینێت کۆمەڵێک کچە قەرەج لەوێ دانیشتینە و شت دەفرۆشن. .(حەسەن،2006، 108)

لە نموونەی (14)دا کۆمەڵێک پێشگریمانە هەن. یەکەم، لە بەکارهێنانی "ئاوەکە"دا پێشگریمانەی بوونی ئاوێکی دیاریکراو و ناسراو هەیە، چونکە بە شێوەیەکی ناسراو (definite) بەکار هاتووە. دووەم، کاتێک باسی "کچە قەرەج" دەکرێت، پێشگریمانەی بوونی کۆمەڵێک کەس لە نەتەوەی قەرەج دەکرێت، کە ڕەگەزیان مێینەیە. سێیەم، لە ڕستەی "شت دەفرۆشن"دا پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئەو کەسانە خاوەنی کەلوپەل یان شتومەکن و خەریکی بازرگانین. هەروەها، لە بەکارهێنانی "لەوێ دانیشتینە"دا پێشگریمانەی بوونی شوێنێکی گونجاو بۆ دانیشتن و فرۆشتنی شتومەک دەکرێت. بەمپێیە نموونەکە پڕە لە پێشگریمانەی جۆراوجۆر کە پێکەوە یارمەتی دروستکردنی وێنەیەکی تەواو دەدەن لە باری دۆخەکە و کەسەکان.

**3-1-2- پێشگریمانەی ڕاستەقینە:**

(15) دەبینێت پێڵاوەکە دڕاوە و گۆچانەکەی شکاوە. (حەسەن،2006، 107)

لەم ڕستەی (15)دا دوو گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە هەن، یەکەمیان بریتییە لە (پێڵاوەکە هەیە)، چونکە ناکرێ شتێک دڕابێت، ئەگەر لە بنەمادا بوونی نەبوبێت. دووەمیان بریتییە لە (گۆچانەکە هەیە)، لێرەشدا ناشێ شتێک شکابێت، ئەگەر لە بنەڕەتدا بوونی نەبوبێت. هەر دوو پێشگریمانەکە ڕاستەقینەن، چونکە کاتێک دەتوانین باس لە دڕانی پێڵاوێک بکەین، کە پێڵاوەکە بەڕاستی هەبوبێت، تەنیا کاتێکیش دەتوانین باس لە شکانی گۆچانێک بکەین، کە بەڕاستی گۆچانەکە هەبووبێت.

(16) کەسوکاری ئەحمەد ڕەخنەی لێ دەگرن کە کچەکەی لەگەڵ خۆی هێناوە. (حەسەن،2006، 108)

لەم نموونەیەدا پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، کە "ئەحمەد" وەک کەسێکی ڕاستەقینە بوونی هەیە. هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێ، ئەحمەد کچێکی هەبێت، کە پێشگریمانەیەکی ڕاستەقینەیە، چونکە ڕستەکە دەڵێ (کچەکەی)، واتە پێوەندییە خاوەنداریێتییەکە (کچی ئەحمەد) وەک ڕاستییەک پێشگریمانە کراوە. هێنانی کچەکەی لەگەڵ خۆیدا وەک ڕووداوێکی ڕاستەقینە پێشگریمانەکراوە. هەروەها (ئەحمەد کەسوکاری هەیە) بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پێشگریمانە کراوە. هەموو ئەم پێشگریمانانە ڕاستەقینەن، چونکە ڕستەکە هیچ گومانێک لەسەر بوونی ئەم شتانە دروست ناکا، واتە وەک ڕاستەقینە پێشگریمانە کراون.

**3-1-3- پێشگریمانەی فەرهەنگی (لێکسیکی):**

(17) ماندوو دەبێت و دەبینێت پێڵاوەکە دڕاوە و گۆچانەکەی شکاوە. (حەسەن،2006، 107)

لە ڕستەی (17)دا چەندان گریمانەی پێشەکیی فەرهەنگی هەن، کە لە ڕێگەی واتای وشەکانەوە دەردەکەون. کرداری "دڕاوە" کە بۆ پێڵاوەکە بەکار هاتووە، پێشگریمانەی ئەوە دەکات، پێڵاوەکە لە دۆخێکی پێشووتردا ساغ بووە و دواتر دڕاوە، واتە گۆڕانێک لە دۆخەکەیدا ڕووی داوە. هەروەها کرداری "شکاوە" کە بۆ گۆچانەکە بەکار هاتووە، پێشگریمانەی ئەوە دەکات، گۆچانەکە پێشتر ساغ یاخود نەشکاو بووە. کرداری "ماندوو دەبێت"یش بە هەمان شێوە پێشگریمانەی دۆخێکی پێشوتر دەکات، کەسەکە تییدا ماندوو نەبووە. ئەم گریمانە پێشەکییانە فەرهەنگیین، چونکە لە واتای خودی

وشەکانەوە سەرچاوە دەگرن و پێشگریمانەی دۆخێکی پێشووتر دەکەن، کە جیاوازە لە دۆخی ئێستا.

(18)کۆترەکە دەنیشێت و دەبێتە کچە جوانەکە. (حەسەن، 2006، 109)

لە ڕستەی (18)دا چەند پێشگریمانەیەکی فەرهەنگی بەدی دەکرێن. کرداری "دەنیشێت" پێشگریمانەی ئەوە دەکات، کە کۆترەکە پێشتر لە دۆخی فڕیندا بووە، واتە لە دۆخێکی بەرزەوە هاتووەتە خوارەوە. هەروەها کرداری "دەبێتە" کە گۆڕانی دۆخی کۆترەکە بۆ کچە جوانەکە دەردەخات، پێشگریمانەی ئەوە دەکات، کە پێشتر شتێک (کۆترەکە) لە دۆخێکی دیاریکراودا بووە و دواتر گۆڕاوە بۆ دۆخێکی تر (کچە جوانەکە). ئەم دوو کردارە لە ڕێگەی واتای فەرهەنگییەوە گۆڕانکارییەک لە دۆخی شتەکاندا پێشگریمانە دەکەن.

**3-1-4- پێشگریمانە پێکهاتەیی:**

(19) ئەوە بۆ وا ڕەش بوی؟.(حەسەن،2006، 108)

((پێدڤی بو بریارەکێ بدەم؛ یان بەرسینگا هەوە هەمیان بگرم و چ د قەومت بلا بقەومت یان خوە بکوژم یان ژی نەمرۆڤ د ناڤ مرۆڤان دا بژیم...))(عومەر، 2005: 76).

ژبەرکو کەسێن هەست ب کێماسیێ دکەن، ژ بریاردانێ د ترسن، لەورا بۆ بریارێ ژی پێدڤی ب پالپشتی یان بەهانەکێنە تاکو لڤینێ ئەنجامبدەن. د ئەڤێ کورتە چیرۆکێدا زیڤۆ بۆ بریاردانێ ژی پێدڤی ب بەهانەکێ بوو. ل رۆژەکێ دەمێ زارۆکەک پێ دکەتە کەنی، زیڤۆ بریارێ ددەت، ژ جڤاکی دویر بکەڤیت، ژبەرکو دەوروبەر بەردەوام وی دئێشینن، لەورا زیڤۆ هزردکەت ئەو نەمرۆڤن، د فەرهەنگا ویدا پێدڤیە مرۆڤ خودان هزر و هەست بن:

((ئەز دزانم بیرا وە هەمیان دهێت دەمێ من کەنیا کورێ خورشیدی کریە بەهانە و گۆتی: ئەز نامینمە ل ئەڤی وەلاتی، ئەز دێ چمە جهەکێ مرۆڤ لێ هەبن!)) (عومەر، 2005: 76).

کەسێ پرسیارا جهێ زیڤۆ دچیتێ نەکر، ژبەرکو کەسەکێ پشتگوههاڤێتی بوو و بۆ کەسی گرنگ ژی نەبوو. ل ڤێرە دیاردبیت ئێک ژ هۆکارێن دی یێن هەستکرن ب کێماسییێ ل دەڤ زیڤۆی پشتگوههاڤێتن بوو، ئەڤ گرنگیپێنەدانە بۆ وی یا ئاشکەرابوو و دزانی بتنێ هنگی ل بیرا خەلکی دهێت دەمێ خەلکی دڤێت زارۆکێن خۆ پێ بترسینن:

((ئەز هنگی دهێمە بیرا هەوە دەمێ تشتەکێ پیس و کرێت دبینن یان دەمێ زارۆکێن خوە ب ترسێ فرشک دکەن)) (عومەر، 2005: 77).

چوونا وی بۆ جیهانا دی – وەکو ئەو دبێژت– ئەو ب رێکێڤە ماندی دبیت، دەمێ شەڤ ب سەردا دهێت و پێدڤی ب بێهنڤەدانێ دبیت و د هەمان دەمدا تێهنی دبیت. ل ئەوێ شەڤا تاری دەمێ د چیتە

سەرکانییێ دا ئاڤێ بینیت؛ دەنگێ کچەکێ دهێت ب گریڤە سترانێ دلورینیت. د ئەوی بارودۆخیدا هەستکرن ب کێماسییا زیقۆ د سەریدا دەنگڤەددەت و ژبەر کرێتییا دێمێ خۆ ئەوێ وێرەکیێ نادەت خۆ د تاریاتییێدا ژێ بچیت دیدارا وێ:

((ئێکسەر من هزرا دێمێ خوەیێ کرێت کر و من گۆته خوە: هەکەر ئەڤ دەنگێ نازک و خەمگین رووچکێ من ببینت، دێ ترس ژێ کەڤته سەر کول و دەرێن وێ، لەو من دەرسۆکا خوە بسەر دێمێ خوە دا ئینا خوارێ و ژ دوورڤە، من پێژنەک ژ خوە ئینا...)) (عومەر، 2005: 79).

لێ دەمێ دبینیت کچ پرسیارا دەرسوکا سەر دێمێ وی دکەت، زیقۆ وەسا بەرسڤ ددەت:

((تو چ ل بن دەرسۆکێ ڤەدشێری؟

- شۆلێ خودێ، ژ بەنییێن خودێ!))(عومەر، 2005: 80).

کەسێن هەست ب کێماسییێ دکەن، د مێشک و دلێن واندا گەلەک بیرهاتنێن نەخۆش و ب ئازار هەنە، لەورا پتریا جاران ژ دەوروبەری د دلگرانن. پشتی زیقۆ چیرۆکا کرێتییا خۆ و نەپەسەندکرنا جڤاکی، بۆ کچێ دبێژیت، ب ئەڤێ ڕەنگێ چیرۆکا خۆ دەربارەی وان ب دوماهیک دئینیت:

((- ئەوان قالبێ من نەڤێت و من جانێ وان نەڤێت. )) (عومەر، 2005: 81).

پشتی کچ داخوازا هەڤژینێ ژێ دکەت ژبەرکو خودان دلەکێ پاقژە، زیقۆ دەرسوکێ ژ سەر چاڤێن خۆ رادکەت و دڤیا کچ ب دروستی دێمێ وی ببینت، ل ڤێرە دیاردبیت کو بتنێ چاڤەکێ زیقۆی دروستە و خمخمەک بتنێ هەیە، سەرەرای کێماسیێ د لیڤا ویدا.

دەربارەی گوهێن وی د شۆر و وەربادانە و سەرەکێ کەچەل و ستۆیەکێ موودار هەیە و پشتا وی ژی کۆڤکە و کێماسی د پێکهاتا تلیاندا د هژمار و درێژییێدا هەیە، ژبلی هندێژی پییەک ب تنێ هەیە. چیرۆکنڤیس وەسا سالۆخدانا زیقۆیی دکەت:

((چاڤەک دروست، یێ دی بلۆق و ئەورگرتی.

خمخمەک دروست و یا دی ژ بنی پێڤە نە.

ئالەکەک پف و یادی کۆر.

لێڤەک شەت و نیڤەڕۆ، یادی ڤاژ.

دو گوهێن شۆڕ و وەربادای.

سەرەکێ کەچەل ژبلی هەردوو جێنیکان.

ستۆیەکێ زراڤ و موودار.

سینگەکێ کۆترکی و پشتەکا کۆڤک.

دەستێ راستێ ب دو تلان و یێ چەپێ ئێک تلا درێژودرێژ.

لنگەک دروست و یێ دی ژ چۆکی پێدا کەلاشتی.

پییەکێ من سمە و یێ دی پەنجە. )) (عومەر، 2005: 83).

هەستکرن ب کێماسییێ بۆ ئەگەرێن کرێتی و کێماسییا ئەندامان دزڤریت، بەلێ ل دەمێ دەربرینا ئەڤان راستیان؛ کارڤەدانا کچێ ب ئەڤێ شێوەیی بوو:

((وەختێ ئەڤە هەمی دیتین، زارۆکانە کرە هاوار: ب راستی لەشەکێ سەیرە! چەند جوانە!)) (عومەر، 2005: 84).

ل دەمێ کچ ل گەل ئاکنجیێن وی جهی د ئاخڤیت، د خوازیت ڕێکێ ل بریارا وێ نەگرن، ژبەرکو

کارێ کچ دکەت ڕوحەک ژ ئازارا ڕزگارکریە. دەمێ پرسیارا کورکی ژ کچێ دکەن، ب ئەڤێ شێوەیی بەرسڤا وان ددەت:

((پا ئەز چ ل ئەڤێ جانێ پاکێ ئازاری بکەم؟ ژ مرۆڤان رەڤیە سەر بەختێ من!" (عومەر، 2005: 85).

پشتی ئەڤێ دابێژێ؛ دەوروبەر داخوازا گهۆرینا دێمێ وی دکەن، ئەڤ گهۆرینە زیقۆیی کەیفخۆش دکەت، ژبەرکو دێمێ وی بوویە ئەگەر یێ نەپەسەندبیت د ناڤ جڤاکێ خۆدا و ژ جڤاکی دویر بکەڤت. دەمێ بریارا گهۆرینا دێمێ زیقۆ ددەن؛ ناڤێ زیقۆ ژی دهێتە گهۆرین بۆ ناڤێ ئارکیش، کەواتە زیقۆ دبیتە کەسەکێ دی ب ناڤ و سیمایەکێ دی:

((روونە سەر چۆکێن خوە، تلێن خوە د ئاخێ بچکلینە و ژۆردا بەرێ خوە بدە گوڕکانا ل بن خوە، و بکە هاوار:

""جیهان ب جیهانێ

ئەز بانێ نەمانێ""

هەردەمێ من تلێن خوە د ئاخێ ڕا کرین، ئەز بومە جاندارەکێ ئاگرین ل هنداڤ گوڕکانەکا هل، ژۆردا فڕیمە خوارێ، من قورچەک ژێ ڤەخوار و لەشێ خوە شووشت." (عومەر، 2005:  86).

پشتی گهۆرینا زیقۆ بۆ ئارکیشی، کچا ب ناڤێ دۆتڤار ژیانا هەڤژینیێ ل گەل زیقۆی پێکئینا و بوونە خودان دوو زارۆک. ژبەرکو زیقۆ بوو جهێ گرنگپێدانا کچێ، لەورا هەست ب ئارامیێ دکر، کو ئەڤە ژی ئێک ژ سیمایێن کەسێن هەست ب کێماسییێ دکەنە: ((دۆتڤارێ ب چەند پەیڤەکێن شرین، هەمی مێژوو ژ هزرا من بر و ئەز کرمە کوڕێ شەڤا ئەز دیتیم" (عومەر، 2005: 88).

کەسێ هەست ب کێماسیێ دکەت، نەشێت بۆریێ خۆ ژبیربکەت، زیقۆ ژی دڤێت ل جیهانا بەرێ بزڤرت و بۆ خەلکێ خۆ دیاربکەت و بێژیتێ ئەڤە ئەزم، وەک تۆلڤەکرنەک ئەڤێ کارێ دکەت. کەسەک ژێ باوەرناکەت، دەمێ زیقۆ هەر تشتێ دەربارەی وان دبێژیت، خەلک وەسا بەرسڤا وی ددەن:

((- چێ دبت تو فریشتە بی یان...

- چێ دبت ئەز هەر تشتەک بم، ژبلی زیقۆی!" (عومەر، 2005: 90).

کەسێن هەست ب کێماسیێ دکەن، نەڤێن ژ چارچۆڤێ خۆ یێ دەستنیشانکری دەربکەڤن، ب تایبەت دەمێ د چارچۆڤەیێ خۆدا هەست ب ڤیان و هەبوونێ دکەن:

((من بڕیاردا ڤەگەڕمە جهێ لێ مرۆڤەکێ کاملان بم.

هۆسا بەرپەڕێ تۆلڤەکرنێ من سۆت" (عومەر، 2005: 90).

ل دەمێ ڤەگەریانێ بۆ جیهانا دیتر بۆ دەڤ دۆتڤار و زارۆکێن خۆ؛ زیقۆ کەسی نابینیت، هەستکرن ب کێماسییێ زێدەدبیت، بەلێ ئەگەرێ وێ ئەڤێ جارێ جودایە، ئەوژی ژ دەستدانا زارۆکانە:

((هندەک زێمار ب ژینێ دهێنە گوهاڕتن، لێ زێمارا زاڕۆکان ب چو ناهێتە گوهاڕتن، ب چو... پشتی وێ بەس مرنە)) (عومەر، 2005: 91).

ئەڤ ژ دەستدانە ژبیرا وی ناچیت و هەردەم وی ئازار ددەت:

((هەکەر ل هەر جهەکی زاڕۆکەک مر، ئەزم زێمارێ بۆ دکەم، لەو هوون ژی زێمارێ بۆ هەمی زاڕۆکان دکەن" (عومەر، 2005: 93).

کەواتە ژ دەستدانا زارۆکان کارتێکرن لێ کریە و بەردەوام هەست ب ئێشان و ئازاران دکەت. ئەڤە ژی بۆ ڤیان و گرنگیپێدانا زارۆک و دایکا وان دزڤریت. بارودۆخێ خێزانی ئارامی بۆ وی پەیداکر، تێدا هەست ب کاملبوونێ دکر، ژدەستدانا وان دووبارە هەستکرن ب کێماسییێ ل دەڤ پەیداکرەڤە.

ل ڤێرە بۆ مە دیاردبیت، کورتە چیرۆکا سیاپۆشێ زێمارێ ل سەر هەستکرن ب کێماسییێ هاتیە ئاڤاکرن، کەسایەتییا سەرەکی کو زیقۆیە ئەڤ هەستە ل دەڤ هەبوویە و ئەگەرێ سەرەکی ژی کرێتییا دێمێ وی و نەتەمامییا ئەندامێن وی یێن لەشی بوو. هەر ئەڤە بوو ئەگەرێ هندێ جهێ ترانا بیت د ناڤ گوندێ خۆدا. د هەمان دەمدا گوندیان چیرۆکێن سەیروسەمەرە بۆ زارۆکێن خۆ ل سەر ناڤێ وی دگۆتن و زارۆک ب شەڤ پێ دترساندن، چونکو ئەڤ گۆتن دگەهشتن گوهێن زیقۆی بخۆ، لەورا بەردەوام ژ هەستکرن ب کێماسییێ دنالی. سەرەرای ئەڤێ ئازارا زیقۆی ددیت ئەڤ هەستە ل دەڤ وی نەبوویە گرێ، بەلکو پەنا بۆ جهەکێ دویر ژ ئەوان مرۆڤان بریە.

ل ئەوی جهێ نوی زیقۆ هاتە پەسەندکرن، بەلێ ب شێوەکێ جودا. ئەڤە واتایا هندێ نادەت کو ئەڤ هەستە ل دەڤ وی ب دوماهیک هات، ژبەرکو پشتی پێکئینانا ژیانا هەڤژینیێ و دووبارە دخوازیت ل جهێ بۆری بزڤریت و تۆلا خۆ ژ خەلکێ گوندێ خۆ ڤەکەت، کو ئەڤە ئێک ژ سیمایێن کەسێن هەست ب کێماسیێ دکەن. ل دەمێ زڤرینا وی بۆ گوندی ب شێوەکێ جودا کەسێ ئەو نەدنیاسی، لەورا تۆلڤەکرنا وی بێ مفا بوو و جارەکا دی بەرەڤ جهێ هەڤژین و زارۆکێن وی لێ دزڤریت، ژبەرکو ل وێرێ هەست ب کاملبوون و ڤیان و رێزگرتنێ دکر. ل ڤێرە دووبارە هەست ب کێماسیێ دکەت نەخاسمە دەمێ هەڤژین و زارۆکێن خۆ نەدیتین و ژیانا مایی ب ئەڤێ دەردی ب خەمگینی و زێمار دبۆرینیت.

## ئەنجام

1- هەستکرن ب کێماسییێ ل دەڤ کەسایەتییا سەرەکییا کورتە چیرۆکێ سیاپۆشێ زێمارێ هەست پێ دهێتە کرن، ئەگەرێن وێ ژی هۆکارێن نەتەمامییا لەشییە ب تایبەت چاڤەک دروستە و خمخمەک بتنێ هەیە، سەرەرای کێماسی د لێڤا ویدا. دەربارەی گوهێن وی د شۆر و وەربادباینە و سەرەکێ کەچەل و ستۆیەکێ موودار هەیە و پشتا وی ژی کۆڤکە و کێماسی د پێکهاتا تلیاندا د هژمار و درێژییدا هەیە، ژبلی هندێژی پێیەک ب تنێ هەیە. ئەڤ هەموو کێماسییە هۆکارن کو زیقۆ هەست ب کێماسییێ و نەپەسەندکرنێ بکەت.

2- سەرەرای هەستکرن ب کێماسییێ، بەلێ نەبوویە گرێ ل دەڤ کەسایەتیێ. ژبەرکو ل رێکەکێ د گەرێت کو خۆ ژ ئەڤان مرۆڤان رزگاربکەت و ئێدی نەبیتە جهێ ترانەپێکرنا خەلکی. ئەو رێک ژی رەڤین بوو بۆ جهەکێ دویر ژ نفشێ مرۆڤان. د ئەڤێ هەلبژارتنێدا یێ سەرکەڤتی بوو، بوویە خودان هەڤژین و دوو زارۆک، بەلێ ب سەروسیمایەکێ دی پشتی بوونەوەرێن ئەوێ جیهانێ گهۆرین ب سەردا کرین.

3- ئێک ژ سیمایێن کەسێن هەست ب کێماسییێ دکەن ئەوە حەز ژ تۆلڤەکرنێ دکەن، کەسایەتییا سەرەکییا کورتە چیرۆکێ کو زیقۆیە، حەز دکەت ل گوندێ خۆ بزڤریت و بۆ وان دیاربکەت ئەڤە ئەزم ژ هەوە هەمووان چێتر و جوانترم، ل ڤێرە دووبارە هەستکرن ب کێماسییێ ل دەڤ نوی دبیتەڤە نەخاسمە

دەمێ خەلکێ گوندی بۆ وی دیاردکەن ڕەنگە تو هەر تشت بی بەس نە زیقۆ.

4- ل زڤرینا وی بۆ جهێ کو هەست ب تەمامبوونا خۆ تێدا کری، د ناڤ خێزان و زارۆکێن خودا، هەستکرن ب کێماسییێ دووبارە سەرهلددەت، ئەڤێ جارێ ب هۆکارەکێ دیتر، ئەوژی ژ دەستدانا خێزان و زارۆکانە. وەسان زیقۆ بەردەوام ژ هەستکرن ب کێماسییێ دنالیت.

## لیستا ژێدەران

### ژێدەر ب زمانێ کوردی


1. ئادلەر، ئەلفرێد (2018) *تێگەهشتنا سرۆشتێ مرۆڤان*، و. سیف الله علی مایی و سیار تمر صدیق، چاپخانا هیڤی، هەولێر.
2. ئیبراهیم، ڕێزان عەلی (2009) `کەسایەتی دژ بە کۆمەلگا (سایکۆباتی) هۆکار و پێکهاتە` *گۆڤارا رامان*، ژ 141، ل 104-108.
3. ئیسماعیل، مزەفەر مستەفا (2020) *ڕەنگدانەوەی نەستی گشتیی لە رۆمانەکانی (کاکە مەم بۆتانی)* دا، تیزی دکتورا، فاکەلتی ئاداب/زانکۆی سۆران.
4. عومەر، فازل(2005) رەوانێ بارۆڤێ، چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ.
5. حسن، شڤان قاسم و احمد، دولت محمد (2024) `شرۆڤەکرنا ڕۆمانا خەجا بەرلینی یا (حەسەن ئیبراهیم)ی لدویڤ تیۆرا دەروونشیکاریا کەسایەتی یا ئەدلەری` *گۆڤاری قەڵای زانست*، بەرگی 9، ژمارە (3)، گۆڤارێکی زانستی وەرزییە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت، هەولێر، ل 269-294.
6. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2015) *سایکۆلۆژیای گشتی* ،چ4، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی.
7. مصطفی، یوسف حمە صالح (2019) *کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ*، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، هەولێر.
8. *نیزامەدین، فازل(2003) ئەستێرە گەشە فەرهەنگی کوردی – عربی، چ3، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.*
9. هژمارەکا نڤیسەران (2016) *دەربارەی ئەدەبیاتی (شرۆڤە و ئەنالیزکرنا چەند تێگەهێن گرنگ)*، و.کەمال سلێڤانەی، کتێبخانا جزیری، دهوک.


### ب زمانێ عەرەبی


10. العفراوي و محسن، أيمان نعيم شعير(2009) `الشعور بالنقص في ضوء النظريات العلمية` *مجلة أبحاث البصرة- كلية التربية للعلوم الإنسانية*، مج34، ع1، ص271-298.
11. جابە، فيروز صالح علي (2023) `شعور بالنقص من وجهة نظر علماء النفس` *المجلة الإفريقية للدراسات المتقدمة في العلوم الإنسانية و الاجتماعية*، مج2، ع1، ص472-480.
12. حسن، كمال عبدالفتاح و أحمد، نيران عبداللطيف(2019) `التعويض عن النقص الداخلي"النفسي" في الشعر الجاهلي` *مجلة سمراء*، المجلد 15، العدد 59، السنة 14.
13. فريد، زهرا و فريد، سعيدة و رحمانيان، فرزانه (2021) `تجليات عقدة النقص الأدلرية لدى الشخصية المحمورية في رواية طيور أيلول` فضيلة إضاءات نقدية، السنة11، ع44، ص31-55
14. موكيالي، روجيه (1988) *العقد النفسية*، ت.موريس شربل، دار منشورات عويدات، بيروت.
15. نيتشه، فريدريك (2011) *إرادة القوة (محاولة لقلب كل القيم)*، ت. محمد الناجي، دار البيضاء.

16.نودهي، مهدي و گنجعلي، عباس و شمس أبادي، حسين، (1439) `إشكالية التوفيق بين الدونية و التعويض في قوة أدونيس و شاملو الإبداعية: انطلاقا من اتجاه أدلر النفسي` *مجلة اللغة العربية و أدابها علمية محكمة*، ع1، ص163-184.

17.صاعدى، احمد رضا (1396) `بازمايى حقده حقارت در شخصيت قهرمان داستان «إمرأة عند نقطة الصفر» اثر نوال سعداوى` *نقد ادب معاصر عربى*، سال هفتم / پانزده پيايى/ 13 علمى پروهشى، ص227-245.

**ب زمانێ ئینگلیزی**

1. Alphen, Albert William Van (1969) A study of the Effects of Inferiority Feeling on the Life and Works of Franz Kafka.Ph D University and Agricultural and Mechanical College in partial fulfillment .

2. Chauhan, Laxmi Rawat, *The Representation of Dystopia and related Social Phenomena within the works of George Orwell: An Analytical Study*, Graphic Era Hill University, Dehradun, Uttara hand, India 248002 DOI:10.48047/pne.2018.55.1.33, (2018) 55(1): 248-256 ISSN: 1553-6939,P 254-255.

3. Schultz, p. Duane and Schultz, Sydney Ellen (2015) Theories of Personality, ELEVENTH EDITION, Printed in the United States of America.


## ملخص


إن شعور بالنقص تؤثر على مشاعر الإنسان و تفكيره وسلوكه، و في القصص القصيرة يصبح هذا الشعور أحيانا هو المحرک الرئيسي للشخصية وتطور الأحداث. يهدف هذا البحث إلى التعرف على المصطلحات والمفاهيم والأسباب المؤدية إلى تشكل الشعور بالنقص وتطبيقها على القصة القصيرة عند فاضل عومەر. وحسب رأي أدلر فإن الشعور بالنقص غالبا ما ينشأ منذ الطفولة، وأحيانا يبقى مع الإنسان حتى سن الرشد، وخاصة عندما يواجه صعوبات الحياة ولا يستطيع التغلب عليها. يعد هذا البحث جزءا من أطروحة دكتوراه الموسومة بـ القصة القصيرة الكردية في منطقة بهدينان بعد عام 2003 وفق نظرية ألفريد أدلر في علم النفس الفردي. يجيب هذا البحث على السؤال التالي: هل العوامل التي أدت إلى هذا الشعور في شخصية القصة القصيرة في قصة `سيابوش زيمار` هي نفسها التي حددها أدلر؟ وفي النهاية استنتجنا أن نفس العوامل، وهي الشعور بالنقص، تؤدي إلى العيوب الجسدية والإهمال وفقدان الأطفال.



الكلمات المفتاحية: الشعور بالنقص، أدلر، قصة قصيرة، الشخصية، سيابوش زيمار.

## Abstract

The sense of inferiority significantly influences an individual's emotions, cognition, and behavior. In short stories, this psychological state often serves as a primary driving force behind character development and plot progression. This study aims to examine the terminology, concepts, and underlying causes contributing to the formation of inferiority and apply them to the short story by Fadil Omar. Drawing on Alfred Adler's theory, inferiority feelings typically originate in childhood and, in some cases, persist into adulthood, particularly when individuals encounter life's challenges and struggle to overcome them. This research constitutes a segment of a doctoral dissertation titled The Kurdish Short Story in the Bahdinan Region after 2003, According to Alfred Adler's Theory of Individual Psychology. The study seeks to address the following question: Do the factors contributing to the character's inferiority complex in the short story Siyaposh Zimar align with those identified by Adler? Ultimately, the findings reveal that the same factors—namely, feelings of inferiority—stem from physical disabilities, neglect, and the loss of children.

Keywords: inferiority complex, Adler, short story, character analysis, Siyaposh Zimar.

# هەژموونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی "پیرەمێرد"دا

## بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری


**زانیار زیاد ئیبراهیم**

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕین**

zanyar.zyad@uor.edu.krd

**سافیە محەمەد ئەحمەد**

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕین**

Hamdya.mohammed@uod.ac



**پوختە:**

ڕەخنەی کولتووری وەک هەر داهێنانەکانێکی دیکە لە داهێنانەکانی دەستی مرۆڤ کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات لە سنوور و چوارچێوەی ڕەگە (سیستەمە) کولتوورییەکاندا، واتایەک بەرهەم دەهێنێت، کە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییە، پێوەستە بە واتا کولتوورییەکانەوە، زۆر ناپەرژێتە سەر لایەنی ڕووکەشی دەق و بابەتەکانی زمانی دەق و لایەنی ئیستاتیکا و ڕەوانبێژی وەلادەنێت لەبری ئەوە دەست بۆ ڕەگە کولتوورییانە دەبات، کە بوونەتە هەوێنی لەدایکبوون و هاتنەئارای دەق.

بابەتی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک هەر بابەتێکی تری کولتووری، خاوەنی هەژموون و پانتاییەکی زۆرن و لە ئاکار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بە جۆرێک تاکەکان ملکەچ کراون بە پێبەندبوون پێیانەوە، کە لادان لە بەشێک لەو دابونەریتانە لەناو هەندێک خێڵ و عەشیرەتدا هێڵی سوورە و نزیکبوونەوەیە لە لێوارەکانی مەرگ. کۆمەڵگەی کوردییش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری ڕۆژهەڵاتی، خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتە، کە بەشێک لەو دابونەریتانە ئاوێتەبوونە بەتەواوی کایەکانی ژیان، کە ئەدەب و دەقی ئەدەبییش بەدەر نین لەم کاریگەرییانە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ((هەژموونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری)) توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە باسکردن لە چەمکی ڕەخنەی کولتووری و پاشان باس لە بەشێک لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین لە چوارچێوەی هەندێک لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرد و پرەنسیپەکانی ڕەخنەی کولتووری لە چوارچێوەیاندا پراکتیزە دەکەین.



وەرگرتن: 2025/3/5

پەسەندکردن: 2025/5/13

بڵاوکردنەوە:

**کلیلەوشە:**

قەول، لادان، دەنگ، پەیڤ، ڕستە، واتا.

## پێشەکی:

ئەدەب وەک داهێنان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی ناچاری پەلهاویشتنە بۆ نێو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان و مەبەستی ئەم پەلهاویشتنەش هەڵهێنجان و دەستگەیشتنە بە هەندێک بابەت و بیرۆکەی مەعریفی و یەکێک لەو ڕەهەندانەش کولتووری نەتەوەییە کە زۆر جار هەندێک لە شاعیران بە تێرامانی ورد و هەستی شاعیرانەیان وەک سەرچاوەیەکی سوودمەند مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بەمەش دەق و تێکستە ئەدەبییەکانیان ئاوێنە و ڕووگەی هەڵڕشتنی بەشێک لەو کەلتوورە نەتەوەییە دەکەن کە پێیان ئاشنایە، ئەمەش لە نێو ڕەخنەی نوێی جیهانیدا ڕەخنەی کولتووری بەرهەم هێناوە و دواجاریش ئەم ڕەخنە کولتوورییە وەک میتۆد و بەرئەنجامی پۆستمۆدێرنیزم، بنەماکانی کاری خۆی چەسپاندووە. سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی لە دونیای ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا لەسەر دەستی (ڤینسێنت لیتش) چەکەرەی کرد، دواتریش لە ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتیدا و بە دیاریکراوییش لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا (عەبدوڵڵا موحەممەد غەزامی) دەبێتە سەرمەشقی ئەم جۆرە ڕەخنەیە کە ئامانجی کارکردنە لەسەر دەقی ئەدەبی، بەمەستی گەیشتن بەو واتا شاراوە و نادیارە کولتوورییانەی کە بوونەتە هەوێن و هۆکاری هێنانەئارای خودی ئەو دەقانە.

پێڕەوکار و لایەنگرانی پێیان وایە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت بەرهەمێکی ئەدەبی بێتە ئاراوە، بەدەر بێت لە کولتوور و کاریگەرییەکانی کولتوور، چونکە دەقی ئەدەبی لە بنەڕەتدا بەرهەمی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەش بە کولتوور تەنراوە و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕیشەیەکی دوورودرێژ و مێژوویەکی کۆنیان هەیە. ڕەگوڕیشەیان تێکەڵ بە قووڵاییی بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگە بووە و تەنانەت سنوورەکانی ئایین و پیرۆزییەکانیشی گرتووەتەوە و وەلانان و دەستبەرداربوونیان ئەستەمە. ئەدەبیش ڕووگە و ئاوێنەیەکی لەباری ڕەنگدانەوەی بەشێک لەو ڕۆشنبیرییە کولتوورییەیە و لە قۆناغە جیاجیاکانی کاروانی ئەدەبی خۆشماندا چەندان دەق و بەرهەمی بونیادنراو بە دابونەریتی کولتووری دەبینرێن.

شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێردیش بەدەر نین لەم دابونەریتانە، بەوپێیەی ئەم پەندانە سەرخانێکی کۆمەڵایەتین و مێژوویەکی کۆنیان هەیە و دەماودەم هاتوون تاوەکوو لە قاڵبی شیعردا بەمەبەستی پاراستنیان لە فەوتان کۆ کراونەتەوە. دەکرێت لێرەدا ئەوە بخرێتە بەرچاو کە پیرەمێر خاوەنی هەموو ئەم بەرهەمانە نییە، بەڵکوو کۆمەڵگە و کولتوور خاوەنی ئەم پەندانە بووە، بۆیە دەشێت بەشێک لە گوتاری پەندەکان بەدەر بن لە ئایدیۆلۆجیا و دونیابینیی پیرەمێرد، هەروەک چۆن مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە پێشەکیی ڕشتەی مرواریدا ئەوەی نەشاردووەتەوە کە کۆکردنەوەی ئەم سەرگوزشتانە بە مەبەستی پاراستنیانە لە نەمان و فەوتانیان، ئەگینا بەشێکیان زۆر سادە و ساکارن، واتە بەدەرن لە ئایدیۆلۆجیا و بیرکردنەوە و ئاستی دونیابینیی من.

### ١-ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**١،١- ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی ئەم توێژینەوەکە بریتییە لە (هەژموونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا، بەپێی بنەماکانی ڕێباری ڕەخنەی کولتووری)، مەبەستی ناونیشانەکەش هەڵێنجانی ئەو هەژموونە کولتوورییەیە کە لە داڕشتنەوەی پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا بەرجەستە بوون و بوونەتە هەوێنی داڕشتنی پەندەکان، مەبەست لێیان ڕەخنەگرتنە لە دیدی کۆمەڵگە بۆ دیاردەکان، پیرەمێردیش لەو سووژەیەوە ئەو پەندانەی لە قاڵبی شیعردا داڕشتوونەتەوە، کە مەبەست لە ناونیشانەکە هەڵهێنجانی ئەو هەژموونە کولتوورییانەیە کە لە

شیعرە پەندئامێزەکاندا بوونەتە هەوێنی داڕشتنی پەندەکان.

**١،٢- پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە، لە بەشی یەکەمدا باس لە زاراوەی ڕەخنەی کولتوور کراوە بە شێوەیەکی گشتی، بەشی دووەم، کە بەسەر پێنج تەوەردا دابەش کراوە، باس لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان کراوە، پاشان بە شێوەیەکی کردەیی لە چوارچێوەی شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا، شرۆڤەی گوتار و سیستەمە شاراوە کولتوورییەکانیان کراوە، پەیام و مەبەستی پشت دەقەکان شەنوکەو کراون، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

**١،٣- سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی (ڕێبازی ڕەخنەی کولتووری)دا دەخولێتەوە و دوای خستنەڕووی چەمکە دیارەکانی ئەم جۆرە ڕەخنە نوێیە، سیماکانی ناسینەوەی ئەم چەمکانە لەسەر هەندێک لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا جێبەجێ کراون و چۆنییەتی بە سیستەمبوونی هەندێک دابونەریتی کولتوورییان تێدا دیار خراون.

**١،٤- ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە (ڕێبازی ڕەخنەیی کولتووری) وەرگیراوە، وەک میتۆدێکی وەسفی، هەوڵ دراوە چەمکەکان بناسێندرێت، پاشان بە شێوەی کردەیی بەبێ بڕیاردان، سیستەمە کولتوورییەکانی پشت هەندێک لە شیعرە پەندئامێزەکان دیاری کراون.

**١،٥-پرسیار و ئامانجی توێژینەوەکە:** چەند پرسێک لەبارەی ڕەخنەی کولتووری و سیستەمە کولتوورییەکان (نسق) بوونیان هەیە، ئامانجی جەوهەریی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە تێگەیشتن لە مانای ڕەخنەی کولتووری و چۆنیەتیی پراکتیزەکردنی، هەروەها زانین لە بارەی چییەتیی سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی پشت شیعرە پەندئامێزەکان، دەستنیشانکردنی دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و پەیام و مەبەستە شاراوەکانیان. هەر یەکێک لەم پرسانە، بەشێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن.

## ٢. بەشی یەکەم چەمکی ڕەخنەی کولتووری:

زاراوەناسیی ئەدەبی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا، دەروازەیەکی لەبارە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هەمان زاراوەی کە توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لە بارەوە بە ئەنجام بگەیەنێت. بۆ ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکی کولتووری، پێویستە سەرەتا ناساندن بۆ خودی زاراوەکە بکەین، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگەکان لە زمانە جیاوازەکاندا؛ بۆ نموونە، لەبارەی زاراوەی ڕەخنەی کولتووری لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی (Cultural Criticism)ی بۆ بەکار هاتووە (الشرماني ٢٠١٩، ١٤). لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (النقد الثقافي) (الخليل ٢٠٢٢، ٧)، لە بەرانبەردا بەکار هاتووە. لە زمانی فارسیدا زاراوەی (نقدی فرهنگی) (وند ١٣٩٨، ٣٠) و هەروەها لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری)، (بەرزنجی، ٢٠٢٤، ٢١٢)، و (ڕەخنەی کولتووری) (مستەفا ٢٠٢٣، ٥) بۆ بەکار هاتووە. لە هەریەکە لە کتێبەکانی، (کلیلدان، ٢١٢، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ٣٠١، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠)دا ئەم چەمکە بە (ڕەخنەی ڕۆشنبیری) ناسێندراوە، ئەگەرچی لە ناو توێژینەوەنەوە ئەکادیمییەکاندا، زاراوەی (ڕەخنەی کولتووری) زیاتر ڕۆشتووە و ئاستی بەکارهێنانی زیاترە، بەو پێیەی زاراوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە (لیتش) زاراوەی (Cultural Criticism)ی بەکار هێناوە بەڵام زاراوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونی بە ڕەخنەگرە عەرەبەکان، لای ئەوان بەتایبەت سەرمەشقی ڕەخنەی کولتووری لە ئەدەبی

عەرەبیدا کە (عبدالله محمد الغدامی)ە، زاراوەی (النقد الثقافي) بەکار هێناوە.

سەرەتای باسکردنی چەمکی ڕەخنەی کولتووری، بۆ "لیڤی شتراوس" دەگەڕێتەوە؛ ئەو یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی خستە نێو بواری لێکۆڵینەوە و شەنوکەوی کولتووری بە بایەخەوە کردووە، لە بواری زمانەوانیشدا (فێردیناند دی سۆسێر)، یەکەم کەس بوو لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا چەمکی سیستەمی بەکار هێناوە. پێی وایە، کە ((زمان سیستەمێکە لە نیشانەکان کە گوزارشت لە سیستەمەکان دەکات )) (صبکان، ۲۰۱۵: ۱۷۹۸ ). شتراوس باسی لە بابەتی کولتوور و ئەدەب کردووە، پێوەندی نێوانیانی بە گرنگەوە شەنوکەو کردووە، کولتوور و ئەدەبیش وەک سەرخان لە بنیادی هێزی ڕۆڵیان هەیە. سوسێر بەهۆی بێزاری و پەستی لە بابەتی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لە بارەی زمان بابەتی لێکۆڵینەوەی وەسفی داهێنا، کە خۆی دەبینییەوە لە لێکۆڵینەوە لە ئیستای زمان و سیستەمە زمانییەکان.

(ڤینست لیتش)، وەک سەرمەشقی ڕەخنەی کولتووری لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا لە بارەی ڕەخنەی کولتوورییەوە دەڵێت: ((جۆرە ڕەخنەیەکە، کە بونیادگەری و پاش بونیادگەری، نوێگەری و پاش نوێ گەری تێ دەپەڕێنێت بەرەو ڕەخنەیەک کە سۆسیۆلۆجیا و مێژوو و سیاسەت و کاری دامەزراوەیی بەکار دێنێت بە بێ ئەوەی دەستبەرداری میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ببێت)) (ج. خەلیل ۲۰۲۳، ۲۱۳)، لەلایەکی تر (ئارثەر ئیزا برجر) بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی کولتووری دەکات و دەڵێت: ((ئەم ڕەخنەیە بە یەک شێوە لە چەندان بواری کولتووری دەکۆڵێتەوە، بەڵام بە تەواوەتی کردە هزرییەکان، بوارەکانی شوێنەوارناسی، تیۆری دەروونناسی، تیۆری مارکسی، کۆمەڵایەتی و ئەنرتۆپۆلۆجیا ڕووندەکاتەوە لە نێو دەقی ئەدەبیدا)) (ایزابرجر ۲۰۰۳، ۳۰)، ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە تیۆرە نوێییەکانی دونیای پۆستمۆدێرنیزم و میتۆدێکی کۆکەرەوەیە، کە توێکاری دەق دەکات لە هەموو لایەنەکانی و تەنیا بایەخ بە دەق نادات وەک فۆڕم یان ناوەرۆک یانیش فۆڕم و ناوەرۆک، بەڵکوو جوگرافیا و کات و ساتی سەرهەڵدانی دەق و لایەنی دەروونی دەقنووس و مێژووەکەیی و پاڵنەرەکانی پشت نووسینی دەقیش بە هەند وەردەگرێت؛ بۆیە لە ڕێگەیەوە واتا لە دەرەوەی دەق بەدەست دەهێنێت و ئەو ڕایەڵە ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵناسییانەی دەردەخات، کە هۆکاری پشت بەرهەم هاتنی دەقن، چوارچێوەی دەق تێدەپەڕێنێت و دەپەڕێتەوە دیوی دەرەوە بەرەو نووسەر و ژینگە و سەرچاوە و هۆکارەکانی هاتنەکایەی دەق هەنگاو دەنێت. ڕەخنەی کولتووری وەک پەرچەکردارێک بۆ بەگژداچوونەوەی پێداهەڵدان و ملکەچ بوونی ڕەخنە بۆ ئەدەب و سوڕانەوەی ڕەخنەگرەکان بە دەوری دەق و جوانکاری و فۆڕم و ڕووخسار هاتە کایەوە. لەو ڕوانگەیەوە (ڕەخنەی کولتووری بریتییە لە ڕەخنەی سیستەمی کولتووری، کار دەکات لە بارەی گوتاری کولتووری بەگشتی، گوتاری کولتووری ئەدەبی تایبەتی، ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە شەستەکاندا لە ڕۆژئاوا گەشەی کردووە، کە بە لێکۆڵینەوەی کولتووری دەستی پێکرد(Cultural Studies)، کە تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەکات لە چوارچێوەی کولتووریدا بەمەبەستی تێگەیشتن لە سەرجەم ڕەهەند و فاکتەرە کولتوورییەکانی دەقی ئەدەبی.) (الشرماني ۲۰۱۹، ۱۲)، ڕەخنەی کولتووری ڕەخنەیەکی مەبەستدارە و کارێکی ئامانجدار ئەنجام دەدات، ئەویش گەڕان و پشکنینە بۆ سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی پشت دەقی ئەدەبی، دیارە هەموو دەقێک کە بەرهەم دێت، چەندان فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لە بەرهەمهاتنیدا ڕۆڵ دەگێڕن،

کولتووریش وەک فاکتەرێکی کارا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەو نێوەندەدا.

((ڕەخنەی کولتووری، بریتییە لە جۆرێکی ڕەخنە لە بەها و باوەڕ و پرەنسیپە باو و باڵادەستەکانی کۆمەڵ یان تاکەکەس لە کاتی جیاکردنەوەی باش لە خراپ، جوانی لە ناشرینی، کامڵبوون لە کەموکورتی، جا چ ماددی بن یان مەعنەوی، بە بۆچوونی (ئاسابەرگر) ڕەخنەی کولتووری جۆرە چالاکییەکە، کە بەبواری زانستی تایبەت دانانرێت. بە گوزارشتێکی تر، ڕەخنەگرانی کولتووری چەمک و بیردۆزەکانیان بەشێوەی جیاواز دەخەنەڕوو، کە پێوەست نییە بە چوارچێوەیەکی تیۆری.)) (ابوالقاسمی ١٣٩١، ١٧٥). ڕەخنەی کولتووری بایەخ دەدات بە دید و ئامانج و بەها و ڕەمزە کولتوورییەکان و دەرهاویشتە دەرەکییەکان کە بابەتگەلێکی وەک ئەندێشە و باوەڕ و ماف و یاسا و زمان و هونەر و ئەدەبیات و ئابوری و سیاسەت و پەروەردە و فێرکردن و تەکنەلۆژیا و خێزان و بابەتی تر دەگرێتەوە.

قسەکردن لەسەر ڕەخنەی کولتووری بەبێ شارەزاییەکی باش لە هەموو ڕەهەندەکانی کولتوورییەکان بەدی نایەت، دەبێت تەواوی لایەنەکانی کولتوور و فەرهەنگ بناسین کە خۆی لە جیهانبینی، بەهاکان، ئامانجەکان، ڕەفتار و دەرکەوتە و سومبولە دەرەکییەکاندا دەبینێتەوە.((لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی کولتووری (فەرهەنگی) بریتییە لە لێکدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک و ئەدەبیات و کولتووری گشتیی کۆمەڵگەیە. ڕەخنەی ئەدەبی و توێژینەوەی کولتووری لە باشترین شێوەیدا کاتێک بەدی دێت، کە سەرووزمانی بێت (واتا زمانی ئیستاتیکا و خوازەیی) تێ بپەڕێنێت و نابێت دێڕەکان تەنیا بە واتای فۆڕمی لێک دبدرێنەوە، بەڵکوو دەبێت لە واتایەکی باڵا و فرەوانی کۆمەڵایەتیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.)) (کلاشی ١٣٩٨، ٣٧٨)، ڕەخنەی کولتووری، تەنیا بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە چەند بنەما و ئاڕاستەیەک بەدی نایەت، بەڵکوو پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی کولتوور و تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە بنەما کولتوورییەکانی ژینگەی هەر دەقێک، بۆ ئەوەی بە تەواوی بتوانێت شیکردنەوەیەکی بنکۆڵکاریانە بکات و لە بابەتی ڕووکەشی خۆی ڕزگار بکات. ئەم جۆرە ڕەخنەیە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەق، گوتاری ئەدەبی و هونەری جوانکاری شی بکاتەوە، لە ژێر ڕۆشناییی کولتوور، سیاسەت، کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و ئاکاردا، ڕەخنەی کولتووری دەتوانێت دەقی ئەدەبی بخاتە ژێر ڕکێفی شیکردنەوەکانی خۆیەوە، هەروەها لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکات لەو لایەنانەی، کە دەبنە هۆکاری لە دایک بوونی دەق، واتا ئەو سیستەمە شاراوانەی، کە بوونەتە هۆی پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکە، لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت گوتارێکی یەکگرتووی ڕەخنەیی بنیادبنێت، کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەقی ئەدەبی دەخاتە بەر باس و لە ژێر گوتارێکی یەکگرتوو دەیانخاتەڕوو، جگە لەمە ڕەخنەی کولتووری خۆی دەخزێنێتە نێو ئەدەبی میللی و حیکایەتیشەوە بایەخ بە دەقە سادە و پەراوێز خراوەکانیش دەدات.

## ٣ . بەشی دووەم/هەندێك لە دابونەریتە کولتوورییەکان لە شیعرە پەندئامێزەکانی"پیرەمێرد"دا

### ٣،١. تەوەری یەکەم/دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان:

دەکرێت دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان وەک بنەما و هەوێنی کۆمەڵگەکان سەیر بکرێن، بەوپێیەی لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەک و دەستە و گرووپێکدا کۆمەڵێک دابونەریت و دیاردە وردە وردە سەر هەڵدەدەن و دواتر دەبن بە بەشێک لە بنەما و دەستووری ئەو کۆمەڵگە و گرووپانە، ڕەنگرێژیی بەشێکی زۆری کردە کۆمەڵایەتییەکانن، تێکەڵ بە ژیان و ئایدیۆلۆجیا و ئایینیش دەبن، ئەم

دابونەریتانەش هێز و توانایەکی یەکجار زۆرییان هەیە، ئەوەتا لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکاندا بە ڕوونی ئەوە بەدی دەکرێت.

((دابونەریت دوو چەمکی گرنگی کۆمەڵناسی و کولتوورناسین، ئەو دوو چەمکە لە سەرەتای کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە هەن، بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جێگۆڕکێ لە کولتوورەکاندا، ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردادێت و لەوانەیە هەندێکیان زەمەنیان نەمێنێت و لەناو دەچن. لە هەر قۆناغێکدا دابونەریتی گونجاو دێتە کایەوە. دابونەریتەکان بە ئاسانی دروست نابن و بە خێراییش لەناو ناچن.)) (س. قادر ٢٠٢١، ٨٦) دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان زادە و بەرهەمی کۆمەڵگەکان و مرۆڤایەتین، بەپێی پێویستی، خواست، کار و بارەکانی مرۆڤەکان لەدایک دەبن و گەشە دەکەن وەک بەشێک لە دەستوور و بەرنامەی ژیان و گوزەرانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک.

دابونەریتەکان ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە، لەبەر ئەوە ڕەفتارمان لەگەڵ هەندێ دیاردەی ژیانی ڕۆژانەمان وابەستەیە بە کولتوور و دابونەریتە چەسپاوەکانی کۆمەڵگەوە؛ بۆ نموونە، هەستان بۆ نیشاندانی ڕێزگرتن لە کەسانی گەورەتر لە تەمەنی خۆمان، ڕیشەیەکی کولتووری یان دابونەریتی هەیە؛ ئەم ڕەفتارە لە کولتووری وڵاتێکی ئەورووپی و ڕۆژئاواییدا سیمایەکی ئاوەژووکراو و پێچەوانەی وەرگرتووە و هەستان لە بەرانبەر کەسانی لەخۆ گەورەتر وەک ڕێزگرتنێکی کولتووری سەیر ناکرێت، تەنانەت پۆشینی بەرگ و چێژوەرگرتن و هەڵچوون و قێزکردنەوەشمان تا ئەندازەیەکی زۆر، وابەستەیە بەو کولتوور و دابونەریتەی پێی پەروەردە کراوین.

((لە نێو هەموو گرووپ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تێپەڕبوونی کات لە ئەنجامی کۆمەڵێک کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی هەندێک هۆکاری وەک چاولێکەر و پێویستیدا، جۆرێک لە دابونەریت دروست دەبن و داوجار ئەو دابونەریتانە دەبن بە بەشێک لە کولتووری ئەو کۆمەڵگانە، هێز و توانای مەعنەوی وەردەگرن و پارێزگاری لێکردونیان وەک نیشانەیەک بۆ هاوبەندیی کۆمەڵایەتی دەبیندرێت، بەشێکیش لەو نەریتانە پشت بە بنەمای ئایینی دەبەستن.)) (رسول ٢٠٢٤، ٤٣)، ئەوە ڕوونە هەموو کۆمەڵ و تاقمێک کۆمەڵێک کولتوور و دابونەریتی هاوبەشیان هەیە و بەشێکی زۆری تاکەکانیش پێبەندن پێیانەوە و هەندێکیشیان بە ڕژدی پارێزگارییان لێ دەکەن و پێیان وایە ئەو دابونەریتانە هۆکارێکی باشن بۆ پێکەوەژیان و ڕەنگرێژکردنی ڕێساکانی هەر کۆمەڵگەیەک پێویستی بە دەستوور و بنەمای جێگیر هەیە، جا ئەو دەستوورە زۆر جار لە دابونەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرن و بەشێکیش لە دابونەریتەکان پێوەست کراون بە ئایین و بیروباوەڕی کۆمەڵگەکانەوە.

کۆمەڵگەی کوردەوارییش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر، بەدەر نییە لەم دابونەریت و کولتوورە کۆمەڵایەتییانە، لەم بارەیەوە توێژەرێک دەڵێت:(لە کۆمەڵگەی کوردیدا دابونەریت و ڕێوڕەسمە ئایینی و نەتەوەییەکاندا، کاریگەریی زۆریان لە سەر زەینی تاکی کوردی داناوە، بەجۆرێک پێبەندی ڕێوڕەسمەکان دەبن کە ئەم ڕێوڕەسمانە بوونەتە بەشێک لە دابونەریت؛ بۆ نموونە، تاک زیاتر ڕەمزە کولتوورییەکان لە بۆنە نەتەوەییەکانی وەک یادەکانی نەورۆز و یادە نەتەوەییەکاندا دەبینێتەوە. لە ڕووی ئایینیشەوە، بۆ نموونە کاتێک یەکێک بە ڕۆژوو نابێت، ڕێز لە ڕەمەزان دەگرێت و دەیشارێتەوە، چونکە شکاندنی نەریتە ئایینییەکان، کاریگەریی نەرێیی لێ دەکەوێتەوە.) (ج. قادر ٢٠١٥، ٤٢)، دیارە تاکی کوردیش وەک هەر تاکێکی تر، پێبەندبوون بە دابونەریت و کولتووری بەلاوە کارێکی پەسەندە، لە

کۆمەڵگەی کوردەواریدا زیاتر دابونەریتە ئایینی و نەتەوەییەکان و کۆمەڵایەتییەکان ئامادەییان هەیە، بێ گومان لادان لەو دابونەریتانە، کاریگەریی نەرێیی خراپی هەیە و زۆر جار پێگە و ڕۆڵی تاکەکانی پێ دیاری دەکرێت، بۆ نموونە کەسێک لە مانگی ڕەمەزاندا بە ئاشکرا و لە بەرچاوی خەڵکیدا خواردن و خواردنەوە بخوات، لە دیدی کۆمەڵگەدا بە چاوێکی تر سەیر دەکرێت و بە یاساشکێن وێنا دەکرێت، ئەمە ڕەنگە بۆ کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵمان گونجاو بێت، بەڵام هەمان کردە لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییدا، زۆر ئاساییە، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی کولتوور و پێبەندبوونە ئایینییەکانەوە.

لەو گۆشەنیگایەوە ڕەخنەی کولتووری بەگژ بەشێک لەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەدا دەچێتەوە و سنوورێکیان بۆ دادەنێت.

((نەریت (عادەت و ئاداب و ڕسووم، ڕێوڕەسم) کەرەستەیەکی دیکەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، نەریت ڕەفتاری تاکەکەسییە لەناو کۆمەڵگەدا، بەپێی باوەڕ و داب و پێویستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لە سیستەمی پەروەردەی تاک و خێزان لەسەری ڕادەهێندرێن، لە کاتی پێویستدا بە شێوەیەکی یەکسەری، تاک پێڕەوی لێ دەکات. بارودۆخی جوگرافی و هەڕەشەی ڕووداوی سروشتی، دەستیان لە کەم و زیادکردنی نەریتەکاندا هەیە، بەشێکی زۆری نەریتەکانیش وەک پێویستی بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی بە شێوەی جیا جیا لە هەموو کۆمەڵگەکاندا دووبارە دەبنەوە.)) (بایەزیدی ٢٠١٥، ٢٣) هەموو ئەو دابونەریتە باوانەی کۆمەڵگەکان ڕیشەیەکی قووڵ و دێرینیان هەیە، دەشێت دەستپێکی لە دایکبوونیان بۆ دەستپێکی دروستبوونی کۆمەڵگەکان بگێڕدرێتەوە، هەر ناوچەیە و تاقم و گرووپێک، بۆ درێژەدان بە ژیانی جڤاکی، کۆمەڵێک دەستووری لە قاڵبی دابونەریتدا بەسەر تاکەکانیدا سەپاندوون، کە وەک پێویستی و بەشێک لە بنەمای مانەوەی ژیانی جڤاکییان سەیر کراون، بۆیەش هیچ کەسێک زاتی سەرپێچیکردنی ئەو دابونەریتانەی نەبووە.

میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتانی دونیا خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی جیاواز و تا ڕادەیەکیش سەیروسەمەرەیە؛ بەشێکی زۆری تاکەکانیش باوەڕێکی زۆریان بەو دابونەریتانە هەبووە و پێڕەوییان لێ کردووەن.

لە کتێبی (عادات و ڕسووماتنامەی اکرادیە)ی (ملا محمودی بایەزیدی)دا، کە بۆیەکەم جار (ڕۆدینکۆ) بە زمانی ڕوسی چاپی کردووە، پاشان (پ. د. شوکریە ڕەسووڵ) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کۆمەڵێک بیروباوەڕی ڕەگئاژۆی دابونەریت و عاداتی میللەتی کورد باس کراون؛ بۆ نموونە:

((- ئەگەر پشیلەیەک دەم و چاوی خۆی بشوات، ئەوا دەڵێن میوانمان دێت.

- ئەگەر پەپوولە لە ڕۆژدا بەدەوری چرادا بسوورێتەوە، ئەوا نیشانەی وەرگرتنی نامەیە لە دوورەوە.

- ئەگەر پێڵاو سەر یەک بکەون، ئەوا سەفەریان دەکەوێتە ڕێ.

-ئەگەر برژانگی چاوی ڕاستی فڕی، نیشانەی مزگێنیی خۆشە. ئەگەر برژانگی چاوی چەپی فڕی، نیشانەی ڕووداوی دڵتەنگییە.

- ئەگەر پەلکەزێڕینە لە ئاسمان پەیدا بوو، ئەوا لەو جێگەیەدا هەرزانی دەبێت.

- ئەگەر کچێک شوو بکات و مارە نەبڕابێت و دەستگیرانەکەی بمرێت، ئەوا دەڵێن ئەو کچە سەرەخۆرەیە، زۆربەی کەس ئەو کچە ناخوازێت، دەڵێن سەربەگۆبەندە، بە تایبەتی ئەگەر دووبارە

ببێتەوە، بەڵام ئەگەر کچەکە بمرێت و دەستگیرانەکەی بمێنێتەوە، بە شووم دادەندرێت ئەگەر دەجاریش بێت.)) (بایەزیدی ٢٠١٥، ٤٥، ٤٦)، چەندان دابونەریتی جیا جیا لە نێوان میللەتی کورددا ئامادەییان هەبووە، بەشێکیشیان تاوەکوو ئەمڕۆش لە هەندێک ناوچە پێڕەوییان لێ دەکرێت و خەڵکەکەی باوەڕێکی بەهێزیان پێیان هەیە.

((دابونەریت بریتییە لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن، ئەمەش بە درێژاییی مێژوو لە ئەنجامی چەندان هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، خەڵکی کوردستان خاوەنی دابونەریتی تایبەت بە خۆیانن و زۆر بە توندی پێیانەوە پێبەند بوونە و جێگەی سەرنجی گەڕیدەکان بوونە، وەک ئازایەتی لە شەڕ و جەنگدا و پاراستنی بەڵێن و ڕێزگرتن لە میوان.)) (سالح ٢٠٢٣، ٣٦٦)، لە بەشێکی زۆری سەرچاوەکان باس لە پێبەندیی کوردەکان دەکرێت بە دابونەریتەکانیانەوە، بەشێک لە لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش سەرسامیی خۆیان بە بەشێک لە کولتوور و دابونەریتەکانی میللەتی کورد پیشان داوە، بە تایبەت بابەتی پاراستنی ئەمانەت و میواندۆستی و خاوەنبەڵێنی.

پیرەمێردیش وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردەواری، کاریگەر بووە بە کۆمەڵێک دابونەریتی کۆمەڵگەکەی، ئەگەرچی پیرەمێرد خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی مەزنی خێزانی و کەسێتی بووە، بەڵام نەیتوانیوە سنووری دابونەریتەکان تێک بشکێنێت و پێڕەوییان لێ نەکات، ڕەنگدانەوەی ئەو دابونەریتانە لە شیعرە پەندئامێزەکانیدا گەواهیی ئەم ڕاستییە دەدەن. لە دەقێکدا دەڵێت:

**٣.٢. تەوەری دووەم/ دابونەریتی جێنشینی وەک نەژادبوون:** ئەکێک لەو دیاردانەی لە کولتووری کوردەواریدا لە هزری تاکدا چەسپاوە، ئەوەیە کە گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە و ئەمەش ئەو تێڕوانینەی جێگیر کردووە کە کورد بۆ مەسەلەی ڕەسەنێتی و چوونەوە سەر ڕەگ و ڕیشە بڵێ کوڕی باوکی خۆیەتی لە هەردوو باری تێڕوانین بە باش و خراپ بەکار بهێنرێت. یان وەک زۆر جار لە بیروباوەڕی کوردەواریدا ئەوە بەر گوێمان کەوتووە کە دەڵێن: (دایک ببینە و دۆتە بخوازە)، هەرچەندە ئەم بیروباوەڕە کولتووری و نەریتییەی لەو پەندەدا دەردەکەوێت واتایەکی نەرێیی وەرگرتووە، لە کاتێکدا ئەو پەندە بەکار دەهێنرێت و گۆ دەکرێت ئەگەر ناڕازیبوون بۆ ڕەفتاری کچێکی تازەخوازراو هەبێت، بەڵام لە ڕەخنەی کولتووریدا ئەو جۆرە بڕیارانە لێکدانەوەیەکی هەڵەی بۆ دەکرێت، چونکە لە بەرانبەردا لە بیروباوەڕی کوردەواریدا ئەوەش هاتووە کە دەگوترێت (لە وەلیان فاسق و لە فاسقانیش وەلی) کە ئەگەر ئەم پەندە پەندەکەی پێشووتریش ڕەت نەکاتەوە، بەڵام جۆرێک پێچەوانەکردنەوەی پەندی پێشووی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی کۆمەڵگە ئایدیۆلۆجیاییەکاندا، باوک و منداڵ زۆر لە یەکتر جیاوازن و مەرج نییە کوڕ لەسەر هەمان ڕێچکە و بیروباوەڕی باوکی بڕوات؛ بۆ نموونە، (مامۆستا مەسعوود محەمەد) لە کتێبی (گەشتی ژیانم)دا دەڵێت: ((باوکم هەمیشە دەیگوت: شێخ دەمرێت کوڕەکەی یەکسەر دەبێت بەشێخ و لە جێی دادەنیشێت، ئاغا دەمرێت و کوڕەکەی دەرلەحزە دەبێتە ئاغا و جێی دەگرێتەوە، توجاڕ دەمرێت و کوڕەکەی دەبێتەوە بە توجاڕ، ئەمما کوڕە مەلا ئەگەر بیست ساڵان چاوی خۆی بەخوێندن و (ئاڵی دەڵێ بابە) کوێر نەکردبێ، گسکدەری کۆڵانیشی تێ نابێت. ئەم قسەیە بۆ یەکێکی وەکوو من کە لە پاش مەلای گەورەی کۆیە بەجێما دە جار بەڕاست دەگەڕا، هەر من دەزانم میراتگری پیاوێکی وەها مەزن چ بەتاڵاییەکی بە دەوری میراتگردا دەهێڵێتەوە وەکوو منداڵێکی **(حەوت)** ساڵ جلێکی کەسێکی **(بیست و پێنج)** ساڵی بکاتە بەری))

(محەمەد ٢٠١٦، ٣٧٩). ئەم بۆچوونەی مامۆستای گەورەی کۆیە وەک جۆرێک لە پێبەندبوون بە دابونەریتی دانانی جێنشینی تیادا بەدی دەکرێت، بەشێکی زۆری باوان حەز دەکەن کەسایەتیی خۆیان لە منداڵەکانیاندا بچێنن و نەوە دوای نەوە پێڕەوی لە ناو ناوبانگ و پیشەکانیان بکەن.

لەم بارەیەوە پیرەمێرد لە دەقێکدا دەڵێت:

**ئەڵێن گیا لەسەر پنجی خۆی ئەڕوێ**

**وەجاخزادە بۆ چ خەڵک لێی ئەدوێ**

**بۆ چ مریشکی ڕەش هێلکەی سپییە**

**بۆ چ پەین فەیز و هێزی زەوییە؟**

**کە خودا دای هیچ کەس ناڵی کوڕی کێی**

**دەستەڵاتداری هەرخۆت گەورەی دێی (کریم،ب١: ٢٠١٩، ٦٦)**

لەم چەند دێڕەدا کە پیرەمێرد لە شێوەی شیعردا دایڕشتوونەتەوە، هەست بەوە دەکرێت هەژموونی هەندێک بیروباوەڕی کۆنی کۆمەڵگە کە سەرچاوەکەیان لە دابونەریتە کولتوورییەکانەوە هەڵقووڵاوە، جۆرێک لە باوەڕی جێگیری لە هزری تاک و کۆمەڵدا دروست کردووە، کە چۆن گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە، ئاواش دەبێت منداڵی نەجیبزادە لەسەر ڕێگە و ڕێچەی باوانی بێت.

سەرباری ئەمەش، سیستەمی شاراوەی پشت ئەم دەقە، پەیامی ئەوە بە ئێمە دەدات، ئەگەر باوکی ئێمە کرێکار بووبێت، دەبێت ئێمەش هەر کرێکار بین و لەسەر ڕێبازی باوکمان بڕۆین، خۆ ئەگەر کەسێکیش وەچەی ئاغا بێت، بەبێ بوونی هیچ قابیلییەتێک دەبێت ئاغایەتیی ئەویشمان قەبووڵ بێت و هەر لە منداڵییەوە دەبێت دەستی بۆ بە سینەوە بگرین.

ئەم تێڕوانینە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، دەکرێت بۆ ئەم بابەتە بگەڕێینەوە سەر کۆمارەکەی ئەفلاتوون، چونکە ئەو پێی وا بووە، دەبێت کوڕی پاشا هەر پاشا بێت و کوڕی وەزیر وەزیر بێت و کوڕی جووتیاریش هەر جووتیار بێت، ئەمەش چینایەتی لە کۆمەڵگەکاندا دەهێڵێتەوە، سەرباری ئەوەش کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوو و خێڵەکی بینا دەکات. ئەوە دەخاتە بیری تاکەکانەوە کە هیچ هەوڵی نوێگەری و گۆڕانکاری نەدەن لە بارەی گۆڕانکاری لە ناوبانگ و پێگەی خێزانیاندا.

پیرەمێرد لە دێڕی کۆتاییی ئەم پەندە داڕێژراوانەی خۆیدا ئاماژە بەو پەندە دەکات کە دەڵێت (ئەگەر خودا دای کەس ناڵێت کوڕی کێیت)، کە ئەمەش نیشانە ئاماژەیەکی ئەو بیروباوەڕە کولتوورییەی هەڵگرتووە، کە بەهاداری تاک لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەستراوەتەوە بە سەرەوت و سامانەوە و تاکی خاوەن سەروەت و سامان لە لایەن خەڵک و دەوروبەرییەوە ڕێزێکی لە ئەندازە بەدەری لێدەگیرێت بێ ئەوەی بزانرێت کە ئەو کەسە کوڕی کێیە و گرنگی بەوە نادرێت ڕەفتار و گوفتاری باوکی ئەو کەسە چۆن بووە؟

**٣,٣. تەوەری دووەم/ دابونەریتی بەشەڕدانی ئاژەڵان:** بەشێک لە دابونەریتەکان، ڕۆڵێکی نەرێیی دەگێڕن لە زۆربەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، لەوانەش دیاردەی یەکلاییکردنەوەی هەموو بابەتەکان لە ڕێگەی هێز و شەڕ و پیشاندانی باڵادەستیی خۆیان لە بەرانبەر کەسانی بێدەستەڵاتدا، ئینجا ئەم دیاردەیە زۆر جار لە مرۆڤەکانیش تێپەڕی کردووە، ئاژەڵیان کردووە بە داردەستی خۆیان بۆ شکاندنی یەکتری و چێژوەرگرتن، دیارە ئەم دیاردەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە پەیوەست بووە بە دونیابینی و ئاستی تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ، تاوەکوو ئەمڕۆش لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دیاردەکانی (شەڕەمنداڵ و

شەڕەکەڵەشێر و شەڕەکەو و شەڕەسەگ ...هتد) بەرچاو دەکەوێت، لە کۆمەڵگەی کوردەواریی کۆندا تاوەکوو کۆتاییی ساڵانی نەوەدەکانیش، ئەم جۆرە دیاردە قێزەونانە وەک کەرنەڤاڵ و پێشبڕکێیەکی پڕ بینەر ئامادەبوونێکی زۆریان هەبووە، خەڵکانێکی زۆریش بۆ چێژبینی ئەو دیاردانە بێ بیرکردنەوە لە لێکەوتە ئایینی و مرۆڤایەتییەکانی ئەو دابونەریتانە ئامادە بوون. لەبارەی بەشەڕدانی ئاژەڵان لەم دەقەدا شاعیر دەڵێت:

**جاران ئیتالیا شەڕەگای ئەکرد**

**وتیان خراپە پێیان لەناو برد**

**ئێمە بەران و کەو کەڵەشێر**

**تێک بەرئەدەین و سەگ دەکەین بە شێر**

**هەموو دەرسی شەڕ ئاخرشەڕییە**

**بۆیە هەڵکردمان کوێرەوەرییە (کریم،ب١: ٢٠١٩، ٩٠،٩١)**

پیرەمێرد لە ڕێگەی ئەو پەندەوە پێناسەی ئەوکاتەی کۆمەڵگەی کوردیمان بۆ دەکات و ددان بەو دابونەریتانەدا دەنێت، کە ئەوکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا باو بوون. گوتاری پشت ئەو دەقە بریتییە لە دەستهەڵگرتن لەم دابونەریتە ناشیرینانە، چونکە شەڕ هیچ سوود و دەستکەوتێکی نییە ئینجا ئەو شەڕە چ مرۆڤەکان بیکەن یانیش ئاژەڵانێکی بێ زمان ببن بە کەرەستە و سوتەمەنی ئەو دابونەریتانە ئەوە کۆتایی و سەرەنجامیان هەر خراپە و تاوانە؛ بۆیە دەستهەڵگرتن و دوورکەوتنەوە لێیان کارێکی پێویستە. ڕەخنەی کولتووریش وەک تێرمیکی نوێ تێگەیشتن لە دەقە ئەدەبییەکان و هەڵهێنجانی مانای شاراوەی پشتی بونیاتی هونەری دەقەکان دوور لەو واتا ڕووکەشییانەی کە بە رووکاری دەقەکانەوە دیارن دەیەویت راڤەیەکی نوێ لە بیری خوینەردا بچەسپینی بۆ نموونە پیرەمیرد لەو سێ دێرە شیعرەدا ئامانجی ئەوەیە کە ئەو پەندە کوردییە بەجۆرێکی دیکە بە بیر تاکی کورد بهێنێتەوە کە دەڵێ، شەڕ هیچی لێ شین نابێ، یان ئەنجامی شەر هەر کوێرەوەرییە، بەڵام بۆ ئەوەی سیاقێکی نەزمی بداتە ئەو پەندە هاتووە لە سەرەتادا ئاماژەی بە دیاردەی شەڕە گا کردووە کە لە وڵاتیکی وەک ئیتالیا میژوویەکی کۆنی هەیە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئینجا لەوێوە ئاماژەی بە دیاردەی شەڕە کەڵەشیر و شەرە کەو و شەڕە بەران  شەڕە سەگ کردووە بۆ ئەوەی ئەو دیوە شاراوەی بیرکردنەوەی هەندێک لەو تاکانەی کورد بە دیار بخات کە چێژ لەو جۆرە شەڕو پێکداهەڵپژانە دەبینن بۆ ئەوەی ئەوەیان بە گویدا بچرپێنی کە دەرس و وانەی شەڕ هەرچی بێت لە کوێرەوەری بەولاوە هیچ بەرهەم ناهینیت.

کتێبی عادات و ڕسووماتنامەی اکراد، باسی لە یەکێک لە خاسییەتەکانی میللەتی کوردی کردووە و دەڵێت: ((کوردەکان ئازاو شەڕکەرن، هەروەها بەشداری کوردە کۆچەرییەکانیش پیشاندەدەت، کە ئەوەنیش هەمیشە لە مەیدانی شەڕدا هەڵنەهاتوون هەتا ئەگەر لەگەڵ دەیان شەڕکەریش بووبن، جەنگاون، بانگی ژنە کۆچەرییە کوردەکانیشیان کردووە کە بە بەخۆبەختکردن  و باوەڕپێکراو ناسراون.)) (بایەزیدی ٢٠١٥، ٢٠، ٢١)، ئەم باسکردنە لە کولتوور و دابونەریتی کورد  دوو ئاڕاستە پیشاندەدات، ئاڕاستەیەکیان ئازایەتی غیرەت و مەردایەتی تاکی کوردە بە پیاو ژنەوە، ئاڕاستەیەکی تریش ئاڕاستەیەکی سلبییە، کە میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو بۆ یەکلایی کردنەوەی تەواوی گیرو گرفتەکان پەنای بردۆتە بەر شەڕ و خوێن ڕشتن، ئینجا ئەوەتا ئەو شەڕ و ئاشوبە بەسەر ئاژەڵانیشدا چەسپێندراوە.

**هەر لە بارەی دابونەریتی شەڕەمنداڵ و شەرە گەڕەک لە دەقێکی تردا دەڵێت:**

**هەندێ عادەتی کۆنی ئێرە بوو**

**کە بەخۆڕایی، خەڵک تێک بەر ئەبوو**

**جارێ لە پێشدا بە شەڕە گەڕەک**

**دەستیان لە یەکتر ئەدایە کوتەک**

**شوێنیان جوێ بوایە زاواو خەزوری**

**نە دەکرا بەلای ماڵیان ڕابووری**

**هەموو ئێواران لەو قەراغ شارە**

**ئەتبینی تێکڕا وا شەڕە دارە**

**جارێ منداڵان دایان ئەمەزراند**

**ئینجا گەورەیان تێوە ئەئاڵاند**

**کەم منداڵیان بوو سەری نەشکابێ**

**کەم شەڕ بوو خوێنی تیا نەڕژابێ**

**هیچ کەس نەی گوت: ئەمە بۆ چییە؟**

**هەموو ئەیانگوت: شەڕ ئازاییە! (کریم،ب٣: ٢٠١٩، ٢٧٧)**

ئەگەر سەرنج بخرێتە سەر زمانی ئەو دەقە، ئەوا بەم ڕاستییە دەگەین، کە لەناو میللەتی کورددا، شەڕ و یەکتری شکاندن و خوێنڕشتن بە شێکە لە دابونەریتەکەی، هەروەها ئەقڵیەتی پیاوی کورد زۆر جیاواز نییە لە تێگەیشتن و عەقڵی منداڵەکان، خۆ ئەگەر وا نییە، ئەی چۆن پیاوان لەسەر شەڕەمنداڵ دەیکەن بە شەڕی گەورەساڵان و شەڕە گەڕەک؟ ئەوەشیان لە زەینی تاکی کورددا چاندووە کە شەڕ واتا ئازایەتی و مەردایەتی، نابێت لە شەڕ بترسن ئەگەر گیانی خۆشتان بکەوێتە مەترسییەوە.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە، بەشێکە لە دابونەریتی خێڵەکی و دوورە لە لۆژیک و ڕۆشنبیری و چۆن دەکرێت گەورە، عەقڵی خۆی بداتە دەستی منداڵ و پێوەندیی خزمایەتی و هاوزمانی و هاوشاری بکرێتە قوربانیی یەکلاییکردنەوەی ئازایەتی و یەکتربەزاندن و ئازاردان، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دابونەریتێکی دڕندانە و دواکەوتووە کە بەهێزەکان بێهێزەکان دەچەوسێننەوە و چینایەتی لەسەر بنەمای هێزی بازوو دروست دەکەن، بەتایبەتی بە سەرنجدان لەو دێڕەی کە دەڵێت: **هەندێ عادەتی کۆنی ئێرە بوو، کە بەخۆڕایی خەڵک تێک بەر ئەبوو**) ئیسپاتی ئەو دابونەریتە دەکات کە زۆر جار لەسەر هیچ و بەخۆڕایی، خەڵکی کورد وەک عادەتێک خۆی لە شەڕەوە هەڵقورتاندووە، بێ ئەوەی زانیاری لە پێشینەی ئەو شەڕەوە هەبێت، تەنیا مەبەستیشی خۆنواندن و سەلماندنی ئازایەتیی خۆی بووە، ئەویش بە بەڵگەی کۆتا دێڕی شیعرەکە کە دەڵێت: **هیچ کەس نەی گوت: ئەمە بۆ چییە؟ هەموو ئەیانگوت: شەڕ ئازاییە!**، ئەم بابەتی شەڕ و ئاژاوەیە لە کولتووری کورددیدا ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە کوردەواریدا وتراوە: **(شەڕ لە دەستبەتاڵی باشترە)**، لە ڕووی لۆجیکییەوە، ئەم گوتەیە هیچ لۆجیکێکی تیادا نییە.

**٣،٤. تەوەری سێیەم/ دابونەریتی بەپیرۆزکردن:**

یەکێکی تر لە دابونەریتە سەیر و سەمەرەکانی بەشێک لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بریتی بووە لە بە پیرۆزکردنی شتانێکی ئاسایی کە شیاوی ئەو پێگە و قەدرە نەبوون. دیارە ئەم دیاردەیە تاوەکوو ئەمرۆش لەناو بەشێکی زۆری میللەتانی دونیادا هەیە؛ بۆ نموونە، لە وڵاتێکی وەک هیندستان مانگا پیرۆزە و هیچ کەسێک بۆی نییە بێڕێزی لەبەرانبەردا بکات، لە کولتووری کۆنی کوردیشدا یەکێک لەو ئاژەڵانەی ڕێزی لێگیراوە کەڵەشێر بووە، ڕەخنەی کولتووری تیشک دەخاتە سەر ئەو دابونەریتانە و پەیام و سیستەمەشاراوەکانی پشت ئەو بابەتانە بە گرنگییەوە سەیردەکات، پێی وایە بۆ تێگەیشتن لە هەر

کۆمەڵگەیەک دەبێت دەست بۆ پاڵنەرە کولتوورییەکانی پشت دەقەکان ببەین. بە پیرۆزکردنی هەندێک دیاردە و مرۆڤ و ئاژەڵ وەک بەشێک لە دابونەریت لە هەندێک دەقدا ڕەنگی داوەتەوە:

**شەوی پایزان پیران نانوێنێ**

**کەڵە شێرێکیش نییە بخوێنێ**

**زۆربەی کەڵەشێر لە دێی (ماوەتە)**

**کەڵەشێر کوشتن لایان لەعنەتە(کریم،ب١: ٢٠١٩، ١١١)**

ئەگەر سەرنج لەم دەقە بدەین دەبینین کە تێڕاونینی کۆمەڵگەو دابوونەریتەکان بوونەتە هۆکاری بە پیرۆزکردن هەندێک شت، کە لە بنەڕەتدا هیچ پیرۆزێکی زیاتریان نییە لەگەڵ هاو ڕەگەزەکانی خۆیان، لێرەدا واتای شاراوەی پشت ئەو دەقە ئەوەمان پێدەڵێت کە دروستکراوەکانی خودا هەندێکیان لە هەندێکیان ڕێز لێگیراوترن و بۆ نموونە کەڵەشێر شایستە ڕێزە و نابێت سەری ببڕن خۆ ئەگەر سەریان بڕی ئەوا بەر نەعلەتی خودا دەکەون، کە ئەمەش جگە لە دابونەریت و باوەڕێکی ناوچەیی زیاتر هیچ بنەمایەکی نییە دەشێت ئەو جۆرە تێڕامانە لە چیرۆکی (صالح) پێغەمبەر (علیه سلام) و سەربڕینی وشترەکەیەوە سەرچاوەی گرتبێت.

((کۆمەڵگە تەقلیدییەکان بە قورسی پێبەندی باوەڕ و دابونەریتەکانیان دەبن، دابونەریتەکان ئامرازی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاک دیاری دەکەن نەوەکانیان بە پیرۆزێتی ئەو باوەڕە گۆش دەکەن.)) (س. قادر ٢٠٢١، ٨٩)، لێرەدا ئەوە بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت کە بیروباوەڕی کۆنی کولتووری لە هەندێک بابەت و پیرۆزیدا، حوکمی خۆی سەپاندووە، دەشیەوێت هەموو تاکەکان پێیەوە پێبەند بن، دابونەریتەکان تایبەتن بە ناوچەیەک و گرووپ و تاقمێکی دیاریکراو لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا.

**٣،٥. تەوەری چوارەم/ دابونەریتی گەڕانەوە و مانەوە لە ڕابردوو:** یەکێک لەو دیاردە باوانەی لە نێوان تاکەکانی زۆرێک لە میللەتاندا بەدی دەکرێت، بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردووە، کە پێوەستە بە تێرمی نۆستالجیا، خوولانەوە بەدەوری ڕابردووی دابونەریتی باوانیان، ئەم دیاردەیەش بەزۆری لەلایەن کەسانی بەتەمەنەوە دەستیان پێیەوە دەگیرێت. بەمەبەستی هێشتنەوەی هێز و پێگەی خۆیان لە ڕێگەی ملکەچکردنی نەوەی نوێ بەم دابوو نەریتانە.

((کوردستان کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییە و زانیاریی خەڵک لەسەر بنەمای دین وباوەڕ و دابییەکانە، دابونەریتی کۆن کە لەگەڵ سەردەم نەگونجاوە ڕێگە لە پێشکەوتن دەگرێت، بووە بە ئاستەنگ، لە پرۆسەی ڕۆشنگەری تازەدا پێویستە دابونەریتەکان شیبکرێنەوە لایەنە باش و خراپەکانیان شیتەڵ بکرێن، ئینجا دانیشتووان دەتوانن هەڵبژێرن کە کام ڕێگە باشە.)) (قادر ٢٠٢١، ٩٠)، دیارە ئەمە نەک لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڵکوو لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکانیشدا بابەتی بیر و باوەڕ و دابونەریتەکان ئاستەنگێکی زۆرییان لەبەردەم گۆڕانکاری و تازەگەریدا دروست کردوون، بەجۆرێک دەبن بە بەربەست لە بەردەم داهێنان و تازەگەریدا پێیان وایە دەستگرتن بە دابونەریتی باوانیان مایەی ئاشتەوایی و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگەیە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری دابونەریتەکانیش هەڵەیان تیادایە دژن بە ئایینیش بۆ نموونە بابەتی نوشتە کە ئەمانە لە ڕوانگەی ئایینییەوە جگە لە گوناح هیچ سوودێکی نییە.

لەم بارەیەوە پیرەمێرد دەڵێت:

**ساڵانی پێشوو بەختمان یار بوو**

**حەکیمەکانمان نەخوێندەواربوو**

**نەمان بیستبوو ئەم هەموو دەردە**

**نە چووە زگمان دەرمان بە فەردە**

**ترس و واهیمە نەبوو لە ناوا**

**عیللەتمان بە ئاو ئەدا بە ئاوا**

**بە نوشتەی شێخێک، یا لەرز بڕینێ**

**نەدەما دەرد و ژانی برینێ**

**هێلانەی قوڵتە لەگەڵ شیری کەر**

**دەردەباریکەی لا ئەبرد لەسەر (کریم،ب۳: ۲۰۱۹، ۲۸۵)**

لەم دەقەدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی موتروبەکراو بە بیروباوەڕ خۆی حەشار داوە، کە مەبەست و مەرامی ئەوەیە بە ئێمەی نەوەی تازە بڵێت، نەخوێندەوارەکانی کۆنمان ئاقڵ و داناتر بوونە لە بڕوانامەدارەکانی ئەمڕۆ، هەروەها گوتاری بێبەهاکردنی زانست و زانیاریی پزیشکی تییدا بەرچاو دەکەوێت، نووسەر دەیەوێت پەیامی ئەوە بدات کە زانست و داهێنانە پزیشکییەکانی وەک (حەب و عیلاج) تەنیا زیانیان هەیە و ئەوەی کە لەمانە باشترە بۆ لایەنی تەندروستی بابەتەکانی نوشتە و لەرزبڕین و هێلانەی قوڵتە و شیری گوێدرێژە، کە لەسەر دەستی حەکیمە نەخوێندەوارە ئەزموونداڕەکان بنچینەی ئەو چارەسەرانە دانراوە، نووسەر دەیەوێت قەناعەت بە جیلی نوێ بکات کە پێشینان ئەگەرچی خوێندەواریش نەبوونە بەڵام خاوەنی گەلێک حیکمەت و داهێنانی پزیشکی بوونە. ئەم دەربڕینە پێوەستە بە نۆستالۆژیا و مانەوە لە ڕابردوو، بەهادان بە ڕابردووێک کە زۆرێک لە داهێنان و بابەتە چارەسەرەکان پشت بەست بەبوون بەهیچ توێژینەوەیەکی زانستی پزیشکییەوە. کەچی نووسەر لە ژێر هەژموونی کولتوور و دابونەریتەکاندا بەراوردێکی نادادپەروەرانە دەکات لە نێوان ئێستە و ڕابردوودا.

**٣،٦. تەوەری پێنجەم/ دابونەریتی هاوسەرگیری و بەزۆر بە شوودان:** یەکێک لە دابونەریتە کۆنەکانی بەشێک لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بریتی بووە لە بەزۆر بەشوودانی کچان و پرس پێنەکردونیان، دیار ئەم دیاردەیە لە قاڵبی دوو بۆ سێ هەنگاو خۆی نواندووە ئەوانیش بابەتەکانی (ژن بە ژن، شیربایی، گەورە بە بچووک، خستنە بەر خوێن) لە هەر یەکێک لەم بارانەدا کچەکە دەبوو بە قوربانیی یەکەم، لێرەدا سیستەمی شاراوەی پشت ئەم دەقە ئەوەیە کە پیرەمێر دەیەوێت باس لە دیاردەیەکی قێزەون و کولتوورێکی نەشیاوی کۆمەڵگەکەی بکات، ئەویش بەزۆر بەشوودانی کچانی تەمەن منداڵ بۆ پیاوانی بەتەمەن، ئەمە یەکێکە لە دابونەریتەکانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کچ بەشوودان لە پێناو پارە و سامان، ئینجا حساب بۆ خواست و ئارەزووی کچەکان ناکەن، لێرەدا ڕەخنەی کولتووری گەرەکیەتی هەڵوەستەیەک لە بەردەم ئەم جۆرە دیاردانە بکات لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی سیستەمە شاراوەکانی. ((کچ بەزۆر بەشوودان جۆرێکی هاوسەرگیری بووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە، بە جۆرێک کچەکە بەبێ ویستی خۆی بە زۆر لە پیاوێک مارەیان کردووە، زۆر جار پیاوەکە تەمەنی لە کچەکە زۆر زیاتر بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوەکە پارەدار بووە لە بەرانبەر پارەیەکی زۆر کچەکەیان لێ مارەکردووە.)) (ساڵح ۲۰۲۳، ۳٦۹-۳۷۰)، ئەم جۆرە لە دابونەریتانە، ڕیشەیەکی درێژ و هێزێکی زۆریان هەیە ئەگینا باوک چۆن دڵی دێت ستەم لە جگەرگۆشەکەی بکات و چارەنووسی بخاتە ژێر ڕەحمی قەدەرێکی نادیار و پڕ کێشە لە پێناو بڕێک پارەدا، بێگومان پارە کاتێک چێژی دەبێت بۆ مرۆڤەکان کە مرۆڤ ئاسوودە و ئارام بێت لەو ژیان

و خێزانەی دروستی کردووە، خۆ ئەگەر وا نەبێت پارە و دەوڵەمەندی بەهایەکیان نابێت.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کچبەشوودان بۆ پیاوی بەتەمەن، بریتی بووە لە بەشوودانی کچ لە پێناو خوێندا (ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کاتێک دروست دەبوو، دوژمنایەتی لە نێوان دوو بنەماڵە دەهاتە کایەوە، بنەماڵەی بکوژەکە بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتن و کوژانەوەی شەڕەکە، کچێکیان دەدا بە بنەماڵەی لێکوژراو، بەڵام ئەوەی دەبوو بە قوربانی کچەکە بوو، چونکە بۆ ئەبەد نەیدەتوانی داوای مافی خۆی بکات و هەمیشە بە چاوێکی دوژمنکارانە لێیان دەڕوانی، چونکە لە بری خوێن وەریان گرتووە.) (ئازاد ٢٠٢٣، ٣٧١)، ئەم تێڕوانین و بڕیاردانە لە چارەنووسی کچەکان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بە درێژایی مێژوو ڕەگەزی مێینە کراوە بە قوربانیی کوژاندنەوەی ئاگری دووبەرەکی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم جۆرە لە بڕیاردانەش بە زیانی یەکەمی کچەکان تەواو دەبوو، زۆر جار لە بری ژیان، دەخرێنە دۆزەخێکی ئەبەدییەوە.

**ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیە وەک بەشێک لە داب و بەریت لە دەقەکاندا ئامادەیی هەیە:**

**کچ بە نابەدڵی بۆ پیر چوو بە بووک**

**مێرد بێزار ئەکا شەو بە نووکە نوک**

**هانام بۆ تۆیە خوای دەستگیر**

**نەمکەی بە بووک و بکەومە دەست پیر(کریم،ب١: ٢٠١٩، ٦٣)**

بەشێک لە نەریتە کولتوورییەکان سیتەمێکی دەمامکدار داپۆشیون لە بری ئەوەی هۆکارێک بن بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەکان و تاکەکانی، دەبن بە بنەمای لێکترازان و تێکدانی ئازادی و خواستەکانی تاک و هۆکارێکی توندن بۆ ڕێگری لە داهێنان و هەوڵدانی مرۆڤەکان بۆ گۆڕانکاری، هەروەها بەشێکیان هۆکاری دەمارگیری و یەکتر قەبووڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی کەسانی بێگانەن لە ناو کۆمەڵگەکانیاندا. ((دەبێ بە یاسا بەرەنگاری نەریتە خراپەکان ببینەوە، وەک کوشتنی تۆڵەکارانە لە کاتی کارەسات یان کێشەی شەرەف، خەتەنەکردنی منداڵ بە تایبەتی ئافرەت، کچبەشوودان بەبێ ڕەزامەندی.)) (س. قادر ٢٠٢١، ٨٨)، بەشێک لە دابونەریتەکان دەبێت بە ڕێکار و هێزێکی یاسایی توند بەرەنگاریان ببینەوە بۆ کۆتاییپێهێنانیان چونکە بەردەوامبوونیان لێکەوتە و ئاکامی خراپ بۆ کۆمەڵگەکان و ئایندەی مرۆڤایەتی دەبێت، ئەوا سەرباری ئەوەی هەموو میللەتان خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریت و کولتووری جوان و سەرنج ڕاکێشن و کە بەشێک لەو دابونەریتانە هۆکاری ئاشتەوایی خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگەکانن و پێویستە دەستیان پێیەوە بگیرێت و میللەتی کوردیش خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی جوان و شایستەیە لەوانە (هاوکاری و هەرەوەز و سەردانی نەخۆش و میواندۆستی و بۆنە کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکان و خێزان و ڕێزگرتن لە گەورە و بەتەنگەوەهاتنی پەورەردە و زانست.. هتد.)

دەکرێت بازنەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییە ئامادەبووەکانی ناو دەقەکان لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوون بکەینەوە:




1

## ٤.ئەنجامەکان:

١-لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا کۆمەڵێک دابونەریت بوونیان هەیە کە ئاماژەن بۆ تێگەیشتن و ئاستی ڕۆشنبیری ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەوانە بابەتی جێنشینی و پەروەردەکردنەوەی کوڕ لە قاڵبی باوکیدا، بە جۆرێک کە هەمان کەسایەتیی باوانیان بن لە قاڵبێکی نوێدا، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ چەقبەستوویی کۆمەڵگە و پووکانەوەی گۆڕانکارییەکان.

٢-دابونەریتەکانی شەڕ و تۆڵەکردنەوە و یەکلاکردنەوەی بابەتەکان لە ڕێگەی بەشەڕدانی ئاژەڵان و شەڕەمنداڵ و شەڕەگەڕەکی گەورەساڵان لە کولتووری کوردیدا و لە شیعرە پەندئامێزەکانی پیرەمێرددا، ئامادەییەکی زۆریان هەیە، ئەم دابوونەریتانەش لە دیدی ڕەخنەی کولتووریدا جێگەی هەڵوەستەن و ئامانج لە دەرخستنیشیان بەگژداچوونەوە و کاڵکردنەوەیانە.

٣-بابەتی بەزۆر بەشوودانی کچانی منداڵ بە پیاوانێک کە نزیکن لە تەمەنی باوکیان، یەکێک بووە لە دابونەریتە خێڵەکییەکانی بەشێک لە میللەتانی خۆرهەڵات، هەروەها دابونەریتەکانی شیربایی و بەشوودان لە بەرانبەر خوێندا، مێژوویەکی کۆنیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە، لێرەدا ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە، ئامانجی نووسەر لە باسکردنی ئەم دیاردە نەخوازراوانە بە ئاقاری بنەبڕکردن و نەمانیانە لە کۆمەڵگەدا، چونکە ئەم دیاردانە هۆکاری زۆربوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی زیاتری ڕەگەزی مێینەن.

٤-"پیرەمێرد" پەسەندی بەشێک لە دابونەریتەکان دەکات وەک پەسەندکردنی دانا و حەکیمە نەخوێندەوارەکان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک دابونەریتی وەک شەڕ و ئاژاوە و بەزۆر بەشوودان و شیربایی و گەورە بە بچووک، بەشەڕدانی ئاژەڵان و شەڕەگەڕەک..هتد. ڕەت دەکاتەوە.

## ٥.لیستی سەرچاوەکان:

### ١،٥.یەکەم/سەرچاوەکان بەکوردی:


بایەزیدی، ملا محمودی:( ٢٠١٥ )، عادات و ڕسوماتنامەی اکرادیە (دابونەریتی کورد) وەرگێڕانی بۆ ڕوسی، م.م. ڕۆدینکۆ، وەرگێڕانی/ د.شوکریە ڕەسول، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، هەولێر.

بەرزنجی: (٢٠٢٤) کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکە، سلێمانی.

غەزامی، عبدالله محمد: (٢٠٢٠)، ڕەخنەی کولتووری وەک ئەڵتەرناتیڤێکی مەنهەجی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، و/د.دانا ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

فایەق هۆشیار، مستەفا سالح، مەحمود ئەحمد، محمد نوری، ئەحمەد زەکی: (٢٠١٩)، پەندەکانی پیرەمێرد، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی چوارەم، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، بەرگی سێیەم، سلێمانی.

قادر، جەبار ئەحمەد: (٢٠١٥)، کولتوور و سیاسەت، چاپخانەی پەنجەرە، هەولێر.

قادر، سەرۆ: (٢٠٢١)، کولتوور و کێشەکانمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- چاپی یەکەم، هەولێر.

محەمەد، مەسعوود: (٢٠١٦)، گەشتی ژیانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مستەفا، دانا ئەحمەد: (٢٠٢٣)، کۆمەڵێک نووسەر ،و/د.دانا ئەحمەد مستەفا، دید و ڕێباز لای غەزامی، چاپخانەی سەردەم، هەولێر.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد: (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، تاران.

٢،٥.گۆڤارەئەکادیمییەکان/

خەلیل، جەواد: (٢٠٢٣)، ڕەخنە لە ژەهری کولتووریی (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بەهای ڕەخنەی کولتووری) ".ڕامان، ژ ٣١٤ ٦٨ بۆ ٨٠.

سالح، ئازاد عوبێد، ڕێباز لوقمان ڕەشاد: (٢٠٢٣)، ڕەنگدانەوەی دابونەریت و گیر و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا لە عێراق ١٩٥٨-١٩٦٨، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردی، ژ ٥٦.

**٣،٥.دووەم/سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

أبو عبدالرحمن الخليل بن احمد:(١٩٥٨)، كتاب العين، تحقيق: د.مهيد المخزومى، د.ابراهيم سامرائي، دار و المكتبة الهلال، ج٥، بغداد.

أبو نصر إسماعيل بن حماد:(١٩٥٧)، الصحاح تاج اللغة و صحاح العربي، تحقيق، أحمد عبدالغفور عطار، دار العلم للملايين، ج٦، بيروت.

أحمد مختار عبدالحميد عمر:(٢٠٠٨)، معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب، الطبعة الأولى.

إيزابرجر، ارثر: (٢٠٠٣)، النقد الثقايف متهيد مبديئ للمفاهيم الرئيسية، ت/ بسطاويسى، وفاء ابراهيم و رمضان، طبعة الاولى: ملركز القومى، قاهرة.

خليل، ابراهيم محمود: (٢٠٠٣، النقد الادبي الحديث من محاكات الى التفكيك، بيروت: دار السمير.

الشرماني، د.فتحي احمد(٢٠١٩)، دينامية النسق الثقافي في القصيدة الجاهلية، الاردن: مكتب.

معجم اللغة العربية ، المعجم الوصيط، لاتوجد سنة النشر، دار الدعوة، ج٢. قاهرة.

منصور، محمد بن احمد الازهري:(٢٠١٩)، تهذيب اللغة، بيروت: دار احياء، الطبعة الثالث، ج٨.

منظور، محمد بن مكرم بن على، أبوفضل: (١٩٧٩) ، ليسان العرب، دار صادر، الطبعة الثالث، ج١٠، بيروت.

**٤،٥. سێیەم/سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:**

ابوالقاسمی، محمد جواد: . (١٣٩١)، اخلاق نقد فرهنگی و فرهنگ نقد اخلاقی ".فصلنامی اخلاق زیستی، سال دوم، شماره سوم، بهار ١٧٤.

کلاشی، ناهیده: (١٣٩٨)، نقد ادبی و نقش آن در مطالعات فرهنگی ".پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ٢٨-٥٨.

وند، تورج زینی: (١٣٩٨)، قد فرهنگی ادبیات تطبیقی از دیدگاه عزالدین مناصره ".قشنامەء علمی، پژوهشی پژوهشهای ئەدبیات تطبیقي ٣٠.

# The Dominance of Social Customs and Traditions in the Proverbial Poems of Piramird: A Cultural Criticism Approach.

**Zanyar zyad Ibrahim1**
**Safya mohammed ahmad[2]**
1+2 Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin-Ranya Kurdistan Region Iraq.
zanyar.zyad@uor.edu.krd
safya.kurde@uor.edu.krd

**Abstract:**

Cultural criticism of literary texts, much like any other form of critical analysis, operates within the context of the culture that produced it. This approach goes beyond simply analyzing the text itself (its language, style, rhetoric and aesthetics) to explore how the cultural values and beliefs embedded within the text reflect and shape the society that gave rise to it. Social customs and traditions, like any other powerful cultural force, significantly shape how people behave within a society. Individuals often feel compelled to conform to these deeply ingrained norms.

Violating such certain deeply held traditions can have severe, even life-threatening consequences within some tribal communities. Kurdish society, like many other cultures in the East, has a rich tapestry of customs and traditions deeply woven into everyday life. These cultural influences are also evident in Kurdish literature and literary texts.

This research, titled 'The Dominance of Social Customs and Traditions in the Proverbial Poems of Piramird: A Cultural Criticism Approach,' employs a blended theoretical and empirical methodology. The study commences with an exploration of the foundational tenets of cultural criticism. Subsequently, it delves into the application of these principles within the specific context of Piramird's proverbial poetry. Finally, the research concludes with a practical demonstration of cultural criticism through an in-depth analysis of the selected poems.

**Key Words: (Cultural Criticism, Customs and Traditions, Proverbial Poems, Piramerd)**

# (هيمنة العادات والتقاليد الاجتماعية في قصائد الأمثال والحكم لـ(پيرەمێرد) في ضوء أسس النقد الثقافي)

**زانيار زياد ابراهيم** [١]

zanyar.zyad@uor.edu.krd

**صافيه محمد احمد** [٢]

safya.kurde@uor.edu.krd

**١+٢ قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساسية، جامعة رابرين- رانية- إقليم كردستان -العراق.**

**ملخص:**

مثل أية اختراعات أخرى للإنسان، يعمل النقد الثقافي على النصوص الأدبية ضمن إطار الجذور (الأنظمة) الثقافية، فينتج معنى خارج النص الأدبي ويلامس الجذور الثقافية التي قامت عليها ولادة النص، دون الالتفات إلى ظاهر النص وجوانبه اللغوية والجمالية والبلاغية.

إنّ قضية العادات والتقاليد الاجتماعية، كأية قضية ثقافية سائدة أخرى، تنعكس في سلوك الأفراد داخل المجتمعات؛ بحيث يكون الأفراد عرضة للتمسك بها، بل الخروج عنها في بعض الأحيان وعند بعض القبائل والعشائر يعتبر خطا أحمر وتقربا إلى حدود الموت.

يتمتع المجتمع الكردي -كأي مجتمع شرقي آخر- بعدد من العادات والتقاليد، التي يندمج بعضها في كافة مجالات الحياة، ولا يستثني الأدب والنصوص الأدبية من هذه التأثيرات.

هذه الدراسة المعنونة بـ(هيمنة العادات والتقاليد الاجتماعية في قصائد الأمثال والحكم لـ(بيرةميرد) في ضوء أصول النقد الثقافي)، دراسة نظرية وعملية في حد ذاتها، وهي تقوم بتناول مفهوم النقد الثقافي، ومن ثمّ تدرس بعض العادات والتقاليد الاجتماعية في إطار قصائد الأمثال والحكم للشاعر (بيرةميرد)، استنادا على تطبيق مبادئ النقد الثقافي فيها.

**الكلمات المفتاحية:(النقد الثقافي، العادات، التقاليد، قصائد الأمثال، بيرةميرد).**

# ئایین و کۆمەڵگە لە دیدی زەینەب خاندا

**هاوێر ئەردەلان بەکر**

**قوتابیی ماستەر (ئەدەب) زمانی کوردی**

**کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین**

hawerhawezi24@gmail.com

**سەرپەرشتیار: ئومێد عزیز مستەفا**

**بەشی زمانی کوردی/ ك. پەروەردەی بنەڕەتی/ ز. سەلاحەددین**

umed.Mstafa@su.edr.kud

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هزر و تێڕوانینی زەینەب خان لە شیعرەکانیدا بەرانبەر ئایین و کۆمەڵگە. جیهانبینی بەشێکە لە پێکهاتەی کولتووری، هەر بۆیە ئایین و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە جێی سەرنج و رامانی شاعیر، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە بەشێوەیەکی تایبەت دید و تێڕوانینی خۆی لەبارەیانەوە بخاتەڕوو. تێڕوانینی شاعیر بۆ ئایین ئەرێنییە، سوودی لە بەها ئایینییەکان وەرگرتووە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوشت و چاکەکاری. ئەمەش بەکاریگەری خانەوادەکەی و خوێندنە ئایینییەکەیەوە بووە. زەینەب خان، وەک شاعیرێکی دانبڕاو لە کۆمەڵگە، کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هەڵبەتە ئەمەش جیهانبینیی ئەومان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەرانبەر بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، کە بووەتە ئاوێنەیەک بۆ گەیاندنی بابەتەکانی. لێرەدا هەردوو بابەتەکە بەسەریەکەوە بوونەتە کرۆکی توێژینەوەکەمان و دەچێتە خانەی جیهانبینیی تایبەتی لە چوارچێوەی جیهانبینیی سەردەمێکدا. توێژینەوەکەمان لە دوو بەش و چوار تەوەر پێک هاتووە، هەر تەوەرێک چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە و ئەم بابەتانە گرنگیی توێژینەوەکەمان دەردەخەن و بۆ ئەم توێژینەوەمان پێڕەوی ڕێبازی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی- ڕەخنەی شیکاری و ئامارمان کردووە و ئەو نموونە شیعرییانەی کە بەکار هاتوون، بەپێی پێویست شیکردنەوەمان بۆ کردوون.

وەرگرتن: 2025/4/7

پەسەندکردن: 2025/6/2

بڵاوکردنەوە:

**کلیلەوشە:**

جیهانبینی، ئایین، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، شیعر، زەینەب خان.

## (1) پێشەکی

جیهانبینی لە شیعردا، خستنەڕووی شێوازی تێڕوانینی شاعیرە بۆ ژیان و گەردوون و مرۆڤایەتی، گوزارشتە لە ئەزموونی کەسی و تێگەیشتنیەتی بەرانبەر جیهانی دەوروبەری. لەم چوارچێوەیەدا ناونیشانی توێژینەوەکەمان ئایین و کۆمەڵگە لە دیدی زەینەب خاندا، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە ئەوەیە دەمانەوێت بزانین تاچەند شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایین و پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەکی دیکەدا بەراوردکردنی تێڕوانینیەتی وەک ئافرەتێک، کە تاچ ڕادەیەک ئەم تێڕوانینە لەگەڵ ئەو پرسانەی ئاماژەمان پێدان دەگونجێت، یاخود ناکۆکن. چونکە شاعیر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی و ئەو خوێندنە ئایینیەی کە لە سەرەتای تەمەنیدا خوێندوویەتی، ئەمەش بە شێوەیەک کاریگەری لەسەر دیدی شاعیر هەبووە، بە ڕادەیەک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم کاریگەرییە، سنووری توێژینەوەکەشمان، لە چاپچێوەی دیوانی زەینەب خان، کچە کورددایە. پرسی توێژینەوەکە: ئایا تێڕوانین و دیدی شاعیر وەک ئافرەتێک بۆ ڕووداو و بابەتەکان چۆن و چی بووە؟

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستن و نیشاندانی بیرکردنەوە و جیهانبینیی زەینەب خانە، وەک ئافرەتێکی شاعیر لە سەدەی بیستەمدا بە نموونە وەرگیراوە، بەهۆی فرەڕەهەندیی ناوەڕۆکی شیعرەکانی و خۆیەکلاییکردنەوەی لە بۆچوونەکانیدا، لە زۆر ڕوانگەوە لە شاعیرانی سەردەمەکەیدا جیاواز بووە. لەم ڕووەوە سەرچاوەی زۆرمان هەن کە باس لە ژیان و بەرهەمەکانی زەینەب خان دەکەن و دوای چاپکردنی دیوانی زەینەب خان کچە کورد لەساڵی 2018دا، ڕاستەوخۆ سەرنجی ئەدیب و ڕەخنەگرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لە پێشینەی توێژینەوەکەماندا باس لەو سەرچاوانە دەکەین و بەکورتی ناوەڕۆکیان دەخەینەڕوو:

یەکەمین سەرچاوە (قەرەداغی، مەهاباد، بەهاری 2018، گەنجینەی تازە دۆزراوە زەینەب خان شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم، گۆڤاری شیکار، ژ 23، هەولیر). توێژینەوەیەکە (توێژەر بە هەردوو میتۆدی کۆمەڵناسی و دەروونناسی ڕاڤەی ژیان و شیعرەکانی زەینەب خانی کردووە). (قەرەداغی 2018 : 73-104).

لە سەرچاوەیەکی تردا (سەید برایم، ڕابەر 9\7\3، ئەستێرەیەکی بزر لەبەرزایی ئاسمان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ 7604). نووسەر لەم وتارەیدا (شیکردنەوە بۆ شیعرەکانی دەکات و لەلایەنی زمانەوانییەوە هەموو ئەو وشە پەتییە کوردییانە لە دەقەکانیدا بەپێی مێژووی نووسینی دەقەکان ڕیز دەکات). (برایم، 2018\7\3).

(ڕەسووڵ، شوکریە شەکراو 2018 زەینەب خان کچە کورد 1900- 1963 خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، هەولێر)، توێژینەوەیەکە تیایدا توێژەر (خوێندنەوەی بۆ ژیان و شیعرەکانی شاعیر ئەنجام داوە ). (ڕەسووڵ 2018 : 1- 215).

(المفتی، عثمان اب 2018 زينب خان الاديبة الكبيرة التي لم ينصفها التاريخ، اربيل). نامیلکەیەکە نووسەر بە چوار تەوەر ئاوڕی لە کەسایەتیی شاعیر داوەتەوە بەم شێوەیە: (زينب خان الانسانه: فی المجتمع : الاديبه: المناضلة). (المفتی 2018 : 1- 40).

(عارف، محمد نووری 2018، زەینەب خان کچە کورد: 1900-1963 ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی کە مافی خۆی پێنەدراوە)، ئەمەش نامیلکەیەکە نووسەر تیایدا باسی (کورتەیەک لە ژیانی شاعیر، هەندێ تێبینی لەبارەی ڕۆشنبیری، هەولێری

هۆلاکۆبەزێن، کەرکووکی کوردستان، مرۆڤدۆستی لای زەینەب خان دەکات، لە کۆتاییشدا چەند پێشنیازێک دەخاتە ڕوو). (عارف 2018 : 3- 70) .

(عەبدوڵڵا، سەروەر 2019 دیوانی زەینەب خان و چەند سەرنجێکی دەقناسی لەمەڕ نادروستی تێکستەکانی، ماڵپەڕی چاودێر). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (هەوڵی ساغکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی دیوانی زەینەب خانی داوە). (عەبدوڵڵا، 2019).

(ڕەسوول، سوداد 5\8\2019 دیوانی زەینەب خان کچە کورد ڕاستییە یان وەهم؟ گۆڤاری ڕامان، زانکۆی سۆران - فاکەڵتی پەروەردە، ژ267). لەم توێژینەوەیەدا نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو کە (گومانی لە بوون و ڕاستی و دروستی دەقە شیعرەکانی زەینەب خان هەیە). (ڕەسووڵ، 2019: 77-86).

(عەلائەدین، عەبدولخالق، 5\2\2020، زەینەب خان لە نزیکەوە، گۆڤاری ڕامان، ژ 273، بەریتانیا). لەم وتارەدا سەرەتا نووسەر (باس لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری شاعیر و بیرە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەکەی دەکات). (عەلائەدین، 2020 : 121-117).

(موفتی، عوسمان ڕەشاد، 2020، زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد). ئەمەش کتێبێکی ترە نووسەرەکەی نۆزدە بابەتی جۆراوجۆری سەبارەت بە (بنەماڵەی خادیم سوجادە و ژیانی زەینەب خانەوە خستووەتە ڕوو، پاشان نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی و ڕۆڵی شاعیری لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەوسای قەڵاتی هەولێر و بنەماڵەی سەعید ئاغای هاوسەری زەینەب خان خستووەتە بەردیدی خوێنەرانەران). (موفتی،2020 :9-138).

(فەرەج، هۆگر مەحموود، 5\1\2020، دیوانەکەی زەینەب خان کچە کورد گومانە کوردانەکەمان، زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زمان، گۆڤاری ڕامان، ژ 272). ئەمە توێژینەوەیەکە توێژەر تیایدا (هەوڵی ساغکردنەوەی ڕاستی و دروستی بوونی شاعیر و شیعرەکانی دیوانەکەی دەدات). (فەرەج،2020: 60-68).

(مەعرووف، عەبدولڕەحمان، 5\11-12\2020، زەینەب خان کچە کورد لە ویژدانی چەند کەسایەتییەکدا، گۆڤاری ڕامان ژ 277\278). ئەمە وتارێکە نووسەر تیایدا (باسی کەسایەتی شاعیر و هەندێک بیرەوەریی خانەوادەکەی لەزاری چەند کەسایەتییەکەوە دەخاتە ڕوو). (مەعرووف،2020: 57-58).

(عەلائەدین، عەبدولخالق لێکۆڵینەوەی پەراوێز – مەزهەر، کەمال، پێشەکی 2021، کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە کۆکردنەوەی زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، چاپی یەکەم). نووسەر لەم کتێبەدا جگە لە (بابەتەکانی: ژیانی زەینەب خان و ڕاڤەکردنی چەند دەقەشیعرێکی و بەرهەمەکانی شاعیر، ئەو هۆنراوە فۆلکلۆرییانەی زەینەب خان، کە لە ماوەی ژیانیدا کۆیکردبوونەوە چاپ کردووە). (عەلائەدین،2021: 11- 390).

(غەمبار، کەمال، 2021، ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ماد). ئەمەش کتێبێکی ترە نووسەر تیایدا (لە نموونە شیعرییەکانی شاعیردا بەسەرهاتەکانی ژیانی دەخاتە ڕوو، هەندێک لەدەقە شیعرییەکانیش شی دەکاتەوە). (غەمبار 2021: 11-504) .

(مەعرووف، عەبدولڕەحمان، تەمووزی2022، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسوول، دیوانەکەی

زەینەب خان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، گۆڤاری دیوان، ژ 14). (مەعرووف، 2022 :44-48).

(حەیدەری، مومتاز، پایزی 2022، دیوانی کچە کورد زەینەب خان شاکارێکی مەزن، گۆڤاری مێژوووناسی، ژ3). نووسەر لە وتارەکەیدا (باس لە گرنگی بەرهەمەکانی زەینەب خان دەکات وەک: مەولوودنامەکەی، کە دەرخەری شارەزایی و زمانزانی شاعیرە، پاشان ناوەڕۆکی هەندێک لە شیعرەکانی دیوانی کچە کورد ڕاڤە و شی دەکاتەوە). (حەیدەری،2022 :202-210) .

بڵند، باخەلان، 2024، زەینەب خان لەنێو دونیای چەمکە جیاوازەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانە کوردستان، سنە). ئەمەش کتێبێکە، توێژەر (بەپێنچ باس لە چەمکە جیاوازەکانی دونیای شیعری زەینەب خانی کۆڵیوەتەوە). (باجەلان، 2024 :1-264).

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی شیکاری و ئامار وەرگرتووە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی و چوار تەوەر پێک هاتووە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم دوو تەوەر لەخۆی دەگرێت، تەوەری یەکەم چەمک و پێناسەی جیهانبینی، تەوەری دووەم جۆرەکانی جیهانبینی. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێک هاتووە، تەوەری یەکەم ئایین لە دیدی زەینەب خاندا، تەوەری دووەم ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دیدی زەینەب خاندا. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خراوەنەتە ڕوو.

**(2) 1-1 چەمك و زاراوەی جیهانبینی:**

جیهانبینی وەک زاراوەیەک، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناساندنی ناسنامەی تاک و کۆمەڵدا، چونکە ڕۆڵ لە دیاریکردنی چۆنیەتیی کاریگەربوونی تاک لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەریدا دەبینێت. سەرەتا ئەم زاراوەیە لە بواری فەلسەفەدا بەکار هاتووە، پاشان هاتووەتە نێو بوارەکانی دیکەوە، ڕەخنەی ئەدەبییش وەک یەکێک لەم بوارانە، سوودی لەم زاراوەیە وەرگرتووە. بۆ شرۆڤەکردنی زیاتریش پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئەم زاراوەیە.

لەگەڵ پەیدابوونیدا، مرۆڤ بێ دەرککردن بەم چەمکە، خاوەن جیهانبینییەکی سادە و ساکاری خۆی بووە بۆ هەڵسەنگاندنی دەوروبەرەکەی. دەربارەی زاراوەی جیهانبینی «ڕەگ و ڕیشەی لەزاراوەی کۆنی ئەڵمانیدا (Weltanschauung) هاتووە، کە بە واتای بیرکردنەوە، یان ئایدیۆلۆژیایەکی فرەوان دێت (welt). بە مانای جیهان دێت و (Anschauung) بە مانای تێڕوانین بینین دێت. جیهانبینی ئاماژەیە بەوەی، مرۆڤ چۆن بیر لە جیهان و دەوروبەری دەکاتەوە. بە جۆرێک جیهانبینی جیاکەرەوەیەکی تایبەتە، بیری کۆمەڵ و گرووپێکی پێ دەناسرێتەوە، کە لەسەردەمێکدا دەژین. ئەو زاراوە ئەڵمانییە (Weltanschauung)بە واتای جیهانبینی دێت، دەتوانرێت وەک زاراوەیەکی ئەدەبی بەکار بێت، بۆ ئاماژەکردن بە هەڵوێستی نووسەرێکی دیاریکراو بەرانبەر بەو تێڕوانینەی بۆ جیهان هەیەتی» (عزالدین، 2023 :6). بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، سەرەتا زاراوەکە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا دروست بووە. زاراوەی جیهانبینی لە زمانەکانی تردا، بەم شێوەیە هاتووە: «لەزمانی فەرەنسیدا بە vision du monde و لەئینگلیزی بە world view یان view of the world.» (حەوێزی،2013: 11). لەزمانی عەرەبیشدا، ئەم زاراوەیە رؤیة العالم «بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرگێڕدراوی بەرانبەری هەمان زاراوەیە، لەزمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و زمانەکانی دیکە دایە» (ملکاوی،2021: 41). لە زمانی فارسیشدا بە «جهان گری، جهان بینی»

(شەریفی،2007: 257) ناونراوە. لە زمانی کوردیشدا زاراوەکانی جیهانبینی، گۆشەنیگا، ڕوانگە، دونیابینی، دید و تێڕوانیین، هاوواتای یەکترین و هەرتوێژەر و ڕەخنەگرێک یەکێک لەم زاراوانە بەکار دێنێت، بەڵام باوترینیان لە ئەدەبی کوردیدا جیهانبینییە.

بەم شێوەیە، جیهانبینی بوو بە بازنەیەک بۆ لەخۆگرتنی ژیان و هەموو ئەوەی پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. «کاڵبوونەوەی سنووری نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان و سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی تازەی ئەدەبییات، کە لەڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە تەماشای هونەر و داهێنان دەکرا، بە واتایەکی تر پێوەستکردنی ئەدەب بە کۆمەڵگە و چینە جیاوازەکانی کە دواتر بوو بە قوتابخانەیەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی بەناوی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و تەکانێکی زۆر بەهێزی بەم زاراوە و هاوواتاکانی بەخشی، بووە هۆی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی تازە و چەندان زانا و تیۆرستی ئەدەب لە نموونەی (مەدام دی ستایل) (١٧٦٦-١٨١٧) ، (کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣ز)، (جۆرج لۆکاش) (١٨٨٥-١٩٧١) و (لۆسیان گوڵدمان) (١٩١٣-١٩٧٠)...تاد. پەیدابوون، کە بەبیروڕا تازەکانیان توانیان دەروازەیەکی نوێ بۆ ڕەخنە و داهێنان بخەنە سەر پشت» (ڕەسوڵ،2013: 29). کەواتە زاراوەی جیهانبینی، بوو بەیەکێک لەبنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەتایبەتیش میتۆدی (بونیاتگەری پێکهاتەیی). لەم میتۆتەدا، دەق و خوێنەر، پێوەندییەکی بەیەکەوە بەستراون، بەمەش بونیادە کۆمەڵایەتییەکە دێتە ئاراوە، لەم ڕێگەیەشەوە جیهانبینی ڕۆڵی خۆی لە ئاراستەکردنی تاک و کۆمەڵدا دەگێڕێت.

**1ـ 1ـ 2ـ پێناسەی جیهانبینی:**

جیهانبینی ڕوانینێکی تایبەتی تاک و کۆمەڵە بۆ جیهان و دەوروبەرەکەی، هەر تاکێک خاوەن جیهانبینی و دونیابینیی خۆیەتی، کە ئەنجامی پاشخانێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری و کولتوورییە، ئەمەشی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی دەوروبەری وەرگرتووە، کە لێکدانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانی پێ دەکات.

پێناسەکانی جیهانبینی لە ڕوانگەی هەمەجۆرەوە کراون، لێرەوە بە پێویستی دەزانین هەندێکیان بخەینە ڕوو: لە فەرهەنگی (ئێکسفۆرد)دا، بەمشێوەیە ناسێندراوە: «جیهانبینی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کەسێکە بۆ ژیان و دەوروبەری، بۆ ئەوەش پشت دەبەستێت بە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کەسەکان و ئەو تێڕوانینەی هەیانە، بۆ نموونە: ئەو پەروەردەیەی دەخوێنرێت، هۆکارە بۆ نەخشاندن و داڕشتنی جیهانبینی کەسێک» :Hornby 2010 ) (1780. لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، وێڕای ئەوەی کە تاک خاوەن جیهانبینییەکی تایبەتە، لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردە یەکێکە لە بنەماکانی دروست بوون و گەشەسەندنی جیهانبینی لای تاک و کۆمەڵ. «جیهانبینی ئاستێکە لە ئاستەکانی هۆشیاریی جیهانی دەوروبەرمان، گریمانەیەکی گشتی هەیە، کە مەعریفە و هۆشیاری دەبنە ئاماژەیەک بۆ ئەو چوارچێوەیەی، کە چەمکە گشتییەکەی بیروباوەڕی تاک هەڵی گرتوون» (زاید 2015: 7)، کەواتە: هۆشیاری و مەعریفە و بیروباوەڕی تاک، بە شێوەیەکی گشتی دەرخەری جیهانبینیی تاکن، بە واتایەکی تر، بیروباوەڕ و هۆشیاریی تاک دەکەونە بازنەی جیهانبینیی تاکەکانی نێو کۆمەڵەوە.

لە ناساندنێکی دیکەدا، جیهانبینی بەم شێوەیە هاتووە: «پلانێکە بۆ گۆڕینی جیهان، واتە: کۆمەڵێک ئامانجە، کە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، بۆ ئەوەی جیهان پێوەست و هاوسەنگتر بکات، تاوەکوو توانا و هێزی زیاتری هەبێ؛ بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی جیهان بە شێوەیەکی باشتر بەکاربخات بۆ بونیادنانی ژیان و گوزەرانێکی گونجاو و باشتر» (سرای

2018: 52). لێرەدا جیهانبینی نەخشەڕێگەیەکە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانی تاکدا بکات بە ئاراستەیەکی باشتر و لەبارتر.

## 1- 1- 3- جیهانبینیی تایبەتی:

هەموو تاکێک خاوەنی جیهانبینییەکی تایبەتە، مەرج نییە ئەم جیهانبینییە کامڵ و پێگەیشتوو بێت، چونکە ئەم تێڕوانینە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەندان هۆکاری کولتووری، پەروەردە و فێرکردن، ئەزموونە کەسییەکان، ئایین، زانست و فەلسەفە... جیهانبینیی تایبەتی «تێڕوانینێکە لەلایەن تاکەوە بۆ بوون و جیهان و مرۆڤ کە هێشتا قاڵبی نەگرتووە، بۆچوون و گۆشەنیگای کەسێکە وەکوو هەبوونێکی تایبەتمەند کە ئەو گۆشەنیگایە هێشتا ناوێکی دیاریکراوی لێ نەنراوە. واتە ئەم جۆرە جیهانبینییە کە تاکێک هەیەتی، نەچووەتە ناو چوارچێوەی فەلسەفە و ڕێبازێکی دیاریکراوەوە» (کەریم 2013: 16). جیهانبینیی تایبەتی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە دیاریکردنی ئەوەی مرۆڤ چۆن ڕووداوەکان لێک دەداتەوە و بڕیار دەدات و پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست دەکات. بۆ نموونە ڕەنگە کەسێک لە ڕوانگەیەکی زانستی و ماتریالیستییەوە بە پشتبەستن بە ڕاستی و ئەزموون سەیری جیهان بکات، لە بەرانبەردا ڕەنگە کەسێکی دیکە ڕوانگەیەکی ڕۆحی وەربگرێت، کە گرنگییەکی زۆر بە ڕەهەندە ڕەوشتی و میتافیزیکییەکان بدات. جیهانبینیی تایبەتی «ڕوانینی تاکە کەسە بۆ شتە ماددییەکانی دەوروبەر و بیرکردنەوە و سەرنجدان و مەزەندەکردنی شتە مەعنەوییەکان، بەپێی ژێرخانی مەعریفی و چۆنیەتیی تێڕامان و هەڵسەنگاندنی (ئەو کەسە) بۆ شتەکان» (شەوڕۆ و سلێوە 2017 :8). بەوپێیەی جیهانبینیی تاکەکان جێگیر نین، بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی فێربوون و گفتوگۆی فیکری و ئەزموونی نوێی ژیانەوە دەگۆڕدرێن. بۆیە جیهانبینی هەر تاکێک ڕەفتار و هەڵوێستەکانی لە ژیاندا لە قاڵب دەدات.

## 1- 1- 4- جیهانبینیی گشتی:

جیهانبینیی گشتی ئەو چوارچێوە فیکرییەیە، تاک و کۆمەڵگەکان بۆ تێگەیشتن لە واقیع و ڕێکخستنی ژیانی خۆیان بەکاری دەهێنن. «ڕوانینێکی گشتگیرە بۆ مرۆڤبوون و جیهان کە چوارچێوە و پایەکانی ڕۆشن و هارمۆنی و بەیەکداچوون. ئەم بەشەی جیهانبینی دەکرێت هاوواتا بێت و بدرێتە پاڵ زۆرێک لە زاراوە و ڕوانینی دیکەی وێنەی ئایدیۆلۆژیا و ڕێباز و ئایین و فەلسەفە و زانست و... وەکوو دەکرێت بگوترێت (جیهانبینیی زانستی، جیهانبینیی ئایینی، جیهانبینیی ئیسلامی، جیهانبینیی چەپگەری، جیهانبینیی بوونگەری» ( کەریم، 2013: 16).

کەواتە، جیهانبینییەکان لە سەرانسەری کولتوور و فەلسەفەکاندا جیاوازن. هەندێکیان ئایینین، ژیان لەسەر بنەمای باوەڕ لێک دەدەنەوە؛ هەندێکی تریان زانستین، پشت بە شێوازی تاقیکاری دەبەستن؛ هەندێکی تر ماتریالیستن، تیشک دەخەنە سەر لایەنە فیزیکییەکان و هەندێکی تریش ڕۆحین، پێوەندییان بە مانا نامادییەکانەوە هەیە. ئەم دیدە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و تێڕوانین لەبارەی بوون و سروشت و زانین و بەهاکان و ئەخلاق لەخۆ دەگرێت. جیهانبینیی گشتی «پشت بە (وتە) زمانییەکان دەبەستێت، جیهانبینیی فرەوان و گەورەیە تێکست بەشێکی بچووکیەتی، جیهانبینی فەزایەکی تێکەڵە لە بیر و ئەندێشە و وێنەی موجەڕەدی شتەکان و تێکستی هونەری لە فۆرمە ماددییەکەیدا دەقی پێ دەگرێت» (بەرزنجی 2019: 11). بەم شێوەیە، جیهانبینی کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە و بڕیاردان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیمان هەیە. جێگیر نییە بەڵام

ڕەنگە لە ئەنجامی ئەزموونەکان و گەشەسەندنی فیکریدا بگۆڕێت.

**1ـ 2ـ جۆرەکانی جیهانبینی:**

فەلسەفەی ژیان لەسەر جۆرێک باوەڕ و تێڕوانین و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە بوون دامەزراوە، ئەمەش پشت بە جۆرێک لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیهان دەبەستێت، ڕێبازەکان وەک ژێرخان دادەندرێن و پاڵپشتییەکەی پێی دەگوترێت جیهانبینی.

**1ـ 2ـ 1ـ جیهانبینی ئایینی:**

جیهانبینی لە ئاییندا واتا خوێندنەوە و بینینی جیهان لە ڕوانگە و گۆشەنیگای ئایینییەوە، «مرۆڤ لە پێش ئایین و دەقە ئایینییەکاندا شێوازێکی سادە و ساکاری هەبووە لە باوەڕداری و ئاینداری و خوداناسیدا. هەمیشە خودای وا بەرجەستە کردووە کە لە ئەندێشە و خولیایدا هاتوچووە» (جەمال 2011: 105). لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینانەدا، مرۆڤ پەنای بردە بەر بەرجەستەکردنی بوونی خودایەک و پەرستنی بە شێوەی جیاواز وەک: بت و پەیکەردروستکردن، نیگارکێشان، دیاردە سروشتییەکانی وەک مانگ و ڕۆژ و هەورەبروسکە... دواتر لای فەیلەسووفە یۆنانییەکان بەتایبەتی (ئەفلاتون)، تێڕوانین و دەرککردنی بۆ بوونی خودا ورد و قووڵتر بووەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: «پێویستە بیر لەخۆر و زەوی و هەسارەکان و لە هەموو شتێکدا بکەینەوە و تەنانەت سیستەمی سەرسوڕهێنەر و جوان و جیاوازی ساڵ و مانگ و هەموو ئەمانە جگە لە بەڵگەی بوونی خودایەکی بەهێز هیچی تر نییە.» (عبدالحمید، 2020: 23). کەواتە: ئەفلاتوون بیرکردنەوەی بەرەو هەستکردن بە بوونی خودایەک بۆ ئەو گەردوونە دەڕوات، کە کاری گەردوون ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات و زانیاری لەبارەی هەموو شتێکەوە هەیە.

دوای هاتنی ئایینەکان بەگشتی، جیهانبینی ئایینی ئامانجی ئەوە بووە، لێکدانەوەیەکی گشتگیر بۆ واقیع و مانای ژیان و ڕۆڵی مرۆڤ تێیدا پێشکەش بکات، «جیهانبینی ئیسلامی بۆ گەردوون و ژیان، جیهانبینییەکی یەکتاپەرستییە؛ واتە ئێمە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەیری بوون و جیهان و مێژوو و واقیع دەکەین، لە دیدێکی یەکتاپەرستییەوە کە ئیسلام هێناویەتی.» (بن لحسن، 2016: 11). یەکتاپەرستییش باوەڕێکە؛ چەمکێکی هەمەلایەنە بۆ بوون و ئەمەش زۆرێک لە زانایانی موسڵمان ئاماژەیان پێ کردووە. لەم بارەیەوە (اسماعیل ڕاجی الفاروقی) دەڵێت: بەهۆی (ئەوجیهانبینییەی کە ئیسلام لە هۆشی مرۆڤی موسڵماندا دایمەزراند، موسڵمانان دەستیانکرد بەدروستکردنی زانست و مەعریفە، بنیاتنانی سیستەمەکان و کۆمەڵگەکان، یەکێک لە گەورەترین شارستانییەتەکان بە مرۆڤایەتی دەبەخشن. ئەگەر ئیسلام جەوهەری شارستانییەتی ئیسلامی بێت، ئەوا یەکتاپەرستی جەوهەری ئیسلامە. باوەڕی یەکتاپەرستی کە پێغەمبەران هێنایان و لەلایەن ئیسلامەوە لە سەرچاوەکانی قورئان و سوننەتدا بڵاو کرایەوە، دیدگای بوون (وجود) یان دامەزراند لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی خودای گەورە و پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ و گەردوون پێناسە دەکات. ئەو یەکتاپەرستییەی کە جەوهەری ئیسلامە، نوێنەرایەتی جیهانبینێکی یەکگرتوو بۆ واقیع، ڕاستی، جیهان، کات، فەزا و شوێن دەکات). (الفاروقي، مجموعة مؤلفين، 1998: 131-137). بەمەش ڕەهەندی ڕۆحی و دانایی ئایینی تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن، ئەمەش بۆ گرنگیدانە بە جەوهەری ڕەوشتی و ڕۆحی.

**1ـ 2ـ 2ـ جیهانبینیی کۆمەڵایەتی**

جیهانبینیی کۆمەڵایەتی، ڕوانگەی مرۆڤ بەرانبەر کۆمەڵگە دەردەبڕێت، واتا هەموو ئەو لایەنە

کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی تێیاندا دەبینێت. لێرەدا جیهانبینی هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ لە جیهانی دەوروبەریدا، چونکە «لای گۆڵدمان، هەموو بیرکردنەوەیەک سەبارەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکان لەنێو کۆمەڵدا سەردەگرێ نەک لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵە». (دەشتی،2013: 84). ئەمەش لێکدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە، لەژێر کاریگەریی هۆکارە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینییەکاندا، کە پاشخانی فیکری و بەستێنی کۆمەڵایەتی تاک یان کۆمەڵ لەقاڵبدەدەن. ئەم چەمکە لای بیرمەندی کۆمەڵایەتی فەرەنسی لۆسیان گۆڵدمان جیهانبینی زیاتر وابەستەی کۆمەڵ دەکات، پێی وایە: «جیهانبینی نووسەر، زاراوەیەکە ئاماژەیە بۆ مانای ئەو بیرۆکە و ئاوات و هەستانەی کە ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیەتی و لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا لەململانێدان، جیهانبینی بووەتە فۆرمێک هۆشیاری کۆیی پێ دراوە، چونکە جیهانبینی هۆشیاری بە کۆمەڵە لە ئەنجامی هەندێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی... هاتووەتە ئاراوە کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە» (شحید،1980: 44) .

لە جیهانبینیی کۆمەڵایەتیدا، زیاتر جەخت لەسەر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی، وەک چینە کۆمەڵایەتییەکان، کارلێکی کۆمەڵایەتی و ژینگە، ئابووری، دەسەڵات، ڕۆشنبیری... دەکرێت. «بونیاد لای لۆسیان گۆڵدمان، لێکچوونی لەگەڵ تیۆریی بونیادی جان بیاجەدا هەیە لەلای بیاجە چەمکی تیۆری بونیادی تەواو کاری خراوەتە ڕوو، بەڵام لەلای لوسان گۆڵدمان ئەم چەمکە لە بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ئەدەبدا پراکتیزەکراوە لە ڕوانگەی بونیادگەری پێکهاتەیدا، بنەمایەکی سەرەکی دەخرێتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە هاوتابوونێک لەنێوان پێکهاتەی هونەری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هەیە و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی جیهانبینییەوە دەتوانرێت لێی تێ بگەین» (عبدلمالک، 2014 :275).

**1- 2- 3- جیهانبینیی لە شیعردا:**

جیهانبینی لە شیعردا، گوزارشت لە تێڕوانینی مرۆڤ دەکات بۆ ژیان، بوون، پێوەندییەکانی مرۆڤ، سروشت و ڕۆح، دابینکردنی تێگەیشتنێکی قووڵە بەرانبەر بە ئەزموونی مرۆڤایەتی لەنێو دەقی شیعریدا، پردی گواستنەوەی جیهانبینیی شاعیر بۆ نێو دەق و لەڕێی ئەویشەوە بۆ خوێنەر زمانە، بەمەش شاعیر دەیەوێ لەڕێی زمانەوە گوزارشت لە جیهانبینیی خۆی لەنێو دەقدا بکات و لەدیدێکی جیاوازیشەوە تەماشای دیاردە و ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگە دەکات و دەتوانێ واتایەکی نوێیان پێ ببەخشێت. لەم بارەیەوە لۆسیان گوڵدمان، لەنێوان دۆخی کۆمەڵایەتی و داهێنانی کولتووری ئەدەبیدا پرسی جیهانبینی دەگونجێنێت و دەڵێت: «جیهانبینی نیوەی داهێنانی کولتووری پێک دێنێت» (کەریم، 2012: 26). کەواتە: مانا لەشیعردا دەرخەری جیهانبینیی شاعیرە، جیهانبینیی شاعیریش لە شیعرەکانیدا، لەو پێوەندییە بەناویەکداچووانەی نێوان ژینگە و دەق پێک دێت. ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە لایەنی ستاتیکیی دەق بکرێتە قوربانی، چونکە «ئەرکی ئایدیۆلۆژیا و ستاتیکا دوو ڕووی یەک دراون. بە جۆرێک مەحاڵە هونەریی بوونی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بێتە دی، ئەگەر هەردوو ئەرکەکە پێکەوە و لەیەک کاتدا جێبەجێ نەکات» (وادی 2003: 42). بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە واتا لەنێو دەقی شیعریدا گرنگە، بۆ گەیاندنیشی ئەم واتایە پێویستی بە کۆمەڵێک شێوازی هونەری هەیە، تاوەکوو ماناکان لە فۆرمێکی ئەدەبیی جواندا بەخوێنەر بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا «جیهانبینیی شاعیر ڕوانین و تێگەیشتنیەتی لەشتەکان فەلسەفە و بیرکردنەوەیەتی لە ژیان و بوون و دیاردەکان، بیروباوەڕ و قەناعەتیەتی

دەربارەی ڕاستیگەلێک کە لەگەڵیاندا دەژی» (بەرزنجی، 2018 :3).

کەواتە پێوەندیی نێوان جیهانبینی و شیعر پێوەندییەکی پتەوە، دەتواندرێت دووپاتی ئەوەش بکرێتەوە، کە شیعر لە جیهانبینیی شاعیرەوە سەرچاوەدەگرێت بۆ ئەو واقیعە بەرجەستەیەی، کە لە جیهانبینی تایبەتی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە لەبەر ئەوەی «جیهانبینیی شاعیر تەنیا لە ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، بەهای فیکریدا سنووردار ناکرێت، چونکە بەم شێوەیە زیاتر لە تیۆرداڕشتن نزیک دەبێتەوە نەک لە جیهانبینیی شیعری، وێڕای هەموو ئەو شتانەی کە واتای شەفافیەت و ڕاستگۆیی و شیعرییەت و جوانکاری دەبەخشن، بەڵام سەرچاوەی جیهانبینی شاعیر خۆی لە کۆمەڵگە و کۆی تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەزموونە مرۆییە دادەتاشێت کە تێیدا دەژی» (شكري، 1986: 76) .

هەر لەم بارەیەوە تۆماس ئیلیوت 1888-1965 شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیز، شیعر و جیهانبینی بە یەکترەوە گرێ داوە و پێی وایە: «ئەرکی شیعر بەرجەستەکردنی فەلسەفەی ژیانە نەک وەک تیۆر بەڵکوو وەک جیهانبینی، تیایدا ئامانجی شاعیر خستنەڕووی جیهانبینییەتی بەرانبەر ژیان، ئەم جیهانبینییەش بە تەواوەتی دەرناکەوێت، ئەگەر پێکهاتە دەربڕینییەکەی ئەو ژیانە لەخۆ نەگرێت کە لە هزری مرۆڤدا دروست بووە» (عاطف، 2000: 82). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە (ئیلیوت) ئەرکی داوەتە شیعر و تەنیا وەک داڕشتنێکی زمانی سەیری ناکات، بەڵکوو شاعیر لەڕێی جیهانبینیی خۆیەوە لە دەقەکەیدا گوزارشت لەو واقعەدا دەکات، کە تیایدا دەژی.

جیهانبینی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئەدەبدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، لەهەر دەقێکی شیعریشدا بەگوێرەی واقیعی بابەتەکە دوو جۆر جیهانبینی بەدی دەکرێت، (یەکەم: جیهانبینیی بیناو، ماددیی پشت بە واقیعێکی بەرجەستە یان دیاردەیەک دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی ماددی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دووەم: جیهانبینیی عەقڵ و دڵ، ئەویش لە ڕێی خستنەڕووی جیهانبینییەکانی شاعیر بەرانبەر بە بوونی خۆی و بوون، کۆی ئەزموونەکانی ژیانی) (منصور، المختار، 2022: 4)، بەدیار دەکەوێت. هەردوو جیهانبینییەکە کاریگەرییەکی زۆریان لە شیعردا هەیە، هەندێک جار بەپێی زەمینەی فیکری و کولتووری بەناو یەکدا دەچن، یان پێچەوانەی یەکتری دەبنەوە.

**(3) 2- 1- ئایین لەدیدی زەینەب خاندا:**

ئەم جۆرەی جیهانبینی وەکوو هەر یەک لە جۆرەکانی دیکەی جیهانبینی، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی، لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بە گوێرەی ئایین و پاشخانە کولتوورییەکەی دەگۆڕێت. «جیهانبینیی ئایینی لە شیعردا پیشاندانی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئایینییە، بەپێی ئەو تێگەیشتنەی شاعیر بۆ خودی ئایین هەیەتی دەردەکەوێت» (عزالدين، 2023: 136). کەواتە: شاعیران جیهانبینیی ئایینی بەکار دەهێنن بۆ پرسەکانی خۆبەزلزانین و سوپاسگوزاری و بەهای باوەڕ و باس لە هەستەکانی دڵەڕاوکێی بوونگەرایی و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا دەکەن. «جیهانبینیی ئایینی دەتوانێت، لە شیعردا لە ڕێگەی هێما ئایینییەکان و ئاماژەدان بە دەقە پیرۆزەکان و بەکارهێنانی چیرۆکی پێغەمبەران و کەسایەتییە پیرۆزەکان، وەک هێما لە شیعرەکاندا دەربکەوێت» (سلام، 2006 :3). کەواتە: هەموو ئەمانە بەشدارن لە پێدانی قووڵاییی ڕۆحی بە شیعری ئایینی. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە دیدگای ئایینی ئیسلامە لە شیعرەکانی زەینەب خاندا، ئایینی ئیسلامیش دەڵێت: «خوا میهرەبانە و هەموو توانایەکی هەیە و خوڵقێنەری زەوی و ئاسمان و

هەموو بوونە. تاکە و دایباب و منداڵی نییە و لەڕێی پێغەمبەر و نێردراوەکانییەوە ڕێنمایی مرۆڤایەتی کردووە» (ڕزگار، 2022: 12). ئەم تێگەیشتن و قووڵبوونەوەیە لە ئایینی ئیسلامدا لە بەشێک لە دەقە شیعرییەکانی زەینەب خاندا ڕەنگی داوەتەوە و جیهانبینیی ئەومان سەبارەت بەم بابەتانە بۆ دەردەخات.

**2-1-1- بنەماکانی باوەڕ لە دیدی زەینەب خاندا:**

بێگومان بنەماکانی باوەڕ لە ئایینی ئیسلامدا شەشن، باوەڕنەهێنان بە هەریەک لەمانە دەرچوونە لەم ئایینە. زەینەب خانیش ئەمەی بە وردی لە شیعری "خودای بەخشندە"دا، کە ساڵی 1945 نووسیویەتی دەرخستووە و پێی وایە:

گەر مرۆڤ

بڕوا بهێنێ بە گشت پێغەمبەر

تەورات و ئینجیل، قورئانی سەروەر

بە خودای تەنیا و بە قەزاوقەدەر

بە عیلم و زانین بە ڕۆژی مەحشەر

دەبێتە مەردی مەیدانی دوایی

بێ خەم دەچێتە سایەی خودایی (زەینەب خان، 2022: 156)

شاعیر لەم دوو دێڕەدا، بە ڕوونی پێبەندبوونی مرۆڤ بە بنەماکانی باوەڕ، وەک: خودا و پێغەمبەران، کتێبە ئاسمانییەکان، قەزا و قەدەر، ڕۆژی دوایی، هاوشانی ئەمانەش زانست دەکاتە بنەمایەکی دیکەی باوەڕهێنان. بەم شێوەیە پێی وایە گەر مرۆڤ بەم بنەمایانەوە پێبەند بێت لە ڕۆژی دواییدا دەکەوێتە بەر سێبەر و لێخۆشبوونی پەروەردگار.

**2-1-2- بیرکردنەوە لە بوونی خودا لە دیدی زەینەب خاندا:**

لە دیدی شاعیردا خودا تاکە و تایبەتمەندیی کامڵبوونی هەیە و هاوشێوەی نییە و خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهایە، لە هەمان کاتدا مەبەستی دەرخستنی بێ هاوبەشی و بێ هاوتاییی خودایە. ئەم جیهانبینییەش پاڵنەرێکە بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕی خۆی و خوێنەر، هەروەها بیرکردنەوەشە لە هەموو تواناکانی پەروەردگار، ئەمەش لە چەندان دەقی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری "ناسین"دا، ساڵی 1949 نووسیویەتی، دەڵێت:

کە زانی خودای تاک بێ هاوتایە

هەر ئەو دەمێنێ و باقی فەنایە

بە غەیری خودا خودای تر نییە

بێ شەریک ئەوە زاتی ئەڵڵایە. (زەینەب خان، 2022: 186) .

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا، پەروەردگار زاتێکی ئەزەلییە و هاوبەشی نییە و تەنیایە و کەسی نییە، هەر ئەو شایستەی پەرستنە. بێگومان دیدی شاعیر، هەڵگری باوەڕێکی ئایینیی قووڵە، چونکە باس لە مانەوەی خودا و لەناوچوونی هەموو بوونەوەرەکان دەکات.

**2-1-3- پێغەمبەر موحەممەد (د.خ.) لەدیدی زەینەب خاندا:**

پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (د.خ.)، وەک کاریگەرترین و دوایین پەیامبەری خودا، بووەتە ئیلهامبەخشی بەرهەمی شیعریی زۆربەی شاعیرانی کورد، زەینەب خانیش وەک شاعیرێک لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەردا، کاریگەریی ئەم زاتە گەورەی لەسەر بووە. شاعیر دیدێکی ئەرێنی دەخاتە

ڕوو، کە پڕە لە ڕەحمەت و بەزەیی، هەروەها پێغەمبەر (د.خ.)، وەک هێمای شەفاعەت و ڕەحمەتی پەروەردگار وێنا دەکات. لە شیعری "بۆ محەمەد (د.خ.) پێشەوای مرۆڤایەتی"دا، کە ساڵی 1949 نووسیویەتی، دەڵێت:

شەو تا بەیەنی، ڕۆژ تا ئێوارە

بکەم تەعریفی، زاتی ئەو یارە

پێم بەیان ناکرێ، وەسفی محەممەد

لە ئینسانیەتی ئەو پایەدارە

هەر ئەو شەفیعی گوناهکارانە

کلیلی دەرگای تۆبەکارانە (زەینەب خان، 2022: 191).

لەم شێعرەدا بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر شەو و ڕۆژ خەریکی پێناسەی ئەم زاتە بێت، ناتوانێت مافی تەواوی پێ بدات، چونکە لەمرۆڤایەتیدا باڵاترینە.

**2-1-4- ژیان و مردن لەدیدی زەینەب خاندا:**

لە فەلسەفە ئایینییەکاندا ژیان وەک ئەزموونێک یان سەفەرێکی کاتییە، لە ئایینی ئیسلامیشدا «ئەم دونیایە کێڵگەیەکە بۆ ژیانی دوای مردن لە دونیادا مرۆڤ ماندوو دەبێت و کاری زۆر دەکات، لە ژیانی دوای مردنیشدا پاداشتەکەی بەرەو ڕوو دەبێتەوە، ئەگەر چاکە، ئەوە چاکە، ئەگەر خراپە، ئەوە خراپە» (عبد الاە، 2020: 20). لە شیعردا ژیان و مردن وەک دووانەیەکی ئەبەدی بەرجەستە دەبن، کە لە هەناوی خۆیدا مانا بەناویەکداچووەکانی سەرەتا و کۆتایی، خۆشی و خەم، بوون و نەبوون هەڵدەگرێت. زەینەب خان لەبارەی مردن و ژیانەوە چەند دەقێکی شیعری هەیە و دیدگای خۆی سەبارەت بەم بابەتە خستووەتەڕوو. لە شیعری "کەی هەق دەناسی"دا، کە ساڵی (1938) نووسیویەتی لە دوو دێڕی کۆتاییدا، دەڵێت:

تەمەن چاوترووکانێکە، وەک برووسکە تێدەپەڕێ

گەنجی قاڕوونت لە دەست بێ، بەبێ ئیمانت بۆ چییە

تۆ ئەم دونیایە جێ بێڵی، ئەسەفە بیر نەکەیتەوە

قیامەت ماڵی بەقایە، ئەبەدی و بێ کۆتایی یە (زەینەب خان، 2022: 113) .

لێرەدا جیهانبینیی شاعیرمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ژیان و تەمەن وەکوو چاوترووکان و برووسکە لە تێپەڕبوونیاندا بەخێرایی دەچووێنێت، ئەم وێناکردنەش واتا ژیانی دونیا کاتییە و زوو تێپەڕ دەبێت و پشتبەستن بە سامان و خۆشییە مادییەکانی بەتەنیا بێ بایەخن، مرۆڤ سەروەت و سامانی قاڕوونی هەبێ بێبەهایە، ئەگەر ئیمانی لەگەڵدا نەبێت. هەروەها ئاماژە بە گرنگیی ژیانی دوای مردن دەکات، وەک چارەنووسی کۆتایی، بەوپێیەی دەبێت ئەو ئامانجە ڕاستەقینەیە بێت، کە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، چونکە ژیانی دوای مردن هەمیشەیی و بێکۆتایە.

**2-2- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دیدی زەینەب خاندا :**

جیهانبینیی شاعیر بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دیدێکی بەهێز و هەمەلایەنە لەڕێی دەقە شیعرییەکانییەوە وا دەکات کۆمەڵگە بتوانێت ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببێتەوە و گۆڕانکاری ئەرێنی بەردەوام بەدەست بهێنێت، چونکە «ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای واقیعێکی زیندوو و ڕەهەندی تاکەکەسیش لەسەر بنەمای هۆشیاری داهێنەر دادەمەزرێت، جیهانبینییش لە ئەنجامی پێوەندییەکی دیالێکتیکی نێوان هەر سێ توخمی: واقیع، داهێنەر و کاری داهێنەرانە دەردەرکەوێت»

(البحيري، 2015: 167)، چونکە «ئەدەب بەرهەمێکی تاکی نییە وەک تێڕوانینێکی کەسیش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکەین. ئەم تێڕوانینە ئەگەرچی تاکیش بینووسێت گوزارشت لە ناخی کۆمەڵگە و تێڕوانینی خەڵک دەکات» (فضل، 2002: 56).

زەینەب خان لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە تێگەیشتن و جیهانبینیی خۆی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەست بە بابەتەکانی ئافرەت، ڕەخنە، پەروەردە و فێرکردن، بەها مرۆییەکان، دەخاتە ڕوو. ئێمەش بەشێک لەم دەقانە شی دەکەینەوە و ڕوانگەی شاعیری تیادا ئاشکرا دەکەین.

**2-2-1- ئافرەت لە دیدی زەینەب خاندا:**

زەینەب خان لە خانەوادە و ژینگەیەکی کراوە و تەندروست پەروەدە و گەورە بووە، تیایدا ڕێز لە مافەکانی ئازادی و خوێندن و یەکسانی... ئافرەتان گیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکی بە ئازار و چەوساندنەوەکانی ئافرەتی کورد لەو سەردەمەدا کردووە، چونکە شاعیر «هۆشیارییەکی ئەوەندە باڵای ئافرەتانەی یەکسانخوازانەی هەیە کە کەموێنەیە لەجۆری خۆیدا. » (قەرەداخی، 2018 :90)، بۆیە جیهانبینیی خۆی لەچەندان دەقی شیعریدا بۆ مەبەستەکانی یەکسانی و ڕۆڵ و پێگە و ڕەخنەگرتن لە ژندا خستووەتە ڕوو. بۆ نموونە شاعیر دیدگای خۆی سەبارەت بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە شیعری لە "ڕەگەزی ئێمە"دا، کە ساڵی 1962 نووسیویەتی ڕووني دەکاتەوە، کە ئافرەت و پیاو لەڕووی هۆشیارییەوە یەکسانن و جیهانبینیی خۆی دەخاتە ڕوو، ڕوو لە پیاوان دەکات و دەڵێت:

من مێ

تۆ نێر...

بەهرەت هەبێ

بەهرەدارم

دوژمنایەتی تۆ چیە

چێژ وەردەگری لە ئازارم. (زەینەب خان، 2022: 259) .

لەم کۆپلە شیعرەدا، جیهانبینیی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، پێیوایە کە ئافرەت لە ڕووی توانای بیرکردنەوە و بەهرەداریدا هیچی لە پیاو کەمتر نییە و یەکسانن، بۆیە نابێت پیاوان بە جیاوازیی هێزی جەستەیان ئازاری ئافرەتان بدەن چونکە، «ئەوە سروشتە وای کردووە، ژن و پیاو جیاواز بن، ئەم گوتەیە کاتێک دروستە، مەبەست لەو جیاوازییە، تەنیا لە یەکدینەچوونی بیۆلۆگی بێت و هیچی دیکە، بەڵام ئەوەی پیاو لە ژن باڵاترە، لە ئەفسانەیەکی حەوت ڕۆح بەو لاوە، هیچی دیکە نییە. » (حەسەن، 2013: 69).

**2-2-2- ڕەخنەگرتن لە دیاردە ناشیرنەکانی کۆمەڵگە لە دیدی زەینەب خاندا:**

بە تێرامان لە دەقە شیعرییەکانی زەینەب خاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەخنەی لە دیاردە چەوتەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی گرتووە، چونکە ئەرکی شاعیر لە شیعرەکانیدا تەنیا گواستەوەی ڕووداوەکان، یان ڕەنگدانەوەی وێنەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو ئەرکی ڕەخنەگرتن و چاکسازیشە. «شاعیر لەم ڕێچکەیەدا پەیامی ئەوەیە، کە ڕەخنە لەو شتانە بگرێت، کە شایستەی ڕەخنەلێگرتنن، جا بابەتی ڕەخنەلێگرتنەکە هەر بوارێکی جیاوازی ژیان بگرێتەوە، هەر بە تەنیاش خودی بابەتەکە نەخاتە ڕوو، بەڵکوو بەدوای هۆکاری سەرهەڵدانی و چۆنییەتیی ڕوودانەکەی دەگەڕێت و شیکارییانەش شییان دەکاتەوە» (بیرێژی و محەمەد، 2015: 19). کەواتە شاعیر هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر بۆشاییەکانی نێو بەهاکانی کۆمەڵگە،

زەینەب خانیش هەریەک لە بابەتەکانی شاعیران، دابونەریت، بێ پلانی، خیانەت، ناتەبایی، پیاوسالاری، هێزی چەک، دیاردە ناڕەوشتییەکانی نێوکۆمەڵگەی کوردی خستووەتە بەرنەشتەری ڕەخنەکانییەوە، لە سۆنگەی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ نەتەوەکەی ڕەخنە لە دیاردەی خیانەت و براکوژی دەگرێت. لە شیعری "ئەمڕۆ و بەیانی"دا، کە ساڵی (1946) نووسیویەتی، دەڵێت:

بەعزێ لەشکری دوژمن دەهێنن

هەتاکوو پشتی یەکتر بشکێنن

خیانەت نابڕێ لە خوێنی کوردان

بۆیە قەت نابنە هەتاوی ئاسمان

کێ دێ ئەو سیحرە بۆ من بەتاڵ کا

برا کە خوێنی برا حەڵاڵ بکا؟! (زەینەب خان، 2022 : 166)

جیهانبینیی شاعیر بە ڕوونی دەردەکەوێت بەوەی میللەتێک هەرخەریکی خیانەتکردن بن لە یەکتری، هەتاوی ئازادییان لێ هەڵنایەت. شاعیر بەلایەوە حەڵاڵکردنی خوێنی برا بەدەستی یەکتری، بە سیحرێکی ڕەش دەزانێت، کە بە کەس بەتاڵ ناکرێتەوە، واتە دیاردەیەکە لە بەرۆکی کوردان نابێتەوە.

### 3-2-2- پەروەردە و فێرکردن لە دیدی زەینەب خاندا:

شیعری منداڵان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، بایەخ بە کەسایەتیی منداڵ و ژیری و جەستەی دەدات، بەمەش ئەزموونێکی سەرەتایی لای منداڵ دروست دەکات، لە ئاییندەدا لەگەڵیدا دەژی. ئەم جۆرە شیعرە بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە، کە تیایدا ڕەچاوی ئاستی تێگەیشتن و توانای گەشەی مێشک و تەمەنی منداڵ دەکرێت، بۆ ئەوەی منداڵان بیخوێننەوە و سوود و چێژی لێ وەربگرن.

شیعری منداڵان «گوزارشتی جوان و وتەی شیرین و ئاسان دەگەیەنێ کە خۆشی دەخاتە دەروونی منداڵان و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوەکانیان و گەشی دەخاتە ڕوویان و گەشبینی و هیوا و بڕوا و متمانە بەخۆبوونیان پێ دەبەخشێت. ئەدەب بۆ منداڵان خۆراکێکی ڕۆحییە کە هۆش و خەیاڵی منداڵان پێویستییان پێی هەیە، زاخاوی بیر و هۆشیان دەدات، زەین ڕوون و ڕۆشنبیر و زۆرزانیان دەکات.» (فەتاح، 2022: 95). بەم شێوەیە ئەو دەقانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن هەر دەقێکی ئاسایی نین، بەڵکوو مەبەستدارن، کاریگەری درێژخایەن لەسەر هزر و خەیاڵ و دەروونی منداڵاندا بەجێ دەهێڵن، بۆ ئەم مەبەستەش زەینەب خان لە دیوانەکەیدا چەند شیعرێکی بۆ منداڵان تەرخانکردووە، کە ناوەڕۆکەکانیان مەبەستەکانی ئامۆژگاری و هاندانی منداڵان و ئاژەڵدۆستی لەخۆگرتووە. ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین، جیهانبینیی تایبەتی شاعیر بۆ منداڵان ئاشکرا بکەین. زەینەب خان لە شیعری "ئەدەبی خوێندن"دا، کە ساڵی (1940) نووسیویەتی، نەخشەڕێگەیەکی دروست پیشانی منداڵان دەدات، تا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سوودی لێ وەرگرن، دەڵێت:

بەیانی لە خەو هەڵساین، دەم و چاومان جوان دەشۆین

چییان هێنایە پێشمان، شوکری خوا دەکەین، دەخۆین

دەچینە بەر ئاوێنە، شانەی گیرفان دەردێنین

گوڵاو لە خۆمان دەدەین، پەرچەمان دادەهێنین

دوایە زۆر بە بێدەنگی، دەگرینە بەر ڕێی مەکتەب

ڕێز لە مامۆستا دەنێین، بەحورمەت و بەئەدەب

نابێ دەنگمان بەرز بێ، لەسەر دەنگی مامۆستا

بۆ وەڵامی هەر پرسیار، دامەنیشە و بوەستە

هەوڵی خوێندنت بدە، ئەگەر عاقڵ و ژیری

بەبێ خوێندن ناگەیتە، دانایی و ڕۆشنبیری (زەینەب خان، 2022: 292)

شاعیر لەم دەقەیدا ڕەفتاری ڕۆژانەی هەر منداڵێک لەماڵەوە تا قوتابخانە دەخاتە ڕوو، پاشان ئامۆژگارییان دەکات، کە لە بەرانبەر مامۆستادا بەڕێزبن لە خوێندنیشدا بەردەوام بن تا دەگەنە دانایی و ڕۆشنبیری. زەینەب خان لەم دەقەیدا هێندە بە وردی وێنای جیهانی منداڵانی کردووە، بە چەشنێک هیچ لایەنێکی ژیانی ڕۆژانەی منداڵی فەرامۆش نەکردووە. جیهانبینیی شاعیر لەم دەقەدا وێناکردنی سەرتاپای قۆناغەکانی ژیان و خوێندنی مرۆڤە لە منداڵییەوە تا گەورەبوون.

**4-2-2- بەها مرۆییەکان لە دیدی زەینەب خاندا :**

بەها مرۆییەکان لە شیعردا ڕەنگدانەوەی ئەزموون و هەستی قووڵی مرۆڤە. شاعیر دەتوانێت تێیدا ئامرازە هونەری و جوانیناسییەکان بەکار بهێنێت، بۆ تیشکخستنە سەر بەها سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەک دادپەروەری، ئازادی، خۆشەویستی... «بەها مرۆییەکان کۆمەڵێک ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و بنەمای ئایدیاییکی تاکە، لە سەرەتای منداڵییەوە لەسەریان پەروەردە دەبێت، بە درێژایی ژیانی لەگەڵیدا بەردەوام دەبێ و لە ژیانی ڕۆژانەشیدا، بە شێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی پراکتیزەیان دەکات. هەوڵێکە لەلایەن تاکەوە بۆ خۆڕازیکردن و بەدەستهێنانی ڕێزی کۆمەڵگە» (حمزة، 2019: 7). زەینەب خان بۆ ئەم مەبەستە دەسترەنگینیی خۆی لە بەشێک لە شیعرەکانیدا پیشان داوە. لە دەقی "هیتلەری زاڵم"دا، کە ساڵی 1942 نووسیویەتی، جیهانبینیی خۆی لەبارەی بەها مرۆییەکانی وەک دادپەروەری، هاوسۆزی، یەکسانی، خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی گەیاندووەتە لووتکە، دەڵێت:

ئینسان ئینسانە چ لێرە و لەوێ

ئازار بەو بگا بە منیش دەکەوێ

چ جوولەکە بێ و مەسیحی و ئیسلام

هەمووی ئینسانن باقی وەسسەلام

خوایە ڕیسوای کەی هیتلەری زەبوون

جەسەدی ئینسان دەکا بە سابوون

جەرگم دەسووتێ و دڵم ژان دەکا

ئەو زوڵمە ڕۆحم هەراسان دەکا (زینەب خان، 2022: 136 ).

لەدیدی شاعیردا، مرۆڤبوون پێوەری سەرەکییە لە کۆمەڵگەدا و پێی وایە نابێت مرۆڤ لەسەر بیروباوەڕ و ئایینی جیاواز مافیان پێشێل بکرێت و ئازار بدرێن، چونکە زەینەب خان بە ئازاردانی هەر مرۆڤێک لە جیهاندا ئازار دەچێژێ و هاوسۆزی خۆی لەبەرانبەریاندا دەنوێنێت، ئەمەش ئەوپەڕی مرۆڤدۆستیی شاعیرمان پیشان دەدات، بۆیە نزای ڕیسوابوون لە هیتلەر دەکات.

**(4) ئەنجام:**

- ئەزموونی ئەدەبیی زەینەب خان وەک ژنێکی کورد، لەو سەردەمەدا ئەزموونێکی بێهاوتا بووە. بۆ خۆی لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر بووە، بۆ خۆیشی کەسێکی باوەڕدار بووە، بۆیە بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بۆ لایەنی ئایینی تەرخانکردووە. شاعیر جگە لە دەرخستنی دید و تێڕوانینی خۆی بەرانبەر: بنەماکانی باوەڕ هێنان بە خودا و پێغەمبەر، کتێبە

ئاسمانییەکان، قەزا و قەدەر، ڕۆژی دوایی، زانستیش دەکاتە بنەمایەکی دیکەی باوەڕهێنان. دیدی شاعیر بۆ بوونی زاتی خودا هەڵگری باوەڕێکی ئایینیی قووڵە، چونکە باس لە مانەوەی خودا و لەناوچوونی هەموو بوونەوەرەکان دەکات. دیدێکی ئەرێنیشی هەیە بەرانبەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، کە پڕە لە ڕەحمەت و بەزەیی، کە وەک هێمای شەفاعەت و ڕەحمەتی پەروەردگار وێنای دەکات. بەگشتی شاعیر لەکۆی 209 دەقی شیعری دیوانەکەیدا 38 دەقی بۆ مەبەستە ئایینییەکان تەرخان کردووە.

– زەینەب خان وەک شاعیرێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە، کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هەڵبەتە ئەمەش دیدگای شاعیرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە بەرانبەر ڕۆڵ و ئەرکی شیعر، کە تەنیا گەمەیەکی زمانەوانی ڕووت نییە، بەڵکوو ئەرکدارە و پەیامێکی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە هەریەک لە پرسەکانی ئافرەت، ڕەخنەگرتن لە دیاردە ناشیرنەکانی نێو کۆمەڵگە و دانانی ڕێگەچارە بۆیان و پەروەردە و فێرکردن... کردووەتە بابەتی بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا. شاعیر لە کۆی 209 دەقی شیعری دیوانەکەیدا، 110 دەقی بۆ پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان کردووە.

### (5) سەرچاوەکان


بەکوردی:

– باجەلان، بڵند (2024)، زەینەب خان لەنێو دونیای چەمکە جیاوازەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانە کوردستان، سنە.

– بیرێژی، محمد، حەسەن یوسف، شاخەوان فەرهاد، (2015)، پێشمەرگە لە شیعری شاعیرانی کورددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– برایم، ڕابەر سەید، (3\7\2018)، زەینەب خان ئەستێرەیەکی بزر لەبەرزایی ئاسمان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 7604.

– بەرزنجی، ئیسماعیل، (31\7\2018)، شێرکۆ بێکەس لەنێوان جیهانبینی و شیعرییەتدا، بەرواری سەردانیکردنی سایت -15\11\2024 کات شەشی ئێوارە-http://www.khakty.net\all-detail.aspx.

– جەمال، نەوزاد، (ئەیلولی2011)، دەربارەی خودا لە ئایینەکان و قۆناغی بەر لە ئایینەکاندا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە 3.

– حەسەن، حەمە سەعید، (2013)، من لە سایەی ستەمدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

– حەیدەری، مومتاز، (پایزی2022)، دیوانی کچە کورد زەینەب خان شاکارێکی مەزن، گۆڤاری مێژوونانسی، ژمارە3.

– حەوێزی، دەریا جەمال حەوێز، (2013)، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لەباشوری کوردستاندا، کۆلێژی زمان-زانکۆی کۆیە، تێزی دکتۆرا.

– دەشتی، کەریم، (2013)، فەلسەفە و ئەدەب، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

– ڕەسوڵ، شوکریە شەکراو، (2018)، زەینەب خان (کچە کورد)، (1900-1983) خانمە شاعیری پێشەنگ لەخەبات و کۆڵنەداندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– ڕەسوڵ، حەمە ڕەسوڵ، (2013)، جیهانبینی لەڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو 2000-2010، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- ڕەسوول، سوداد، (2019/8/5)، دیوانی زەینەب خان کچە کورد ڕاستیە یان وەهم؟، زانکۆی سۆران - فاکەڵتی پەروەردە، گۆڤاری ڕامان ، ژ267.

- ڕزگار، محەمەد، (2022)، ئایینی ئیسلام، https:\\zaniary.com\blog\6290106c4e8ef سەردانیکردنی سایت1\11\2024 کات 7و20خولەکی ئێوارە.

- زەنگەنە، مەلاڕەئوف، عەبدوڵا، حیکمەت حەمید، (2022)، دیوانی زەینەب خان (کچە کورد) 1900-1963، چاپخانەی انتشارات سنە.

- شەریفی، فەرشید، (2007)، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستەکۆمەڵایەتیەکان ئینگلیزی-فارسی- کوردی ،چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی.

- شەورۆ ، سلێوە، فازڵ، هاوژین، (2017)، جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- عارف، محەمەد نوری، (2018)، زەینەب خان (کچەکورد) ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی کە مافی خۆی پێنەدراوە.

- عەبدولڕەحمان، مەعرووف، (تەمووزی\2022)، وەلامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسوول، دیوانەکەی زەینەب خان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، گۆڤاری دیوان، ژمارە (14).

- عەلائەدین، عەبدولخالق، (2021)، کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە کۆکردنەوەی زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، چاپی یەکەم،

- عزالدین، سۆران بهاءالدین، (2023)، جیهانبینی سالم لە شیعرە کوردییەکانیدا، تێزی دکتۆرا،ک ۆلێژی زمان-زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- عەلائەدین، عەبدولخالق، (5\2\2020) زەینەب خان لە نزیکەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (273) بەریتانیا.

- عەبدوڵا، سەروەر، (2019)، دیوانی زەینەب خان و چەند سەرنجێکی دەقناسی لەمەڕ نادروستی تێکستەکانی ماڵپەڕی چاودێر،https:\\www.cgawderorh\detailne, ws.aspx?Jimبەرواری سەردانیکردنی سایت 2\11\2024کات 4و30 خولەکی عەسر.

- غەمبار، کەمال، (2021)، ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ماد.

- قەرەداخی، مەهاباد، (بەهاری 2018)، زەینەب خان شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم، گۆڤاری شیکار، ژمارە (23) .

- فەتاح، عەبدولکەریم، (2011)، "میزان" ئیسلام لە نێوان دەرکەوتەکانی میزانی قورئاندا پرۆژەی نوێبوونەوە.

- فەتاح، ماجید خەلیل، کۆمەلەنووسەرێک، (2022)، دیداری مندالان، سلێمانی.

- فەرەج، هۆگر مەحموود، (5\1\2020)، دیوانەکەی زەینەب خان (کچە کورد) گومانە کوردانەکانمان، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان، گۆڤاری ڕامان، ژ (272).

- کەریم، حەسەن یوسف، (2012 )، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی عەتا

نەهایی دا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

- کەریم، عەلی مستەفا، (2013)، جیهانبینیی ئایینی و میتافیزیکی لای گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.

- موفتی، عەلائەدین، عوسمان ڕەشاد، عەبدولخالق، (2020)، زەینەب خان و چەند بیرەوەریەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد.

- مەعرووف، عەبدلڕەحمان، (5\11\12\2020)، زەینەب خان کچەکورد لە ویژدانی چەند کەسایەتییەکدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ( 278-277)


**بەزمانی عەرەبی:**

- البحيري، محمد الامين، (2015)، البنيه التكوينيه من الاصول الفلسفيه الى الفصول المنهجيه، بيروت كلمه النشر و توزيع ط1.

- المفتي، عثمان، (ئاب-2018)، زينب خان..الأديبة الكبيرة التي لم ينصفها التاريخ، أربيل.

- بن سراي، نصر الدين، (شتاء-2018)، رؤيه العالم بوصفها اداة اجرائيه لمقاربه الحداثه، مجلة-اسلاميه للمعرفه، السنه-23، عدد-91.

- بن لحسن، بدران، (10/11/ 2016)، في جوهر المرجعية الإسلامية، https://www.aljazeera.net/blogs// زيارة الموقع29\10\2024 ساعة 3و30 عصرا.

- حمزه، محمد، (الخميس 8 ذو القعده 1440 ه، 11 يوليو 2019 م )، القيم الانسانيه،

زياره الموقع 7\12\2024 ساعه 8:40 مساء https://www.alriyadh.com/1765337

- زايد، احمد، (سبتمبر 2015)، مفهوم رؤيه العالم في علم الاجتماع والانتروبولوجيا، مجله- الاجتماعيه القوميه- المجلد الثاني والخمسون، العدد الثالث.

- سلام، محمد زغلول، (تاريخ الاضافه 2006/10/11 ميلادي)، رؤية في الشعر الاسلامي بين المضمون والشكل، مجله الادب الاسلامي، السنه الثانيه، العدد السادس.

- شحيد، جمال، (1980)، البنيه "التركيبيه دراسه في منهج لوسيان غولدمان" منهج البحث الادبي، دار ابن طاهرعلي جواد، بيروت.

- شكري، غالي، (1986)، شعرنا الحديث إلى أين ؟، دار المعارف، القاهرة.

- عاطف، فضول، (2000)، النظريه الشعريه عند اليوت وادونيس، الهيئه العامه لشؤون المطابع الاميريه.

- عبدالحميد، شرف الدين، (20 ابريل 2020)، افلاطون -٣- نقد الالحاد وادلة وجود الاله عند افلاطون، مواقع أعضاء هيئة التدريس بجامعة سوهاج.

- عبدالمالک، هاله ربيع عبدالعزيز، (2014)، شعر اليوسفيين دراسه تحليليه فى ضوء (رؤية العالم) لجولدمان، حولية كلية اللغة العربية زقازيق، عدد- الثالث و اربعون.

-... › https://staffsites.sohag-univ.edu.eg زيارة الموقع 25\10\2024 الساعة 8و40 دقيقة مساء.

- عبد الاله، عنتر صلحي، (8 اغسطس 2020)، مفهوم الحياه والموت في الاديان السماويه، https://almohaweron.co/10347-2/زيارة الموقع 12\11\2024 الساعة10و40 دقيقة مساء.

- فضل، صلاح، ( 2002)، مناهج النقد المعاصر، دار الافاق العربيه، القاهره.

- ملكاوي، فتحي حسن، (2021)، رؤية العالم حضور وممارسات في الفكر والعلم وتعليم، ط الاولي، المعهد

العالمي للفكر الإسلامي - هرندن – فرجينيا- الولايات المتحدة الامريكيه.

- مجموعة مؤلفين، ( 1419هـ/1998م)، أطلس الحضارة الاسلامية، ط1، مكتبة العبيكان الرياض.

- منصور، المختار، فاطمه صباح، وسن عبد الغني مال الله، (2022)، الرؤيه الشعريه مقاربه تاصيليه، مجله ابحاث- كليه تربيه الاساس، المجلد (18)، العدد(4).

- وادى، طه، (2003 )، الروايه السياسيه، ط1، دار نوبار للطباعه ، القاهره.

بەزمانی ئینگلیزی:

-Albert Sidney Hornby(2010) ,Oxford Advanced Learners Dictionary.8th ed. Oxford; Oxford University PRESS. {cited 2023 Jun23}, P.1780.

## الملخص

هذه الدراسة هي محاولة لإبراز أفكار ورؤية زينب خان في أشعارها تجاه الدين والمجتمع. وبما أن رؤية العالم جزء من النسيج الثقافي، ولهذا أصبح الدين والقضايا الاجتماعية محل اهتمام وتأمل الشاعرة، وهذا بدوره أدى إلى عرض أفكارها ووجهة نظرها حول هذه الموضوعات، ومن الجدير بالذكر أن نظرة الشاعرة للدين إيجابية، إذ استفادت من القيم الدينية لتعزيز الأخلاق والعمل الصالح. وقد تأثرت في ذلك بعائلتها وتعليمها الديني .

زينب خان، كشاعرة غير منفصلة عن المجتمع، جسدت المشاكل والقضايا الاجتماعية في محتوى أشعارها، وهذا بالطبع يوضح لنا رؤيتها تجاه البعد الاجتماعي، الذي أصبح مرآة لإيصال موضوعاتها. ومن هذا المنطلق أصبح كلا الموضوعين جوهر بحثنا هذا إذ يندرج ضمن فئة الرؤية العالمية الخاصة في إطار رؤية لعصر ما. واقتضت مادة الدراسة أن تنقسم إلى قسمين وأربعة محاور، وكل محور يتضمن عدة موضوعات. وهذه المواضيع تبرز أهمية دراستنا هذا ولتنظيم العمل بشكل أفضل، اتبعنا منهج (النقد الاجتماعي- النقد التحليلي)، تم تحليل الأمثلة الشعرية المستخدمة حسب الضرورة.

الكلمات المفتاحية: رؤية العالم، الدين، البعد الاجتماعي، الشعر، زينب خان.

## Abstract

an attempt to express Zainab Khan's thoughts and views in her poems; Against religion and society. Worldview is part of the cultural structure, so religion and social issues have become the focus of the poet's thoughts. Zainab Khan was one of the poets who was very sensitive to religious and social issues, which led her to express her views on them in a special way. The poet's view of religion is positive and benefits from religious values received to promote morality and goodness. This was influenced by his family and religious education. Zainab Khan, as an integral poet of society, has reflected social problems in the content of her poems, which explains her worldview towards the social dimension, which has become a mirror to convey her subjects. Here, the two topics together have become the essence of our research goes into the cell of a particular worldview within the framework of the worldview of an era, which consists of two parts and four themes, each theme has several topics of its own holds These issues highlight the importance of our research. To further organize the work, we have followed the method of social criticism and analytical criticism. We have analyzed the poetic examples used as necessary.

Key words: Worldview, Religion, Social Dimension, Poetry, Zainab Khan.

# ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێك بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری "شەبەنگی شینی ژمارەکان"ـی هاشم سەراجدا

**د. سەیوان محمد تاهیر**

**دکتۆرا لە ئەدەبی نوێی فارسی و کوردی**

**کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە/ بەشی کوردی/ زانکۆی سەلاحەددین/**

Saewan.mt@gmail.com

**پوختە:**

ڕەنگ وەکوو دیارترین توخم لە بواری هەستەکاندا، لە سەرەتاوە تا ئێستە مایەی سەرنجی مرۆڤ بووە، هەمیشە بە هۆی ئەو سیحرەی کە هەیبووە، توانیویەتی کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤەکان دروست بکات.

لەلایەکی دیکەوە، پێوەندییەکی بەتینی بە لایەنی دەروونی، سەلیقە، حەز و خولیای مرۆڤەوە هەیە، بۆیە لە پۆشینی بەرگدا، لە دیکۆر و هەر کردەیەکی ڕەنگسازیدا، هەمەڕەنگییەکی بێسنوور لە ڕووی ڕەنگەوە بەدی دەکەین.

ڕەنگ لە ڕووی باوەڕەوە، لەم سەردەمەی ئێستەدا جوانی و جیهانی ئافراندن و هێزی دەستی هونەرمەندە، گرنگترین توخمە لەسەرهەڵدانی داهێنانی هونەریدا. ئەمڕۆ بە باوەڕی زۆربەی گەورە هونەرمەند و ئەدیبانی جیهان "ڕەنگ" گرنگترین ڕەنگدانەوەی داهێنانی هونەرییە.

شیعر هەڵبژاردنی وشەکانە، یا ڕەنگکردنە بە هۆی وشەکانەوە، هەڵبژاردنی ڕەنگەکان لە بواری هونەری شاعیردا ناتوانێت بێکاریگەر بێت؛ هەڵبژاردنی هۆشیارانە یان نائاگایانەی هەر ڕەنگێک لە ڕەفتاری شاعیر و لە چینەکانی خوارەوەی جیهانبینییەکەیدا دەبێ ڕێنوێنی بکات.

لەم توێژینەوەیەدا، بە شێوەیەکی زانستی بەهۆی وشەکانی ناو دەقەکەوە، بەهۆی بەشێک لە تایبەتمەندیی ڕەفتارییەوە، ویستومانە بگەینە ئاستێکی باش بۆ ناساندنی "هاشم سەراج" لە دیوانی "شەبەنگ شینی ژمارەکان"دا.

وەرگرتن: 2025/4/8

پەسەندکردن: 2025/6/17

بڵاوکردنەوە:

**کلیلەوشە:**

ڕەنگ، شیعر، دەروونناسیی ڕەنگ، دەلالەتەکانی ڕەنگ، هاشم سەراج.

## پێشەکی:

ڕەنگ دیاردەیەکە لە نێو سروشتدا هەیە، پێوەندییەکی پتەویشی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئەم پێوەندیەیەش لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەگرێتە خۆ؛ هەموو ئەم لایەنانەش بۆ سروشتی پێوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ ڕەنگ لەنێو سروشتدا دەگەڕێتەوە.گوزارشتەکانی ڕەنگیش گرنگی خۆی هەیە لە نێو زانستی دەلالەتدا، ئەمەش لە پێناو بەراوردکردنی لایەنی زمانی و دیاریکردنی دەلالەتەکانی بە شێوەیەکی بابەتیانە، بەڵام دەکرێت هەمان وشە لە ڕوانگەی دەلالەتەوە لە واتایەک زیاتری هەبێت، بۆیە خودی جیاوازیی "واتا" گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکوو گرنگییەکەی بریتییە لە بەدەستهێنانی جیاوازییەکان بە ڕێگەی تر.

لە ڕووی بیر و ئایدیاشەوە، مرۆڤ بەپێی شوێن و کات، بەپێی باری شارستانی و کولتوور، بە گوێرەی ڕەوشی دەروون و ژینگە، بە شێوەی جیا جیا لە ڕەنگ دەڕوانێت. ڕەنگ مۆرکێکی هێماییانەشی هەیە، لە هەموو بوارێکی ژیاندا سوود لەو مۆرکە وەردەگیرێت. بۆ نموونە، هەر وڵات و نەتەوەیەک ئاڵایەک دەکاتە هێمای خۆی. ئەو ئاڵایەش لە دوو توخمی "ڕەنگ + فۆرم" پێک دێت. فۆرمەکە زۆر جار لە شێوەی هێڵکارییەکی ئەندازەیی یان نەخشێکی سادە و چرە هێمادارە، ڕەنگ ئەرکی تەواوکارانە لە گەڵاڵەبوونی هێماییانەی ئاڵادا بەدی دەهێنێت. ڕەنگ بەدەم خواستی دەروونی و حەزی مرۆڤەوە دەچێت. ڕەنگ خۆی ڕواڵەتێکی بێلایەن و بابەتییانەیە، مرۆڤ دێت واتا و ڕەهەندی هێماییانەی پێ دەبەخشێت.

شاعیران باشترین کەسانێکن کە دەتوانن دەلالەتە جیاوازەکان لە نێو شیعرەکانیاندا پیشان بدەن، بەڵام بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم دەلالەتانە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە گوزارشتی بەکارهاتووی جیاواز بەپێی هەستەکانی شاعیر دەگۆڕێت لە نێو چوارچێوەی ئەو دەقانەی کە بەکاریان دەهێنێت. هاشم سەراجیش یەکێکە لەو شاعیرانەی توانیویەتی گوزارشتی جیاواز بۆ ڕەنگ بەکار بهێنێت، دەلالەتی جیاواز لە نێو شیعرەکانیدا سەبارەت بە ڕەنگ پیشان بدات.

**هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ سروشتی دەوڵەمەندی شیعرەکانی هاشم سەراج دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە بواری هەڵبژاردنی ڕەنگ لە نێو شیعرەکانیدا، هەروەها ڕەنگ کاریگەریی دەروونی لەسەر شاعیر و گوێگر هەیە و دەلالەتی هەمەجۆر و قووڵ لەخۆ دەگرێت، چ لە زمانی ئاساییدا بێت یان لەناو دەقی ئەدەبییدا، ڕەنگیش پێوەندییەکی گرنگی بە سروشت و ژیانی مرۆڤەکان و دەقی ئەدەبییەوە هەیە، ئەمەش گرنگیی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەردەخات.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەرخستنی لایەنی چەمک و زاراوەی ڕەنگ و هۆکاری هەڵبژاردنی ڕەنگە لە نێو دەقدا، دواتر ئامانجمان دەرخستنی دەلالەتەکانی ڕەنگە لە نێو دیوانی "شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا".

**پرسیاری لێکۆڵینەوە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە:

١- ڕەنگ چ کاریگەریەکی بەسەر دەروونی شاعیرەوە هەیە؟

٢- ڕەنگ بە گشتی لە دیوانی شەبەنگی شینی ژمارەکاندا چی دەگەیەنێت؟

٣- پێوەندیی ڕەنگ بە سروشت و ژیانی مرۆڤەوە چییە؟

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** میتۆدی لێکۆڵینەوەکە وەسفی شیکاری کتێبخانەیییە[3].سەرەتا لایەنی مێژوویی زاراوەی ڕەنگەکانمان خستووەتە ڕوو، دواتر شیعرەکانمان شی کردووەتەوە و پراکتیکمان کردووە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** سنووری لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی دیوانی شیعری "شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراج"ـە.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی پێک دێت. بەشی یەکەم لە دوو پار پێک دێت، پاری یەکەم بریتییە لە چەمک و زاراوەی ڕەنگ، پاری دووەمیش پێک دێت لەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی ڕەنگ لە دەقدا هەیە. بەشی دووەمیش لە یەک پار پێک دێت، ئەویش "ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێک بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراج"دایە. دواتر ئەنجام و کورتەی باسمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتە ڕوو.

پێشینەی توێژینەوە

سەبارەت بە ڕەنگ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە چوار چێوەی وتار و نامەی دوکتۆرادا ئەنجام دراون، کە هەوڵ دەدەین ئەوانەی بەردەستن وەکوو پێشینەی توێژینەوە بیانخەینە ڕوو.

**د.موستەفا زەنگنە/٢٠٠٢ "ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی سیمانتیکیە"** نووسیویەتی، لێکۆڵینەوەیەکە باس لە ڕەنگ دەکات لەسەر بنەمای واتاسازی، پێی وایە وشە ڕەنگییەکان سروشتی ڕێزمانییان نییە تاوەکوو بچنە ناو ئاستەکانی ترەوە. لە بەشی یەکەمدا باس لە بیردۆزەکانی ڕەنگ دەکات لەسەر بنەمای فیزیایی، کە درێژیی شەپۆلەکانی ڕەنگی بەپێی تێڕوانینی زانایان خستووەتە ڕوو، یەکەی پێوانەی ئەنگستزۆمی بەکار هێناوە، لەگەڵ شەپۆلەکانی بینین بەپێی یاسای فیزیایی. لەبەشی دووەمدا باس لە وشەکانی ڕەنگ دەکات بەشێوەی ڕاپرسی لەسەر ٢٠٠ قوتابیی زانکۆ ئەنجام دراوە. لە بەشی سێیەمدا باس لە واتاکانی ڕەنگ دەکات، وەکوو بوارێکی واتایی ڕووت پێناسەی واتایی بۆ کراوە کە هەموو گۆڕانێکی واتایی ڕەنگ بە میتافۆر داندراوە، بەوپێیە مامەڵە لەگەڵ واتاکانی ڕەنگ کراو.

لێرەدا بە تەنیا جەخت لەسەر میتافۆر کراوەتەوە، لە هەمان کاتدا بابەتی ڕاپرسی سەد لە سەد نییە، جیاوازە لەگەڵ مامەڵەی ئێمە بۆ ڕەنگ، کە خاڵ بە خاڵ ڕەنگمان شی کردووەتەوە.

**د.لوقمان ڕەئوف/ ٢٠١٧ "سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا- دیوانی ڕەنگدان بە نموونە".** لێکۆڵینەوەیەکی سیمۆلۆژییە، باس لە دەلالەتەکانی ڕەنگ بەپێی جۆری تێڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشتی دەوروبەری و کاریگەری لەسەر جیاوازی و تێڕوانینی جیهانبینی کەسەکە دەکات و دەخاتە ڕوو. تەنیا باس لە چەند ڕەنگێک دەکات کە بریتین لە: زەرد،

[3] توێژینەوەی کتێبخانەیی پرۆسەیەکی سیستماتیکی و هەنگاو بە هەنگاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نووسینی بابەتێک یان پێشکەشکردنی سیمینارێک بەکاردێت.لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەییدا، پێویستە توێژەر بگەڕێتەوە دواوە و دووبارە دەستکاری نووسینی زانیارییەکانی پێشوو بکات. شێوازی کتێبخانەیی لە هە موو لێکۆڵینە وە زانستییە کاندا بە کاردە هێنرێت و لە هە ندێکیاندا تە وە ری لێکۆڵینەوەیە .لە سەرەتاوە تا کۆتایی پشت بە ئە نجامە کانی لێکۆڵینە وە ی کتێبخانەیی‌دە بەستێت.لەوانەش هەموو بەڵگەنامە چاپکراوەکان بابەتی زانستی ، کتێب، ئینسایکلۆپیدیا، فەرهەنگ، گۆڤار ، ڕۆژنامە، گۆڤاری هەفتانە، گۆڤاری مانگانە، فەرهەنگ، کتێبی ساڵانە، چاوپێکەوتنی چاپکراو ، توێژینەوە، کتێبی کۆنفرانسە زانستییەکان، دەقە چاپکراوەکانی ئیندێکس لە داتابەیس و ئینتەرنێت و ئینترانت و ...هەر سەرچاوەیەک کە دەتوانرێت بە شێوەی چاپکراو دەستنیشان بکرێت.

شین، سوور و سپی، زۆرترین ڕەنگ کە باسی کردبێت بریتین لە: شین، سوور، ڕەش.

باسکردن لەچەند ڕەنگێک بێ ئەوەی هۆکارەکەی باس بکات دەهێنێتەوە، ئایا شاعیر خۆی لەو ڕەنگانە نەداوە یان ئەم ڕەنگانە ئاماژن بۆ شتی تایبەت؟ کە ئەمەش دوورە لە شێوازی کارکردنی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە.

**د. عەدنان عەبدول ڕەحمان تەها، د.شنۆ محمود محمد/٢٠١٨ "ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیما یوشینج دا- توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە"** خۆی لە دوو بەش دەبینێتەوە، بە بێ پوختە، کە بەراوردی شیعری هەردوو شاعیری کردووە لە بەکارهێنانی ڕەنگ لە شیعرەکانیاندا، دیوانەکانی هەردوو شاعیر دیاری نەکراوە و بە گشتی وەرگیراوە، کە دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوی لە وتارەکەدا، لە هەر بەشێکدا بە جیا شیعری هەردوو شاعیر هێنراوەتەوە بە ناوی ڕەنگ و هاوچەشنەکانی کە تێکەڵ کراوە، کە جیاوازە لە ناونیشانی سەرەکی کە ڕەنگە؛ نەنوسراوە هاوچەشنەکانی.

ڕەنگە هاوچەشنەکان چییە؟ چی دەگەیەنێت؟ ڕوون نەکراوەتەوە، نارونی هەیە لە بەراوردی شیعری هەردوو شاعیر.

**د. ژوان عبد السلام، م.یوسف عەلی/٢٠١٩ "دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی موستەفا بەگی کوردیدا"** وتارێکە باس لە ڕەنگ دەکات وەک بەشێکی سەرەکی لە شیعرەکانی موستەفا بەگی کوردیدا، باس لە فەلسەفەی ڕەنگ و دەلالەت و پێوەندی نێوان ڕەنگ و شوێن لە شیعرەکانی "کوردی"ی شاعیردا دەکات، ئاماژەیان بە ڕەنگی بنچینەیی و لاوەکی هارمۆنی کردووە، ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئامارییە و بابەتی فەلسەفە باس کراوە، کە دوورن لە ڕێبازی توێژینەوەکە و بابەتی سەرەکی. فەلسەفە شتێکە و ڕەنگ شتێکی ترە، دەبوو باس لە فەلسەفەی ڕەنگ بکرایە نە دوو زانست تێکەڵ بکرێت.

**م. روخسار نەبی مەقدید/٢٠٢٣ "میتافۆری چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا"**، وتارێکە باس لە ڕەنگ دەکات بەپێی میتافۆری زمانی لە زمانی کوردیدا. لە ڕوانگەی میتافۆرەوە چەمکە جیاوازەکانی ڕەنگی لە زمانی کوردیدا خستووەتەروو، بەپێی میتافۆری چەمکی ڕەنگەکان ناوچە ئەرێنییە واتاییەکان و نەرێنییە واتاییەکان ڕوون دەکاتەوە، وتارێکە بە پشتبەستن بە فەرهەنگ نووسراوە و باسی زمان نەکراوە، بەشێکی زۆری ئەم وتارە باسکردنی لە میتافۆرە، کەمتر باس لە ڕەنگ کراوە.

ئەم وتار و توێژینەوانە باس لە ڕەنگ دەکەن کە نزیکن لە کارەکەی ئێمە، بەڵام شێوازی کاردنی ئێمە لەم وتارەدا جیاوازە، جگە لەوەی کە شیعری نوێ و کورتە شیعرە، جۆرەکانی ڕەنگمان بە گشتی و بە تایبەتی پەیوەست کردووە بە دیوانە شیعریەکەوە و دوور لە هەر بابەتێکی لاوەکی و زیادە.پێناسەکانی ڕەنگ و زاراوەی ڕەنگ و پێوەندی ڕەنگ بە لایەنی دەروونی خراوەتە ڕوو. ئامار و چەشنی ڕەنگ و فەرهەنگ و فەلسەفە کاری ئێمە نییە، چوونکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆیی لەکاری ئەدەبی و دوورکەوتنەوە لە تەوەرەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە کە ڕەنگە.

## بەشی یەکەم/

### ١-چەمك و زاراوەی ڕەنگ

ڕەنگ لە ڕووی چەمکەوە چەندان دەلالەتی هەیە، کە لە فەرهەنگەکاندا پێناسەکراوە، لە ڕەنگ بە واتای ئەوەیە کە شێوەیەکە وەک ڕەش و سوور، ڕەنگەکەی ڕەنگدارە و ڕەنگی هەموو شتە، کە جیاوازی دەکات لە نێوان خۆی و ڕەنگێکی تر، هەروەها لە فەرهەنگی "الصحاح"دا ڕەنگ بە واتای ئەوە هاتووە کە "فڵانە کەس ڕەنگاوڕەنگە، ئەگەر لەسەر یەک دروست کرا و جێگیر نەبێت". (الرازی، ٢٠٠٥، ل٠) زۆربەی

پێناسەکان لە فەرهەنگدا لە یەکدییەوە نزیکن، واتاکان لە چوار چێوەی شێوەکەیدا دەسووڕێنەوە، یاخود "ڕەنگەکان کۆی ڕەنگە، پێشکەشکردنی یاخود چۆنییەتیی بەرکەوتنی بە جەستە بە شێوەی ڕووناکی یاخود بە شێوەی جۆراوجۆر، ئەمەش لە کاتێکدایە بەپێی ڕەنگدانەوەکە بەرەو هاوێنەی چەماوە لە نیمچە تاریکیدا، ئەمەش ڕەنگی ڕەشە، هەروەها لەیەکچووی بەیانیشە کە ڕەنگی سپییە، ئەم دوو ڕەنگە لە ڕەنگە ڕەسەنەکانن". (عاشور، بێ سالْ، ل ١٥٥) ئەگەر تەماشای قورئانی پیرۆزیش بکەین، خوای گەورە دەفەرموێت: "فاقع لونها تسر الناظرين" (سورة البقرة، ٦٩) لێرەد مەبەست ئەوەیە، سیفەتی ڕەنگ ئەرکی ئەوەیە کە ڕەنگی جەستە سپییە یا ڕەشە یا هەر ڕەنگێکی ترە. لێرەدا ئەوە بە دەردەکەوێت کە جیاوزی لە ناسنامە و پێناسەکردنی ڕەنگدا بەرەو فرەیی جۆرا و جۆری هەنگاو دەنێت.

لە ڕووی زاراوەوە ڕەنگ جیاوازترە، چونکە لە فەرهەنگە تازەکاندا ڕوونکردنەوەی زیاتر و تازەتری تێدایە، ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی زانست و زانیارییەوەیە کە ڕەنگ لە زانستی نوێدا کار لەسەر مەودای درێژییەکەی دەکات، هەروەها "ڕەنگ دەوەستێتە سەر ئەوەی کە جەستە بەپێی مەودای دووریی ڕەنگ دەیداتەوە و پێچەوانەی دەکاتەوە". (شفیق، ١٩٨٦، ل٥٨١) بۆیە تەماشا دەکەین لە سروشتدا یاخود لەنێو مرۆڤەکاندا چەندان ڕەنگی جیاواز هەیە کە هەموو ئەمانە پێیان دەڵێن: "تێربوونی ڕەنگەکان". ئەم تێربوونەش لەسروشتدایە و دواتر بۆ نێو مرۆڤەکان و ماددەکانی تر دەگوازرێتەوە، بۆیە چەندان جیاوازی هەیە لە ناونانی ڕەنگەکاندا بۆ گوزارشتکردن لە یەک ڕەنگدا، لە زمانی کوردیدا زۆربەی شتەکان بەناوی ڕەنگەکەیانەوە دەناسرێنەوە، دابونەریتەکانیش زۆربەیان پێوەستی ڕەنگەکانن. ئەحمەد سالار، چەندان شتی دیاری کردووە کە پێوەندیی نێوان و زمان و ڕەنگ دەردەخات لە زمانی کوردیدا، وەک:

شوێن: سوورەمێرگ، زەردیاوا، قولەڕەش، کانی سپیکە...

کات: سپێدە، زەردەپەڕ، ڕەشەساڵ...

بۆنەکان: خەتەنەسووران، سوورانە، ڕەشپۆشین، مریشکەڕەشە...

گیانلەبەران: کەری دێز، ئەسپەشێ، ئەسپەبۆر، ئەسپەڕەش، تاژی بەڵەک...

ناونانی مرڤ: کاکەسوور، حەمەسوور، کاکەڕەش، حەمەزەرد، حەمەبۆر، ئەحەڕەش...

نەخۆشی: لاڕەشکە، سوورێژە، کۆکەڕەشە، زەردوویی. (سالار،٢٠٠٩، ل١٧-١٨) .

ڕەنگ وزەیەکی تیشکدارە و شەپۆلێکی درێژی هەیە، وەک چۆن دەنگ شەپۆلێکی لەرەلەرەی هەیە، ئەم شەپۆلانەش لە ڕووی درێژی و پانییەوە جیاوازن لە وەرگرتنیاندا. ئەم جیاوازییانە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕەنگ لە ڕووی زاراوە و چەمکەوە جیاواز بن. بۆیە زانایان پێیان وایە ڕەنگ کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بیرکردنەوە و میزاج و ڕەوشت کە لە بەشەکانی تردا تیشکی زیاتری دەخەینە سەر.

**٢-ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی ڕەنگ هەیە لە دەقدا**

ڕەنگ یەکێکە لەو دیاردە گرنگانەی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بنیاتنانی وێنەی ئەدەبیدا هەیە، چونکە ڕەنگ پێوەندییەکی پتەوی بە هەموو دیاردەکانی ژیان و گەردوونەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی بەهێزی بە لایەنی دەروونی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و ئەفسانەوە هەیە.

حەز و ئارەزووی مرۆڤ بۆ ڕەنگەکان جیاوازە، بۆیە هەر مرۆڤێک ئارەزووی ڕەنگێک دەکات و ڕەنگێک بەسەر ڕەنگێکی تردا دەسەپێنێت یان ڕەتی دەکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنانەی ڕەنگەکان پێوەندی بە لایەنی فسیۆلۆجی و دەروونی

کۆمەڵایەتی، ئایینی و حەز و سەلیقەی تاکەکانەوە هەیە، کەواتە هەر ڕەنگێک بهێنین لێی بکۆڵینەوە واتایەکی دەروونی یاخود کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم کاریگەرییەش ئەوە دەردەخات کەوا نرخی ڕەنگەکان بەپێی جیاوازی لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕێکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کەوا بەشێوەیەکی گشتی کولتوور و نەریتەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە هەڵبژاردنی ڕەنگدا هەیە، ئەم تێکەڵکردنەش زیاتر خۆی لە لایەنی ئایینیدا دەبینیەوە.

کۆنترین گەلێک کە ڕەنگیان تێکەڵ بە پەرستش و پەرستگاکان کردبێت فیرعەونەکانی میسر بوون، ئەو بەرگانەی کە بۆ نوێژەکانیان لەبەریان دەکرد جیاواز بوون، ڕەنگی جلوبەرگەکانیان پێک هاتبوون لە "سووری تۆخ و زەردی کراوە و شینی ئاسمانی، دواتر لە پەیکەرە پیرۆزەکانیاندا بەکار دەهات. بۆ هەر ڕەنگێک هێمایەک و پلەیەک هەبوو، لەوڵاتی ڕافیدەینا ڕەنگەکان بۆ دوو بەش پۆلینکرا بوون کە یەکیان خیزانی پاشاکان لەبەریان دەکرد و کۆشک و تەلارەکانیان پێ دەڕازاندەوە، ڕەنگەکانی تریش هاووڵاتیی سادە لەبەریان دەکردن." (متوج، ٢٠٠٤، ل١٨٥- ١٩٠) لە عورفی گشتیدا، ڕەنگ چەندان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، ئەو جیاوازیانەش لە ڕەوشتی خەڵکەکەوە هەڵهێنجراوە، بۆیە وا دەبینین ڕەنگی ڕەش لای هەموو نەتەوەیەک نیشانەی پرسە نییە، بۆیە گوتراوە "ئافرەت جلی ڕەش لە ئاهەنگ و بۆنەکان لەبەر دەکات، ئەمە بە واتای ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان بۆ پیاو دێت، هەروەک چۆن لەبەرکردنیشی بۆ ناخۆشی و پرسە بە واتای ملکەچی بۆ قەدەر و حیکەمەتی خودا دێت". (عبید، ٢٠٠٨، ٢٩)، یاخود ڕەش نیشانەی ڕەشبینییە، سپی پاک و بێگەردییە، سەوز ئاشتییە، سوور خۆشەویستی یاخود شۆڕشە، بەڵام لە زمانی خۆشەویستیدا "سوور گوزارشتە لە خۆشەویستی، زەرد غیرەیە، سپی پاک و بێگەرد و هاوڕێیەتییە". (عبدالله، ٢٠٠٨، ٢٩)، یاخود ڕەنگی سپی لای هەموو کۆمەڵگەیەک ڕەنگی خۆشی و شادی نییە، بۆ نموونە لە کولتووری میسریی کۆندا "فیرعەون تاجی سپی دەکردە سەری، تاوەکوو ئاماژە بە دەستبەسەراگرتنی میسری گەورە بکات، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بووە بۆ ئەوەی کە بە ئاشتی و ئارامی دەژیا". (مختار، ١٩٩٧، ل١٦٣) .مرۆڤ بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژیت پێوەندیی هەمەجۆری لەگەڵ ڕەنگدا هەیە، بۆ هەر یەکەیان گوزارشت و واتایەکی جیاوازی داناوە، بەڵام بە درێژایی ڕۆژکار ئەو ڕەنگە جارێکی تر گوزارشت و واتاکەی دەگۆڕێت و بۆ شتی تر بەکار دێت، بۆیە ڕەنگ کۆمەڵێک دەلالەتی هەمەجۆری هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕووداوی ماددی و گۆڕانکاریی دەلالەتەکانی ڕەنگ لە ڕووی هەڵچوونی دەروونی و سۆزدارییەوە دەبێت. بۆیە هەندێک کەس ڕەنگێکی تری لە ڕەنگی تر پێ پەسەندترە "هەندێک کەس ئارەزووی لە ڕەنگی سەوزە لە ئەنجامی پێوەندی بە بەهارەوە، هەیە ڕەنگی شینی خۆش دەوێت، چونکە شینی ئاسمانییان بیر دەخاتەوە، هەیە ڕەنگی سووری خۆش ناوێت، چونکە لە هزری ئەواندا ترس و خوێن بوونی هەیە" (عبدالغنی، ١٩٨٩، ل٧٩).

کەواتە ئەرکەکانی ڕەنگ بە جیاوازیی شارستانییەتەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە زەرد ئاماژەیە بۆ پاک و بێگەردی، سوور ئاماژەیە بۆ سۆزی مرۆڤایەتی یاخود ماندووبوونی مرۆڤایەتی، سەوزیش نیشانەی پیتاندن و ژیانەوەیە، نیشانەی دایکایەتیی و ژیانەوەی زەوییە.هەموو ئەمانەش بە هۆکاری ژینگەیی، ئەفسانەیی، کولتووری و ڕۆشنبیریی نێو کۆمەڵگەدا دەگۆڕێت. وەک چۆن ڕەنگ کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگە هەیە، بە هەمان شێوەش ڕەنگ کار دەکاتە سەر لایەنی دەروونیی تاکەکان، بە جۆرێک توانای ئاشکراکردنی لایەنی

کەسایەتی مرۆڤەکانەوە هەیە، هەروەها چەندان دەلالەتی جیاواز لە ڕووی دەروونییەوە هەیە.
**سایکۆلۆجیای** ڕەنگ کاریگەری زۆری لەسەر دەروون و ڕەفتاری مرۆڤەکان هەیە، وەک تووڕەبوون یا هەستکردن بە ئارامی و ئاسودەیی، ئەم کاریگەرییەی ڕەنگ وا لە شاعیر دەکات هەست بە هاوسەنگی و گونجان بکات و لە کارە ئەدەبیەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. دیاردەی کاریگەریی ڕەنگ لە لایەنی دەروونی و جەستەییەوە بووەتە جێگەی بایەخی زانایانی دەروونناسی کە تێبینی ئەوەیان کردووە "هەموو کەسێک لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەر دەبێت بە ڕەنگەکان، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات". (شکری، ١٩٨٥، ١٢٣)، زاناکان زۆر ڕاستییان ئاشکرا کردووە سەبارەت بەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروونی ئێمە درووستی دەکات، خەڵکی "لە کاریگەربوون بە ڕەنگەکان جیاوازن و هەستی پێ ناکەن" (الخویسکی، ١٩٩٢ ، آ، د).
لێرەدا دەلالەتە دەروونییەکانی ڕەنگ بە گوێرەی ئەو دابەشکردنەی "احمدموختار" کردوویەتی دەخەینە ڕوو (موختار، ١٩٩٧، ل٢٢٨):
1-شینی تاریک: گوزارشتە لە خەیاڵ و تەمبەڵی و هێمنی و پشوو، بەڵام شینی کراوە گوزارشتە لە بڕوابەخۆبوون و بێتاوانی و گەنجێتی، بەڵام شینی قووڵ بە واتای جیاکردنەوە و هەست بە بەرپرسیارییەتی دێت.
2-زەرد: دەبەسترێتەوە بە گەشت و چالاکی، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی درەوشانەوە و تیشکدانەوە و بزواندن و کرانەوەیە، بەڵام زەردی سەوزباو خراپترین ڕەنگەکانە، چونکە دەبەسترێتەوە بە نەخۆشی و وشکی و جنۆکە، غەدر و خیانەت.
3-سوور: هێمایە بۆ هەست و سۆز و حەزی سەرەتایی و چالاکیی سێکسی، بەڵام سووری تاریک ئاماژەیە بۆ سادەیی و چالاکی، بەڵام سووری کراوە گوزارشتە لە هەڵەشەیی و گەورەنەبوون، هەروەها گوزارشتە لە هێز و گەنجێتی.
4-سەوز: دەبەسترێتەوە بە پارێزگاریکردن لە دەروون، هەروەها بە واتای نوێبوونەوە و گەشە و ڕۆژەکانی گەنجێتی دێت.
5-سپی: ئاماژەیە بۆ پاکی و بێگەردی و ڕاستگۆیی.
6-ڕەش: هێمای ناخۆشی و ئازار و مردنە، هەروەها هێمایە بۆ تاریکی و ترس لە نادیاری.

**٣- ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێك بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا:**

لەم بەشەدا باس لە ڕەنگەکانی ژیان، گەشتێک بەناو جۆرەکانی ڕەنگ لە دیوانی شیعری شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا دەکەین و تیشک دەخەینە سەر هەموو ئەو واتا و گوزارشتە جیاوازانەی کە بەڕەنگ گوزارشتی لێیانکردوە، هەندێک جار سادە و هەندێک جاریش زۆر بە قووڵی چووەتە نێو بابەتەکەوە.

**٣-١- ڕەنگی شین:**

شین ڕەنگێکی ئارامە، هێمایە بۆ بڕوابەخۆبوون و پێبەندبوون. شین لەگەڵ ئەم واتایانەشیدا هێمایە بۆ تاکایەتی و خەم و خەفەت، بۆیە هەندێک لە زانایان تێبینی ئەوەیان کردووە، ئەوانەی لە ژووری شین کار دەکەن، بەرهەمیان زیاتر دەبێت، بەڵام تەنیا شینی کاڵ ئەم سیفەتەی هەیە، شینی تۆخ دەبێتە هۆکارێک بۆ درووستبوونی ژینگەیەکی سارد و خەمۆکی.
دەلالەتەکانی شین زۆرن، ئەمەش بەندە بە پلەی ڕەنگەکەوە لە لایەنی تۆخی و کراوەییەوە، چونکە شینی تاریک لە ڕەشبینی نزیک دەبێتەوە، بۆیە کاتێک کە تەماشای دەکەین ئەم ڕەنگە دەبێتە هۆی تووڕەبوون و ڕقوکینە، لەلایەکی ترەوە ئەم ڕەنگە لە کولتووری کوردی و کولتووری هەندێک گەلانی ڕۆژهەڵاتیدا بە هەندێک شتی خورافی و خەیاڵی دەبەسترێتەوە، ئەوانەش وەکوو "دێو و درنج و

هێزی خراپە لەسەر زەوی، بەڵام شینی کراوە دەبەسترێتەوە بە ئاو و ئاسمان، کە گونجاوە بۆ ئارامی و ساردی". (عبدالفتاح، ١٩٩٣، ل ٢٦) کەواتە شینی تۆخ هێمایە بۆ خەواڵویی و ئارامی پشوودان، بەڵام شینی کاڵی کراوە هێمایە بۆ گوزارشت لە بڕوابوون و بێتاوانی و گەنجێتیی مرۆڤەکان. ڕەنگی شین "ڕەنگی ئاسمان و ئاوە، لەبەر ئەمەیە پێوەندیی دەروونی و بڕوای زۆر و هەمەچەشنەی تێدایە. ڕەنگێکی بووژاوەیە، توانای دروستکردنی کەشێکی خەیاڵی هەیە، کەشێکی سارد لەسەر کەناراوەکان دروست دەکات". (حمدان، ٢٠٠٨، ل١٨٦) .

شین بەپێی کولتوورەکان دەگۆڕێت. لای عیبرییەکان ڕەنگی "یەهوودا"یە کە پێغەمبەریان بووە، هەروەها لای یەهوودییەکان شین پیرۆزە و بە خواوەوە بەستراوەتەوە. "شین ڕەنگی خوایە کە یەکێکە لە ڕەنگە پیرۆزەکانی یەهوودییەت، لای مەسیحییەکان کەمتر بایەخی هەیە، چونکە لە کتێبی پیرۆزدا نەهاتووە، بۆیە کەمتر لە پەرستشە ئاینییەکاندا بەکار دێت، لە قورئانیشدا یەک جار هاتووە". (موختار، ١٩٩٧، ل١٦٣) لای چینییەکانیش هێمای مردنە، بەڵام لای میسرییەکان بە پێچەوانەوە شین ڕەنگی ڕاستییە، هەروەها شین بەوە ناسراوە کە ڕەنگێکە "ئاستی تووڕەبوون کەم دەکاتەوە و دەروونیش ئارام دەکاتەوە، چونکە ڕەنگێکە بە ئاو و ئاسمان دەبەسترێتەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی و نەمری و وەفاداری". (حاجی ابادی، ٢٠١٢، ل٩٦).

لە فەرهەنگی کورددا، شین بە واتای سەوزایەتی هاتووە، یا تازیەباری، یا لقەداری بڵند. شینبوون واتە ڕووانی دار و گوڵ.. هەندێک جار بە واتای گەورە دێت، وەک شینەپیاو یا شینەزەلام کە توانجە، لە لایەکی دیکەوە بە واتای دوورخستنەوەی چاوەزار دێت لە کەسەکان، بۆیە لە کوردەواریدا دایکان مۆری شین بە منداڵەوە دەکەن تا لە چاوەزار پارێزراو بن.

لێرەدا هاشم سەراج شین بە پیرۆز تەماشا دەکات و دەیکاتە هێمایەک بۆ گەیشتن بە ڕاستی ژیانی و خۆشەویستەکەی، ئەمەش لە ئەنجامی سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی لە نێو کولتووری جیاوازدا. شین لە لای شاعیر قووڵترین ڕەنگەکانە، دەچێتە نێو بینینەوە بەبێ هیچ بەربەستێک. ڕەنگی شین، سروشت بە شێوەیەکی گشتی وەک دیمەنێکی ڕوون پێشکەش دەکات، ئەو دیمەنانەش لە سروشتدا پێک دێن لە بۆشایی هەوا و بۆشایی پاک و بێگەرد و ئاو. دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕەنگ کاریگەریی تەواوی لەسەر دەروونی مرۆ هەیە، هێزێکی لەرەداری سەرنجڕاکێشە، کار دەکاتە سەر دەمارەکانی دەماغی مرۆڤ، دەروونیش خۆشییەکی هەیە لە کاتێکدا کە تەماشای ئەو ڕەنگانە دەکات و پەی پێ نابردرێت، وەک لەم دیمەنەی خوارەوەدا دیارە شاعیر خۆشییەکانی بە شنەبا دەچوێنێت، چونکە ئەو شنەبایە دەروونی ئارام دەکاتەوە:

خۆشی
شنەبایەکی شینە
چەشنی
پرشنگە غەمگینەکانی جوانی
بەبێدەنگی تێدەپەڕێ. (سەراج، ٢٠١٢، ٥٣).

سەراج شیعرەکانی بە ڕەنگی شین دەست پێ دەکات و دەیکاتە تەوەری سەرەکیی بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی، لە زەمەنێکەوە دەگوازێتەوە بۆ زەمەنێکی تر. هاشم سەراج دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە مرۆڤ هەمیشە گیرۆدەی جوانییە، جوانی بەلای ئەوەوە خۆی لە ڕەنگی شیندا دەبینێتەوە، چونکە ئارامی پێ دەبەخشێت. بەخشینی ئارامی بە دەروون لە ڕێگەی ڕەنگەوە وەکوو جوانی وایە کە کەم کەم لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا بەرەو کزی و کاڵبوونەوە دەچن.

ئەی دڵی گەردوون
ئەوەی نوقمی

دەریاچەی شینی
جوانیت
بێ، دەربازبوونی
مەحاڵە. (سەراج، ٢٠١٢، ٧٧).

دەریاچە کە بچووکترە لەدەریا و دیمەنێکی جوانتر و ناسکتری هەیە، سەراج دڵی گەردوون بە یار دەچوێنێ و دەڵێت: هەر کەسێک بکەوێتە ناو ئەو جوانییەوە ڕزگاری نابێت و گیان دەسپێرێت.

سەراج تەوەری باسەکەی دەگوازێتەوە، لەوپەری جوانی و خۆشی و ژیانەوە دیمەنەکان دەگوازێتەوە بۆ مەرگ، ئەژدیهای ئەفسانەیی دەکاتە هێمایەک بۆ مەرگ، وەک چۆن لای چینییەکان شین هێمایە بۆ مەرگ بە پێچەوانەی هەندێک کولتووری میللەتان.ئەژدەری شینی گیندایکی دەریاییە کە قەبارەی بچووکە لە قووڵاییی دەریاکاند دەژیت، ژەهرێکی شاراوەی هەیە، بە دەست لێدانی ڕووبەرووی مەترسیت دەکاتەوە کە مەرگە، سەراج مەرگی بەو ئەژدیها شینە چواندووە کە وەکوو ئەم گیاندارە شینە بە خشکەیی دێت و وەکوو مار لە ڕۆح دەئاڵێ و ڕووبەرووی مەرگت دەکاتەوە.

مەرگ ئەژدەرێکی شینە
بەخشکەیی
دێ و
لەشمشادی ڕۆح دەئاڵێ

دیسانەوە شین دەکاتە هێما بۆ مەرگ و دەڵێت :

ئەوەی ئاماژەی شینی مەرگ
دەسگیربکا
لەمانای بێبنەڕەتی
بوون دەگا. (سەراج، ٢٠١٢، ١٣٤)

بوون بەلای سەراجەوە بێبنەمایە، هیچ بنەڕەتێکی نییە، ئەمەش دەچێتە خانەی پووچگەراییەوە، کە لە ڕێگەی مەرگەوە دروست دەبێت و دووچاری نائومێدی دەکاتەوە. مەرگ هەبێت، بوون هیچ واتایەکی بۆ نامێنێتەوە، ئەم خۆکوشتنە لە دەق بە شین ئاماژەی بۆ دەکات کە بووەتە ڕەمزی مەرگ لای سەراج.

هاشم سەراج لە پووچگەرایی و نائومێدییەوە، لە ئاماژەی مەرگەوە ئەمجارە ئاماژەکان پێچەوانەوە دەکاتەوە، دەلالەتەکانی شین لە سیاقێکەوە بۆ سیاقێکی ترەوە دەگوازێتەوە، لە مەرگەوە بۆ هێز و سێکس و هەست و ژیان:

بوونت
هێزی شینی
ئەفسونکارانەی وشەیە. (سەراج، ٢٠١٢، ١٨٨)

یاخود دەڵێت:

نەک هەر جەستەت
چەرچەفە شینەکەت
بۆنی
ئەناناسی فیردەوسی
لێدێ. (سەراج، ٢٠١٢، ٣٥٥)

شین بە لای سەراجەوە ژیان و زیندووبوونە، ئارامبەخشە بۆی، نیشانەیە بۆ بەردەوامی و دەڵێت:

لەم زیندەگییە شینەدا
ماچ و وشە
دوو دیوی
یەک دراون
دوای
کردە و دەربڕین
دەستوبرد
دەبن بە
رابردوو. (سەراج، ٢٠١٢، ٤٧٠)

**٣-٢- ڕەنگی ڕەش:**

ڕەنگی ڕەش، ڕەنگێکی سەرەتاییە و زۆر بەکار دێت و لە زووەوە بەکار هاتووە و بەربڵاوە لە چاو ڕەنگەکانی تردا، یەکێکیشە لەو ڕەنگانەی زۆرترین پانتایی لە ژیانی مرۆڤدا گرتووەتە خۆ، ڕەنگێکە زۆر چووەتە نێو کێشە و ڕۆشنبیرییانەوە بە درێژایی سەردەمەکان. ڕەنگێکی زۆر بەربڵاوە، کە لە ئەنجامی

وەڵامدانەوەی ترسەکانی مرۆڤ و خەم و ئێشی خودی خۆیان و خۆگرتنیان بە شوێنەکانیانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ شتەکان و ژیانیاندا هەستیار بن، ئەم هەستیارییەش بووەتە بەشێک لە کولتووریان.

لە ڕووی زاراوەوە، ڕەش بە واتای "وەنگ، قەرە، تار، بۆتەل، قەنووس، زەنگی، موژگین، تاری، سیاه، سیە، تاریک، سیاو، سیاون و مشکی قەڵافی دێت" (شێخانی، ٢٠١٣، ١٨٦). هەموو ئەم زاراوانە هاوواتای ڕەنگی ڕەشن، ئەمەش دەلالەتە لە گرنگیپێدانی تاکەکان بە ڕەنگی ڕەش. ڕەنگی ڕەش دژیەکی گشت ڕەنگەکانە، بە جەوهەری تاریکیی سەرەتایی دەبەسترێتەوە، ڕەنگێکە گوزارشت لە نەرێیی دەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە گوزارشتە لە "مەرگ و ترس و بیم و شەو و تاریکی و پۆشاکی پیاوانی ئایینی و بار و مەقامیان و دەسەڵات و ڕووی فەرمی دەلویێ". (سالار، ٢٠٠٩، ٧١)، لە کۆمەڵگەی کوردیشدا، ڕەش زۆر جاریش گوزارشتە لە تەعزییەباری، کۆستکەوتوویی، یاخود زۆر جار بۆ نمایش و شان و شەکەوت نواندنە. دەکرێت بڵێین تەعزییەباریی ڕەش، بێ پاڕانەوەیە، لەدەستدانی کۆتاییە، کەوتنە نێو بۆشاییە بێ گەڕانەوە، ڕەنگی سزادان و تۆمەتخستنە پاڵە، بەڵام زۆر جار ڕەنگی ڕەش دەبێتە ڕەنگی زاهیدی لەم جیهانەدا، وەک چۆن لای زۆربەی ئیمامەکان هەیە، کە "بە واتای ملکەچی بۆ خودا دێت". (عبید، ٢٠٠٨، ل ٦٦). لە بیری سۆفییەتدا ئەگەر بڕوانییە جەلالەددینی ڕۆمی، قۆناغەکانی گەیشتن بە خۆشبەختی لای سۆفییەکان بە پلەکانی ڕەنگ دەبەستێتەوە، وای دەبینێت کە خاڵی دەرچوون یان دەستپێکردن لە سپییەوە دەست پێ دەکات کە کتێبی شەریعەت و قورئانە، بۆ گەیشتن بە ڕەنگی ڕەش لە ڕێگەی ڕەنگی سوورەوە دەبێت، ئەم ڕەنگی ڕەشەش بە لای ڕۆمییەوە ڕەنگێکی ڕەهایە، کۆتاییی هەموو ڕەنگەکانە، سۆفی لەگەڵیدا دەگاتە بەرزترین قۆناغی نەشوە، ئەمەش خودایەتی بۆ سۆفی دەردەخات و بەڵگەکانیشی بۆ دەخاتە ڕوو.

ڕەش پێوەستە بە هێزی خراپە و نەستەوە، کۆمەڵێک واتای جیاوازی بۆ دروست کراوە، هەندێکیان لە خۆوەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەلالەتی قووڵ و بەهێزیان هەیە وەک: رۆحی ڕەش، ئاڵای ڕەش ، هزری ڕەش، بەختی ڕەش، دڵی ڕەش، ڕۆژێکی ڕەش، لیستی ڕەش کە بۆ ئەوانەن ترسناکن و بە دوایان کەوتن. بێجگە لەمانە زۆر جار ئاماژە بە "ترس لە نادیار و مەیل بۆ بێدەنگی دەکات، چونکە ڕەنگێکی نەرێییە و دەلالەت لە فەنابوون دەکات". (موختار، ١٩٩٧، ل١٨٦). هەروەها ئاماژە دەکات بە حیکمەت، بۆیە زۆربەی پیاوانی ئایینی دەیکەنە دروشمێک بۆ خۆیان. ئەم حیکمەتە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستێکی بڵندی دیبلۆماسی، کە دەلالەت دەکات لەسەر "پلە و نرخی خاوەنەکەی و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی و فەرمیبوونی کەسەکە، بۆیە لە پرسە و ئاهەنگە فەرمییەکاندا لەبەر دەکرێت". (فرج، ١٩٨٢، ل ١٣٧).

شاعیر لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا هێما و دەلالەتی تایبەتی داوەتە ڕەش، وشە و ڕستەی گونجاوی خستووەتە بەر دەست، پێبەندی مەرگی کردووین، ژیان ئەگەر شەربەت بێت ئەوا مەرگ شەرابێکی ڕەشە، ڕەش ئاماژەیە بۆ مەرگ، ئەم واتایەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی کۆنی هەیە، کە زۆر جار سزای مەرگیان دەسەپاند بەسەر کەسێکدا دەبوایە شەرابێکی ڕەشی ژەهراوی بخوا، شاعیر ئەم حاڵەتەی بۆ بارێکی تر بەکار هێناوە کە ئەویش مەرگە، مەرگیش خۆی تا ڕادەیەک ئازاردانی مرۆڤ و لە لایەکی ترەوە فەنابوون یاخود توانەوەیە لە نێو زاتی خودادا. ڕەنگی ڕەش لە نێو کولتووری کوردیدا ڕەنگێکی تا ڕادەیەک خۆشەویست نییە، ئەو خۆشەویستییەی هەیە بۆ ڕەنگی ڕەش ڕێژەییە، هاشم سەراجیش ڕەش بە مەبەستی ناخۆشی و مردن

بەکار دەهێنێت، لە لایەکی ترەوە لای سەراج نیشانەی تاریکییە.
ژیان
شەربەتێکی شینە
قوم قوم
دەینۆشین
مەرگ
شەرابێکی ڕەش
تنۆک تنۆک. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٥٧).
سەراج ڕەنگی هەڵگەڕاندووەتەوە بۆ بارێکی دیکە، ئەمە شاعیرییەتی شاعیر دەردەخات، جوانکاری تێدا ئەنجام داوە، چونکە زۆر جار دژەکان شت جوانتر پیشان دەدەن، بۆیە شاعیر لە بری ئەوەی ڕەنگی سپی بۆ شەیدابوون بەکاربهێنێت ڕەشی بەکارهێناوە.
شەیداییەکی ڕەش
هەڵیلووشیم. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٣١٠).
شەیدایی کە تامەزرۆیی دەگرێتەوە، دەیکاتە ڕەش کە ئەمەش نەگەیشتن بە یار دەگەیەنێت، وەکوو گەردەلولێکی ڕەش هەڵی لوشیوە.
زۆر جار ڕەش دڵخۆشکەرە و زۆر جاریش ناشرین و ناخۆشە بۆ دەروونی مرۆڤەکان، ئەمەش بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت.
ژەهری ڕەشی
ڕۆحم
دەخۆمەوە. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٢٢٨).
هاشم سەراج دیمەنێکی تر دەداتە ڕەش، کە پێوەستە بە ئافرەتەوە، زۆر باسی لایەنی جەستەیی و هەوەس دەکات، بۆیە لێرەدا مەیلێکی هەوەسبازیانە و واتای خۆ بەدەستەوەدانی ئافرەت بۆ پیاو دەخاتە ڕوو.
ئێستە
کراسە ڕەشەکەی بەرت
دابکەنی و
یاری بە
گوارە و گۆپکەکانت بکەی
ژیان
لە شیوەنێکی شینەوە
دەبێت بە
شاییەکی پەلکەزێرینەیی. (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٣٩٣-٣٩٤).
ڕەهەندێکی سێکسیانە دەبەخشێتە ڕەش، هاشم سەراج هەرجارە و ڕەنگی ڕەش بە مەبەستێک بەکار دەهێنێت، لێرەدا ئاگری ڕەش ئاماژەیە بۆ حەز و ئارەزووبازی، بۆ گەرمیی جەستەی ئافرەت، ئاماژەیە بۆ خودی ئافرەت. ڕەش کە هێمای ناخۆشییە، بە دەستبازی لەگەڵ یار دەگۆڕێت بۆ شایی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشانەوەی دەروون و ڕۆحی شاعیر کە شیوەن دەبێت بە شایی و دڵخۆشی.
ئەو ئاگرە ڕەشە
ژنێکی باڵا بڵندی
داوێنتەڕە
بە لەنجەی
چاوی زەرد و
ماچی گەردنی زراڤی و
گرتەی نامۆی لەشی
دەیان تێکستی ئیرۆسی
پێنووسیم (هاشم سەراج، ٢٠١٢، ل٣٨٤-٣٨٥).
هوونەریی لێکچواندنی زۆر بە وردی بەکار هێناوە، ئاگری ڕەش بە "ژنێکی باڵابڵند، داوێن تەڕ" چوێندراوە، کە شاعیر ئەم تێک ئاڵانە وای لێکردووە ناچاری بکات شیعری ئیرۆسی بنوسێت، دەکرێت ڕەنگی ڕەش کاریگەریەکی سەرنج ڕاکێشی لە پێوەندیە سۆزدرایەکاندا هەبێت، یان هۆکارێک بێت بۆ بەهێزی و کەشخەیی و جوانی و ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر، ئەمەش لەلای سەراج ڕەنگی داوەتەوە.
شاعیر لە ڕێگەی ڕەشەوە سیناریۆیەک یاخود دارشتنێکی سینەمایی ئامادە کردووە، هەر جارەوە بە لایەنێکەوە دەیبەستێتەوە.بۆیە هەموو ئەو جیاوازییانە

بونەتە هۆی ئەوەی کە چەندان گوزارشتی جیاواز سەبارەت بە ڕەش بێتە ئاراوە، هەندێک جار، ڕەش ڕەنگێکی دژەجوانییە، دەلالەتەکانیشی خەم و بێئومێدییە، هەندێک لە تاکەکەسەکان بە ناوهێنانی دڵ تەنگ دەبن، چونکە ڕەنگی تاریکی و بێدەنگی و بێ ئومێد بوون و لەنێوچوونە.

### ٣-٣-ڕەنگی سپی:

ڕەنگی سپی لە دوای ڕەنگی ڕەش لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە پلەی دووەم دێت. بەپێی لێکدانەوە جیاوازەکان، سپی بە ڕەنگە ساردەکان دادەنرێت، ئارامی دەبەخشێتە تاکەکان، ڕەنگێکی ئیجابییە، ئاماژەیە بۆ پاک و بێگەردیی مرۆڤ، بۆیە ئەگەر ڕەنگێک کەمێک لە ڕەش بکات واتە تاریک بێت ئەوا ڕەنگێکی تا ڕادەیەک دڕەنگتر بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت، هەندێک جار کەسەکان سپی بۆ دەربڕینی باش بەکار دەهێنن، چونکە تێگەشتن و واتاکەی ئاسانە.

سپی بەپێی سەردەمەکان بە ڕەنگێکی ئیجابی ناسراوە، دەلالەتی باش و جوانییە لای ئافرەت، دەسەڵات و بەرزییە لای پیاو. کاندنسکی، سەبارەت بە ڕەنگی سپی دەڵێت: "زۆر جار سپی بە ڕەنگ داناندرێت، سپی وەک بێدەنگی، ڕەنگی ڕەهایە و کاریگەری دەخاتە سەر ڕۆحمان، ئەم بێدەنگییە مردن نییە، بەڵکوو بە توانای زیندووەوە هەڵدەقوولێت، ئەو هیچ نییە پڕە بە خۆشیی گەنجان، ئەو هیچ نییە پێش لەدایکبوون، پێش هەموو سەرەتایەک... لە کۆتاییدا دەڵێت: ئێمە ناتوانین پەسنی ڕەنگی سپی بکەین و ناوی بنێن، تەنیا دەتوانین بڵێین کە سپی ڕەنگی سپێدەیە" ( عبید،٢٠٢٣، ل ٥٥).

بە درێژاییی سەردەمەکان، سپی ڕەنگێکی پیرۆز بووە، لەسەردەمێکدا لە نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا چەندان دەلالەتی جیاوازی هەبووە، سەرەتای مردن و خەمە، بە هەمان شێوە لەنێو گەلانی ڕۆژئاواییشدا هەمان دەلالەتی مردن و خەمی هەبووە.سپی لە چوارچێوەی واتا و سیاقی گشتیدا چەندان واتای هەیە لەوانە "ڕەمزی پاکی، ڕووناکی، خۆشی، سەرکەوتن و ئاشتییە". (یوسف،١ ٩٣٠،ل٧٠) هەروەها لە نێو سیاقدا بە هەمان دیتن دێت کە "ڕەمزی پاکیی سەرجێ و ئارامی و هیوایە، خۆش ویستنی چاکە و سادەیی لە ژیان و خۆنەبەستنەوەیە لە ڕاسپاردندا". ( فرج، ١٩٨٢، ل١٣٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی باسمان کرد زۆر جار سەبارەت بە سپی دژایەتییەک دروست دەبێت سەبارەت بە واتا و دەلالەتەکانی، چونکە بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، بۆ نموونە لای گەلانی چین، ڕەنگی خەمە، بە پێچەوانەشەوە لای یۆنانییەکان گوزارشتە لە خۆشی و پاک و بێگەردی، بەڵام زۆر جار ڕەمزی ئابڕوو و پاکێتی و ئاشتییە، ئەمەش وای کردووە بە باش بڵێن ڕووسپییە و بە خراپیش بڵێن ڕووڕەش، ئەمە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا بەدی دەکرێت؛ بە ئافرەت و پیاوی باش دەڵێن ڕووسپی و بە خراپیش دەڵێن ڕووڕەش، کەواتە ڕەنگی سپی لەلای میللەتی کورد و زۆربەی میللەتان، واتای "فریشتەیی، ساکاری، پاکژی و بڕوادارییە، دڵنیایی، پوختەیی، خێرخوازیی، دووڕێتی و خۆبەگەورەگرتن و لوتبەرزی و بوغرایی و لە خۆباییبوونە". (سالار، ٢٠٠٩، ل٧١) بە شێوەیەکی گشتی، ڕەنگی سپی ڕەمزی پاک و بێگەردییە، بۆیە ڕەنگی سپی بە شێوەیەکی بەرفرەوان هاتووەتە نێو ئەدەبەوە، ئەسپی سپی و سوار چاکێتی و جوانێتی ڕەمزی خەوە جوانەکانە بۆ مرۆڤەکان، کە پلەیەکی بەرزی هەیە لە نێو ڕۆمان و شانۆگەرییەکاندا. ئەگەر بڕوانینە ئەدەبی میللییش ئەوا زۆر گرنگی پێ دراوە، وەک ڕەنگێکی گرنگ کراوە بە ڕەمزی باشی و جوانی. هەموو ئەو گوزارشتانە لە کۆتاییدا دەگەنەوە یەک کە هەموویان مەبەستیانە "سپی" بکەنە هێمایەک بەپێی ئەو کولتوورەی کە هەیانە، بۆیە هەریەکەیان بەپێی کولتووری ناوچەیی خۆی، هەوڵی داوە سپی پێناسە بکات و ڕوونی بکاتەوە.

پێوەندیی ڕەنگی سپی بە شیعرەوە، زۆر بەرفرەوانە، لێرەدا سپی دەلالەتێکی تری دەداتێ، چونکە سپی نیشانەی پاکێتی و ئاشتییە، بەڵام لەم پارچە شیعرەدا وەزیفەکەی دەگۆڕێت بۆ پچراندن و هێنانی مەرگ.

مەرگ
ئاسنگەرێکی ستەمکارە
لەپڕ دێت و
چەکوشە سپییەکەی
لە
لەگەنێک خوێن دەنێ و
قەف قەف زنجیری
پێوەندییە ئیستەتیکییەکان
دەپچڕێنێ .( سەراج، ٢٠١٢، ل٥٣-٥٤).

شاعیر بە شێوەیەکی سادە و هەڕەمەکیانە تەماشای ڕەنگ ناکات، هەمیشە تێڕوانینێکی تایبەتی بۆی هەیە، لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بوون
وێرانەیەکی سپییە .( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٦٩).

بوون لای سەراج بێ بنەمایە، بە ڕەنگی سپی دەیچوێنێ، سپی ئاماژەیە بۆ مەرگ، ئەمەش بێهیوایی و بێهودەیی بۆ دەروون و ڕۆحی درووست کردووە، ئەم بێهوودەییە هۆکاری پچڕانی جوانییەکانی ئیلهامی شیعرە.

بوونی مرۆڤ
لەتارماییەکی سپی
دەچێت. .( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٧٤).

تارمایی سپی، ئاماژەیە بۆ ترس و خەیاڵ، هەمیشە مرۆڤەکان ترسیان لە تارمایی هەیە، ژیان و بوون بەلای هاشم سەراجەوە بریتییە لە تارمایی و ترس و تراژیدیا، دیمەنەکانی تراژیدیا هەمیشە ترس و دڵە ڕاوکێ بۆ مرۆڤەکان دروست دەکەن.

هەمیشە
لە واتای بووندا
تراژیدیایەکی سپی
بەلەز
دەگەڕێ.( سەراج، ٢٠١٢، ل٤١٠).

تراژیدیا کە ڕووداوێکی سامناکە لە بری ئەوەی ڕەنگێکی تری بۆ بەکار بهێنێت ڕەنگی سپی بۆ بەکار هێناوە، کە بۆ تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤ تراژیدیای سپی دەگەڕێت نەک تراژیدیای ڕەش یا ڕەنگێکی تر.

مەرگ لە لایەک ڕەشە لە لایەکی ترەوە سپییە، شاعیر هەوڵی داوە دیمەنەکان جۆراوجۆر پیشان بدات، ئەمەش توانا و سەلیقەی شاعیرمان بۆ دیار دەخات، دەیەوێت جوانکاریی شیعری ئەنجام بدات.

مەرگ
گەمەیەکی سپی
لە نێوان جیهانێکی
نادیار و دیاردا . .( سەراج، ٢٠١٢، ل٤٩٢).

یاخود دەڵێت:

زانین
هەرمێیەکی سپییە.( سەراج، ٢٠١٢، ل٥٠٠).

شاعیران جیاوازن لە مرۆڤی سادە، چونکە "مرۆڤی سادە بەشێوەیەکی سادە تەماشای شیعر و ڕەنگ دەکات، بەڵام شاعیر کە تەماشای ڕەنگ دەکات، ئەوا تەماشای دەلالەتەکانی یان ڕووکەشەکەی ناکات، بەڵکوو دەیەوێت بچێتە نێو پێکهاتە و قووڵاییی ڕەنگەکانەوە، چونکە ئەو وەک مرۆڤی سادە تەنیا گرنگی بە ڕووکەشی شتەکان نادات". (هیگل، ١٩٧٨، ل٣٠٧) بەڵام لەو شیعرەی سەرەوەدا ئەمە ئەوە پیشان دەدات، شاعیر لەبری گەشبین بێت لە ژیاندا، زۆر ڕەشبینە.

**٣-٤- ڕەنگی سوور:**

سوور بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگێکی بنەڕەتییە بۆ بنەما و باوەڕی بەهێزی ژیان. توانا و درەوشانەوەی ڕەنگی ئاگر و خوێنە، بۆیە هەمیشە هەمان ڕەگەزی خوێن و ئاگری هەیە لە بەڕەنگاربوونەوەدا.

سوور بە یەکێک لە ڕەنگە کۆنەکان ئەژمار دەکرێت، کە مرۆڤ لە نێو سروشتدا ناسیویەتی، سوور "یەکێکە لە ڕەنگە گەرمەکان لە بەهێزیی ناو کڵپەی ئاگر و گەرمای بەتین، هەروەها یەکێکە لە درێژترین شەپۆلەکانی ڕووناکی" (موختار، ١٩٩٧، ل١١١) ئەم ڕەنگە لە هەموو ڕەنگەکانی دیکە تا ڕادەیەک دژ بە یەکترن، چونکە ڕەنگی خۆشی و خەمە، ڕەنگی توندوتیژی و کەیفسازییە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕەنگە، زیاتر ڕەگەزی خەم بەسەریدا زاڵە، ئەمەش بۆ بوونی سووری ڕەنگی خوێن دەگەڕێتەوە، چونکە ڕەنگێکی ترسناک، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ هەموو کولتوورێک وەک یەک وا بێت، چونکە دەلالەتەکانی بەپێی کولتووری کۆمەڵگەکان دەگۆڕێن، ئەمەش بۆ جیاوازیی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە. بایەخپێدانی زیاتر بە سوور لە نێو شیعردا زیاتر دەردەکەوێت، بۆیە شاعیران لە ئەنجامی هۆشیاری و جوانیناسییان بۆ دیاردەکان بەکاریان هێناوە.

لە لایەکی ترەوە جگە لە کولتوور ئەزموونی سیاسییش، کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەنگی سوور، بۆیە "ڕەنگی سوور ئاماژەیە بۆ ئەزموونی حیزبی لە دەربڕینی سەبارەت بە مرۆڤی تووڕە و ململانێی ڕۆژانە لە پێناو ژیانێکی باش، ئەمەش بەپێی دەلالەتە ڕاستەقینەکانی وەک هێمایەک بەکار هاتووە، کە ئاماژەیە بۆ بۆ دروشمی حیزبی شیوعی". (العمادی، ٢٠٠١، ل٢٥).ڕەنگی سوور چۆتە نێو کولتووری زۆربەی وڵاتانەوە، لەوانەش بە نموونە: چین و ڕووسیا و یابان کە هەمیشە لەنێو کەرناڤاڵ و ئاهەنگە میللییەکانیاندا ئامادەیە، بە تایبەتی لە جەژنی بەهار و ئاهەنگی هاوسەرگیری و لەدایکبووندا، لە نێو کولتووری کوردیشدا، زۆر جار دەڵێن: "سوور و سپییە" واتە ڕەنگی جوانە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین، زۆربەی گەلان بە شێوازی تایبەتیی خۆیان گوزارشتیان لە ڕەنگی سوور کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات سوور تا ڕادەیەک قووڵترین ڕەنگی غەریزەی مرۆڤایەتییە، ئەوانیش کار و گڕوتین و ماندووبوون و ڕزگاربوونە، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو ئاڵا سوورانەیە کە لە ڕۆژگاری ئێمەدا دەشەکێنەوە و بوونەتە هێمای زۆربەی وڵاتان.

هاشم سەراجیش بەمەم شێوە باس لە ڕەنگی سوور دەکات و دەڵێت:

بڕێجار

سەیری وێنە هەڵواسراوەکانی

مەچکۆ دەکەم

خەیاڵێکی سوور دام دەگرێ. ( سەراج، ٢٠١٢، ل١٩٩).

لەم شیعرەدا سوور دەلالەتێکی دیاریکراوی هەیە کە خوێنەر هەست بەوە دەکات، شاعیر دەیەوێت مەچکۆ بە سوور داپۆشێت، واتە لە ڕووی ناوەکییەوە شوێنەکە بەرەو داخران ببات، سوور هەندێ جار پێوەندی بە ژووری زیندان و سێدارەوە هەیە، شاعیر خەیاڵەکانی زیندانی هەستەکانی دەبن.

سوور زۆر جار ئاماژەیە بۆ شۆڕش، وەک ئاڵای سوور، هەروەها ئاماژەیە بۆ داگیرکاری، نیشانەش خوێنڕشتن و کاولکارییە، یاخود ئاماژەیە بۆ لایەنی سێکسی، بەڵام شاعیر لەبری ئەمانە، بەشێوازێکی تر گوزارشت لە سوور دەکات، بەلای ئەوەوە هەستی "سوور، خەیاڵی سوور، شوێنی سوور" گرنگترە لەلایەنی سێکس و شۆڕش و داگیرکاری. بەلای ئەوەوە هەست بریتییە لە ڕەنگی سوور کە ئیلهامی شاعیرانەی پێ دەبەخشێت، واتە لێرەدا سوور لەپێناو خزمەتکردنی هونەری شیعردایە نەک مەبەستی تر.

ئەی هێزی

شێتی شیعر

کۆمەکمکە

خەریکە

هەستی سووری

دەربڕین

لە دەستدەدەم.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٠٧).

وەسفی شوێن بە ڕەنگی  سوور دەلالەتێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت لە نێو شیعردا، کە لە چوارچێوەی بازنەدا هەست و سۆز و وزە دەبەخشێتە شاعیر، لە لایەنی ئەندازەییەوە خاڵی باڵادەستییە و هێز دەگرێتەوە، کە هێزی نێرینەیە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێینە.

ئێستە

لە بازنەیەکی مەیلەو سووردا

پیاسە دەکەین( سەراج، ٢٠١٢، ل٣٦٨).

**٣-٥- ڕەنگی زەرد**

زەرد بە یەکێک لەو ڕەنگانە دادەنرێت کە گوزارشتە لەوپەڕی خۆشی، چونکە سەرنجڕاکێش و کاریگەرە. ئەم ڕەنگە نوێنەرایەتیی کەیفسازی و ڕووناکی دەکات، لە هەموو ڕەنگەکانی تر ڕووناکتر و نوورانیترە، چونکە ڕەنگی خۆرە، سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمی و ژیانە. لە کوردەواریشدا زەرد کات دیاری دەکات، وەک "جۆزەردان، گەنم زەردبوون، زەردەی خۆرئاوا". (شێخانی، ٢٠١٣، ل ٢٢٤) زەرد نیشانەی سەرکەوتن و زانست و زانیارییە، نیشانەی برایەتی و تەبایی و سۆزە، نیشانەی گەشبینی و متمانە و شانازی بەخۆکردن و داهێنانە. زەرد زۆر جار کاریگەریی تەواوی لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە، زۆر جار دڵخۆش دەبن یاخود دڵتەنگ دەبن پێی.

ڕەنگی زەرد چەند دەلالەتێکی هەیە کە گوزارشتە لەسەر  هەندێک لایەنی سلبی، ئەوانیش: "ڕەنگی نەخۆشی و دڵتوندیی، ئەم ڕەنگەش دەبەسترێتەوە بە لایەنی خەم و بێتاقەتی لە ژیان و گواستنەوە بەرەو جیهانێی پاکتر". (غطاس،١٩٤٩، ل ٩٤) زۆر جار ئەم ڕەنگە بە ڕەنگی ئارامی و هاوڕێیەتیی بیرکردنەوە دادەنرێت، زەرد ڕەنگێکە ئاستی توڕەبوون کەم دەکاتەوە، دەروون ئارام دەکاتەوە، چونکە بە ئاسمان و ئاو دەبەسترێتەوە، هەروەها هێمایە بۆ وەفا و ڕاستگۆیی، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین،  بەپێی سیاقی دەقەکە دەلالەتەکانی زەرد دەگۆڕێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر شاعیر، بە چ مەبەستێک بەکاری دەهێنێت. لێرەدا شاعیر بەم شێوەیە باسی ڕەنگی زەرد دەکات و دەڵێت:

تازە چیم پێدەکرێ

ڕۆحت ئەژدەرێکی زەردە.( سەراج، ٢٠١٢، ل٩٣).

ئەژدیها ڕەمزێکی ئەفسانەییە، بەڵام لێرەدا ئەژدیهای زەرد واتای مەرگ دەگەیەنێت، ڕۆحی ئەو بەرەو مەرگ هەنگاو دەهێنێت. لە کاتێکدا زەردیی زەوی، نیشانەی مردنێتی، بەڵام شاعیر لەم سەرزەمینە زەردەدا بێئومێد نابێت و دەیەوێت بەردەوام بێت لە نووسین، چونکە نووسین بە لای ئەوەوە خۆراکی ژیانێتی.

نەهاتی

لەم سەرزەوینە زەردە

ئاگر خۆشکەین  و

سوێسکەی شیعر لەشیشبەین.( سەراج، ٢٠١٢، ل١٤٠).

زەرد دەکاتە ئاماژە بۆ مەرگ، بەڵام بە هۆی جوانی یارەوە بیرکردنەوەی سەبارەت بە مەرگ دەگۆڕێت، لە بێهوودەییەوە بۆ دەستگرتن بە ژیان، بەڵام زەرد نیشانەی مەرگە وەک لەوەی ئاماژەیەکی تری هەبێت:

جوانیت

شێوازی بیرکردنەوەی گۆریم

ئەودەمانەی

هەستی زەردی مەرگ

گەمارۆم دەدا.( سەراج، ٢٠١٢، ل٣٤٥).

ڕەنگی زەرد نیشانەی توانەوە و کۆتاییی وەرز و مردنی سروشت و مردنە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بێهیوایی شاعیر و لە نێوچوونی ئاواتەکانی، بەڵام هاشم سەراج جارێکی تر واتاکان لە بارێکی ترەوە دەگوازێتەوە بۆ بارێکی تر، زەرد لە ئاماژەی مردنەوە دەگوازێتەوە بۆ خۆشەویستی و سێکس.

**٣-٦- ڕەنگی سەوز:**

سەوز هێمایە بۆ چاکە و گەشەسەندن و ژیان و بەردەوامییە تێیدا. ڕەنگێکە ئاماژە بە سروشت دەکات، ڕەنگێکی ئارامبەخشە و ئارامی و جێگیربوون دەهێنێتە ئاراوە، سەوز تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە نە لە ڕەنگە گەرمەکانە و نە لە ڕەنگە ساردەکانە، بەڵکوو ڕەنگێکە هارمۆنییەت و ئاشتی دەهێنێتە ئاراوە. ئەم ڕەنگە بە یەکێک لە ڕەنگە سەرەکییەکان دادەنرێت، ئەمەش بە هۆی جێگیربوونی، هەروەها ڕەنگێکی خۆشەویستە، ئەمەش بەهۆی پێوەستبوونی بە هەندێک شتی گرنگ لە نێو سروشتدا، ئەوانیش وەک: ڕووەک و بەردی بەنرخ، دواتر بڕوابوونی ئایینی دێت، ئەم بڕوابوونەش بە دوای پێوەستبوونی بە ژیان و گەنجێتی دێت، چونکە هەموو ئەمانە سەرچاوەی خۆشیی مرۆڤن.

ڕەنگی سەوز گوزارشتە لە پیتاندن و ڕزق و ڕۆزی، بەپێی ئایینی ئیسلامیش ڕەنگی بەهەشتە لە دوارۆژدا، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: "عالیهم ثیاب و سندس خضر واستبرق". (سورة الانسان) زۆر جار دەگوترێت: "دڵێکی سەوز کە دەلالەتە لەسەر بێتاوانی". (موختار، ١٩٩٧، ل٧٤)، ئەم دەلالەتانەش بەپێی ناوچە جیاوازەکان دەگۆڕێت، چونکە کولتوورەکان جیاوازن، لەم بارەوە "الثعالبي، دەڵێت: "ژیانێکی سەوز، مردنێکی سوور، نیعمەتێکی سپی، ڕۆژێکی ڕەش و دوژمنێکی شین". (الثعالبی، ١٩٩٢، ل٧٥).

سەوز ڕەنگێکی نێوەندگیرە، واتە لە نێوان سارد و گەرمدایە، ڕەنگێکی بەرز و نزمە، مرۆڤەکان زۆر جار کە تەماشای دەکەن، هەست بە نەمانی ئازارەکانی گیانیان دەکەن، بۆیە هۆگری مرۆڤ بۆ سەوزایی زیاترە، ئەمەش پێوەندی بە گەشانەوە هەیە لە ژیاندا. هونەرمەندی هۆڵەندی "ڤان کوخ" سەبارەت بە "سەوز و سوور" دەڵێت: "بە دوای گوزارشتدا دەگەڕێم، سەبارەت بە ئازارەکانی مرۆڤایەتی لە نێو ڕەنگەکانی سوور و سەوزدا". (عبید،٢٠١٣، ١٠٤)، هەوڵ دەدات بە هۆی ئەم ڕەنگانەوە ئیلهام بدۆزێتەوە.

هاشم سەراج سەبارەت بە ڕەنگی سەوز دەڵێت:

پەنجە سیحرواییەکانت
لە ژێی قیسارەی ژیان
بئاڵێنە و
ئاوازێ بژەنە
کەسکتر لەخەم
و شیرنتر لەشادی.( سەراج، ٢٠١٢، ل١٩٧).

سەوز خەیاڵی شاعیر دەبات و دەبێتە هێما بۆ نەمانی خەم و ئازار، مەعشوق لەڕێگەی ژەنینی میوزیکەوە، ئاوازێک دەژەنێت کە خەمەکان بکاتە شادی و شیرنتر بێت لە شادی، کە لێرەدا ڕەنگی سەوز ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و دەبێتە مایەی هێنانەدی شادی بۆ شاعیر.

لە پارچە شیعرێکی تردا سەراج دەڵێت :

ئەی جوانی
هەمیشە
منی کەساس
بەرامبەر بەرزی باڵات
لەرزێکی
شاراوەی کەسک
دامدەگرێ.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٣٣).

سەراج ئەوەی خستووەتە ڕوو کە چەند شەیدای جوانی و ئافرەتە، بەڵام لێرەدا لە بری ئەوەی سەوز بە واتا ئاساییەکەی کە هێمای ژیانە و ئارامییە بەکار بهێنێت، ئەوا ئەم دێت سەوز دەکاتە هێمایەک بۆ ترس و شەرم. سەراج ویستویەتی جوانییەکان بگوازێتەوە، بەڵام بە شێوازی هەمەڕەنگ و جیاواز. وەک ئاشکرایە سەوز ڕەنگی بەهەشتە، حەوزی کەوسەر یش بەشێکە لە بەهەشت، بەڵام بەهەشتی شاعیر ئافرەتێکە کە هۆگریەتی و لە تەنیشتیەتی:

ئەوەی
لەتەکتابێ
سووراحی شین
لە حەوزی کەسکی

کەوسەر
هەڵدێنێ.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٣٥).

هاشم سەراج سەبارەت بە خەندە و ماچی ئافرەت دەدوێت تاوەکوو باری دەروونیی خۆی دەربخات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لایەنی "من" زاڵە بەسەر3 - شیعرەکانیدا، شاعیر سەبارەت بە ماچی کەسک و خەندەی کەسک دەدوێت دەڵێت:

حەزدەکەم
پیاڵەیەک 4 -
لە
خەندەی کەست
بخۆمەوە.( سەراج، ٢٠١٢، ل٢٧٣). 5 -

ماچ بە لای شاعیرەوە کەسکە، ئەمەش دەیخاتە دونیای خەیاڵاتەوە، هەستێکی گەرم و وزەی ژیانی پێ دەبەخشێت و دەڵێت:

ماچی کەسک
چەشنی تۆپی تێنس
دانە دانە
دەکەوتنە ناو لەپی دەستم.( سەراج، ٢٠١٢، ل٣٢٥).

ماچی سەوز ئاماژەیە بۆ ماچکردنی ناوچەوان، کە ئەمەش بەپێی فەرهەنگە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بە گشتی ئاماژەیە بۆ هاوڕێیەتی و بەزەیی و دڵنیابوونەوە و ڕێزگرتن. سەراج ماچی سەوز وەکوو دڵنیایی بەکار دەهێنێت و هەڵگری خەم و ئازارەکانی مەعشووقە. کە دەیەوێت دووبارە ژیانی پێ ببەخشێتەوە.

## ئەنجام

1 - فرەڕەنگی دەلالەتەکانی ڕەنگ لە شیعرەکانی هاشم سەراجدا دیارە، ئاماژەکانی ڕەنگەکان خاوەن یەک واتا نین، بەڵکوو واتا و دەلالەتی ڕەنگەکان جۆراوجۆرن، بە جۆرێک یەک ڕەنگ چەند دەلالەتێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

2 - ڕەنگ ڕۆڵێکی کاریگەری لە جوانکردنی دەقی شیعریدا هەیە، ئەمەش بەهۆی دەلالەتە جیاوازەکانی ڕەنگ کە لە لایەنەکانی ئایینی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، هونەری و ئەفسانەییەوە هەیەتی، ئەم کاریگەرییانەش لە دیوانی شەبەنگی شینی ژمارەکانی هاشم سەراجدا بە ڕوونی دیارن.

هاشم سەراجیش یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی دەرگەکانی ڕەنگیان بە ڕووی شیعردا کردووەتەوە، بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکیانە، دواتر ئەم کردنەوەی دەرگەیەش بۆ بەهرەی شیعری سەراج دەگەڕێتەوە.

ڕەنگەکان زیاتر لایەنی سۆزداری و سێکسی دەگرێتە خۆ، ئەمەش هەڵگەڕانەوەی شاعیرە لە کولتووری کۆمەڵگەکەی.

ڕەنگی شین، ڕەنگێکی ئارامبەخشە، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ڕەنگی شینەوە ئارامی بە دەروونی خۆی ببەخشێت و جیهانێکی ئارام بۆ خۆی دروست بکات. سەراج، ڕەش بە مەبەستی ناخۆشی و مردن بەکار دەهێنێت، لە لایەکی تریشەوە لای ئەو نیشانەی تارکییە. ڕەنگی سپی ڕەنگی ئاشتی و مەرگە، ڕەنگی "سوور" واتە: هەستی "سوور، خەیاڵی سوور، شوینی سوور"، گرنگترە لەلایەنی سێکس و شۆڕش و داگیرکاری. بەلای ئەوەوە هەست بریتییە لە ڕەنگی سوور کە ئیلهامی شاعیرانەی پێ دەبەخشێت، واتە لێرەدا سوور لەپێناو خزمەتکردنی هونەری شیعردایە نەک مەبەستی تر. ڕەنگی زەرد لای هاشم سەراج ئەفسانە و مەرگ دەگەیەنێت، سەوز ئارامی و وزەیە، لە لایەکی ترەوە مایەی نائارامییە.

## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

**أ-کوردی:**

1- تەها،عەدنان عەبدول ڕەحمان ،محمد، شنۆ محمود،(٢٠١٨)، ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیما یوشینج دا- توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی Bزانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە٣،لاپەڕە١١.

2- رەئوف، لوقمان،(٢٠١٧)، سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا- دیوانی ڕەنگدان بە نموونە).مجلة التنمية البشرية، العدد٣، المجلد٣، اب، صص٤٥٣-٤٨٢.

3- زەنگەنە،موستەفا،(٢٠٠٢). ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی سیمانتیکیە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

4- سالار،احمد،(٢٠٠٩)، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

5- سەراج، هاشم،(٢٠١٢)، دیوانی شەبەنگی شینی ژمارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

6- شێخانی، عبدالوهاب،(٢٠١٣)، فەرهەنگی ڕەنگ، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،

7- عبدالسلام، ژوان، عەلی، یوسف،(٢٠١٩)، دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعریەکانی موستەفا بەگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی شەشەم، لاپەڕە ١١٣-١٣٢.

8- مەقدید، ڕوخسار،(٢٠٢٣)، میتافۆری چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٥، لاپەڕە٧٧.

ب-عەرەبی:

1- - نصير متوج، سمران نديم،(2004)، دلالات اللون و رومزه فى الشعرالجاهلى، رسالةدكتوراه، جامعةتشرين.

2- ابن عاشور، الطاهر،(؟)، التحرير والتنوير ط1، مؤسسة التاريخ، بيروت.

3- ابن منظور،(؟) ابوالفضل جمال الدين محمدبن كرم،( دت)لسان العرب، مادة لون، باب النون،فصل لام.دارصار، بيروت،لبنان، بدون سنه.

4- احمد عبدالله، محمد حمدان،(٢٠٠٨)، دلالات الوان فى شعر نزار قبانى، رساله ماجستير، جامعه النجاح الوطنيه، نابلس، فلسطين.

5- امتنان عثمان، العمادى،(٢٠٠١)، شعر سعدى يوسف، الطبعة الأولى، بيروت المؤسسة العربيه.

6- الثعالبى، ابو منصور عبدالملک،(١٩٩٢)، فقه اللغة ، طبعه وعلق عليه ياسين الأيوبى، الطبعة الأولى، المكتبة المصريه، صيدا.

7- حاجى ابادى، ليلا قاسم – مهند ممتحن،(٢٠١٢)، الجمال اللونى من الشعر العربى من خلال التنوع الدلالى.

8- حمدان نذير،(٢٠٠٢)، الأعجازالضوئى اللونى، دار أبن كثير،ط1 بيروت.

9- خليفه، عبدالكريم،(1987)، الألوان فى معجم العربية، مجله مجمع اللغة العربية الأردنى،سنه11.

10- الخويسكى، زين،(١٩٩٢)، معجم الالوان فى اللغة والآدب العلوم، بيروت، مكتبة لبنان.

11- الرازى، حمدبن ابى بكر عبدالقادر،(٢٠٠٥)، مختار الصحاح، دار المعرفه للطباعة والنشر، باب الون.

12- رياض-عبدالفتاح،(١٩٨٣)، التكوين فى الفنون التشكيليه، الطبعة الثانية، القاهره، دار النهضة العربية.

13- عبدالغنى، صبرى محمد،(١٩٨٩)، البحث فى الفراغ، مطبعةجامعة بغداد.

14- عبدالفتاح كاميليا،(٢٠٠٧)، القصيده العربيه المعاصره، دراسه تحليله فى البنيه الفكريه والفكريه، دار المطبوعات الجامعية، مصر.

15- عبدالوهاب، شكرى،(١٩٨٥)، الاضاءة المسرحية، مصر، الهيئة العامة المصرية.

16- عبو فرج،(١٩٨٢)، علم عناصر اللون، الطبعة الثانية، ميلانو – دار كيفن.

17- عمر احمد مختار،(١٩٩٧)، اللغة والون، الطبعة الثانية، القاهره، عالم الكتب.

18- كرم انطوان غطاس،(١٩٤٩)، الرمزيه والأدب العربى الحديث، بيروت-دار الكشاف.

19- كلو عبيد،(٢٠١٣)، الألوان، الطبعة الاولى، بيروت، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

20- -محمد شفيق وزملأه،(١٩٨٦)، غربال، الموسوعه العربيه الميسره، دار نهضة لبنان، بيروت .
21- همام محمد يوسف، (١٩٣٠)، اللون، الطبعة الاولى، القاهره، مطبعة الاعتماد.
22- هيغل،(١٩٧٨)، فكره الجمال، ترجمه : جورج جرابيشى، دار الطليعة، بيروت ،ج1.

## ألوان الحياة، رحلة عبر طيف الألوان في ديوان هاشم سراج الشعري "شەبەنگی شینی ژمارەکان"

**ملخص**

لقد كان اللون، باعتباره العنصر الأبرز في مجال العواطف، يجذب انتباه الإنسان دائمًا بسبب سحره.يرتبط اللون ارتباطًا وثيقًا بالجوانب النفسية وأذواق واهتمامات الناس. لذلك، في ارتداء الملابس والديكور وأي عمل تلوين، نرى تنوعًا غير محدود من حيث الألوان. ويعتقد أن اللون هو العنصر الأكثر أهمية في ظهور الابتكار الفني. يعتقد معظم الفنانين والكتاب العظماء في العالم اليوم أن اللون هو الانعكاس الأكثر أهمية للابتكار الفني.الشعر هو اختيار الكلمات، أو التلوين بالكلمات. لا يمكن أن يكون اختيار الألوان غير فعال في فن الشاعر؛ إن الاختيار الواعي أو غير الواعي لكل لون يجب أن يوجه سلوك الشاعر في الطبقات الدنيا من نظرته للعالم.

وفي هذه الدراسة حاولنا التعريف علمياً بهاشم سراج في كتابه من خلال الألفاظ الواردة في النص وبعض صفاته السلوكية.

الكلمات المفتاحية: اللون، الشعر، علم نفس اللون، معاني اللون، هاشم سراج.

## Colors of Life, a journey through the types of colors in Hashim Saraj's book of poetry Shabangi Shini Zhmarakn.

**Summary**

Color, as the most prominent element in the field of emotions, has always attracted human attention because of its magic. Color is closely related to the psychological aspects, tastes and interests of people. Therefore, in wearing clothes, decor and any act of coloring, we see an unlimited diversity in terms of color. Color is believed to be the most important element in the emergence of artistic innovation. Today, most of the world's great artists and writers believe that color is the most important reflection of artistic innovation.

Poetry is the choice of words, or coloring by words. The choice of colors cannot be ineffective in the poet's art; The conscious or unconscious choice of each color must guide the poet's behavior and in the lower layers of his worldview. In this study, we have tried to scientifically introduce Hashim Saraj in his book Due to the words in the text and some of his behavioral characteristics.

Keywords: Color, Poetry, Psychology of Color, Meanings of Color, Hashim Saraj.

# دووانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی "جەلال بەرزنجی"دا لە ڕووی دەروونشیکارییەوە

**هبە ممتاز جلال**
**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین**
hiba.jalal@su.edu.krd

**پ. ی. د. پەروین عبداللە خضر**
**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین**
barween.khudhur@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "دووانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجیدا لە ڕووی دەروونشیکارییەوە" لە نێوان سالآنی ١٩٩١-٢٠٠٣دایە. خەون ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە داهێنان و داڕشتنی ئەدەبدا، ئەم جۆرە داهێنان و داڕشتنەش بە گشتی لە دەقی ئەدەبی و بە تایبەتی لە شیعردا بەدیار دەکەوێت. هەرچەندە هەندێک لە وتاری بڵاوکراوە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە لێکدانەوەی خەونی شاعیران لە دەقە شیعرییەکاندا دەکەن، بەڵام بە میتۆدێکی دیاریکراو لێکدانەوەیان بۆ خەون نەکردووە. ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەوانەی پێشوو جیا دەکاتەوە، کارکردنە بە میتۆدی دەروونشیکاری، بە تایبەتییش تیۆری فرۆید کە بۆ لێکدانەوەی خەون و خەسڵەتەکانی تاراوگەبوون کاری لەسەر کراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەرخستنی ڕێژەی ئەو شیعرانەی کە جەلال بەرزنجی لە تاراوگەدا نووسیوونی و تاچەند ڕەنگدانەوەی خەونیان پێوە دیارە، لەگەڵ ئەمەشدا دەرخستنی سیماکانی تاراوگەبوون لەم دەقە شیعرییانەدا. ئەم توێژینەوەیە لە کۆتاییدا ئەوەی دەرخست کە خەون بەشێکی زۆری لە شیعرەکانی تاراوگەی جەلال بەرزنجی داگیر کردووە و لە لێکدانەوەی خەونیشدا ئەو سیمایانەی تاراوگە جێکەوتەی هەیە: (نۆستالژیا، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ مندالّی، گەڕانەوە بۆ نیشتمان، نامۆبوون و پاراستنی ناسنامە و کولتوور).

وەرگرتن: 2025/5/4
پەسەندکردن: 2025/6/17
بڵاوکردنەوە:

**کلیلەوشە:**
سیماکانی تاراوگە، خەون، دەروونشیکاری، شیعر.

## پێشەکی:

خەونەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دارشتنی خەیاڵی شاعیران و بنیاتنانی بیرۆکە داهێنەرەکانیان دەگێڕن. شاعیران لە ڕێگەی خەونەکانیانەوە داهێنان و گوزارشت لە ناخ و دەروونی خۆیان دەکەن. لێرەدا پێوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونشیکاری دروست دەبێت. لەم سۆنگەیەوە، ڕەهەندە دەروونییەکان لەناو ئەدەبدا ڕەنگ دەدەنەوە. دەقەکانی جەلال بەرزنجی وەک شاعیرێکی تاراوگەنشین، لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، بەتایبەتییش میتۆدی فرۆید کارمان لەسەر کردووە. بۆ دەرخستنی چەمکی خەون و سیماکانی تاراوگە لە دەقە شیعرەکانی تاراوگەیدا. سەبارەت بە لێکدانەوەی خەون لە شیعری کوردیدا، بەپێی زانیاریی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، هیچ کارێکی ئەکادیمی و پوخت لە سنووری لێکدانەوەی خەون بە میتۆدی دەروونشیکاری نەکراوە بۆ تێگەیشتن لە ناخ و ئەزموونی تاڵی شاعیران. ئەوانەشی دەربارەی خەون کراون، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. لە ئاستی وتاردا، دوو وتاری کورت بەردەستن. یەکەمیان: بە ناونیشانی "خەونە بچووکەکانی ژنێک لە کۆمەڵە شیعری نەسیمدا"، کە لەلایەن سەدیق سەعید نووسراوە (سەعید،٢٠١٩). دووەمیان: بە ناونیشانی "زەمەنی شیعری و خەونبینینی شاعیر" کە لەلایەن جەمال نووری نووسراوە (نوری، ٢٠٢٠) لەگەڵ کتێبێک بە ناونیشانی ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا (شەوڕۆ، ٢٠١٤) دەربارەی خەون کراوە.

### سنووری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر تێکستە شیعرییەکانی تاراوگەی جەلال بەرزنجی کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣، ئەم مەودایە لە چەند دەقێک پێک هاتووە ئەوانیش: بارانی ڕەحمەت، لەمدیو زەریاش خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات، بۆ ئەوەی منتان لەبیر بێت، تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون، دوا پەنا.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە و دەرخستنی ئەو دەقانەیە کە کاریگەریی ئەزموونی تاراوگەیان لەسەرە، دەمانەوێت ئەوە بخەینە ڕوو، چۆن ئەزموونی تاراوگە کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر هەبووە و لەخەونەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە.

### پرسیارەکانی توێژینەوە:

١- شیعرەکانی جەلال بەرزنجی، تا چەند ڕەنگدانەوەی خەونی پێوە دیارە؟

٢-کام لە سیماکانی تاراوگە لە ڕێگەی خەونەوە دەرکەوتوون؟

### میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی دەروونشیکاری و تیۆری فرۆیدی تێدا بەکار هاتووە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە؛ لەبەشی یەکەمدا، چەمک و پێناسەی تاراوگە و خەون لە ڕووی دەروونشیکارییەوە خراوەتە ڕوو. بەشی دووەم، تایبەتە بە دوانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجیدا. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: تاراوگە و خەون لەژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەی دەروونیدا

### ١-١: چەمك و ناساندنی تاراوگە

تاراوگە یەکێکە لەو زاراوانەی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا لە زۆر لایەنەوە کاری لەسەر کراوە، بەڵام لە

ئەدەبیاتی کوردیدا، وەکوو کاری ئەکادیمی بەم دواییيانە بایەخی پێ دراوە، بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی زاراوەی تاراوگە، وەکوو دیاردەیەکی ئەدەبی، پێویست دەکات چۆنیەتیی دروستبوونی زاراوەکە ڕوون بکرێتەوە. تاراوگە، لەڕووی دروستبوونیسەوە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی داڕێژراوە، لە "تاران"ەوە هاتووە، بە مەبەستی ڕۆیشتن و سەرهەڵگرتنی کەسێکە بۆ شوێن و جێگەیەکی دیکە، یاخود "تاراندن" گەردانکردنێکە بۆ کەس و سیفەتی سەرهەڵگرتنی تاکەکەسێکی دراوەتە پاڵ، ئەمەش بە مەبەستی نەگەڕانەوەی بۆ زێد و نیشتمان بەکار هێناوە. (هەژار، ١٣٥٩، ل ١٣). لە فەرهەنگی کوردستاندا، "تاراو" بە مانای ئاوارە و هەڵاتوو هاتووە، بەڵام "تاراندن" بە مانای ڕاونان، تەراندن، ڕەواندن بەکار هاتووە. (موکریانی،١٩٩٩، ل ٢٠٩). هەروەها لەفەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا "تاراندن" بە مانای ڕەواندنی یەکجاری هاتووە. بە هەمان شێوە "تاراو" ڕۆیشتوی بێ گەڕانەوە، برای هەمیشەرەفتەی بۆ بەکار هاتووە. (هەژار، ١٣٦٩، ل ١٤٠). واتە تاراوگە، ئەو حاڵەتەیە کە کەسێک دوور لە زێد و نیشتمانی خۆی دەژی. تاراوگەبوون لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە، لە کۆنترین دەقە ئەدەبییەکانەوە هەتا ئەمڕۆ، وەک هەستێکی قووڵی دابڕان و غەریبی خۆی نیشان داوە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرهەمە فیکری و ئەدەبییەکان داناوە.

لە زمانی کوردیدا، تاراوگە بەرانبەر بە چەمکی "Exile" بەکار دەهێنرێت کە مانای دەربەدەری و دوورخستنەوە، جیابوونەوەی زۆرەملێیی مرۆڤ لە وڵات یان زێدی بە هۆکاری سیاسی، ئایینی، یان کۆمەڵایەتی بێت. (Chung, 2012) . تاراوگە ئاماژەیە بۆ دەرەوەی نیشتمان، واتە کاتێک کەسێک ناچار دەکرێت بە هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی، نیشتمان و زێدی خۆی جێ دەهێڵێت بۆ کاتێکی نادیار یان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ناتوانێت بگەڕێتەوە. ئێدوارد سەعید، ڕەخنەگری فەلەستینی-ئەمەریکی، بەم شێوەیە پێناسەی تاراوگە دەکات: تاراوگە بریتییە لە ئەزموونێکی قووڵ کە بەسەر تاکەکاندا دێت و کەسەکە ناچار دەکرێت شوێنی ڕەسەنی خۆی جێ بهێڵێت، ئەمەش وا دەکات خەمێکی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت. ( Allatson & McCormack, 2005: 2). زیاد لەمەش، جەبرا ئیبراهیم جەبرا، نووسەری ناوداری فەلەستینی، تاراوگە وەک ئەزموونێکی ئاڵۆز سەیر دەکات و پێی وایە تاراوگەبوون دابڕانی جەستەیی و دەروونی و کولتوورییە (Halabi, 2017: 96).

جەلال بەرزنجی دەربارەی تاروگە دەڵێت: تاراوگە واتا کەسەکە ناچار دەکرێت وڵاتەکەی خۆی جێ بهێڵێت، بە هۆکاری سیاسی، ڕەنگ، بیروڕای ئایینی یان کۆمەڵایەتی کە ئەو کەسانە ناتوانن بگەڕێنەوە. (بەرزنجی، ٢٠٢٤). واتە، تاراوگەبوون بە زۆرەملێی و ناچارییە. کاتێک شاعیران ناچاردەبن نیشتمانی خۆیان جێ بهێڵن و لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی جوگرافیای خۆیان نیشتەجێ و تاراوگە دەبن، بەمەش کۆمەڵێک سیما لە نووسینەکانیان لێکەوتەی دەبێت و جێگەی بۆ دەکرێتەوە.

## ١-٢: سیما دەروونییەکانی تاراوگە لە خەونە شیعرییەکانی جەلال بەرزنجیدا

### ١-٢-١: نۆستالژیا

یەکێکە لەو چەمک و زاراوانەی کە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، بەگشتی ئەوەی دەربارەی نۆستالژیایە لە ئەدەبدا تازەیە، لە ڕووی زاراوەوە نۆستالژیا وشەیەکی فەڕەنسییە و لە دوو وشەی لێکدراو دروست بووە، لە یۆنانییەوە وەرگیراوە (nostos) بەمانای گەڕانەوە و (algos)

بە مانای ئاواتخواز، ئازار، ناخۆشی و خەفەت دێت (شریفیان، ١٣٨٦: ٥٣). ئەم ئازار و دڵتەنگییەش بەهۆی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و کەسوکار و ئازیزانەوە دروست دەبێت. نۆستالژیا زاراوەیەکی فرەوانە دەلالەت لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەکات، غەریبی، حەسرەت، غوربەت، سۆزی گەڕانەوە هتد... کەواتە نۆستالژیا یەکێکە لە سیماکانی تاراوگە، نۆستالژیا چەندان جۆری هەیە وەک: (نۆستالژیای گەڕانەوەی سەردەمی منداڵی، نۆستالژیای گەڕانەوەی گەنجی، نۆستالژیای نیشتمان و غوربەت، نۆستالژیای خۆشەویستی، هتد...).

### ١-٢-٢: نامۆبوون

نامۆیی یەکێکە لە سیماکانی شیعری تاراوگە کە لە شیعری شاعیراندا جێگەی بۆ کراوەتەوە و دەرکەوتووە. نامۆیی دۆخێکە ڕەنگە دووچاری هەموو کەسێک ببێت و هۆکارەکانیشی جیاوازن، بەڵام زیاتر شاعیران دەتوانن لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە ئەم حاڵەتە دەربڕن. (نوری، ٢٠٢١: ١). هەروەها سیگمۆند فرۆید، زانای نەمساوی، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری دادەنرێت، دەربارەی نامۆیی دەڵێت: "نامۆبوون ئاکامی جیابوونەوەی ئاگاییە (الشعور) لە نەست (لاشعور) و ئەو کاتەش کەسەکە لەژێر کاریگەریی ئارەزووە خەفەکراوەکانیدا ڕەفتار دەکات. هەروەها پێی وایە نامۆیی لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێکارە شاراوەکانی دروست دەبێت، کاتێ تووشی ئاڵۆزییەکانی شارسیتانییەت و ڕێکارییە جۆربەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی. سەرەنجام تاک ئەم ویست و ئارەزووانە لە ناخیدا خەفە دەکات." (سەعدون، ٢٠١٥: ٤٨٢-٤٨٣). کەواتە فرۆید پێی وایە مرۆڤ لە ڕێگەی دابونەریت و کۆمەڵگەوە دووچاری نامۆبوون دەبن؛ تاک ڕێگری لێ دەکرێت و ناهێڵن بەو شێوەیە بژیت کە خۆی دەیەوێت. کەواتە کۆمەڵێک هۆکار هەن ڕەنگە بە شێوازێک لە شێوازەکان تاک دووچاری نامۆبوون بکەن، بەڵام تاراوگەبوون و دووربوون لە نیشتمان، ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ هەستکردن نە نامۆیی لە شوێنە نوێیەکەدا.

### ١-٢-٣: ناسنامە و کولتوور

لە نێو ئەم سیمایانەی تاراوگەدا، ناسنامە و کولتوور دەرخەری تاراوگەبوونی شاعیرانن. جێکەوتەی ئەم سیمایانەش لە شوێن و سەرزەمینە نوێیەکەیدا، شاعیری تاراوگەبوو دووچاری کێشە دەکەنەوە. ناسنامە چەمێکی فرەڕەهەندە، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک: زمان، ئایین، نەتەوە، نیشتمان، کولتوور و دابونەریت... لەخۆ دەگرێت. زاراوەی ناسنامە لە وشەی "identitas" وەرگیراوە، بەگشتی ناسنامە پرسیارە لە هەبوونی کەسێک، واتا ئەو کەسە کێیە. (مەهدی، ٢٠٢٤). وشەی ناسنامە لە "ناسین"ـەوە وەرگیراوە. ناسنامە چەمکێکی ئاڵۆزە، کە لە ڕوانگەی دەروونی، بایۆلۆژی، کۆمەڵناسی... پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. سادەترین پێناسەی ناسنامە بریتییە لە: وەڵامدانەوەی: "من کێم؟ ئێمە کێین؟ ئەو کێیە؟" پرسیارێکی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پیشاندانی پێوەندیی تاکە بە خودی خۆی و پێوەندیکردنە بە کۆمەڵەوە، چونکە ناسنامەی تاک، بەهۆی کۆمەڵەکەیەوە دەردەکەوێت. (گرامی، ٢٠٢٤: ٩٤). هەر بۆیە ناسنامە ڕەهەندێکی واتادارە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک، گرووپ، ڕێکخراو یان کۆمەڵێک؛ واتە چۆن تاک، گرووپ و کۆمەڵ پێناسەی خۆیان دەکەن و چۆن دەتوانن هاوبەشییەکی واتادار پێکەوە بونیاد بنێن، ناسنامە هەڵبژاردنێکی ئازادانە و هۆشیارانەیە بۆ قەبووڵکردنی هاوبەشییەک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (Jordhus-lier & Stokke, 2017). کەسی تاراوگەبوو، لە تاراوگە و شوێنە نوێیەکەیدا بەهۆی ناسنامەکەیەوە دووچاری کێشە

دەبێتەوە، ئەویش توانەوە و تێکەڵاوبوونە. د. ئێم کەی گاوتەم، مامۆستای زانکۆی هیندی، پێی وایە هەر کاتێک کەسی تاراوگەبوو لە شوێنە نوێیەکەدا نیشتەجێ دەبێت، هەست بە کولتووری شوێنە نوێیەکە دەکات، هەر بۆیە لە گفتوگۆدا لەگەڵ خەڵکی کولتووره جیاوازەکە، هەوڵ دەدات خۆی بگونجێنێت، بۆیە لەم پرۆسەیەدا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاری دەکات، بەمەش یان کولتوورەکەی خۆی لەم کولتوورەدا دەتوێنێتەوە، یانیش ئاوێتەیەک لە هەردوو کولتوور پێڕەو دەکات. بەمەش دوو چەمک دێتە پێشەوە، ئەوانیش توانەوە و ئاوێتەبوونن. (Gautam, 2013: 3-4) واتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت شتێک شوێنی بگرێتەوە یان جێکەوتەی ببێت، دەبێت پێڕەوی لە هەردوو کولتوورەکە بکات و کولتوور و شوناسی خۆی بپارێزێت.

کەواتە تاراوگەنیشن بە هۆکارە و کەسی تاراوگەبوو ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، یان هاتنەوەکەی نادیارە. تاراوگەبوون، تەنیا دابڕانێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو دابڕانێکی فیکری، سۆزداری و کولتوورییە. ئەو کەسەی کە لە تاراوگەدا دەژی، بەردەوام لە نێوان دوو دونیادا ماوەتەوە؛ دونیای ڕابردوو و زێدی خۆی کە هەمیشە لە یادەوەریدا زیندووە، دونیای نوێی پڕ لە نامۆیی و بێئینتیمایی. ئەم حاڵەتە دووانەییە، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بەرهەم و داهێنانی ڕۆشنبیران و ئەدیبەکان داناوە.

## ١-٣: خەون وەك میكانیزمێكی دەروونی لە ئەدەبدا

خەون وەک دیاردەیەکی دەروونی و هزری لە مێژووی ئەدەب و داهێنانی شیعری بەشێکی جیانەکراوە بووە. خەون، ئەو فەزا نادیار و سەرنجڕاکێشەیە کە شاعیر لە هەموو سەردەمێکدا پەنای بۆ بردووە بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونی ناوەکیی خۆی و ئەو شتانەی کە لە واقیعدا ناتوانرێت دەرببڕدرێن. خەون لە ئەدەبدا جیاوازە تەنیا ڕەنگدانەوەی خەوی شەوانە نییە، بەڵکوو ئامرازێکی هونەرییە، شاعیر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت سنوورەکانی واقیع ببەزێنێت و دەروازەی خەیاڵ و مەعریفەی نادیار بکاتەوە و داهێنان بکات.

لە فەرهەنگی "لسان العرب"دا، دەستەواژەی خەونبینین ئاماژەیە بۆ ئەو خەوەی کە لەخەوندا دەیبینین (المنظور،1984). هەروەها خەون لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا بەم جۆرە هاتووە: خەو: نوستنە، دژی بێداری. خەون، شتێ کە لە خەودا دەبینرێ. خەوبینین: خەودیتن، لەخەودا دیتنی شت. (هەژار، ١٣٦٩: ٢٦٨). واتە، خەون بە مانا زانستییەکەی نوستنە و بینینی شتە لە خەودا.

خەون وەک زاراوەیەکی ئەدەبی و زانستی، چەندان پێناسە و مانا لەخۆ هەڵدەگرێت، سادەترین ڕاڤەی خەون ئەوەیە: خەون و خەونبینین، دیاردەیەکی باوی ژیانی ڕۆژانەمانە کە دەلالەت لە بەردەوامبوونی ئێمە دەکات. لێرەدا گرفتەکە لەوەدایە، ئێمە بە ڕاستی، لە زۆر لایەنی شاراوەی ئەو خەونانە، یان نازانین و بێ ئاگاین، یان کاتێک دەزانین و بەئاگاین، تێیان ناگەین (Freud, 1908: 5) . واتە، خەون درێژەپێدانی ڕووداوەکانی ژیانە.

ئەرستۆ، فەیلەسووفی یۆنانی دەربارەی خەون پێی وایە: مرۆڤ چ بە بێداری و چ لە خەودا، بۆ چرکە ساتێ لە بیرکردنەوەدا ناوەستێ. هانابردن بۆ جیهانی بێداری بە مەبەستی خەوبینین، ئامرازە نەک مەبەست بۆ تێگەیشتن لە ڕاستییەکاندا. (شەوڕۆ، ٢٠١٤: ١٦). واتە خەون بە درێژەپێدەری بیرکردنەوەکانی مرۆڤ دادەنێت. هەر لە سەرەتاوە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی خەون بوونی هەبووە، بەڵام سیگمۆند فرۆید، شیکردنەوەی دەروونی بۆ خەون کردووە و چەمک و بنەما و ڕەگەزی زانستی بۆ خەون داناوە. خەون

له قوتابخانەی فرۆیددا بریتییە: لە گوزارشتکردن لە ئارەزووی سەرکوتکراو، بەرهەمی بێئاگاییە و تاک دەیەوێت لە وێنەی خەوندا لەکاتی خەوتن بەتاڵی بکاتەوە. (دزەیی، ٢٠٢١:١٦٤). فرۆید لە کتێبی "لێکدانەوەی خەونەکان"دا دەڵێت: لێکدانەوەی خەونەکان ڕێگەیەکی توانستییە بۆ زانینی ئەوەی نەستە لە ژیانی دەروونیدا. (فرۆید، ١٩٥٩، : ٥٩١). واتە خەون لە ڕێگەی نەستەوە بەرهەم دێت. خەون ئامانجی هاتنەدیی ئارەزووە نەستییەکانە کە لە ڕابردوودا لە کەسەکەدا چەپێنراوە و چوونەتە کۆگەی نەستەوە؛ بەڵام خەون لە ئەدەب و بە تایبەتی لە شیعردا، خاوەنی چەندان ڕووکار و تایبەتمەندییە. لە لایەکەوە، بەشێکە لە ئەزموونی دەروونی شاعیر وەک پرد و پێوەندییەک، وایە لە نێوان ئاگایی و نائاگایدا. لە لایەکی دیکەوە، تەکنیکێکی هونەرییە، ڕێگە بە شاعیر دەدات جیهانبینی و تێڕوانینەکانی خۆی بە شێوەیەکی جیاواز بە زمانی ڕاستەوخۆ بخاتە ڕوو، ئەو شتانەی کە ڕەنگە لە فەزای واقیعدا نەتوانرێت بدرکێنرێن. لە هەمان کاتدا، خەون وەک میکانیزمێکی فەلسەفی، دەرگەی تێڕامانی قووڵ و هزری مێتافیزیکی دەکاتەوە و دەبێتە دەرچەیەک بەرەو جیهانی نادیار.

دەتوانین بڵێین: خەون لە شیعردا زیاتر لە شێوەی زیندەخەونە، کە خەوی بێداری یان داڵغەشی پێ دەگوترێت. زیندەخەون: دەربڕی ئەو حاڵەتیە کە خەونبین لە دەرەوەی پرۆسەی خەوی سەر جێگە جۆرە خەونبینێک لە باوەشی دەگرێ، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دەوروبەری ژینگەی ڕاستەقینەی ئەو. (شەوڕۆ، ٢٠١٤: ٢٣). واتە، زیندەخەون جۆرێکە لە خەونبینینێکی خۆویستانە، لە ئەنجامی پەرتەوازەی دەروونی و بیر، ڕوو دەدات، خەونبینەر لە حاڵەتی ئاگاییدایە و نەخەوتووە، بەڵام بەردەوام لە ئەندێشە و خەیاڵدا دەژین و لە واقیع ڕادەکەن.

شیکردنەوەی فرۆید بۆ زیندەخەون ئەوەیە کە: مرۆڤ هێندێ جار توانای ئەوەی هەیە حەز و تاسە و ئاواتەکانی خۆی لە ساتەوەختی بێداریدا بهێنێتە دی، لە ڕێگەی زیندەخەوەوە. (الوردی،١٩٩٤: ١٠٢) واتە زیندەخەون: جۆرە توانایەکە بۆ ئامادەکردنی وێنەی جۆراوجۆر، عەقڵ فریو دەدات و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کەسایەتیی چیرۆک و جۆری هەستی هەڵبژاردنییەوە، لێرەدا خەیاڵێدان بە ویستە، بوارەکەشی نائاگاییە، مەرجیشی ئازادی و داهێنانە. (بەرزنجی و بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٣٠٧). کەواتە زیندەخەون، بیرکردنەوەیە لە هیوا، ئاوات، بەرنامە و ئارەزووەکانی پێوەست بە داهاتوو، هەروەها هێنانەبەرچاوی یادەوەرییەکان و دووبارە گەڕانەوەیە بۆ ئەزموونی ڕابردوو و بیرکردنەوە لە دەرئەنجامە جیاوازەکاندا. هەر بۆیە نووسەران و شاعیران منداڵ یان هەرزەکار ئەو بڕوایەی لا دروست دەبێت کە ژیانی واقیعی زۆر زەحمەت و دژوارە و ناتوانێ حەزو و ویست و ئارەزووەکانی تێدا بهێنێتە دی، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ زیندەخەو و خەیاڵی خۆش دەبات و هەوڵ دەدات لە ڕێگەیانەوە حەز و ئارەزووە تێرنەکراوەکانی ژیانی واقیعی تێر بکات، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە خەون و خەیاڵ زۆر ئاسانترە. (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٤٨٣-٤٨٤). کەواتە خەون سەرچاوەی نەستە و ڕێگەیەکە بۆ دوواندن و دەرکەوتنی نەست.

سیگمۆند فرۆید، کەسایەتیی مرۆڤی بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش کردووە، کە بریتین لە ئید (ئەو)، ئیگۆ (من) و سوپەرئیگۆ (منی باڵا). ئەم سێ بەشە پێکەوە وەک زنجیرەیەک وان. (ئید) بەشی سەرەتایی و غەریزەی کەسایەتیی مرۆڤە، کە لە کاتی لەدایکبووندا لەگەڵ مرۆڤدا هەیە. بەپێی بنەمای چێژ کار دەکات. (ئیگۆ)ش بەشی هەستی کەسایەتیی مرۆڤە، پێوەندیی نێوان خودی مرۆڤ و جیهانی دەرەوە بەڕێوە دەبات،

بەپێی بنەمای واقیع کار دەکات، ڕۆڵی نێوەندگیری دەبینێت لە نێوان ئید و سوپەرئیگۆدا.

سوپەرئیگۆش بەشی ئەخلاقی و کەسایەتیی مرۆڤە، کە لە ڕێگەی پەروەردەکردن و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و کولتووریەوە دروست دەبێت. چاودێری ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکات و بڕیار لەسەر دروستی و نادروستییان دەدات. هەر بۆیە ئەم دۆخە لە ڕەفتاری مرۆڤدا دەبێتە هۆی ململانێی لە نێوان "ئەو" و "منی باڵا"دا، لە ئاکامدا وا لە "من" دەکات کە زۆرێک لە ڕەفتارەکان خەفە بکات. (سەعدوون، ٢٠٢٢: ٣٥٦) کەواتە سوپەرئیگۆ فەرمان بە ئیگۆ دەکات ڕەفتاری جوان بنوێنێت و ئەوەی ڕێگە پێنەدراویشە لە نەستدا دەمێنێتەوە. ئەگەر هاوسەنگیی لەنێوان ئید و سوپەرئیگۆدا نەبێت، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و ڕەشبینی، هتد... بەمەش شتە چەپێنراوەکان لە نەستدا دەمێننەوە و بە ڕێگەی جیاواز دەردەکەون. لە دەروونشیکاریی ئەدەبدا، خەون دەرخەری ئارەزووە شاراوەکانی، ترس و نیگەرانی و هەستە قووڵەکانی شاعیرە، کە لەلای شاعیراندا لە ڕێگەی خەون و زیندەخەونی دەقی شیعرییەوە دەردەکەوێت.

### ١-٤: پێوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونشیکاری

پێوەندەیەکی بەهێز لەنێوان ئەدەب و دەروونشیکاریدا هەیە، ئەدەب وەک دیاردەیەکی دەروونی و ژیری ڕەنگدانەوەی ناخی ئەدیبان و هونەرمەندانە، هەڵقووڵاوی ناخ و دەروونە. ئەدەب هەرلە سەرەتاوە بابەتێکی دەروونییە، مرۆڤ سوود و چێژ لە بابەتە ئەدەبییەکان وەدەگرێت لەبەر ئەوەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، ئەدەب هەڵگری هەست، نەست، سۆز و خەیاڵە ئەمانەش لە بوونی خۆیاندا پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەق دروست دەکەن. (عیسا، ٢٠١٢: ٤) هەروەها شوکری عەزیز مازی، نووسەر و ڕەخنەگری لوبنانی، دەڵێت: ئەدەب ئاوێتەی عەقڵ و دەروونی نووسەرە یاخود وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت لە دەروون، بەڵام فرۆید وای دەبینێت ئەدەب و هونەر وێنەیەکی گیڕاوی پاڵنەرە خەفەکراوەکانی بێ ئاگایین. هەندێکی تر وای دەبینن کە دۆزینەوەی بێ ئاگایی یان عەقڵی ناوەکییە کە کۆمەڵە ناوێکن بۆ یەک ناولێنراو. (ماضی، ٢٠١٠: ١٧) کەواتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ناخی نووسەرە، کە گوزارشت و ڕوانینی ئەدیبێک بۆ ئەدیبێکی تر جیاوازە.

هەروەها دکتۆر عادل گەرمیانی پێی وایە: هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی کەم تا زۆر خاوەن ڕەهەندێکی دەروونییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باری دەروونی خاوەن بەرهەمەکە لە ئان و ساتی نووسینی دەقەکەیدا دەخاتە ڕوو. (ڕەسووڵ، ٢٠١٢: ٧٤).

دەقی ئەدەبی و کارە هونەرییەکان، لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێن، وەک هێزێکی کاریگەر وان. کاتێک ئەدیبێک بیرۆکەیەکی بۆ دێت و هەست بە ئازاردەکات یان پەستە لە شتەکان و حەز دەکات بینوسێتەوە، کاتێک بیرۆکەکە لە شیعر یان لە هەر ژانرێکی تری ئەدەبی دادەڕێژێت وەک: ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ، هتد... ئەوا لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئارامی و خاڵیبوونەوەی دەروونی دەکات. واتە ئەم میتۆدە ڕێگەیەکە لەو ڕێگەیانەی، کە تاک بۆ دەروون و مەبەستی خۆی بەکاریان دێنێ، دەرچەیەکە بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکان و گوزارشتکردن لێیان، بەرهەم و دەقی ئەدەبی هەڵگری نەواخنێکی شاراوەیە، وەکوو خەون نائاگایی مرۆڤ لەخۆ گرتووە. (مەلازادە، ٢٠٢ :٢٥١) کەواتە بەرهەمی ئەدەبی جۆرێکە لە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ دەروونی دەقنووس، چونکە دەروونی مرۆڤ بەردەوام لە ململانێیەکی قووڵ و شاراوە دەژێت،

ململانێیەکە پێوەندی بە سروشتی ناخ و دەروونی مرۆڤەکان و ئاگایی و نائاگاییانەوە هەیە، بۆیە شتە کپکراوەکانی ناو دەروون لەنێو ئەدەب و هونەردا دووبارە خۆیان بەرجەست دەکەن و دەردەکەون، بەمەش ئارامییەک بە دەقنووس دەدات و هاوسەنگیەکی دەروونی بۆ دروست دەبێت (قادر، ٢٠٢٣: ٤٧). سانت بێڤ، شاعیر و ڕەخنەگری فەرەنسی، ڕەنگە یەکەم کەس بووبێت، گرنگی بە لێکدانەوەی دەروونی بۆ ئەدەب داوە، ویستوویەتی لە ڕێگەی کارەکانییەوە لێکدانەوە بۆ دەروونی نووسەر بکات، نهێنیەکانی ژیانیان بدۆزێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی داهێنان هەیە. (ئیبراهیم و عەبدولرەحمان، ٢٠٢١: ١٥١) پێوەندیی دەروونی نووسەر بە دەقەوە، دەستنیشانکردنی سیما و تایبەتمەندییەکانە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ نزیکبوونەوەی ئەدەب لە دەروونناسیدا.

**١-٥: دەروونشیکاری و سیگمۆند فرۆید**

هەر لەسەرەتاوە زانستی دەروونزانی، دەروونناسی و گرنگی دان بە دەروونی مرۆڤبوونی هەبووە و لەلایەن زانایانەوە کاری لەسەر کراوە، ڕەهەندی دەروونی بەردەوام لەناو دەقە ئەدەبیەکانیشدا وەک ترس، شەرم، سێکس، هەستی خۆبەکەمزانین، ڕەشبینی، نامۆیی و هتد... بەدی دەکرێت. ئەوەی میتۆدی دەروونیی لە ئەدەبدا چەسپاند و کردی بەقوتانخانەی دەروونشیکاری، لێکۆڵینەوەکانی سیگمۆند فرۆید، زانای نەمساوی بوو. دواتر چەندان زانای دیکەش لەو بوارەدا کاریان کردووە، کە گرنگترینیان "کارل گۆستاف یۆنگ" و "ئەدلەر" بوون، کە قوتابی فرۆید بوون و بەردەوامیان بەم قوتانخانەیەدا (قەطوس، ٢٠١١: ٣٤). دواتر فرۆید لێکۆڵینەوەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر دەروونشیکاری و بەردەوام بەڵگەی دەدۆزییەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆی تا ئەوکاتەی ناوچەیەکی جیاکردەوە لە مرۆڤدا و ناوی نا "نەست" و بەتەواوی لە هەست جیایکردەوە، هەروەها زیاتر کاری لەسەر ئەفسانە و چیرۆک و بەسەرهاتە کۆنەکان کرد بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی دەروونی و سایکۆلۆژی لەم ڕووداوانەدا وەک لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی "ئۆدیب"ی سۆفۆکلیسی یۆنانی و "هاملت"ی شەکسپیر و "برایانی کارامازۆف"ی دۆستۆیڤسکی کرد.

لە بواری دەروونشیکاریدا، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا، نووسەر پێگەیەکی ناوەندی گرنگ داگیر دەکات، لەگەڵ دامەزراندنی ئەم تیۆرە لەلایان فرۆیدەوە گرنگیدان بە پێوەندیی نێوان نووسەران و دەقەکانیان و ڕاڤەکردنی ئەدەب لە ڕووی دەروونشیکارییەوە بایەخی پێ دراوە. بەمەش دوای بڵاوبوونەوەی تیۆریی فرۆید و کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێ، کە وای لە ئەدیب و ڕۆمانسییەکان کرد، زیاتر قووڵ ببنەوە لە دەرخستنی لایەنی واقیعی سایکۆلۆژیای مرۆڤ و گرنگیان بەمیتۆدی دەروونشیکاری داو سوودیان لەم بوارە وەرگرت بۆ کارە ئەدەبییەکانیان(ئیسماعیل و خلیل، ١٩٨١: ٧٦). واتە دەروونشیکاری گرنگی بە خودی نووسەر و ژیانی نووسەر دەدات، نووسەر دەبێتە چەقی کارەکە و لێکدانەوەی دەقەکانی پێ دەکات. قوتابخانەی دەروونشیکاری فرۆید بناغە و ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ زانایان و لێکۆڵەرانی دوای خۆی، وەک: ئەدلەر، یۆنگ، سولیفان، هۆرنای، فرۆم و لاکان، هتد... کاریان لەسەر دەروونشیکاری کردووە. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر فرۆید دەکەینەوە.

فرۆید لەماوەی ساڵانی ١٩٨٥-١٩٠٠ کۆمەڵێک چەمکی نوێی داهێنا کە دواتر لەگەڵ تیۆری دەروونشیکاریدا ئاوێتەیکردن، ئەوانیش(وزەی لیبدۆ و قۆناغەکانی گەشەی سێکسی و گرێی ئۆدیب و هەست و نەست و چەپاندن و گرێی هەستکردن بەکەمیکردن و ململانێی دەروونی و... هتد، کە

گرنگترینیان ئاستی نەست و خەون بوو کە بە خاڵی وەچەرخانی کارەکانی فرۆید دادەنرێت. پێی وا بوو هەموو شتە چەپێنراوەکانی مرۆڤ دەچێتە نەست و لە ڕێگەی خەون و داهێنانی ئەدەبی و هونەرییەوە دەردەکەون. (فرۆید، ٢٠٠٣: ١٤-١٧) لە لایەکی ترەوە، فرۆید گرنگی بە گرێی "هەستکردن بە کەمکردن"یشیەوە و پێی وایە لە بنەڕەتدا دوودڵی و ترس و ناڕەحەتیی تاک، هەستکردنە بە کەمی، ئەمەش لە ئەنجامی هەست کردن بە ناتەواوی و لاوازی سستی چالاکی ئەندامەکانی زاوزێوەیە و تاک تووشی خەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، تاک هەوڵ دەدات ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لەخۆیدا دوور بخاتەوە، بەڵام لە نەستدا بە سەرکوتکراوی دەمێنێتەوە و هەستکردن بەکەمی دەبێتە گرێ. (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٢٥٤) فرۆید گرێی هەستکردن بە کەمی، زیاتر بە لایەنی سێکسی دەبەستێتەوە. پێی وایە، هەبوونی گرفت لەم لایەنەی مرۆڤەوە لە هەمان کاتدا لای مرۆڤ دوودڵی و خەمباری دووچاری دروستبوونی گرێی هەست بەکەمکردن دەکات. فرۆید هەوڵێکی یەکجار نوێی دا بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ، بۆیە چەندان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئەنجام داوە گرنگترینیان "لێکدانەوەی خەونەکان -١٩٠٠" بوو.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە

### ٢-١: ناساندنی جەلال بەرزنجی

جەلال بەرزنجی، شاعیر و نووسەری هاوچەرخی کورد، لە ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر لە دایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەرهەمی ئەدەبی دەنووسێت. جەلال بەرزنجی یەکێکە لە شاعیرانی تاراوگە، کە لە ڕابردوودا بەهۆی شەڕ و کێشە و ململانێی نێوان حزبە کوردییەکانەوە ناچار دەبێت کوردستان جێ بهێڵێت و تاراوگەی وڵاتی کەنەدا ببێت. شاعیر خۆی دەڵێت: لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٩٦ شەڕی کورد و کورد، کوردستانی تاریک داهێنا، بەجێم هێشت، چارەنووسی خۆم دایە دەست قاچاخچییان. دوای بڕینی سنووری ئاوی و عاردیی وڵات و کیشوەران، خۆم لە تاراوگە لە کەنەدا بینییەوە. (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٦). واتە شاعیر ناچار دەبێت، نیشتمان و زێدی خۆی جێ بهێڵێت و تاراوگە ببێت و تاوەکوو ئێستاش لە کەنەدا نیشتەجێیە.

### ٢-٢: دووانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجی دا

خەون سەرچاوەیەکی گرنگی خەیاڵ و داهێنانە، خەون لە شیعردا جیهانێک دروست دەکات کە سنوورەکانی واقیع تێک دەشکێنێت. شاعیران لە ڕێگەی خەونەوە داهێنان لە شیعردا دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرهەمهێنانی شیعری پڕ لە وێنە و واتای قووڵدا.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی "لەمدیو زەریاش خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات" دەڵێت:

**ئەم جارە لەم دیوی زەریاوە،**

**بەخۆم و بەختی بەجێماو لە کۆڵانەکانی منداڵی**

**شۆڕشی شاردراوەی بن بەردان،**

**کەڵوی گیربوو لە گەردوون،**

**خەونی نەهاتووەدیی ناو قۆزاخە،**

**مێزی ساردبووەوەی ئاشتی،**

**ساتەکانی دوای تەمەن و**

**شەوی لەشە ڕیزپەڕەکانمی جێ هێشت.**

**گەڕامەوە ڕۆژهەڵات** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٤).

شاعیر لەم دەقەدا گوزارشت لە گەڕانەوە دەکات، گەڕانەوەوەیەک بۆ سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەی خۆی بۆ نیشتمان. ئاماژە بە ئەزموونی تاڵی دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان و هیوای گەڕانەوەی بۆ زێدی بە شێوەی بێداریی بۆ ژیان و شوێنی منداڵی خۆی دەردەبڕێت.دواتر باس لە تەنیایی خۆی دەکات و کە  بەشێکی خۆی لە نیشتماندا جێ هێشتووە ئەویش یادەوەری منداڵی و کۆڵانەکانی منداڵییە لێی دابڕاوە.

دواتر ئاماژە بە شۆڕشی شاردراوەی بنەبردان و خەونی نەهاتووەدی و مێزی ساردبووەوەی ئاشتی کردووە، کە مەبەستی خەباتی نەهێشتنی شاخ و تێکۆشانی لە پێناو نیشتمانە، ئاشتی دەبێت گەرموگوڕ بێت تا بگەن بە ئامانج، بەڵام کە ئاشتی بەرقەرار نەبێت مێزەکە ساردوسڕ دەبێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردە. خەونی نەهاتووەدی نیشانەی ئەو ئاواتانەی شاعیرە کە هێشتا نەهاتووەتە دی و چاوەڕوانە. واتە خەونی شاعیریش نەهاتووەتە دی، لە کۆتاییەکانی تەمەنی شاعیر دەگەڕێتەوە نیشتمان، بەڵام ڕەوانبێژییەکی بەکار هێناوە، ناڵێت گەڕامەوە نیشتمان، دەڵێت: گەڕامەوە ڕۆژهەڵات. فرۆید پێی وایە گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشە، مەیلێکی سروشتیی مرۆڤە. واتە شاعیر لەو دیوی زەریا لە ڕۆژئاوا هەست بە نامۆیی دەکات، هەستی نۆستالژی دایگرتووە و ئاواتی ئەوەیە بگەڕێتەوە نیشتمان.

بەرزنجی لە شیعری "تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون"دا دەڵێت:

**لە پاقژ گەڕا من و تەنیایی**

**بە یەک گۆچان چووینەوە ماڵەوە،**

**دوای ئێمەش خەون هاتەوە بۆ خەڵەتاندن.**

**گەنم ئارەزووی جوانتر کرد**

**ماچ لە دەم ڕێگەکان ڕووان،**

**دەریاش بەئەسپایی چووەوە ناو گۆزە.**

**لە پاقژگە ئاسمان چەترە و زەوی میهرەبان.**

**لە پاقژگە دار کەرەکان ئێواران زوو دەگەڕێنەوە.**

**خەون (خشوونەتی) خۆی دەشارێتەوە.**

**شەو خەونەکان نائومێدن.**

**کۆترەکان ناگەڕێنەوە تاق پەنجەران.**

**تازە درەنگە لە سەیرکردنی خۆرئاوابوون.**

**درەنگە بۆ خیوەتهەڵدان.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٧٢).

شاعیر لەم دەقەدا، گوزارشت لە حاڵەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات، کە وەک کەسێکی تاراوگەنشین لە نێوان دوو جیهاندا ژیان بەسەر دەبات؛ جیهانی یادەوەریی نیشتمان و جیهانی ئێستە، کە غوربەتە. شاعیر لە ڕێگەی خەون و وێنەی شیعرییەوە، ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی لە تاراوگە لە نێوان حەسرەت و نائومێدی نیشان دەدات.  وێنەیەکی تەنیایی و غوربەتی کێشاوە. "پاقژ" وەک شوێنێکی پاک و پیرۆز، ئاماژەیە بۆ یادەوەریی نیشتمان، کە ڕەنگە بۆ کەسی تاراوگەنشین نیشتمان شوێنێکی ئایینی و کولتوورییە. "چووینەوە بۆ ماڵەوە" لێرەدا ئەم ڕستەیە باس لە حەسرەتی قووڵی مرۆڤ دەکات لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی. بەڵام گەڕانەوەیەکی پڕ لە ئاسوودەیی و سروشتی نییە، چونکە شاعیر لێرەدا دەستەواژەی (یەک گۆچان)ی هێناوە کە گۆچان هێمایە بۆ پشتیوانی شاعیر بەڵام پشتیوانییەکی لاواز، کە ئەمەش نیشانەی بێدەسەڵاتی و نائومێدییە، وەک ئەوەی شاعیر بڵێت هەمووومان خەونی گەڕانەوەمان هەیە، چونکە بە کۆ

قسە دەکات، بەڵام تاراوگە "هەموومان"ی ماندوو و نائومێد کرد.

خەون لە دەقەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. وەک هێمای هیوا، بەڵام هاوکات خەڵەتێنەر و نائومێد. ئەمە ئاماژەیە بۆ دووفاقیی ژیانی تاراوگەیی؛ هیوایەک کە بەردەوام دەشکێت و یادەوەرییەک کە تێکەڵ بەکەسەر دەبێت. فرۆید پێی وایە، خەون میکانیزمێکی دەروونییە بۆ خۆفریودان، واتە مێشک لە ڕێگەی خەونەوە ئارەزووە قەدەغەکراوەکان بە شێوەیەکی ڕەمزی دەردەبڕێت، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خەون (خشوونەت/توندوتیژی) خۆی لە پشت هێما و ڕەمزەکانەوە دەشارێتەوە. شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، خەون وادەکات ئارەزووەکانی بهێنێتە دی، بەڵام لە جیهانی واقیعدا ئەم خەونە ڕاست نییە و نایەتەدی شاعیر بەرەو بێ هیوای و نائومێدی دەبات. دووفاقی خۆی دەشارێتەوە و ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو توندوتیژییەی لە نیشتماندارووویداوە، بەڵام ئەو لە ڕێگەی خەونە دەیشارێتەوە بە شێوەی ڕەمز دەری دەبڕێت، ئەمە دۆخی نائومێدی کەسی تاراوگەنشین بە ڕوونی دەردەخات کە تەنانەت لەخەونیشدا ناتوانێت ئاسوودەیی تەواو بدۆزێتەوە.

دواتر شاعیر باس لە گونجاندنی شتێکی گەورە "دەریا" لە ناو شتێکی بچووکدا کە "گۆزە"یە دەکات. ئەمە باس لە "گونجاندن" دەکات. ئاماژەیە بۆ هەڵگرتنی نیشتمانێکی گەورە لە یادەوەری و دڵی تاراوگەنشیندا، بەڵام ئێستە هەمووی لە گۆزەیەکدا کۆکراوەتەوە کە مەبەستی ژیانی سنوورداری تاراوگەیە. هاوکات شاعیر پێمان دەڵێت، ئاسمان و زەوی لە نیشتماندا جیاوازن (میهرەبانن)، بەڵام لێرەدا واتە لە تاراوگەدا ئەم میهرەبانییە بوونی نییە.

شاعیر باس لە درەنگبوونی کات دەکات. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ نیشتمان شتێکی مەحاڵە. ئەمە گوزارشتە لە هەستی پەشیمانی و لەدەستدانی دەرفەت. بۆیە دەڵێت: تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون، ئاماژەیە بۆ ئەو تەمەن و ژیانەی کە لە تاراوگەدا تێ پەڕیوە.

شاعیر پەنا بۆ خەون دەبات بۆ ئەوەی باس لە نیشتمان و تەنیایی و دەروون و نائومێد بوون و نامۆیی خۆی بکات، کە لە تاراوگەدا بەسەری دەبات. بەمەش سنوورەکانی نێوان خەون و ڕاستی تێکەڵ دەکات. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، ئەمە گرنگە چونکە فرۆید پێی وایە هەم خەون و هەم زیندەخەون لە بنەڕەتدا دەربڕی هەمان سەرچاوەی نەستین - واتە ئارەزووە سەرکوتکراوەکان کە لە ڕێگەی جیاوازەوە خۆیان دەردەخەن.

شاعیر لە قەسیدەیەکدا بە ناونیشانی "دواپەنا" دەڵێت:

**ئەوشەو بوو ئەو بەڵێنەی بە خودامان دابوو**

**بردمانە ژێر گڵ،**

**ئەوشەو بوو جێگای خەیاڵمان کردەوە.**

**ئەوشەو بوو مەستی دەریامان گێڕایەوە ناو گۆزەکان.**

**ئەوشەو بوو بۆ دەور کردنەوەی عیرفان چاوەڕوانی بەیانی بووم.**

**ئەوشەو بوو خەونم بە ڕۆژێکی هەتاو لە بەفرانبار دەبینی.**

**ئەوشەو بوو لەگەڵ ئاشتی گەڕاینەوە ناو تریفەی**

**ڕژاوی مانگ لە قەدپاڵ.**

**بۆ بەیانی خۆرهەڵاتمان بۆ ڕۆژێکی سارد جێ هێشت.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٨٠).

شاعیر لەم دەقەدا چەمکی "ئەوشەو"ی بەکار هێناوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گێڕانەوەی ژیان و دەروونی

شاعیر بە شێوەی زیندەخەو. ئەم تەکنیکە بۆ دروستکردنی کەشێکی نۆستالژی و گێڕانەوەی چیرۆکێکی بەردەوام بەکارهاتووە. شیعرەکە گوزارشت لە هەستی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمانی شاعیر دەکات. لە دێڕی یەکەمدا باس لە پەیمانێک دەکات کە پێشتر دراوە و ئێستە ژێر گڵ کراوە، نەهاتووەتە دی. شاعیر باس لە مردنی بەڵێن یان ئومێدێک دەکات، کە ڕەنگە پێوەندی بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و کۆتاییهاتنی شەڕ بووبێت، بەڵام ئەو بەڵێنە جێبەجێ نەکراوە و مردووە و چووەتە ژێر گڵ، ئەمەش لە ڕوانگەی فرۆیدەوە: ژێر گڵ ئاماژەیە بۆ سەرکوتکردنی خواستەکان لە نەستدا (Freud,1926: 89). کە بوویتە قوربانیی تاراوگە. شاعیر، پەنای بۆ زیندەخەون و خەیاڵ دەبات، کە زۆر جار لە شیعرەکانی تاراوگەدا دەبینرێت. خەیاڵ وەک شوێنێک وێنا دەکات کە دەکرێ لەوێدا بژیت، واتە بە خەیاڵ لە نیشتماندایە. لەم شیعرەدا، خەون و خەیاڵ وەک میکانیزمێکی دەروونی بۆ ڕزگاربوون لە کێشە و نەهامەتی واقیع بەکارهاتووە. نیشانەی دابڕانی خواستە نەستییەکان و هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی ئارامی دەروونی پێش تاراوگە دەردەخات. ئەمەش لای فرۆید گرنگە.

لێرەدا "دەریا" هێمای ئازادی و بێسنوورییە، "گۆزە"ش هێمای سنووردارێتی و بچووکییە. لێرەدا ڕەنگە شاعیر مەبەستی هەوڵدانە بۆ پاراستنی شتێکی گەورەیە، کە "کولتوور، زمان، ناسنامە"یە لە شوێنێکی بچووکدا، کە تاراوگەیە، چونکە، شاعیر دوای ئەوەی تاراوگەی شوێن و زەمینەیەکی دیکە دەبێت، دووچاری کێشەی زمان و کولتوور و ناسنامە دەبێتەوە، هەست بە نامۆبوون دەکات بەهۆی شوێنە نوێیەکەی، بەڵام دیارە شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە لە هەوڵی پاراستنی زمان و کولتوور و ناسنامەی خۆیەتی.

بەفرانبار مەبەستی وەرزی سەرمایە، بەڵام شاعیر خەون بە هەتاو دەبینێت. ئەمە هێمایەکە بۆ دژیەک لە نێوان سەرما و گەرما، هیوا لە ناو نائومێدی، ڕووناکی لە ناو تاریکی. شاعیر لە نا ئومێدیا، ئومێد دەبێت. واتە شاعیر لە تاراوگەوە خەون بە نیشتمان و زێدەوە دەبینێت. هیواو ئاواتی ئەوەیە بگەڕێتەوە، بەڵام هیچ ئومێدێکی بە نیشتمان نەماوە. شاعیر هیواخوازە بۆ ئاشتی و پەیامی ئاشتی و گۆران بە بارودۆخی ناو نیشتمان دەخوازێت. ئاشتی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە: وەک هێمای هاوسەنگی نێوان ئید و سوپەرئیگۆ سەیر دەکرێت. (Freud,1930: 121) چونکە سوپەرئیگۆ، کاری سەرەکیی فرماندانە بە کارە ڕاست و باشەکانی مرۆڤە لە ناو کۆمەڵگەدا. دواتر شاعیر لە دێڕی کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات کە شیعرەکە لە خەونێکی گەرم دەست پێ دەکات و بە ساردییەکی ڕاستەقینە کۆتایی دێت. لە خەوندا هیوا و ئومێدی بەنیشتمان هەیە، بەڵام بەیانی و جێ هێشتن ئەم هیوایە دەشکێنێت و نامێنێت و دێتەوە ناو واقیع.

بەرزنجی لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**لە ڕێبەندا لە پەنا خەونێکدا پێکەوە ئاگرمان کردەوەو،**

**لە شاعیرێک دەگەڕام پێش من منداڵی خۆی دۆزیبێتەوە**

**دەمزانی خەیاڵم بەرەو ژوورەوەیە،**

**ئێوارەش بەردەوامە لە هێنانی ئاوابوون،**

**شوێنێکی ئارام نییە بۆ تەماشا**

**بۆ کردنەوەی خونچەی حیکمەت**

**بمانباتە پیاسەیەکی گەڵ ئاشتی،**

**لای ئەو بەلەمەی هێشتا ڕاوی پێ نەکراوە.**
(بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٨١).

شاعیر لەم دەقەدا بەشێوەی زیندەخەون چووەتەوە شوێنی منداڵیی خۆی. (لە ڕێبەندا لە پەنا خەونێکدا پێکەوە ئاگرمان کردەوە) زستان لێرەدا هێمایە بۆ ئەو سەرما ڕۆحییەی شاعیر لە غوربەتدا ئەزموونی دەکات، لە کاتێکدا (ئاگر) وەک ئامرازێکی بەدیل بۆ گەرمکردنەوە دەردەکەوێت، بەڵام ئاگری خەونێکە نەک واقیع، ئەم ڕستەیە ڕەنگدانەوەی گەڕانەوەی شاعیرە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و سەلامەتی لە فەزایەکی خەیاڵییدا، خەون لەم دەقەدا وەک میکانیزمێکی بەرگری دەردەکەوێت، کە شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی خۆی، بەڵام واقیع لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی خۆرئاوابوونەکانەوە خۆی دەسەپێنێت، بەو پێیەی ( ئێوارە بەردەوامە لە هێنانی خۆرئاوابوون)، ئاماژەیە بۆ چەقبەستوویی کاتی و دەروونی ئەزموونی تاراوگە لای شاعیر.

هەروەها گەڕان بەدوای شاعیرێکدا کە پێش ئەو توانیبێتی منداڵی خۆی بدۆزێتەوە، ئەم دێڕە نیشانەی حەسرەتی شاعیرە بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغی منداڵی و ڕەگی خۆی، کە فرۆید بە قۆناغێکی گرنگ لە پێکهاتنی کەسایەتیی مرۆڤ دادەنێت. لە دێری سێیەم و چوارەمدا: بەرجەستەکردنی ململانێی نێوان ئیگۆ (خەیاڵی بەرەو ژوورەوە) و ئیدە (ئێوارەش بەردەوام لە ئاوابوون). لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، ئیگۆ بەردەوام هەوڵی کۆنترۆڵی ئارەزووە سەرەتاییەکانی ئید دەدات، بەڵام شکستیش دێنێت. (نوری، ٢٠٢٣ :١٦) لێرەدا ئێوارە و ئاوابوون بەردەوامە لە کۆتاییهێنان و تاریکبوون. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە ململانێی نێوان هیوا و نائومێدی لە ژیانی تاراوگەدا. دواتر شاعیر دەڵێت شوێنێکی ئارام نییە بۆ تەماشا بۆ کردنەوەی خونچەی حیکمەت لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە تاراوگە وەک شوێنی گونجاو لەبار نییە بۆ گەشەکردنی هۆشیاری یان جوانی ڕاستەقینە.

حیکمەت لە ژینگەو فەزای نائارامدا چرۆناکات؛ بەڵکوو پێویستی بە ژینگەیەکی دەروونی ئارام و لەبار هەیە.

ئارەزووی پیاسەکردن لەگەڵ ئاشتیشدا، ڕەنگدانەوەی حەسرەتی شاعیرە بۆ حاڵەتێکی سەقامگیری دەروونی و ڕۆحی کە لە تاراوگەدا لەدەستچووە، هێمایە بۆ دڵنیایی و ئارامی دەروونی، بەڵام شاعیر ئەمەی پێوەست کردووە بە بەلەمێکەوە کە هێشتا ڕاوی پێنە کراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئارەزوو و خەونێکی بەدەستنەهاتوو، بە جۆرێک کە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. واتە تاراوگە وەک هەستێکی دەروونی، کۆمەڵێک یادەوەری لای شاعیر دروست کردووە، کە خەونی ڕۆژانە و گەڕانەوە بۆ منداڵی، وەک میکانیزمەکانی دەربڕینی ئارەزووە سەرکوتکراوەکان دەردەکەون.

دواتر شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**ئەم ئێوارەیە چووینەوە لای کارمامزەکانی قەرەچووغ**

**پێش بە عەرەبکردنیان.**

**کەروێشکەکانی گەرمیان پێش ئەنفال،**

**هەمان ڕۆژ بوو لە پەنا تاراوگە کەمڕا،**

**چوومەوە ئەو دەمانەی هەمیشە بە پێکی زانیاری**

**مەست دەبووم.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٨٣).

ئەم دەقە بەشێوەی زیندەخەون، شاعیر ئاماژە بە ئارەزووە سەرکوتکراوەکان، ترسەکان و یادەوەرییە قووڵەکان بە شێوازێکی هێمایی دەکات. لە دوو دێری یەکەمدا: دەلالەت لە گەڕانەوە بە شێوەی خەون دەکات. گەڕاینەوە بۆ شوێنێک، کە چیتر لە واقیعدا بوونی نییە. شاعیر لە نائاگاییدا گەشت دەکات بۆ ئەو شوێنانەی کە لە ئاگایی ڕۆژانەدا دەستی ناگاتێ. یادی شوێنە سروشتییەکانی کوردستان دەکاتەوە،

بەتایبەت کارمامزەکانی قەرەچووغ و کەروێشکەکانی گەرمیان. ئەم یادەوەرییانە دەبنە هێمای زیندوویەتیی کولتوور و سروشتی نیشتمان لە ناو بیرەوەریی کەسێکی دوورخراوەدا. دەربڕینەکانی پێش بەعەرەبکردنیان و پێش ئەنفال، ئاماژەن بۆ دوو پرۆسەی دەستکاریکردنی دیمۆگرافی و جینۆسایدی گەلی کوردن، شاعیر لە خەونەکەیدا هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش ئەو کارەساتانە. ئەو گەشتە بێدارییە، بەپێی تیۆری فرۆید، هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی بۆ هاوسەنگی دەروونی و چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێیی.

شاعیر لە تاراوگەدا لە نێوان دوو کاتدا دەژی: کاتی ئێستە (تاراوگە) و کاتی ڕابردوو (نیشتمان پێش وێرانکردن). دەربڕینی هەمان ڕۆژ بوو لە پەنا تاراوگە کەمڕا ئەم دابڕانە کاتییە دەردەخات.

چوومەوە ئەو دەمانەی هەمیشە بە پێکی زانیاری مەست دەبووم. لێردا شاعیر باس لە گەڕانەوەی دەروونی یان ڕەمزی بۆ شوێن و کاتێکی دیاریکراو دەکات، پێش ئەوەی دەستکاری کولتوور یان ناسنامە بکرێت( بەعەرەبکردنیان)، ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی بنەچە یان شوناس و کولتوور. ئەمە تایبەتمەندی دوورخراوەیە کە لە نیشتمان دابڕاوە، بەڵام لە ڕێگەی زانیاری و بیرکردنەوەوە پێوەندی لەگەڵ نیشتمان دەپارێزێت. تەواوی دەقەکە کەشێکی نۆستالژی و گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان، کە تێیدا جوانی ڕابردوو بەرانبەر ئازاری ئێستای تاراوگە و لەدەستدانی نیشتمان دادەنێت.

شاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێت:

**لێرە منداڵیم وەک کاریلە دەچێتەوە ناو کۆڵانەکانی خەیاڵ**

**دەچێتەوە ناو تەماشای ئاگری ئەشقیایان لە چیاکان.**

**دەزانم چۆن بەختمان ماڵە و ماڵ دەکات**

**بۆ گەیشتن بە مەبەست.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣ :١٨٧).

شیعرەکە پڕە لە هەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و منداڵی و هەستی ئاوارەیی و دووری لە نیشتمان و ڕەگی خۆی، کە ئێستە تەنیا لە خەون دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی. شاعیر لە دوو دێری یەکەمدا منداڵی خۆی بە کاریلە دەچوێنێت، کە ئاماژەیە بۆ بێ گوناهی و سادەیی و جوانی و بە خەون و خەیاڵ دەچێتەوە ناو کۆڵانەکانی نیشتمان و شوێنی منداڵی، منداڵی بەشێکی زیندووی ڕۆحی شاعیرە و بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆی. دواتر سەفەرە خەیاڵییەکەی قووڵتر دەبێتەوە و وشەی ئەشقیانی بەکار هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ یاخیببووانی چەکداران. ئاگری ئەشقیان هێمایە، ڕەنگە مەبەستی بێت بۆ بزووتنەوەی ئازادی خوازانی کورد لە چیاکان و یاخیبووان بەرانبەر بە زوڵم و ستەم و گەرموگوڕی خەبات و خۆڕاگری. واتە منداڵی شاعیر دەگەڕێتەوە ڕابردوو و ئەو ئاگرە دەبینێت و پێوەندی پێوە دەکات.

گەڕانەوەی شاعیر بۆ نیشتمان لە ڕێگەی خەونەوە، میکانیزمێکی سەرکوتکردنە، کە ناخۆشییەک دەگۆڕێت بۆ کارێکی داهێنەرانە. لە دێڕی، دەزانم چۆن بەختمان ماڵە و ماڵ دەکات ئاماژەیە بۆ گۆڕانی بەردەوامی چارەنووس و ئاوارەبوون کە چارەنووس ئێمە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواومان بەسەردا بێت. لە دێڕی کۆتایی، بۆ گەیشتن بە مەبەست، دەکرێت ئاماژەیەک بێت بۆ هیوای گەڕانەوە یان گەیشتن بە ئامانجێک، دەشێت ئازادی یان گەیشتنەوە بە نیشتمان بێت.

## ئەنجام:

١-شاعیر بۆ وێناکردنی دۆخی نامۆبوونی دەروونی و حەسرەتی بەردەوامی مرۆڤ لەگەڕانەوە بۆ منداڵی و نیشتمان، هێما دووبارەبووەکانی وەک: "خەون، پاقژگە، کۆتر..." بەکار دەهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەهەندێکی دەروونیی قووڵە کە پێوەستە بە تیۆریی لێکدانەوەی خەونەکانی فرۆیدەوە.

٢-خەونەکان لە شیعری جەلال بەرزنجیدا پانتاییەکی بەرچاویان وەک میکانیزمێکی بەرگریی دەروونی داگیر کردووە، کە یارمەتیی شاعیریان داوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعە نوێیەی لە تاراوگەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە.

٣-یەکێک لە کەرەستەکانی دارشتنی "نەستی"ی شاعیران لە شیعردا، بریتییە لە خەون. شیعرە تاراوگەییەکانی جەلال بەرزنجی نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم دیاردەیەیە، لە کۆیی دەقە شیعرییەکانی تاراوگەی ئەم شاعیرەدا، پێنج دەقی شیعری کە لە نێوان سالانی ١٩٩١-٢٠٠٣ نووسراون، چوار دەقیان ڕەنگدانەوەی خەونی تێدا بەدی دەکرێت، تەنیا دەقێک نەبێت، ئاماژە بە خەونی شاعیر ناکات. لەم دەقانەدا خەون دەبێتە کلیلی دەرگەی نەست و ناخی شاعیر، کە سیماکانی تاراوگەی بە ڕوونی تێدا دەردەکەوێت. ئەوانیش: نۆستالژیا، نۆستالژیای گەڕانەوەی سەردەمی منداڵی، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمان و زێد، نامۆیی و هەستکردن بە بێئومێدی و هەوڵدان بۆ پاراستنتی ناسنامە و کولتوور. لە نێو ئەم سیمایانەدا، باوترینیان گەڕانەوەیە بۆ منداڵی و نیشتمان. ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەگ و ڕیشە قووڵەی شاعیرە لە خاک و زێدی خۆی لە نیشتماندا، کە پاش تەمەنێکی درێژ و ئەزموونێکی قووڵ، بە ئاسانی ناکرێت لەیاد بکرێت.

٤-گەڕانەوەی شاعیر بۆ سەردەمی منداڵییش لە خەونەکانیدا دەرئەنجامی ئەو ئازادییەیە کە لە تاراوگەدا هەیەتی. ئەو ئازادییەی کە لە ڕابردوودا لێی زەوت کرابوو، ئێستە لە تاراوگەدا دۆزیویەتییەوە، کە هاوشێوەی ئازادیەکەی تەمەنی منداڵییەیەتی. بەم شێوەیە، خەون لە شیعری جەلال بەرزنجیدا دەبێتە وێستگەیەک بۆ گەڕانەوەی ڕۆحی بۆ ئەو شوێن و کاتانەی کە بەدەستەوەی نەماون، بەڵام لە خەیاڵ و نەستیدا هەمیشە زیندوون.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


الماضی، شکری عزیز(٢٠١٠) تیۆری ئەدەب وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە سەردار ئەحمەد گەردی چاپی یەکەم. هەولێر.

بەرزنجی، جەلال (٢٠٢٣) *لە سەمای بە فری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە!* چاپی یەکەم .دەزگای فام.

بەرزنجی، جەلال (٢٠٢٤) *پێوەندی تیلیفۆنی دەربارەی تاراوگە*. هەولێر، لە٢٣-١٠-٢٠٢٤.

بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیربەرزنجی، عەلی تاهیر(٢٠٢٤) *کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە* .چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

دزەیی، عبدولواحید موشیر (٢٠٢١) *خوێندنەوەی دەروونی دەق* .چاپی یەکەم .هەولێر.

سەعدون، سامان عیزەدین(٢٠١٥) *دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی*

*دەروونناسییەوە* .چاپی یەکەم .سلێمانی: عەزەلنوس.

سەعید، سەدیق(٢٠١٥) خەونە بچووکەکانی ژنێک لە کۆمەڵە شیعری نەسیم دا. وەرگیراوە لە وێبسایتی www.emrro.com

سەعدوون، سامان عیزەدین (٢٠٢٢) *توێژینەوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا* .چاپی یەکەم . سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

شریفیان، مهدی (١٣٨٦) رسی فرایند نوستالژیای دراشعار نادرپوور ".مولوی بژوهی.شماره٦.

شەوڕۆ، فازیل (٢٠١٤) *ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا* .هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز(٢٠١٢) ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

عیسا، هاوژین صلیوە (٢٠١٢) *ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا* .کۆیە.

فروید، سیجموند (١٩٥٩) *تفسیر الاحلام* .مصطفی صفوان .قاهرة: دارالمعارف.

فرۆید، سیگمۆند (٢٠٠٣) *لێکدانەوەی خەونەکان* . وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئاوات ئەحمەد . سلێمانی. وەرگیراوە لە وێبسایتی: www.sardam.net,.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٩) *سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)* .چاپی یەکەم . سلێمانی: چاپخانەی پێوەند.

قەطوس، بەسام (٢٠١١) *دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ* .محمد تاتانی .چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

کامەران، کاوان (٢٠٢٢) دەروونشیکاری.وەرگیراوە لە وێبسایتی: https://zaniary.com/blog/61dd68fd8d75e

گرامی، ئەفرا سیاب (٢٠٢٤) *کینە ئەم پاوەرپۆینتی ناسنامە* .ژمارە٦٣: گۆڤاری تیشک گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی-سیاسییە.

مەهدی، ڕێڤین (٢٠٢٤) شوناسی نەتەوەیی و کوردانی تاراوگە: ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان چەند شوناسێک ".*دامەزراوەی ستراتیژی نیشتمان*.

محمەد، سوهام قادر(٢٠٢٣) نامۆبوون لە شیعرەکانی د. ئاراس عەزیز عەبدوڵا، کۆلێژی پەروەردی بنەڕەتی، سلێمانی.

مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢١) زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

موکریانی، گیوی (١٩٩٩) *فەرهەنگی کوردستان* . چاپی دووەم .هەولێر: دەزگای ئاراس.

هەژار (١٣٥٩) *فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی-فارسی* .تهران: چاپخانەی سروش.

هەژار (١٣٦٩) *هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی-فارسی*. تهران: چاپخانەی سروش.

نوری، جەمال (٢٢٠) زەمەنی شیعری و خەون بینینی شاعیر. وەرگیراوە لە وێبسایتی: www. bopeshawa.net

نوری، شوان عثمان (٢٠٢٣) *ڕۆمانەکانی (کاروان عومەرکاکە سوور) لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە*

.کۆیە.

نوری، مژدە ئیسماعیل (٢٠٢١) "نامۆیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(جەمال غەمبار بەنموونە".گۆڤاری زانکۆی گەرمیان. (٣) ٨

ئاسۆن، پۆل لۆران (٢٠٢١) *فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید*. وەرگێڕانی وەلید عومەر .چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی ئەلوەند.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

الخليلي، عنادغزوان اسماعيل وجعفرصادق ( 1981) *خمسة مداخل الي النقدالادبي* . دارالرشد.

الوردي، علي(١٩٩٤) *الاحلام بين العلم و العقيدة* . الطبعة الثانية .بيروت-لبنان: دار كوفان لندن.

ابن منظور (1984). فهارس لسان العرب (ط. 2، أشرف على إعداده عبد الله علي الكبير وآخرون). القاهرة: دار المعارف.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Allatson, P. & McCormack, J. (2005) Introduction: Exile and Social ' Transformation.' *Portal Journal of Multidisciplinary International Studies*, Volume 2.

Chung, S. (2012) *Annals of Mobility: On the Forced Mobility of Exile.* [Online] Available at: https://www.thecommononline.org/annals-of-mobility-on-the-forced-mobility-of-exile/ [Accessed 22 January 2025].

Freud, S. (1908) Interprctation of Dreams and xreative writers and Day Dreaming.

Freud, S. (1926) *Inhibitions, Symptoms and Anxiety. Translated by J. Strachey. The Standard Edition of the Complete Psychological Works of Sigmund Freud, Volume XX.*. London: Hogarth Press.

Freud, S. (1930) *Civilization and Its Discontents.*. London: Hograth Oress.

Halabi, Z. (2017) 'The Banality of Exile.' *Edinburgh University Press eBooks, [online]*, p. 96–130.

Jordhus-Lier, &. s. (2017) *samfunnsgeo-grafi.* en innforing: Cappelen Damm akademisk.

Gautam,M.K.,(2013)Indian Diaspora:Ethnicity and Diasporic Identity.CARIM-India Research Report2013/29.Migration policy center,European University,Institute,Florence.

ثنائية المنفى والحلم في أشعار جەلال البرزنجي - دراسة من منظور التحليل النفسي


**الملخص:**

تتناول هذه الدراسة، المعنونة بـ" ثنائية المنفى والحلم في أشعار جەلال البرزنجي دراسة من منظور التحليل النفسي (1991–2003)"، الدور المحوري الذي يؤديه الحلم في الإبداع الأدبي وتشكيله، إذ يتجلى هذا النمط من الإبداع بوضوح في النصوص الأدبية عموماً، وفي الشعر على وجه الخصوص. على الرغم من أن بعض المقالات المنشورة تشير بشكل مباشر أو غير مباشر إلى تفسير أحلام الشعراء في النصوص الشعرية، إلا أنها لا تفسر الأحلام بطريقة محددة؛ وما يميز هذه الدراسة عن سابقاتها هو توظيف المنهج النفسي، وبالأخص نظرية سيغموند فرويد في تحليل الأحلام واستكشاف ملامح تجربة المنفى. تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن القصائد التي كتبها جەلال برزنجي أثناء فترة المنفى ومدى انعكاس الأحلام فيها و تحديد أبرز سمات المنفى في هذه النصوص الشعرية. وقد خلصت هذه الدراسة إلى أن الحلم يحتل مساحة كبيرة في شعر جەلال برزنجي المكتوب في المنفى، وأن تحليل هذه الأحلام يكشف عن تيمات المنفى المتكررة مثل: الحنين، والعودة إلى الطفولة، والتوق إلى الوطن، والاغتراب، والحفاظ على الهوية والثقافة.



الكلمات المفتاحية: سمات المنفى، الحلم، التحليل النفسي، الشعر.


## The Duality of Exile and Dream in the Poetry of Jalal Barzinji: A Psychoanalytic Perspective


**Abstract:**

This study examines *The Duality of Exile and Dream in the Poetry of Jalal Barzinji* (1991–2003) through the lens of psychoanalytic theory, with particular reference to the work of Sigmund Freud. It explores the significant role that dreams play in shaping literary expression, especially within the context of poetic texts produced during exile. Although some published articles directly or indirectly refer to the interpretation of poets' dreams in poetic texts, they do not interpret dreams in a specific method. This research differentiates itself by applying a psychoanalytic methodology to interpret the psychological dimensions of Barzinji's dream imagery and its connection to the experience of exile. The study pursues two main objectives: (1) to assess the extent to which Barzinji's exile-era poetry incorporates dream motifs, and (2) to analyze how these dreams reflect key aspects of the exile condition. The findings indicate that dreams constitute a major thematic component of Barzinji's poetry from this period. These dream representations reveal recurring symbols and emotional states associated with exile, including nostalgia, a yearning for childhood and homeland, alienation, and a persistent struggle to preserve identity and cultural memory.



**Keywords:** Features of Exile, Dream, Psychoanalysis, Poems

# دەزگەهێن خواندنێ یێن کوردی د ڕۆژنامەیێن عیراقیدا (الجمهورية والثورة) وەك نموونە 1970 – 1973

**د. روژین چلبی منیر**

**پشکا مێژوو/ فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی/ زانکۆیا زاخۆ**

rojin.muneer@uoz.edu.krd

**پوختە:**

ڕۆژنامەگەری ل مێژوویا نوی و هەڤچەرخ ئێک ژ بابەتێن گرنگە و دکەڤیتە دچوارچووڤەیی خزمەتا ڤەکۆلینێن مێژوویدا، ژبەرکو ڕۆژنامەگەری ل سەردەمێ نویدا ب ژێدەرێن سەرەکی دهێتە هژماردن بۆ هەر ڤەکۆلینەکا ئەکادیمی، ڤەکۆلینا بابەتەکێ گرێدای مێژوویا نوی و هەڤچەرخ بکەت، نابیت مێژوویا نوی و هەڤچەرخ بێهتە نڤیسین بێ پشتبەستن ل سەر دیارترین سەرچاوەیێن ئەوێ یێن زانستی دنۆکەدا، ئەو ژی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەهاندنە ب هەمی تایێن ئەوێڤە، ژ جوداهیێن ڕۆژنامەگەریێ بۆ ڤەکۆلینێن مێژوویی ئەوە گەلەک زانیاریێن گرنگ بخوەڤەدگریت دبیت د بەلگەیێن مێژوویدا یێن گرێدای ب ئەوێ ڕوودانێڤە ئەو زانیاری دەستنەکەڤیت، هەروەسا ئێک ژ تایبەتمەندییێن ڕۆژنامەگەریێ ئەوە ڕۆژانە ڕوودانا مێژوویی تۆمار دکەت و هەر ژ دەستپێکی هەتا دووماهیێ چاڤدێریێ دکەت، ئەو چەندە د ژێدەرێن دی یێن مێژوویا نوی و هەڤچەرخدا دەست ناکەڤیت، لەورا ئەو ڤەکۆلینێن ل سەر ئەڤێ بیاڤی دهێنە ئەنجامدان گەلەک گرنگن، ب پرکرنا ئەوێ ڤالاتیا زانیارییان یا ڕوودانا مێژوویێ ڕادبیت، ل دووماهیێ بازنەیێ ڕاستەڤینەیێ زانیاری یان ڕوودانا مێژوویێ تەمام دبیت. بەلێ ل ئەڤێرێ جهێ پرسیارێیە ئەو ژی هەتا چ ڕادە ڕۆژنامەگەریێ گرنگی ب دەزگەهێن ڕەوشەنبیریێن کوردی و ئالیێ ڕەوشەنبیرییێ کوردان دابوو؟ ئەرێ ئەو بڕیارێن ڕەوشەنبیری یێن گریدایی ب کوردان ئەوێن ژ ئالیێ حکوومەتا عیراقی دهاتنە دەرکرن هاتبوونە بجهێنان؟

وەرگرتن: 2025/1/20

پەسەندکردن: 2025/5/17

بڵاوکردنەوە:

**پەیڤێن سەرەکی:**

ڕەوشەنبیری، خواندنا کوردی، زمانێ کوردی، حکوومەتا عیراقی، دەڤەرێن کوردستانێ.

## 1. پێشەکی:

ناکۆکی و شەر دناڤبەرا حکوومەتا عیراقی و بزاڤا ڕزگاریخوازا کوردیدا هەر ژ سەردەمێ عەبدولکەریم قاسمی (1958 – 1963) ژ ئەیلوولا 1961 هەتا کۆدەتاییا بەعسییان و هاتنا ئەوان بۆ سەر دەستهەلاتێ ل 17 تیرمەها 1968 بەردەوام دبیت، ل دەستپێکێ حکوومەتا نوی یا بەعس خوە دیار کر کو دێ دۆزا کوردی چارەسەر کەت، بەلێ جارەکا دی ل ئادارا 1969 دەست ب ڕاگەهاندنا شەری ب دژی شۆڕەشا کوردی کر، بەلێ ل دووماهیکێ بۆ حکوومەتا عیراقی دیار بوو ڕێکا شەری بێ مفایە، لەوڕا هەولا دانوستاندنێ ل گەل سەرکردایەتیا شۆڕەشا کوردی مەلا مستەفا بارزانی ژبۆ گەهاندنا چارەسەرییەکا ئاشتەوایی دناڤبەرا هەردوو ئالییاندا کر د ئەنجامدا ل 11ی ئادارا 1970 هەردوو لایەن گەهشتنە ڕێککەڤتننامەیا 11 ی ئادارا 1970 ئەوا ئێک ژ دەستکەڤتیێن گرنگ بۆ شۆڕەشا کوردی هاتییە هژماردن.

ژبۆ جێبەجێکرنا بەندێن ئەڤێ ڕێککەڤتننامەیێ حکوومەتا عیراقی هەولا جێبەجێکرنا بەندێن ب ئالیێ ڕەوشەنبیریڤە گرێدای کربوو، ب هژمارەکا پێرابوونان و ل دەڤەرێن کوردستانێ ل بەرامبەر کوردان و دامەزراندنا دەزگەهێن ڕەوشەنبیری یێن کوردی ڕابوو، بەلێ ل ئەڤێرێ جهێ پرسیارێیە ئەرێ هەتا چ ڕادە ئەڤ کارێن گرێدای ب ئالیێ ڕەوشەنبیریڤە ل دەڤەرێن کوردستانێ هاتنە بجههێنان؟ .

ئەگەرێ هەلبژاردنا ئەڤێ بابەتی ئەوە کو ئالیێ خواندن و ڕەشەنبیری ئێک ژ ئالیێن گرنگ بوو بۆ دەڤەرێن کوردستانێ؛ چونکە دماوەیێ بۆریدا بگرە ژ دەمێ سەرهلدانا شۆڕەشا 11ی ئەیلوولا 1961 هەتا ڕێککەڤتننامەیا 11ی ئادارا 1970، دەڤەرێن کوردستانێ ژ ئەڤی ئالیی یێ بێ بەهربوون، لەورا ئێک ژ بەندێن ئەڤێ ڕێککەڤتننامەیێ گرێدایی بوو ب لایەنێ ڕەوشەنبیری و فێرکرنێ ل دەڤەرێن کوردستانێ، ب ئەڤێ چەندێ ئەڤ ڤەکۆلینە هاتیە ئەنجامدان دا دیاربیت هەتا چ ڕادە حکوومەتا عیراقی بەندێن گرێدایی ئالیێ ڕەوشەنبیری بجهـ هینایینە. دیسان ژبۆ دیارکرنا هەلویستێ ڕۆژنامەیێن عیراقی ژ بۆ بجههێنانا بەندێن گرێدایی ئالیێ خواندنا کوردی ل دەڤەرێن کوردستانێ.

هێز و مێژوو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، کەم بابەت هەن بەقەد ئەم دوو چەمکە پێوەندیی ڕاستەخۆیان هەبێت، چونکە لەگەڵ گەشەی هێز، ڕاستەوخۆ تۆمارە مێژووییەکان گەشە دەکەن. تێڕوانینی مەکیاڤیللی بۆ ئەم بابەتە ئاشکرایە، تەنانەت قووڵتریش بابەتەکە دەخاتە بەر باس و لەو باوەڕەدایە دەسپێکی بوونی هێز، هەمان ئەو دەسپێکەیە کە مێژوو لەدایک دەبێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧؛ أحمد، ١٩٧٩: ١٩) بۆ ئەم بابەتەش شایەتێک کە هەر لەناو خودی مێژووەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆی جەوهەری پرۆسەی لەدایکبوونی مێژوو دەخاتە بەر چاو، دەیسەلمێنێت لەدایکبوونی مێژوو بەبێ بوونی هێز، لەدایکبوونێکی گریمانەیی و ناتەواوە، ئەوەی مێژوو دەگەیێنێتە ئاستی زانستەکانی تر ئەوەیە، بناغەکەی لەسەر هێز جێگیر دەبێت. (الجبوري، ٢٠١٤: ٥٦-٦٠؛ سعید، دهمي، ٢٠٢٣، ٢٠).

مێژوو پێناسەی ئاڕاستەکانی هێز دەکات، ئینجا ئەو پێناسانە هەمان ئەو تێڕوانینەیە کە مێژوو خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات، چونکە مێژوو تەنیا لەم بارودۆخەدا دەبێتە هۆیەک بۆ بەشێکی کاریگەر لەسەر هێز ئەویش پاڵنەرەکانن، لێرەوە خودی هێز خۆی لەو پاڵنەرە مرۆییانە دەبینێتەوە کە ئیبن خەلدوون بە دەسپێکی کۆبوونەوە یان هەڵوەشانەوەی هێز لەناو مرۆڤەکاندا خستوویەتییە ڕوو، بە جۆرێک بوونی خۆی لە بوونی پێویستییە پاڵنەرەکانی وەک (یەکەی سیاسی، ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی پاراستن، هتد...) خستووەتە ناو نەخشەی گەشەی مێژوو، چونکە بەشێکی گەورەی تۆمارە مێژووییەکان شایەتی ئەو بارودۆخانەن کە پاڵنەرەکان بوونەتە هۆی بە کەماڵگەیشتنی هێز و هەڵوەشانەوەی، بۆیە ئیبن خەلدوون مێژووی وەکوو پرۆسەیەکی زانستی وێنا کردووە، لەمەڕ ئەو گۆڕانکاریانەی لە کرۆکی پرسەکانی دەوروبەری مرۆڤ و ئەوانەشی کارتێکەرن لەسەری، خۆی نمایش دەکات، ئەو ئاڕاستەیەش دیاری دەکات پاڵ بە مرۆڤ و بیرکردنەوەکانییەوە دەنێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ١٧٩؛ مەلاح، ٢٠١١: ١٢٧-١٢٩ Leonid (E. Grinin, Dmitri D. 2010: p: 188-189

ئەو تێڕوانینەی دەکرێ پرسێکی ماددی بێت لەناو کرۆکی پرسە ڕۆحییەکان و مانەوەی بنەڕەتیبوون، مێژوو بەهۆی ئەوەی زیاتر تێکەڵەی پرسی سیاسی کراوە، ئەوندە لەسەر بابەتی پاڵنەرەکانی هێز قووڵ نەبووەتەوە، ئەوەش بێبایەخیی پاڵنەرەکانی هێز و پێوەندیی ڕاستەخۆیان لەگەڵ مێژوو نییە، بەڵکوو کاریگەریی پرس و بەرژەوەندیی سیاسی و لایەنگریی ئەوانەی مێژوویان نووسیوەتەوە، وای کردووە کەمتر ئەم باسانە بخرێنە ڕوو، ئەگەرنا پاڵنەرەکان ئەوندە

کاریگەرییان بەسەر مێژوو و ئاراستەبوونی هێزەوە هەیە، تۆمارەکانی مێژووی وەکوو زانست کردووەتە خاوەن بایەخ و جێی لێکدانەوە، چونکە لەمەڕ ئەو پرسانەی مرۆڤ توانای چارەکردنی هەبووە، ئەسپی خۆی تاو داوە و لێی قووڵ بووەتەوە. (نوارای ، اندریة، بون، فردریک، اخرون، ١٩٨٨: ١٩-٢٠؛ مەلاح، ٢٠١١ : ١٢١-١٢٢) بەشێکی زۆری ڕووداو و پێشهاتە گرنگ و گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ئیبن خەلدوون شیکردنەوەی بۆ کردووە، ئەو ڕووداوانە پەیوەندیی نێوان هێز و پاڵنەرەکانی بە ڕاستەوخۆ لە هەموو سەردەمەکاندا نیشان دەدەن، ئەوەش بەهۆی ئەو کاریگەری و ئاراستە مرۆیی و پێویستییە ماددییانەی کە جڵەوی مێژووی کردووە، ئەمەش هاوڕاییەکی بۆ بیری ئیبن خەلدوون دروست کردووە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٣٩-٣٤٠-٣٤٢-٣٤٣ ؛ دیورانت، ٢٠١١: ١٥).

لەناو مێژوو، کاتێک لەبارەی هێز و پاڵنەرەکانی گەڕان بکرێت، بابەتێک دێتە بەر باس کە دەرگەی گەنگەشەی زیاتر واڵا دەکات، ئەویش ناوەندی بنیادنانی هێزە، پێکهێنەرانی ئەم ناوەندەش گرووپە کۆمەڵایەتییەکانن. (جیهانبگلو، ٢٠٠١: ٦٤)، مەکیاڤیللی لەناو پێشهاتە مێژووییەکاندا، بە دوای ئەڵقەیەکی ونبووی ئەم پرسەدا دەگەڕێت و هەموو هەوڵێکی زەینیی خۆی دەخاتە گەڕ، لەو باوەڕەدایە مێژوو خاوەن حیکمەتێکە دەتوانێت ئەو ئەڵقە ونبووە بدۆزێتەوە بۆ تەواوکردن و دەستکەوتنی وەڵامێک، لەبەر ئەوەی مێژوو بەرهەمی ئەقل و ئەزموونی ڕابردووی مرۆڤەکانە و بابەتێکی پڕ ئاراستەی زانستییە، بۆیە شیکردنەوە بۆ پڕۆسەی هێز لەسەر بنیاتی ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، ئەوەش پرسێکی بەردەوام جێگەی تێڕامانە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٥٢-٥٣، ١١٧ ؛ storig,Hans Joachim kleine Weltgeschicte der philosophie.stuttgart, 1961 p.334 ، سارتەر، ٢٠٠٤: ٩-١٠) ئەو پرسەی مەکیاڤیللی بەدوایدا وێڵە، بوونی ناوەندی هێزە، ئەو ناوەندەی کە مێژوو دەگەیەنێتە ئاستی بوونێکی نوێ، بۆیە هەوڵ و ئامانجەکانی مەکیاڤیللی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە هێز کاتێک پێکهێنەرەکان بنیادی دەنێن، واتای بوونی هێزە، بەڵام کاتێک دەبێتە هێزێکی فرەوانخواز بەردەوام دەبێت لە پاراستن و مانەوەی خۆی واتای بوونی مێژووە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٤-١١٧). ئەوەی مەکیاڤیللی بە گرنگترین پایەکانی دەزانێت بۆ بوونی مێژوو هەم کاریگەری لەسەر پاڵنەرەکانی و هەمیش بۆ مانەوە و بەردەوامی، بریتیە لە کۆکەرەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی هێز. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٨٨-٨٩ ، ١٢٨-١٢٩). ئارەزووی بوونی هێز و دروستکردنی ناوەندی سیاسی، ئارەزوویەکی هاوبەشی مرۆڤەکانە. (مەکاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٨) بەڵام جارێکی تر مەکیاڤیللی دەرگەیەکی دیکەی گەنگەشە واڵا دەکات، ئەویش بوونی دۆخێکە توانا و شانسێکی باشە بۆ کۆکەرەوەی هێزەکان. (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ٣٠) کاتێک ناوەندێک بوونی هەبێت، ڕاستەخۆ بەڵگەیە لەسەر بوونی خاوەن هێزێک، هەبوونی ئەو خاوەنەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرچاوەی هێزی ژێر دەستەکانی. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩ :١٤٢) مانەوەی ئەو یەکە سیاسییە پەیوەستە بە کار و کردەوەی ئەوەی خاوەنداریەتی لێ دەکات. (جهانبگلو، ٢٠٠١: ٦٤).

مێژوو جارێکی دیکە ئەوە دەخاتە بەر چاو، کە ڕووداو و پێشهاتە پێشینەکان و چۆنیەتیی ڕوودانیان لەژێر چ پاڵنەرێکدا بوون، هەموو ئەوەی نەخشەی بۆ دەکێشرێت پاڵنەرەکانی هێز هۆکاری سەرەکین، هەر ئەوەش وای کردووە مەکیاڤیللی بە ڕوونی لەناو مێژوو بۆ تەواوکردنی هاوکێشەی زانستی بگەڕێت و بگاتە ئەو باوەڕەی کە مێژوو دەتوانێت ئەوە بۆ

مرۆڤەکان یەکلا بکاتەوە بۆ ئەوەی کەڵک و سوودی لێ وەربگرن و بە ڕاشکاوانەش ئاماژە بەوە دەکات کە بەردەوامیی هێز پرۆسەیەکی مێژووییە، هەر ئەوەش بووە کە مەکیاڤێللی هەوڵی سەلماندنی داوە و گەیشتووەتە باوەڕەی ئەوەی مرۆڤەکان لەسەری دەژین و تەنانەت جیهانیش بریتییە لە هێز. (عبدول، ٢٠٠٨: ٣٩ ؛ مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ١٤٢). گۆڕنکارییش لە جیهاندا لەسەر ویستی هێز وەستاوە. (عبدول، ٢٠٠٨، ٤٠).

مێژوو بە درێژاییی زانیاری ناو تۆمارەکانی، جەختکردنەوە بووە لەوەی بوونێکە لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش لە کۆبوونەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێت کە هۆیەکن بۆ دروستبوونی ناوەند، ئەم ناوەندەش لەسەر پایەیەک خۆی جێگیر کردووە، کە کۆکەرەوەی هێزەکانە، ئەمەش لە کاریگەریی پاڵنەرەکانی سەرچاوە دەگرێت، پاڵنەری هێزەکانیش شتێکی سروشتییە کە لەگەڵ دەسپێکی بوون، ئەم پاڵنەرە سروشتییانە لەدایک دەبن، بەو پێیەی بوون لە بنەڕەتدا ناکامڵ و ناتەواوە، بۆیە دەرگەکانی بەستنی کەموکورتی و پڕکردنەوەی ناتەواوییەکان وای کردوە، مێژوو ببێتە هۆیەک بۆ کۆکردنەوەی دوو بابەت کە بەدرێژاییی مێژوو خاوەن جەوهەری بنەڕەتیی گەشە بوون، ئەوانیش ئەزموون و ژیرین؛ هەمیشە ئەزموون ڕێگەی ڕاست و هەڵەی ڕابردوو لەمەڕ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکان خستووەتە پێش چاو، هەرچی ژیرییە، بە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەییانە هەمیشە گۆشەی گۆڕانکاری داڕشتووە. (عبدولسلام، ٢٠٠٥: ٦٧؛ کاری، ئێج، ٢٠٠٥: ١٢١؛ کەمال، ٢٠٠٤: ٦٦،٥١-٦٧)، هەموو هزری مەکیاڤێللی بۆ هێز و مێژوو، لەم گۆشەنیگایەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بۆشایی و کەموکوڕیی ڕابردوو بە تەنیا ڕابردوویەکی ڕووت نییە، بەڵکوو گریمانە و گومان زۆر هەڵدەگرێت و ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە، بۆیە مێژوو لەسەر بیری خاوەنهێز و کۆکەرەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان وەستاوە. ( Holman Christopher, 2018, p75-76-77; , Bakare, K.A,2020,p:49-50 ; مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ١١٧) مێژووش ئەو هەل و هەڵە زۆرانەی تێدا تۆمار کراوە، بۆیە مەکیاڤێللییش سەلمێنراوەکەی لەسەر هەوڵ و هەڵە دووبارەبووەکان دادەڕێژێت. ڕووداو و هاوکێشەی مێژوویی دەکات بە بنەما. (مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ٥٢-٥٧) بەڵام مەکاڤێللی لە ڕوانگەی کۆکەرەوەی هێزەکان، شیکردنەوە بۆ بابەتی هێز و مێژوو دەکات، هەموو تێڕوانینەکانیشی لەم چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە. (مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ٣٠-٣١ ، ١١٦-١١٧).

ئەم گۆشەنیگایە لەنێو هزری ئیبن خەلدوونیش دونیایەکی پڕ لەگەنگەشە و جێگەی تێڕامانە، بەوەی کە شیکردنەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، ئاماژە بۆ هەبوونی دەسەڵاتێکی خاوەن هەژموون و کیانێکی خاوەن شارستانی دەکات، بەڵام سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵە بەربەرییەکان کە دەسپێکی دروستبوونی دەمارگیرییە، بەوپەڕی هێزێکی سادە دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوە ئەم دەسەڵاتە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٦-٣٥٧ ، ٣٦٦-٣٦٧) ژیانی کۆمەڵ پێوانەکەی هێزە، ئەو کۆمەڵانەش لە پێناو پاراستن و مانەوەی خۆیان بڕیاری لەدایکبوونی هێزێک دەدەن، ئەوانیش دەبن بە پشتووپەنای سەردارێک، پاڵنەرەکانی ئەم هاوکێشەیە دەبنە هۆی لەدایکبوونی هێزێکی یەکگری دەمارگیری. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٨ Shahidipak,MohammadRaza, 2022-p257-258 ; ) لێرەدا پایەیەک لەدایک دەبێت کە سەرداریکردنی هێزە، ئەم پایەیە چارەنووسی ئەو کۆمەڵەیە دیاری دەکات، ئەویش سەرداریکردنە کە

بەبێ هێز بوونی نییە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٦٧) ئیبن خەلدوون، ئەو گرووپە بەربەرییانە بە داینەمۆ و هێزی بزاوتنی سەرەکیی مانەوە و گەشەی شارستانییەت دەزانێ، ئەمە و جگە لەوەی کە پێی وایە ئاکاریش بە گوێرەی ژینگە دەگۆڕێت و بەم هۆیەوە پاڵنەرەکانیش پشت و فاکتەری تریش وەک و کارلێک بۆیان زیاد دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر پێکهێنەرانی یەکێتی و سەرداریی هێز دەبێت، ئەویش ژینگەیە. (Sulastri Neneng2019:p 145-146-147) ئیبن خەلدوون جەختیش لەسەر ئەو دۆخەی پەرەوەردە دەکات کە هێز بیەوێت تێیدا پێ بگرێت و گەشە بکات و هەنگاو هەڵبگرێت، لەو باوەڕەدایە مرۆڤەکان دەبێ لەو ژینگە سروشتی و مێژووییە گوزەر بکەن تا بتوانن واقیعی گۆڕانیان لا پەسەند بێت، چونکە لە سەرووی ژینگە سروشتییەکە و مێژووییەکە، زۆر خاوەنداریی لەبیرکردنەوە و بیری گۆڕان دەکات، ئەوەش کاتێک گرووپێک بیەوێت سەرکردایەتیی هێز بکات. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٣-٣٦٦).

لە هزری ئیبن خەلدووندا، مێژوو و هێز دوانەیەکی لێک دانەبڕاوەن، بێهێز و پەرتەوازەکان ئەوانەن هەمیشە شوێنکەوتە و گوێڕایەڵی دەکەن، ئەوانەش بەشێکی پێویستییەکانی هێزن لەناو مێژوودا و ستراتیژی خۆیان لەسەر دادەڕێژێت، لەبەر ئەوەی هێز ناوەندی هەموو گۆڕانێکە، پاڵنەرەکان چەندە پاڵی پێوە بنێن، ئەوەندە مەودای بەرکەوتەکانی لەسەر دەوروبەر هەست پێ دەکرێت، ئەم هەستپێکردنەش دوو بەرکەوتەی لێ دەکەوێتەوە، ئەوانیش ئەوانەن بەزوویی بەدەم ئەو گۆڕانەوە دەچن و توانای بەرەنگاربوونەوەیان نییە، دووەمیش ئەوانەن کە ویستی بەرپەچدانەوەی ئەو هێزەیان هەیە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانیان. زۆر جار ئەو بەرکەوتانەی هێز ڕووبەڕووی دۆخێکی مێژوویی دەبنەوە کە ناچارن لەڕووی گەشەی بنیاتنان و هۆشیارییەوە ئەوە پەسەند بکات، هێزی ژێردەستە لەم دووبابەتەی سەرەوە خاوەن هێزترە، چونکە هەمیشە هێز کاتێک ڕووبەڕووی مێژوو دەبێتەوە، قەبووڵی ئەوە دەکات، کە واقیعی مێژوویی و خەزێنەی مێژوو، زۆر زەنگینترە لە توانای هێز، چونکە مێژوو میراتی هێزگەلێکە لە دەسپێکی مێژوو تاوەکوو ئەو ساتەی هێز و مێژوو بەریەکەوتنیان هەیە دریژبۆتەوە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٢، ١٠٢، ١١٧-١١٨، ١٢٧-١٢٨، ٣٨٣-٣٨٨). سروشتی هێز وایە، بە کاردانەوەکانی دەپێوڕێت و هەر خۆشی واتە بەرکەوتە، ئەم بەرکەوتانەش ئەو مێژووەی دروستی دەکات کە نیشانەی وێرانکاری بێ یاخود بناغەی ئاوەدانی و هێنانەکایەی سەردەمێکی نوێ، ئەوانەی گرووپی بچووک بچووکن، هەمیشە ئامانجی باڵای ئەوان یەک و نەگۆڕە ئەویش پاراستن و مانەوەی خۆیانە، ئەوەش دەرخەری کاریگەریی هێزە لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوە و سروشتی ژیان. بە بڕوای ئیبن خەلدوون، ژیان لەسەر هێزی کێبەرکێ دامەزراوە، هەر کاتێک ئەو گیانە لەهەر کۆمەڵە و گرووپێک بەدی کرا، ئەوا بەهەرڤن بۆ دروستکردنی سەردەمێکی نوێ و گۆڕانی بارودۆخ، هەرکاتێکیش ئەو کێبەرکێیە لە هێز داماڵرا، هەرچەندە بنەماکانی مانەوەشی هەبێت و پایەکانی لەناو مێژوویەکی دێرینشدا ڕۆ چووبن، بەڵام بەرگەی ململانێ و هێزی کێبەرکێکاری بچووکی نوێ ناگرێ کە ئامانجی باڵا و یەکێتی و دەمارگیرییەتیی خۆی لەسەر ئامانجی گۆڕانی دۆخ دارشتبێت. (ئیبن خەلدوون،٢٠١٦: ب١، ١٨٨، ٣٥٦، ٣٧١، ٣٨٠-٣٨٧، ٤٠٠-٤٠٣، ٤١٣- ٤١٧،, ÖNDER 2018: 235-236 ).

هێز و مێژوو لای زۆرێک لە هزرڤانان جێگەی شرۆڤەی ڕۆژگاری خۆیان بووە، چەندان پرسی تایبەتیان لەمەڕ زیاتر ڕۆشنکردنی کاریگەری و

لێکەوتەی ئەم دوو بابەتە خستووەتە بەر باس، لەنێو ئەو هزرڤانانەش چ ئیبن خەلدوون و چ مەکیاڤیللی، وردبوونەوەی قووڵیان بۆ هەبوونی پێوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە گەنگەشە کردووە، چونکە مێژوو لە ڕوانگەی هەردوو هزرڤانەوە بریتی نییە لە ڕابردوویەکی بێ کاریگەر، بەڵکوو مێژوو درێژبوونەوەی کۆمەڵێک هەڵ و هەڵە و کاریگەریی ئەزموون و ڕۆچوونی ژیری و ڕێچکەشکاندنی نوێ بووە بۆ قۆناغەکانی میراتی باوباپیرانی ئادەمیزاد کە لێراکردن و بێبەریبوون لێی شتێکی حەتمییە، ئەوەشی لە تێڕوانینی ئەم دوو نووسەرە جێگەی سەرنجە، ئامادەکردنی بێشکەیەکی نوێ بۆ دوو زانست کە دەتوانرێ بێ چەند و چۆن لەسەر یاساکانیان یاسای گۆڕان دابڕێژرێت کە مەکیاڤیللی زیاتر لە گۆشەنیگایەکی سیاسییانە دەڕوانێتە مێژوو، ئەم ڕوانینەی لەدایکبوونی سیاسەتی ڕیالیزم و گۆڕانە لە سیستەمی بیرکردنەوە لە هەمبەر بێبایەخیی ڕووداوە مێژووییەکان و لێکەوتە سیاسییەکان کە دەبێتە هەوێنی هۆشیاریی مەزن لەلایەن ئەوانەی سەرکردایەتیی کۆمەڵگە دەکەن. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧، ١١٧، ١٦٤-١٦٧، ١٧٧-١٧٨؛ Haikal, Mujahid 2020:p 96-97-98-99) ئینجا ئەو هێزەی لەم بیرکردنەوانەی مەکیاڤیللی دەستیان کەوت، لەسەر خۆیان لە چۆنیەتیی سەکردایەتیکردنی کۆمەڵەکەیان وەستا، چونکە مەکیاڤیللی بەرپرسی بەکارهێنانی هێز نییە، بەڵکوو تەنیا دەرخەری هێزێکی شاراوەیە لە هەناوی مێژوودا، کە ئامانجی ئەو نەهێشتنی گرووپی بەرژوەندیخواز و بەربەست دروستکەربوون لەبەردەم یەکێتیبوونی هێزدا. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٧٢-١٧٤؛ Holman, Christopher, 2018، 83-84, 93-94) هەموو ئەوانەی مەکیاڤیللی هزری خۆی لەسەر داڕشتبوو، ئیبن خەلدوون پەی پێ بردبوو، بەڵام ئیبن خەلدوون ویستێکی باڵاتری لە هەناوی مێژوودا هەست پێ کردووە، کە پێی وا بوو ئەو یاسا جێگیرانەی مێژووی بردووەتە ئاست زانستەکانی تر لەسەر ئەوە وەستاوە، کێن ئەوانەی دەیانەوێت مێژوو دروست بکەن، تا چەندە لە یاساکانی مێژوو شارەزان، چونکە لەناو هەناوی مێژوو جیهانێکی نێهنی هەیە، دەرگەی گۆڕانکاری هەر لەوێوە دەست پێ دەکات، تەنانەت زانستێکی نوێش لە تێگەیشتنە مێژووییەکانی ئیبن خەلدوون لەدایک دەبێت ئەویش زۆر لەو هێزە گشتگیرترە کە مەکیاڤیللی لە خاوەنی دەسەڵات گرێی دەدات، ئەو پێی وایە دەمارگیریی کۆمەڵ هۆی گۆڕانە و کۆمەڵگە خاوەن بڕیاری کۆتایی دروستکردنی هێز و لەدایکبوونی مێژووە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٩-٣٦٠، ٣٦٥-٣٦٦).

ئەو تێگەیشتنە بۆ هێز و جیاوازیی نێوان ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی لە گرنگیی پێوەندیی نێوان هێز و مێژوو و ئاوێتەبوونی نێوان ئەم دووبابەتە کەم ناکات، بەڵکوو گرنگی و بایەخی هەردوو بابەت قووڵی و کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ژیاری مێژووی مرۆڤایەتی دەردەخات، بەتایبەتیش کە دەسپێکی هەموو بوونێک لەلای ئیبن خەلدوون هێزە، بەڵام تێگەیشتن بۆی لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوونەوە فرەوانتر و قووڵترە، چونکە هەموو یاسا سروشتی و مرۆییەکان تەنانەت یەک بەیەکەی پاڵنەرەکانی هێزیش خاوەن کاریگەریی خۆیانن لە گۆڕانی هاوکێشەی کۆمەڵ. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٢-٣٨٥) جیاوازیی ئەوان جیاوازییەکە، بە ڕوونی لە بابەتی کۆتاییهاتنی هێزیش بەدیار دەکەوێت، دەکرێ جیاوازیی نێوانیان لە پەرۆشیی هزری ئەوان بۆ کۆتاییی هێز سەرچاوەی گرتبێت، چونکە هەردووکیان بڕوایان وا بووە، هێز بۆ خۆی کامڵ نییە، بەڵکوو هەوڵ و تێکۆشانی پێکهێنەرانی وای کردووە بەردەوام بێت، ئەم ترسە ڕەنگە زۆر کاری کردبێتە سەر بۆچوونیان، تەنانەت تا ڕادەیەک نەمانی

هێز بە مەحال بزانێت ئەوی تریش مانەوەی بە حەتمی پێناسە بکات.

**باسی دووەم: جیاوازی کۆتای هێز لە دیدگای ئیبن خەلدوون:**

شتێکی سروشتی و سەروی دەسەڵاتی مرۆڤە کە خاڵێک دەبێتە دەسپێکی کۆتاییهاتنی هەر پرۆسەیەک کە لە بنەڕەتدا دەسپێکی هەبووە. ئیبن خەلدوون یەکێکە لەو بیرمەندانەی بە ڕاشکاوی پەی بەو خاڵە بردووە و لێی ڕاینەکردووە، بەڵکوو هەوڵی داوە لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەم پرسە بکات. بە گوێرەی لێتێگەیشتن و بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتی کە خۆی تیایدا ژیاوە و زانیاری لەربارەیەوە هەبووە، ئەم لێکدانەوە زانستییانەشی کە ئەنجامی داوە، لەسەر هەست و سۆز خۆیان جێگیر نەکردوە، بەڵکوو کۆمەڵێک یاساگەلی لەناو زانستی مێژوو و زانستی سروشتی تێکەڵ کردووە و یاسا و لێکدانەوەی نوێی خستووەتە پێشچاو، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی هاوشێوەی لەدایکبوونی هێز، کۆتاییەکەشی شیکردنەوە هەڵبگرێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٣٩-٣٤٠، ٣٤٤-٣٤٥، ٣٥٧،٣٨٣-٤١٧) کۆتاییی هێز، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ مێژوو، لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوونەوە، مێژوو بەبێ هێز دەچێتە دۆخی متبوون و نەمانەوە، هەموو یاسا زانستییەکانی خۆشی لەدەست دەدات و وەک بابەتێکی دوور لە زانستی لە لایەن کۆمەڵێک کەس بۆ سوود و بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، کە ئیدی مرۆڤ ڕووداوەکانی وەکوو خۆی پێ ناگات و توانای شیکاریکردن و متمانەکردن بەرتەسک دەبێتەوە، بۆیە هیچ زانستێک بەقەد مێژوو زیانی لە کۆتاییهاتن و داڕووخانی هێز بەرناکەوێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب ب١ ١٢٧- ١٣٢ ؛ ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب٢ ، ٦٣-٦٤).

ئیبن خەلدوون هەموو هێزێک بە چوار قۆناغ دەپێوێت، هەموو قۆناغێکیش بە چل ساڵ پێوانە دەکات؛ قۆناغی چوارەم، قۆناغی کۆتایهاتنی هێزە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٧٨-٣٨٠) دەسپێکی هێز، لە پێویستییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١ ٣٤٤) بەڵام کۆتاییەکەی لە زێدەڕۆیییەوەیە لەلایەن سەردارانی هێز کاتێک دوای چێژ و ویستە کەسییەکان دەکەون و وڵات بەرەو داڕووخان دەبەن. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢ ١٠٠-١٠١-١٠٢) لەم قۆناغەدا کێبەرکێ لەپێناو سەپاندنی هێز نییە، بەڵکوو بەکارهێنانی هێزە لەپێناو غەریزە کەسی و پرسە ئابوورییەکاندا. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٧) ئەم کێبەرکێیە نغرۆبوونێکی گشتی و کۆمەڵ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەمارگیری خاڵی دەکاتەوە، ئەوندەی حەزی جوانکاری و کێبەرکێی بەدەستهێنانی پرسە لاوەکییەکان دەبنە ئامانج، ئەوندە مانەوەی هێز و پاراستنی جێی بایەخ نییە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٣-٩٥). بە براوی ئیبن خەلدوون، هەرکاتێک ئەو دۆخە هاتە پێش، هیچ هێزێک ناتوانێت بەر بە ڕووخانی بگرێت، چونکە هێز ناواخنی خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ لەدەستدانی تەواوەتی، ئەو کێبەرکێ نائاکاریەش ڕاستەوخۆ گرنگترین پایەی ڕاگرتنی کۆمەڵگە دەکاتە قوربانی، ئەویش بریتییە لە نەمانی دادگەری، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چاوچنۆکی و تەماحکاری لەلایەن دەسەڵاتداران و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و دەستبەسەرداگرتنی موڵک، ئەوەش وا لە هێز دەکات بەردەوام توانای ناوەکی خۆی لەدەست بدات، بە جۆرێک ناوەندی هێز ئامادەی داڕووخانی تێدا بەرهەڤ دەبێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب٢، ١٠٢-١٠٤).

ئەو حەتمییەتەی ئیبن خەلدوون وەکوو یاسایەکی نەگۆڕ بەسەر هێز و چارەنووسەکەیدا سەپاندوویەتی، وای کردووە مێژوو وەک زانستێک ببێت بە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوە، هێزیش کاتێک تووشی داڕووخان دێت، ئەگەر جێگرەوەی هێزێکی خاوەن ئامانج بێت، بەهەمان شێوە شارستانییەتیش لەسەر هەمان گەشە و داهێنانی خۆی هەنگاو دەنێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ١٠٢) بەڵام کاتێک هێزێکی نوێ و بێ ئامانج و دوور لە گەشەی شارستانییەت بێت، ئەوا دەبن بە هۆکارێک کە وێرانکاریی زۆر بەسەر گەشەی شارستانییەتدا دێنێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕەکانی مێژوو، ئەو نموونانە زۆر بەرچاو دەکەون، بە جۆرێک بوونەتە هۆی وێرانکاری، گەر ئەم کردارانە کاریان نەکردایەتە سەر شارستانییەتی مرۆڤایەتی، ئەوا پێشکەوتنەکان و داهێنانەکان لە ئاستێکی باڵاتر گەشەیان دەکرد. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٢٥-٢٦) ئەمەش وای لە ئیبن خەلدوون کردووە بەربەرە چۆڵنشینەکان بە گەورەترین مەترسی لەسەر هێز بزانێت، بەوپێیەی پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، کاتێکیش دەیانەوێت کردارێک ئەنجام بدەن، هەنگاوەکانیان ئامانجدار نییە بەڵکوو زیاتر وێرانکاری و تاڵانکارییە، ئەو هێزانەش کە تاڵانکارن، بێ ئامانج و خاوەن گۆڕانکاری و ستراتیژی مێژوویی نین، ئەوەش دوا خاڵی ترسی ئیبن خەلدوونە لەسەر هێزی بنیاتنان وەکوو گەورەترین یەکەی بەرپرس لە گەشەی هێزی درێژبوویەوەی مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٦٥-٣٦٦).

نەمانی هێز بەبڕوای ئیبن خەلدوون کاریگەری و لێکەوتەی زۆرخراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەسەرووی هەموویان تاکێکی بێ دەسەڵات و ناجێگیر بەرهەم دەهێنێت و ئەو خاکەی هێز تێیدا نەشونمای کردبوو، دەبێتە مەیدانی وێرانکاری و تاڵان و کوشتوبڕ، ئەو یاساگەلەی سەپاندبووی بۆ جێگیری دادگەری، تاکەکانی هیچ بەهایەکی نامێنێ، حەزی کێبەرکێ و جێگیربوون لەو شوێنە لەناو دەچێت، خەڵکەکە چونکە پاراستنی خۆیان و ماڵ و سامانیان لە چاوی هێز دەبینی، ناچارن خۆیان پارێزگاری بکەن، ئەگەر هاتوو لە توانایاندا نەبوو، ئەوا هەوڵی ڕاکردن دەدەن لە پێناو مانەوەی خۆیاندا. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٥٦-٣٥٧-٣٥٨؛ ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب٢، ٢٦-٣٣-٣٤). دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، لە دونیای شیکاری بۆ کاریگەریی هێز، هەمیشە ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە هێز بەر لە گرنگیی خۆی و لێکەوتەکانی، مەترسی ئەوەشی هەیە داڕووخانی بەقەد کاریگەری لەسەر گەشەی ئاراستەی دەوروبەر ئەوندەش لە کاتی نەمانی مەترسی بێت لەسەر وێرانبوونی ناوەندی خۆی و دەوروبەر.

باسی سێیەم: جیاوازیی کۆتاییی هێز لە دیدگای مەکیاڤیللییەوە

هەر بوونێک کۆتایی هەیە، ئەمە فۆرمێکی گشتییە بۆ تەواوی ئەو شتە سروشتی و مرۆیییانەی لە جیهاندا دەوریان داوین، کۆتاییی ئەو بوونانەی دەوروبەرمان بۆ خۆیان پێناسەیەکی گرنگ و بەرچاوڕوونییەکی تەواو دەدات بەدەستەوە، ئەگەرچی مەکیاڤیللی یەکێکە لەو بیریارانەی لە هزرەکانیدا بە سەختی بۆ بنیادنانی هێز تێ دەکۆشا نەک وێرانکاری، ناوبراو ئامانجی ئەوە بوو حەتمییەت بۆ ئەم دۆخە دروست بکات، بەڵام لە تێگەیشتنەکانی ڕادەستی بارودۆخێک دەبێت کە هێز خاوەنی کۆتاییە و لەنێو مێژوودا گەڕانی وردی بۆ کۆتاییەکەی کردووە (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ٥٧-٥٨، ١٩٢-١٩٣ ؛ (Haikal, Mujahid) 2020: 98). ترسی کۆتاییهاتنی هێز وای کردووە مەکیاڤیللی هەموو هەوڵێک بدات و هەموو ڕێگەیەکی ئەزموونی و ئەقڵی

گەنگەشە بکات لە پێناو دروستبوون و مانەوەی هێزدا، هەرچی ڕێگەیەکی ئاکار و نائاکارییە بە ڕەوای بزانێت بۆ خاوەن هێز، تەنانەت ئەو ترسە بوو بە هۆیەک کە کەسی خاوەن هێز ڕەوایەتی پێ بدرێت سوود لە تەواوی سادەییەکانی کۆمەڵگە وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت، لە هەمان کاتدا هیچ مەرج و کۆت و بەندێک لە بەردەمی نەبێت بۆ پاراستن و هێشتنەوەی تاوەکوو لە نەمان و داڕووخان بیپارێزێت، ئەو کەسی خاوەن هێز ڕادەسپێرێت بەوەی هەر ڕێگە و شێوازێک لە بەرژوەندیی پاراستن و گەشانەوەی هێز بێ، بەو جۆرە کۆمەڵگە بەکار بهێنێت، کۆمەڵ هێزێکی دیکە بۆ کەسی خاوەن دەسەڵات فەراهەم دەکات کە ئەوان خاوەن جەوهەرن، ناوبراو بە ڕەوای دەزانێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکان بەکاریان بهێنێت، چونکە لەلای مەکیاڤیللی، هێز پایەی هەبوونە و خاوەنەکەی پایەی بەردەوامبوونە، بۆیە نابێت سڵ لە هیچ بەربەستێک بکاتەوە و لە هیچ دۆخێکدا بهێڵێت مەترسی ئەوندەی لەسەر دروست بێت کە توانای قەرەبووکردنەوەی و هاوسەنگبوونی بارودۆخی نەبێت، ئەمەش لەلای ناوبراو ئەوپەڕی شکۆ و ڕەوایەتییە کاتێک خاوەن هێزێک دەتوانێت کۆتایی هێز تێک بشکێنێت و مانەوەی مسۆگەر بکات و بیپارێزێت. (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ١١٤-١١٥، ١٥١-١٥٤،١٩٠-١٩٤).

یەکێک لە هەرە مەترسییەکانی هێز لەلای مەکیاڤیللی، پرس و هاوکێشەی هاوتاکانە لە ئاستی سەروەری هێز، ئەم بابەتە بە خاڵێکی گرنگ و جەوهەری دادەنرێت بۆ ئەم هاوکێشەیە کە دەرگەی کۆتاییهاتنی واڵا دەکات و بە هەموو شێوەیەک مەترسی دەخەنە سەر پایەکانی ڕووخانی. کاتێک هاوتاکان خۆیان لەئاست سەرەوە و بە خاوەنی هێز دەبینن، دەستکراوە دەبن بۆ لێدانی زەبری کوشندە لە هێزدا، مەکیاڤیللی ئەوەی بە ئەزموونی مێژوویی خستووەتە ڕوو، بە ڕاشکاوی بە سەروەری هێز ڕادەگەیێنێت کە دەبێت هەرچییەکی لەدەست بێت بیکات بۆ یەکلاکردنەوەی هاوکێشەی هاوتاکان، ئەو بابەتە بۆ مامەڵەکردن گەنگەشە هەڵناگرێت، دەبێت بە زوویی و بە زەبری کوشندە لەناو ببرێن، چونکە ئەگەر دەرفەتیان پێ بدرێت و یەک بگرن، دەتوانن ببنە مایەی مەترسیەکی گەورە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٤١، ٨٢-٨٥ -Haikal, Mujahid 2020:100-101;). بابەتێکی تر کە جەختی لەسەر کردووەتەوە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە بەر بە کۆتاییهاتنی هێز بگرێت، ئەویش خۆشەویستییە لە نێوان هێز و خاوەنەکەی، بە نەمانی ئەو پایەیە، تەواوی دەرگەکانی کۆتاییهاتنی هێز واڵا دەبن و متمانەی نێوانیان دەچێتە ئاستێک کە نیشانەکانی کۆتاییهاتنی بە ڕوونی بە پایە و پاڵنەرەکانی دیار دەبن، بۆیە هەر کاتێک خۆشەویستی لە نێوان خودی هێز و خاوەنەکەی نەما، ئەوا بەرپێگرتن و پاراستن دەچێتە دۆخێک کە ڕاستکردنەوەی مەحاڵ دەبێت، بۆیە مەکیاڤیللی خاوەنی هێز سەرپشک دەکات، لەوەی هەرشتێک بە گونجاو دەزانێت ڕێگە نەدات ئەم خاڵەی نێوان هێز و خاوەن هێز هیچ زەبرێکی بەربکەوێت. (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ١٢٧-١٢٩)، مەکیاڤیللی لەو باوەڕەدایە ئەم پرسە کۆمەڵێک مەترسی دیکەی ڕووبەڕوو دەبنەوە، چونکە دەرک بە کۆمەڵێک گریمانە دەکات، لە سەرووی هەموویان، ئەو کەسەی سەرکردایەتیی هێز دەکات، بە هەر هۆیەک بێت تووشی کێشە بێت، ئەوا کێشە بۆ خودی هێزەکەش دروست دەبێت، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە ڕاددەی سەرکەوتن و شکستی هێز بەستراوەتەوە بە خودی خاوەن هێزەوە، لەلای مەکیاڤیللی چەندە سەرداری هێز خودان هێزی خودی خۆی بێت، ئەوەندەش ڕەنگدانەوە لە هێزی گشتی و ژێردەستەکانی ڕەنگ دەداتەوە، هەر گرفتێکیش لە خاوەنەکەی بێتە پێش، دەبێتە گرفت و مەترسی لەسەر کۆی پرۆسەی هێز.

(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٤٢؛ جهانبگلو،٢٠٠١: ٦٤) یەکێکی تر لە گەورەترین مەترسییەکانی بۆ داڕووخانی هێز، بریتییە لە باوەڕنەبوون بە جەنگ و فەرامۆشکردنی ئەو لایەنە. تێبینی دەکرێت مەکیاڤیللی بە توندی دژی کەمتەرخەمینواندە لەم پرسەدا، چونکە بڕوای وایە کەسی ئاشتیخواز کاتێک خاوەنداری لە هێز دەکات، ڕاستەوخۆ هەنگاو بەرەو پەلکێشکردنی هێز بەرەو مەرگ دەنێت، بڕوای تەواوی بە ململانێ و ملنەدانە لەپێناو مانەوە، تەنانەت چەندان نموونەی مێژووییش ئەوە دەسلمێنن، مانەوەی هێز پرسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو پرسێکی چارەنوسسازە، بۆیە هەر هۆیەک مەترسی بێت و بەری پێ نەگیرێت، ئەوا کەسی خاوەن هێز هۆکاری سەرەکیی کۆتاییهێنانی دەبێت، لە دیدی مەکیاڤیللی، دۆڕاوەکان هەمیشە ئەوانەن بڕوایان بە ئاشتییە و پشت لە جەنگ دەکەن و گونجاندن لەنێوان هێزی چەکدار و هێزی بێ چەک ناکەن. بە بڕوای ناوبراو، هیچ لۆژیکێکیش لەوەدا نییە هێزی چەکدار ملکەچی هێزی بێچەک بێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٤-١١٥؛ أحمد، ١٩٧٩:١٦-١٧).

ناوبراو بە ڕوونی ئاماژە بۆ خاڵی هەرە گرنگی کۆتاییهاتنی هێز دەکات و وەک وێرانکارترین خاڵی کۆتاییهاتن ئاماژەی بۆ دەکات، ئەویش نائاگایی و نابەرپرسیارییەتییە، ئەو خاڵەشی بە سەرچاوەی مەترسیی گەورە وەسف کردووە، پێی وا بووە هێز لە هەر ئاستێکدا بێت، تەنانەت گەر لە لووتکەی بەهێزیی خۆشیدا بێت، پێویستە پێش پارێزگاری لە هێز، ئاگایی و هۆشیاری لەربارەی پێویستبوونی هێز جێگیر بکرێت، ئەو پێی وایە لە کاتی ئاشتیدا دەبێت هۆشیاری ئەوە هەبێت و ئامادەکاری جەنگ کرابێت، چونکە ئەوەی پێی وا بێت ئارامی لێوارەکانی دەریا شتێکی دڵنیاکەرەوە و جێگیرە، ئەوا لە کاتی زریان و لافاو چارەنووسی لەژێر ئاڕاستەکانی زریان دەبێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٨٢-١٨٣- أحمد، ١٩٧٩:٢٣) هێز واتا دەوڵەت، لاوازی و کۆتایی هێز بە مانای لاوازی و کۆتاییی وڵاتە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٥٤) بە بڕوای مەکیاڤیللی، پایەی ڕاگرتنی هێز و پایەداربوون بە بەرزی هێشتنەوەی ئاگاییە لەربارەی مێژوو، چونکە مێژوو حیکمەت و دانایی هێزی هزری مرۆڤە مەزن و خاوەن هێزەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەروەها وانەی لەربارەی چییەتی و چۆنیەتی و چەندایەتیی هێز و بەڵگە و هۆکارەکان و ڕابردووی مرۆڤایەتی هەیە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٧, j.Holler, Manfred, Niccolo Machiavelli on power RMM Vol. 0, Perspectives in Moral Science, ed. by M. Baurmann & B. Lahno, 2009,:p341-342). گەورەترین گورز کە بەر هێز دەکەوێت، هەر لە ڕێگەی هێزەوەیە، بۆیە ناسینی چییەتیی هێز و چۆنیەتیی بەکارهێنانی و چەندایەتی لە سەپاندن، دەکەوێتە سەر ئەو ئاگاییەی خاوەنی دەربارەی وانە مێژووییەکان دەرکی پێ دەکات و لێیەوە فێر دەبێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٣٠-١٣١ أحمد، ١٩٧٩:٢٢-٢٣) بە بڕوای مەکیاڤیللی، هێزی هەمووەکی هەیە کە کاریگەری بە درێژایی مێژوو لە سەر ئاڕاستەی پێشهاتەکان هەبووە و لەلایەن ئەو کەسانەی بەئاگان سوودیان لێ وەرگیراوە. هێزی یاسا هەرگیز لە بەرانبەر ئەو هێزە هەمووەکییە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ئەو خاوەنەی سوود لە هەردوو هێزەکە وەردەگرێت، دەتوانێت بە ئاسانی پێشهاتەکان لە بەرژوەندیی خۆی بگۆڕێت، خەڵکییش هەم کەرەستەی پتەوکردنی هێزەکەی بن، هەمیش گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بن. (مەکیاڤیللی ١٣١-١٣٢ -١٣٣ j.Holler, Manfred, Niccolo Machiavelli on power RMM Vol. 0, Perspectives in Moral Science, ed. by M. Baurmann & B. Lahno, 2009,p344-345) مەترسییەکی دیکەی کۆتاییهاتنی هێز ئەوەیە، کاتێک هێزێک لەگەڵ هێزێکی لە خۆی گەورەتر و بە تواناتر

یەک دەگرێت، ڕاستەوخۆ ئاوێتەبوون و چوونە ژێر کاریگەری ڕوو دەدات، ئەوەش لە زۆربەی بارەکاندا دەبێتە هۆی پووکانەوەی هێزەکە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٦٧؛ Haikal, Mujahid) 2020:p100-101)

هێز خاوەن پایەیەکی گرنگ و بایەخی ژیاری مرۆڤایەتی بووە، وەکوو دەستپێکی بنیادنان و مانەوەی کرۆکی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لێک دراوەتەوە، تەنانەت بە سەرچاوەی پاراستن و کۆبونەوەی کۆمەڵەمرۆییەکان دانراوە، بۆیە هێز بە تەنیا بابەتێکی سادە نەبووە، بەڵکوو پێوەندیدارە بە تەواوی هۆی ژیاریی کۆمەڵگە، ئەوەش وای کردووە، جێگەی بایەخی بیریارانی فەلسەفە و فەلسەی مێژوو بێت.

**باسی چوارەم: لێکەوتەکانی نەمانی هێز لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللییەوە**

لێکەوتە و کاریگەرییەکانی نەمانی هێز، دروستبوونی هەمان بۆشاییە کە تێیدا مرۆڤ بەشێکی زۆر لە بەهاکان و دەستکەوتەکانی لەدەست دەدەن، پشێوی بڵاو دەبێتەوە و گورزی هەرە کوشندە بەر بنیادنان و یەکە بە یەکەی پایەکانی شارستانییەت دەکەوێت، ئەو بەرکەوتنانەش شتێکی کاتی نین، بەڵکوو کاریگەری و لێکەوتەی مەودادرێژ بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەوانەی ڕاگری پایەی شارستانییەتن، هەموویان دووچاری ئیفلیجبوون دەبن، ئەوانەشی کە گیانی کێبەرکێ و داهێنانیان لەناو شارستانییەت لە ئەستۆ گرتبوو، دڵنیایی لەدەست دەدەن. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٧-٩٩) نەمانی هێز، یەکێک لە لێکەوتە هەرە قورس و کاریگەرەکان کە بەسەر کۆمەڵگە جێی دەهێڵێت نەمانی پەروەردەیە، کە دواجار چەندان نەوەی دەوێت تاوەکوو بتوانن پەروەردە و دووبارە هێزی لەسەر بنیاد بنرێتەوە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٧٣-٣٧٤).

لێکەوتەکانی ئەوندە دوورمەودا و وێرانکەرن، دەتوانرێت وەک کۆتاییهاتن و نەمانی بنەچەکانی دروستبوونی هەر ڕەگەزێک لێک بدرێتەوە، نەک تەنیا پرسێکی سیاسی و دەسەڵاتداری و پەروەردەیی بێت، چونکە گورزی کوشندە لە بەرزترین پایەی ڕاگری کۆمەڵگە دەدەن، ئەویش کولتوورە، لێکەوتەکانی مەودادرێژ و زیندوون. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٨٤-١٩٤). هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی پرۆسەی بنیاتنانش دەبێت، تەنانەت پاڵنەرەکانی پشت هێز، دەبن بە پاڵنەرەکانی پاراستن و مانەوە لە ژیاندا، کاتێکیش یاسا نەما، واتای نەمانی هێزە، نەمانی هێزیش داڕووخانی یەکەی سیاسییە، ئەم داڕووخانەش گورزێکی هەرە کوشندەیە کە کرۆکی شارستانییەت بەری دەکەوێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ١٠٠-١٠٢). ڕەنگدانەوەشی مەودادرێژ دەبن لەسەر ناوەندی شارستانییەت، بە تایبەت ئەگەر هاتوو هێزی نوێ، هێزی تالانکاری بێت، هەمیشە ترسی ئیبن خەلدوون لە کۆتاییهاتنی هێز لەو بارودۆخە بووە، کە لەدوای لاوازبوونی هێز دەست پێ دەکات، لێکەوتەکانی سەدان ساڵ بەرۆکی شارستانییەت دەگرێتەوە و لە زۆربەی بارودۆخەکانیشدا لێدانی قورس و وێرانکەر بە ئاوەدانی و شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەگەیێنێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٠-٩١، ٩٩، ١٧٢). ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی هاوڕان لەسەر ئەوەی یەکێکی دیکە لە کاریگەریی نەمانی هێز کە ڕوو لەو ناوچانە دەکات و هێزی نوێ دەستی بەسەردا دەگرێت، گۆڕانکاری لە سروشتی پێکهاتەی شوێنە، ئەمە وەک و چەکێکی کاریگەری هەموو هێزەکان بەکار هاتووە. مێژوو ئەوەی بە لێکەوتەیەکی قورسی دوای نەمانی هێز زانیووە، بەوەی هێزی نوێ هەمیشە دەیەوێت لە

هیچ لایەنەک دەرفەت بۆ ڕاگر و دروستکەرانی هێزی پشوو نەڕەخسێنێت، بۆیە تێکدانی هاوسەنگی، پێکهاتە لە ناوەندی هێزی کۆن، هەروەها سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی و ئەوەشی خاوەندار و پێکهێنەری بووە لە ڕەگەوە پەلکێش دەکرێن، زۆر جاریش خاوەنی هێزی نوێ پێگەی خۆی دەگوازێتەوە ئەو شوێنەی کە هێزی کۆن بە ناوەند و بارەگای خۆی زانیبێت، ئەو لێکەوتەیەش کە هێزی نوێ دەیسەپێنێت، زۆر بە خراپی ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆمەڵگەدا دەبێت. (ئیبن خەلدوون: ٢٠١٦: ب٢، ٢٩- ٣١، ١٠٢؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٠- ٣١، ٤٨-٤٩) لە مێژوودا ئەوە سەلمێنراوە کە سروشتی گوزەران و شوێنی ژیان، تێگەیشتینی مرۆڤ بۆ ژیاری و دەوروبەر دیاری دەکات. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٤٣؛ ابن الفقيه، ٢٠٠٩: ٥٧؛ القزويني، د.ت: ٧-٨؛ المسعودي، ١٩٨١ :ب١، ٥٥) هەرکاتێک هێز نەما گەشانەوە دەگۆڕێت بۆ دواکەتن و پووکانەوە، خەڵکییش تەنیا گرنگی بە شتە پێویستییەکان دەدەن و کێبەرکێ لەناو دەچێت، بەرەبەرە شار یاسای تێدا کەم دەبێتەوە یاخود بێ کاریگەر دەبێت، ژیانی کۆچ و کۆچەری گەشە دەکات و شارەکانی لەم جۆرەش ژیان تیایاندا کەم و بێبایەخ دەبێت. (ئیبن خەلدوون: ٢٠١٦: ب٢، ١٧٢-١٧٣)، ئارەزووی گەیشتن بەهێز و بەدەستخستنی پایە، هەستێکی هاوبەشی مرۆڤایەتییە، کاتێک هێزێک توانای کێبەرکێی نامێنێت، ئەوا هێزەکانی دیکە هەمیشە لە کێبەرکێدان کە نەهێڵن هێزی هاوسێیان گەشە بکات و هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی دەدات، ئەوەش وەک لێکەوتەیەکی دوورمەودا بەرۆکی هێز دەگرێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٢- ٣٨) واتا جەنگ و کێبەرکێی نێوان هێزەکان شتێک نییە خۆی لێ لابدرێت، بەڵکوو ڕوودانی شتێکی حەتمییە، ئەو ڕوودانە کاریگەری و لێکەوتەی مەودادووری دەبێت لەسەر ئەوکۆمەڵگایە کە دواجار ناچارن هێزی نوێ بەگەورە لەسەر خۆیان ببینن، ئەمەش ڕاستەخۆ لێدان و بچووککردنەوەی خۆیانە کە لە بەرژوەندیی هێزی نوێ کۆتایی دێت. (مەکیاڤیللی: ٢٠١٩: ٤٠-٤١)، سەبارەت بە لێکەوتەکانی نەمانی هێز، هەردووکیان لە زۆرینەی بۆچوونەکاندا هاوڕان، بە تایبەت لەسەر کاریگەرییەکانی داڕووخانی هەیکەلی هێز و لێکەوتەی لەسەر بچووکترین یەکەی کۆمەڵگەدا، چونکە هەرچی گەشەیە و هەرچی پووکانەوەشە لەم دەزگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە کرۆکەکەی هێزە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ١٧١-١٧٤؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٦٨) کاتێک هێز نامێنێت، ستەمکردن سەر هەڵدەدات و بەری پێ ناگیرێت، چونکە یاسایەک لەگۆڕێدا نییە، بۆیە ستەملێکردن لە بێیاسایی و بێهێزی دەبێتە دۆخێکی تاڕادەیەک باو، بێیاسایی کاریگەری مەودادرێژ لەسەر خودی بنیادنەری هێز و خاوەنی ئامانجیش جێ دەهێڵێت، خەڵکی متمانەیان بەرانبەر هەموو کەس لاواز و بەرەو نەمان دەچێت. (ئیبن خەلدوون: ٢٠١٦: ب١، ١٩٣- ١٩٥؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٨٦). لە بارودۆخێکی ئەوهاشدا، پەرتبوون لە پایەکانی درووستبوونی هێز ڕوو دەدات و خەڵکیش ناتوانن بە دوای یەک ئامانج و یەک کەسی خاوەن هێز بکەون. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٨١) تەنانەت ئەوانەی پێشوو خاوەنداریی هێزیان کردووە، کاتێک کەمتەرخەمییان کردووە لەبواری ئامادەکاری بۆ بەرگەگرتن لە کۆتاییی هێز، بە سووک و ناشرین و ناوزڕاو لە مێژوودا تۆمار دەکرێن، کە خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بۆ خاوەن هێز و ئامانج ناهێڵێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٥٢- ٣٥٧؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٥). یەکێکی تر لە لێکەوتە خراپەکانی کۆتاییی هێز ئەوەیە، هێزی نوێ دووبەرەکی لە نێوان شارەکان دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بتوان لە دەوری یەک خاوەن هێز و یەک ئامانج کۆببنەوە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٧٨-٣٨٥، ٤١٧؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٥٣٩).

## دەرئەنجام:

١- هێز و مێژوو، خاوەن ئاگایی و حیکمەتێکی زیندووی بەردەوام و خاوەن کاریگەرین لە بارەی کۆی پرسەکانی داهاتوو و هەبوونی هەر پێشهاتێک. دەکرێت بە چاوێکی زانستییانە لێوردبوونەوەیان لەبارەوە بکرێت و پایەکانی گۆڕانکاریی ژیاریشییان لەسەر دابڕێژرێن، بەهۆی ئەو بۆچوونانەی ئەوان دەریان بڕیون تاوەکوو ئێستەش چەندان وانەی پڕئاگایی و دانایی و حیکمەتیان لەناو تیۆرەکانیان وەکوو گەنجینە بۆ خوازیارانی ئاگایی هەڵگرتووە.

٢- لە ڕێگەی پێوەندیی نێوان مێژوو و هێزەوە، پێوەندی و پاڵنەرەکانی پشت هێزمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هۆیەکی گرنگی زانستیبوونی مێژوو، هەروەها پێوەندیی گرنگی هێزیش بە مێژوو ئاشکرا دەبێت لەوەی پرسە ماددییەکان بە تەنیا پاڵنەری هێز نین، بەڵکوو بابەتە مرۆییەکانیش پاڵنەرێکی بنەڕەتیی پشت هێز و مێژوون و بە پێچەوانەوەش.

٣- نەمانی هێز ئەوندەی بە تێگەیشتنێکی پڕ لە ترس لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوونەوە نووسراوە، بەهۆی هەبوونی پێویستیی هێز ترس لە پێشهاتەکانی نەبوونی هێز ئەمە جێگەی زۆر بە ڕوونی بەهزری ئیبن خەلدوونەوە دیارە، وەک تێبینی دەکرێت ئەو کۆی پڕۆسەی بونیادنان لەناوچوون بە هێزەوە پێوەست دەکات، نەمانی هێز یەکسان دەکات بە نەمانی بنیاتنان و سەرهەڵدانی جیهانێکی بێیاسا و بێسنووری ئاکاری.

٤- مەکیاڤیللی نەمانی هێز بە ئیفلیجبوونی وڵات و کەرامەتی ئەوانەی پێکهێنەری هێز بوون لێک دەداتەوە، هێز بە گرنگترین پایەی ڕاگرتنی وڵات و خاوەن هێزیش بە خاڵی باڵا و کۆتایی لە بەرپرسیارییەتی دادەنێت، بۆ پارێزگاری بەبێ گوێدانە هیچ مەرجێک، هەموو ڕێوشوێنێک بە ڕووی خاوەن هێز کراوە دەبێت بۆ پاراستنی هێز.

٥- ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی لە بارەی لێکەوتەکانی نەمانی هێز هاوڕاییەکی زۆر لە بۆچوونەکانیاندا هەیە، بەوپێیەی هەردووکیان نەمانی هێز بەنەمانی بنیاتنان و نەمانی دەسەڵاتی داهێنەران و کەمبوونەوەی گەشەی داهێنان دەزانن.

## پەراوێزەکان:

(1) وەکوو المتین(الأعراف:١٨٣؛ القلم:٤٥؛ الذاریات:٥٨) و وشەی (الشدید) هەمان واتای وشەی(القوة)دەدات بەدەستەوە لەبیست و پێنج شوێنی جیاواز لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە(البقرة:١٦٥-١٩٦-٢١١؛ آل عمران:٤-١١؛ المائدة:٢-٩٨؛ الأنعام:١٢٤؛ الأنفال:١٣-٢٥-٤٨-٥٢؛ هود:٨٠-١٠٣؛ الرعد:١٣؛ ابراهیم:٢؛ الإسراء:٥؛ الحج:٢؛ المؤمنون:٧٧؛ النمل:٣٣؛ سبإ:٤٦؛ فاطر:٧-١٠؛ غافر:٣؛ ص:٢٦) وشەی (غلیظ) هاو واتای (القوة)یە لە نۆ شوێن هاتووە(التحریم:٦؛ فصلت:٥٠؛ لقمان:٢٤؛ ابراهیم١٧؛ هود:٥٨؛ آل عمران:١٥٩؛ الأحزاب:٧؛ النساء: ١٥٤-٢١) بەهەمان شێوە (الثقیل) لە نۆ شوێن هاتووە کەواتای(القوة) دەدات(الزلزالة:٢؛ الرحمان:٣١ ؛العنکبوت:١٣؛ النحل:٧؛ الرعد:١٢؛ التوبة:٤١؛ الأعراف:٥٧؛ الانسان:٢٧؛ المزمل:٥) هەریەک لە وشەی(الصلد) یەکجار لە(البقرة:٢٦٤)ە و وشەی (الشوکة)یش یەکجارلە(الأنفال)هاتووە هەمان واتای (القوة)ی هەیە( الأنفال:٧)، وشەی (مکین)چوارجار و (یوسف:٥٤؛ المؤمنون:١٣؛ المراسلات:٢١؛ التکویر:٢٠) (البأس) بیست و پێنج جار هاوماناى(القوة)یە، (البقرة:١٧٧-٢١٤؛ الأحزاب١٨؛ النساء٨٤؛ الأنعام:٤٢-٤٣-٦٥-١٤٧-١٤٨؛الأعراف:٤-٥-٩٤-٩٧-٩٨؛هود:٣٦؛ یوسف :٦٩-١١٠؛النحل:٨١؛ الإسراء:٥-الکفهـ:٢؛ الأنبیاء:١٢-٨٠؛ النمل٣٣؛غافر٢٩-٨٤) وشەی(الأید) کە هەمان واتای وشەی(القوة)یە

دوجار هاتووە (ص:١٧-٤٥) (العزة) نۆ جارو (ص:٢-٨٢-الشعراء:٤٤-المنافقون:٨-الصافات:١٨٠-فاطر:١٠-يونس:٦٥-النساء:١٣٩؛ البقرة :٢٠٦) (الأزر)دوجار و (الفتح:٢٩-طه:٣١) (البطش) حەوت جار هاتووە (البروج:١٢؛ الأعراف:١٩٥؛ الشعراء:١٣٠؛ القصص:١٩؛ الزخرف: ٨؛ الدخان: ١٦؛ ق: ٣٦)وە وشەی (اليمين) لەچەندان شوێن بەمانای (القوة) هاتووە (الصفات:٢٨؛ الحاقة: ٤٥) کۆی گشتی ئەو وشانەی کە لە قورئاندا بە هاو واتای (القوة) هاتوون ژمارەیان دەگاتە ١٢٦جار کە لە زمانی کوردیدا بەمانای هێز و توانایی دێن.

(٢) لە( التكوين:١/ ١-٢؛ المزامير:٢٣/ ١-٢؛ ارميا: ٢٩/ ١١؛ يوحنا: ٣/ ١٦؛ فليببي: ٤/ ١٣؛ المزامير: ٤٤/ ٣؛ رومية: ١/ ٢٠؛ كولسي: ٢/ ٩-١٠؛ تيموثاوس الثاني: ١/ ٢؛ الجامعة: ٤/ ١٢؛ اخبار الاول: ٢٩/ ١٢؛ اشعيا: ٤١: ٤؛ أيوب: ٣٧؛ ٢٣؛ بطرس الثاني: ١/ ٢؛ رومية: ١/ ١١-١٢؛ زكريا:١٠/ ٦؛ لوقا: ١/ ٣٥؛ مرقس: ١٢: ٣٣؛ اشعيا: ٤١/ ١٠؛ اشعيا: ٤٠/ ٣١؛ اشعيا: ٤٠/ ٢٩؛ المزامير: ٧٣/ ٢٦؛ فليبي: ٤/ ١٣؛ كورنثيوس الثاني: ١٢/ ١٠؛ المزامير : ١٨/ ١-٢؛ تيموثاوس الثاني: ١/ ٧؛ اخبار الاول: ١٦/ ١١؛ سيكالونيكي الثاني: ٣/ ٣؛ كرونثس الاول: ١٦/ ٣؛ المزامير: ٥٩/ ١٦؛ المزامير: ٢٨/ ٧؛ ارميا: ٣٢/ ١٧؛ حبقوق: ٣/ ١٩؛ افسس:١٦/ ٣؛ افسس: ٣/ ٢٠-٢١؛ العبرانين، ٤/ ١٢؛ زكريا: ٤/ ٦؛ كرونيسوث الاول: ١/ ١٨؛ كرونيسوث الثاني: ٩/ ١٢) الكتاب المقدس، دار الكتاب المقدس(مصر:١٩٩٩)،

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی**


- ئیبن خەلدوون، عبدلرحمان،(٢٠١٦)، مقەدیمەی ئیبن خەلدوون، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- ئیبن خەلدوون، عبدلرحمان،(٢٠١٦)، مقەدیمەی ئیبن خەلدوون، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- جهان بگلو، ڕامین(٢٠٠١)،مەکیاڤیللی و بیری ڕێنسانس، وەرگێڕانی: مسلیح ئیروانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خاڵ، شێخ محەمەد(٢٠٠٥)فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- دیورانت، ویل(٢٠١١)، مێژوو و شارستانییەت، وەرگێڕانی: عبدللە ڕەسولی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- سارتەر، جان پۆل، (٢٠٠٤)بونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتیە، وەرگێڕانی: ڕۆشنا ئەحمد رەسول، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم،هەولێر.
- کاری، ئێچ(٢٠٠٥)، مێژوو چیە، وەرگێڕانی ئاسۆس محمد، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- کەمال، محمد(٢٠٠٤)، بوون و داهێنان، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عبدول، مەریوان(٢٠٠٨)، فەلسەفەی مێژووی لای شپینگلەر، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- عبدولسلام، عیماد(٢٠٠٥) کانت، وەرگێڕانی: پەژار عبدالحمید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- مەکیاڤیللی، نیکۆلا،(٢٠١٩) میر، وەرگێڕانی: بەختیار ئەحمد ساڵح، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- مەلاح، هاشم یەحیا،(٢٠١١) دەروازیەک لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێڕانی: دەوەن حسن، چاپخانەی ڕۆژ هەلات، هەولێر.

**دووەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان**

**- بە زمانی عەرەبی**


- آبادی، مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروز(٢٠٠٨)، (ت:٨١٧هـ، ١٤٥١م) القاموس المحيط، راجعه: أنس محم الشامي، دار لحديث، القاهيرة.
- آثار البلاد واخبار العباد، دار صادر(بيروت: د.ت).
- اندرية، بون، فردريك، اخرون(١٩٨٨)مدخل الفلسفة المعاصر، ترجمة: خليل احمد خليل، دار الطيعة، بيروت.
- ابن الفقيه ابو عبدالله أحمد بن محمد( ت: ٣٢٠هـ/ ٩٣٢م)
- ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (ت ٧١١هـ/١٣١٢م)،(بدوسنه) لسان العرب التحقيق:عبدالله علي، دار المعارف، القاهيرة.
- ابن عاشور ، محمد الطاهر التحرير والتنوير ، ( بيروت: ٢٠٠٠م) ج١٠
- الجرجاني، محمد شريف(١٩٨٥)، كتاب التعريفات، مكتبة لبنان، بيروت.
- الشمرى، نهلة صبار(٢٠١١)، القوة والتخطيط الاستراتيجى واثرهما مكانة الدولة عالميا (الامارات العربية المتحدة انموذا) قسم العلوم السياسية كلية الاداب والعلوم جامع الشرق الاوسط اشراف الاستاز الدكتۆر احمد سليم البرصان.
- (الراغب الأصفهاني ، أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل(٢٠٠٤)، ت 503 هـ : معجم مفردات ألفاظ القرآن، دار الكتاب العلمية، بيروت.
- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت: ٦٨٢هـ/ ١٢٨٣م)
- المسعودي، علي بن الحسين (ت: ٣٤٥هـ ٩٥٧م).
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الاندلس (بيروت: ١٩٨١)
- عمر، عمر الحضرمي (٢٠١٣)، الدولة الصغيرة : القدرة والدور، مجلة المنارة للبحوث والدراسات- مجلد ١٩- العدد ٤- (٣٧-٨٧).
- الهادي، يوسف(٢٠٠٩)، كتاب البلدان،عالم الكتب، بيرو.
- التهانوي، محمد علي : كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، تحقيق : د. علي دحروج ، (بيروت:١٩٩٦).


**سێیەم: کتێب بە زمانی فارسی:**


- شرفکندی، عبدالرحمن(١٣٦٩) هەنبانە بۆرينە فرهنگ کردی- فارسی هەژار،چاپ اول، چاپخانە سروش، تهران.


**چوارەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی**


- Holman, Christopher (2018) Machiavelli and the Politics of Democratic Innovation University of Toronto Press Toronto Buffalo London.
- Leonid E. Grinin, Dmitri D. Beliaev, and Andrey V. Korotayev, Hierarchy and Power in the History of Civilizations:
- ÖNDER, Murat& ULAŞAN, FATİH IBN KHALDUN’S CYCLICAL THEORY ON THE

RISE AND FALL OF SOVEREIGN POWERS:

- THE CASE OF OTTOMAN EMPIRE, ADAM AKADEMİ, 8/2 2018

**پێنجەم: نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی**

- سعيد، دهمي، في الحضارة الإلنسانية إسهاماته مظاهر الثق افة السومرية (٤٥٠٠قبل ميلاد ١٩٠٠قبل ميلاد) ريسالة ماجستر، جاميعة ابن خلدون، ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

**شەشەم: گۆڤار بە زمانی کوردی**

- احمد، كمال مظر(١٩٧٩)، وردبوونەوەيەكی مێژوويی دەربارەی مەكياڤيللی مەكياڤيلليزم،و: حسين عارف، آفاق العربية، گۆڤار، ژماره(٦).

**حەفتەم: گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

- الجبوري، علي محمد(٢٠١٤) علم الجتماعي التاريخي وأثره في العيلاقات الدولية، Tikrit Journal For Political Sciences.

**هەشتەم: گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی**

- Bakare, K.A(2020) the Machiavellian boss, abrief on corporate machiavelli, Global Journal of Political Science and Administration Vol.8, No.5, December.
- Political Aspects of Modernity (may 2010), Journal of Globalization Studies.
- Filippo, del lucchese (2017), Machiavelli and constituent power: The revolutionary foundation of modern political thought, European Journal of Political Theory, Vol. 16(1)
- Haikal, Mujahid, (2020) Ethics and Power: Niccolo Machiavelli's thoughts on Ethics and Power in Politics, International Journal of Politics and Sociology Research, 8(3).
- Luma Fayez Alsalah, The power of Language: An Exploration of wisdom, Arabian Gulf University, Volue 7, ISSUE 2, 2019.
- Sulastri, Neneng (2019) the concept of state and government in IBN THE KHALDUN’S thought, International Journal of Nusantara Islam Vol. 07 No. v 02.
- Shahidipak, MohammadRaza (2022), State science, political sociology of state by Ibn Khaldun and reversal of Webber opinion ، Sociology International Journal ، Volume 6 Issue 5.
- Storig, Hans Joachim (1961), kleine Weltgeschicte der philosophie. Stuttgart.

**نۆیەم: سایت و پێگەئەلکترۆنییەکان:**

- عالم، عبدالرحمن(١٣٩١)، بنيادهای علم سياست، كتابخانه ملی ايران، تهران.

https://rasekhoon.net/article/show.

- ايوب، واوجا ،الجزيرة ،٢٠١٩/٤/٢٣

https://www.aljazeera.net/blogs/2019/4/23/.

**الملخص:**

لقد شكلت نهاية القوة موضوعا مهما في فلسفة التاريخ عند مفكرين وفلاسفة هذا المجال، في العصور القديمة والحديثة بين الشرق والغرب وكل الحضارات المختلفة. ابن خلدون ومكيافيلي باعتبارهما مفكرين بارزين في أواخر العصور الوسطى وبدايات العصر الحديث قدما رؤى متميزة تتعلق بعلم التاريخ وخصوصا فهم مسألة القوة ونهايتها وتأثيراتها وتداعياتها.في هذا السياق تتناول هذه الدراسة نقاشا حول القوة والتاريخ، وخاصة نهاية القوة، وآثارها وتداعياتها المختلفة من خلال منظور هذين المفكرين. تنقسم هذه الدراسة إلى مدخل وأربعة محاور رئيسية، المدخل: يتناول تحليل مفهوم القوة بشكل عميق، المحور الأول: يركز على العلاقة بين القوة والتاريخ.المحور الثاني: يستعرض رؤية ابن خلدون لنهاية القوة.المحور الثالث: يسلط الضوء على تحليل نهاية القوة من وجهة نظر ميكيافيللي.في المحور الرابع والأخير، نتناول تأثيرات وتداعيات القوة من منظور ابن خلدون وميكيافيللي، حيث نخضع هذه الرؤى للتحليل والمراجعة. ومن خلال أفكارهما، نحاول الوصول إلى فهم أعمق حول مفهوم نهاية القوة وتأثيراتها وتداعياتها المستقبلية على الواقع الراهن.

الكلمات المفتاحية: ابن خلدون، ميكيافيللي، التاريخ، نهاية القوة.

**Abstract:**

The end of power has been an essential topic in the field of the philosophy of history for a long time by different civilizations from the East and the West. Ibn Khaldun and Machiavelli have been considered as two of the intellectuals of the middle and modern ages. Indeed, are highly valued in the their views field of history in general and power along with its impacts in particular. Therefore, it is found necessary to shed light on this phenomenon by investigating on the concept of power, its history as well as its consequences according to the views of these two intellectuals. This study consists of four sections the introduction defines the concept of power in detail. Section one identifies the relationship between power and history. Moreover, section two approaches the concept of power according to Ibn Khaldun's views, while section three looks at the same phenomenon according to Machiavelli's. Section four, which is the conclusion, is concerned with the impacts of power according to these intellectuals' percpectives as well as their various .influences

Keywords: Ibn Khaldun, Machiavelli, .History, End of Power

# الشخصية المتصنعة وعلاقتها بالشعور بالنقص لدى طلبة جامعة كوية

**د. جوان نوري رسول**

**استاذ مساعد في قسم التربية وعلم النفس/ كلية التربية/ جامعة كوية**

jwan.nwri@koyauniversity.org

**المستخلص:**

استهدفت البحث في التعرف على الشخصية المتصنعة وعلاقتها بالشعوربالنقص لدى طلبة الجامعة. والتعرف على الفروق في الشخصية المتصنعة لدى طلبة الجامعة على وفق متغير النوع (ذكور –اناث ) والتعرف على الفروق في الشخصية المتصنعة حسب متغيرالكلية والتعرف على الشعوربالنقص لدى طلبة الجامعة و على الفروق في الشعور بالنقص لدى طلبة الجامعة على وفق متغير النوع( ذكور –اناث) والتعرف على الفروق حسب الكليات. ويتحدد مجتمع البحث الحالي بطلبة المرحلة الجامعية ومن كلا الجنسين و للعام الدراسي (2023 -2024 م) وقد بلغ عدد العينة (300) طالب وطالبة وقد قامت الباحثة باستخدام مقياس الشخصية المتصنعة والشعوربالنقص لمقياس (جداع ،2011) لكلا المقياسين وقد اظهرت النتائج :-

ان طلبة الجامعة لديهم شخصية متصنعة مرتفعة. ووجود الفروق حسب متغييري الجنس لصالح الاناث ووجود الفروق دالة احصائيا عند مستوى الشخصية المتصنعة حسب متغيير الكلية

وان طلبة الجامعة لديهم مستوي مرتفعة في الشعوربالنقص و توجد فروق بين الذكور والاناث في الشعور بالنقص لصالح الاناث . ووجود علاقة دالة بين درجات افراد العينة على حسب الكلية في الشعور بالنقص ووجودعلاقة دالة بين درجات افراد العينة على مقياس الشخصية المتصنعة ودرجاتهم على مقياس الشعوربالنقص.

التسليم: 2025/5/7

الموافقة: 2025/6/1

النشر:

**كلمات مفتاحية:**

الشخصية المتصنعة، الشعوربالنقص، الفروق بين الجنسين، الكليه، جامعة كوية.

## المقدمة:

ان موضوع الشخصية جهود العدد من علماء النفس الذين تناولو متغيراتها وجوانبها المختلفة في العديد من فروع علم النفس ان الشخصية ماهي الابناء ينفذ الى جميع ميادين العلوم الإنسانية مما يجعلها محورا للعديد من الدراسات والبحوث العلمية وصولا الى قوانين التي تخضع لها الظواهر النفسية المختلفة(الطائي ،2019،ص17)

من اكثر المفاهيم النفسية شيوعا واستخداما في حياتنا اليومية بان فلانا ذا شخصية عدوانية،واخر ذوشخصية انبساطية،وفلانا قوية،واخر ذوشخصية متصنعة...ووفقا لميلون (Millon,1990)لايمكن ان يوجدشخص متصنع كان في طفولته محبوبا بالقدرالكافي من الوالدين،كون التصنع استجابة متكررة للاحباط في الحاجة للحب والحنان والرعاية الكافية ،وان من اهم خصائص الشخصية المتصنعة الانانية والمزاجية والاجتماعية والسطحية والمفككة والمتقلبة والدراماتيكية مسرحية درامية والملفته للانتباة . (Millon,2004).

## المشكلة:

تعد الجامعة بالنسبة للطلبة تجربة جديدة تختلف عن التجارب التعليمية السابقة التي مروا بها،ويواجه الطلبة في بداية حياتهم الجامعية ظروفا ومشكلات في شتى الأصعدة الاكاديمية والنفسية والاجتماعية والتربوية يتطلب منهم اجتيازها والتوافق معها ،ويعد التوافق مع الحياة الجامعية مطلبا أساسيا لنجاح الطلبة واستمرارهم في الدراسة الجامعية(الطائي،2010،ص15).

اشارت منظمة الصحة العالمية (APA , 1994) الى ان اضطراب الشخصية المتصنعة يتسم بانماط سلوكية تنحرف عن السلوكيات المتعارف عليها في ذلك المجتمع ناتجة من تجارب ذاتية مشوهة ومنحرفة وتبرزمعالم هذا الاضطراب خلال سن المراهقة وتبقى ثابتة بمرور الزمن وغالبا ماتؤدي الى الم حادوضعف للشخص المصاب بها.(APA, 1994, P630) لذلك فان هذه الشخصية تكون محوراللانتباه والجاذبية بانه وسيلةكانت حتى لوكان هذا يعني التكرار.

ويلاحظ في العصرالحالي الاهتمام بالفردية والتنافس والانجازبانواعه المختلفة،وإشاعة مفهوم البقاء للاصلح وكذلك البقاء للاقوى لدى الافراد غيرالقادرين على التنافس المهني،ممادى ذلك الى ظهور شخصيات مبطنةباغراض وسلوكيات لاتعبر عن ماتعبر عنه في العلن ،ومن بين تلك الشخصيات الشخصية المتصنعة .وهذه الشخصيات محملة بدافع من الأفكار الضاغطة اوالعوامل الثقافية المرغوبة في الاطارالحضاري ،حيث يميل أصحاب هذه الشخصية بازاحة المشاعر الوجدانية ،والاستهداف للايحاء ،والسلوك الاندفاعي،ومحاولة جذب الانتباه، وعدم النضج، والامتصاص الذاتي. فقد تنشا من الشعور بالإحباط اوالفشل في التوافق اوالخيبة في مواجهة المواقف المحرجة، وعجز الفرد عن حل المشكلات التي تصادفه (حقي،2004 ،ص84)(علوان،2015،ص7).

ان الشخصىة المتصنعة تعمل وفقا الى اليات الدفاع النفسي،وهذه الشخصيةتميل الى الاحداث الخارجية اكثر من الدالية ولهذا يلقي اللوم على الاخرين في حالة الفشل اوخيبة الامل (Dobbert,2007p143 ).

وهومايبررلبعض الافراد من ذوي الشخصيات المتصنعةاللجوء الىتصنع واللجوء الى سلك ذات طابع مثالي بعيد عن واقع أصحابها،حيث ان السوي في الشخصية ان تسود الذات الواقعية على الذات المثالية كي يتمكن من التوافق النفسي والاجتماعي (التل وبلبل ،1988,139).

لذلك لايعد البحث الحالي محاولة جادة في التعريف بالشخصية المصتنعة ومدى نحرافها عن جادة السواء

في الشخصية وماهو نمط الذات التي ينتهجها أصحاب هذه الشخصية . فالشخص المتصنع دائما مايكون مبالغ في التعبير عن مشاعره وفي كلامه ويكون غيرصالح واضح الى كل من حوله ولايستطيع احد تصديقه .والكذب الدائم هوالداعم له في التصنع حتى تكتمل الصورة ،ومعظم الدراسات اكدت ان الأطفال الذين ينتمون أي الاسر ذات المعاملة الدافئة كانواقل تصنعا مع اقرانهم ،اذن الاسرة التي تتم فيه عملية التنشئة الاجتماعية(Bornstein.1996.p66 )

نجد بان الصحة النفسية هي حلقة وصل ضرورية للفردبمناحي الحياة الاجتماعية والفكرية والثقافية وعلى وجه الخصوص لدى الطالب الجامعي ومايترتب عليه من اثارتنجم عنها اماتخريج جيل يتمتع باستقلالية في شخصيته وتكامل لوظائفه النفسية والعقلية والاجتماعية اوالعكس (Hadfield.1990.p54)

ان تعرض الفرد للشعور بالنقص بصورة مستمرة ومؤلمة في مرحلة الطفولة، يؤدي الى ان يتم استعاد هذه المشاعر وكبتها في أعماق الاشعور حتى يتم التخلص من الالام والمعاناة التي تنتج عن تلك المشاعرالمزعة الامرالذي يؤدي الى الفصل بين الأسباب المباشرة لهذه المشاعر وبين نتائجها والتي ستؤثر في بناء شخصية الفرد وتعامله مع الاخرين (مكرايد،1969،ص43).

كما الفشل في التعويض عن مشاعر النقص تمنع الوصول الى التفوق المنشود (شلتز،1983،ص72)

وهذا يتضح لنا ان الافراط والتفريط في الشعور بالنقص يؤدي الى اضرار فادحة بالفردوالمجتمع ،ويشل حركتهما التكاملية خاصة اذا اصبح سمة عامةللمجتمع ،فانه يكرس حالة التبعية والخضوع الى الغرباء ،ومن ثم فقد الهوية والاصالة .(ابكر،2015،ص10)

والمشكلة التي يركزعليها البحث هل هناك علاقة بين الشخصية المتصنعة والشعور بالنقص.

**الأهمية:**

تتحقق علاقة الفرد بالاخرين من خلال توافق الفرد مع الاخرين والتوافق الاجتماعي اثره البالغ في تطور الشخصية فهويعني النجاح لهذا الفرد في تفاعله مع الناس ومع المجموعة في الشخص الذي يمتلك توافقا جيدا فان ذلك يعني لديه مهارات اجتماعية جيدة القدرة على التعامل بالمرونة مع الاخرين (Hurlock.1972.p487 )

ريرى العلماء بان السلوك المتصنع له خلفيه عائليه يكون فيها الاب رجلا ناجحا متصلتا وجافا ويبپ الخوف فيما تكون الام غير مباليه والعلاقه بين الوالدين تكون چعيفه ويعانى ابنهما من الحرمان وفقدان الدف ء والحنان. (Durkhiem 1971.p21. )

يؤكد العالم (بيک) بان الافراد الژين يشعرون بعدم الأمان والحب وعدم القدره على التكيف هم من يظهرونطرائق سلوكية مبالغا بها، ليثبتوا من خلالها بانهم قادرون على تحقيق حاجاتهم واهدافهم في جذب الانتباه لمن بمقدورهم الاستجابة لحاجاتهم وتلبيتها لهم( Beck.1990.p334) .

اذنجد بان السلوك المتصنع ماهو الانتيجة لسوء معاملة الوالدين للطفل من حيث استعمال اسلوبي الثواب والعقاب ويختلف الافراد فيما بينهم لمواجهة المواقف التي يمرون بها فقديواجه بعض الناس هذه المواقف مواجهة مباشرة تقوم على أساس ادراك واقعي لطبيعة العوامل المؤثرة في الموقف ( Gibbons .2005.p.33) . ويكون التكيف حسنا عندما يؤدى الى اشباع حاجات الفردكما يريدون ان ينصدم بقيم المجتمع ومصالحه وقوانينه (الداهري،2000،ص88).

فقد يلجا الفرد الى تصنع في السلوك بهدف بلوغ التوافق مع ذاته ومحيطه الاجتماعي ،حيث ان اكثر مايهم الفرد لعادي انيتفهم المرءنفسه سلوكه ودوافعه وكيف يحقق اماله في الحياة وان يصبح فردا مرموقا في جماعته (لامبرت،1993,27).

وقدوضح ادلر معنى الشعور بالنقص بانه:شعورالفردبالضعة وانه ادنى من الاخرين نتيجة قصور عضوي اومعنوي اواجتماعي اومادي ،حقيقي اومتوهم ممايجعل الفرديحقر نفسه ويشعر بضعف الثقة بالنفس والخجل في المواقف الاجتماعيةوضعف القدرة على اتخاذالقرار(الخواجا،2009،ص23).

ان التعويض عن النقص لايكون ناجحا مثمرا بل تعويضا مرضيا مسرفا يظهر على شكل اضطراب في السلوك اذيتحول النزوع للتعويض الى رغبة شديدة وطاغية للتعويض عن النقص باستعمال طرائق وأساليب شاذة وملتوية في الجانب غيرالنافع من الحياة ،فتظهر على الفرد مظاهر الغرور والتفاخر والسلوك المستبدوالرغبة في الانتقاص من الغير والتشدد في الاناقة حدالافراط عن المالوف(الشمري،2001،ص33).

ان التفكير بالنقص الموجود لدى الافراد هوالمسيطر على الحياة النفسية لكل البشر وملازما لهم بحيث يحفزهم دائما للكشف عن افضل الوسائل التي يوافقون بها بين انفسهم وبيئتهم الطبيعية والاجتماعية التي تحيط بهم(رمزي،1981،ص75).

وفي دراسة (Mhammad,2018,p89 ) والتي هدفت الى الكشف عن الشعوربالنقص لدى طالبات النازحات في المدارس الثانوية في محافظة كركوك في العراق من خلال الكشف عن مدى انخفاض متوسط درجات الشعوربالنقص لدى طالبات النازحات عن المتوسط النظري للمقياس الباغ (120)درجة ،اسفرت النتائج عن ارتفاع متوسط الشعوربالنقص لدى الطالبات النازحات عن المتوسط النظري البالغ (120)درجة ممايعني ان الطالبات النازحات يعانين من الشعور بالنقص بدرجات متفاوتة.

